

# شوانی کورد

نووسینی:
عەرەبێ شەمۆ

پێشەکی و وەرگێڕان
بۆ کوردیی نێوەڕاست:
محەممەد
خزری ئەقدەم

ڕۆمان



سرشناسه : شمو، عربه، ۱۸۹۷ - ۱۹۷۸ م.
Shamilov, Arab (ŞEMO, EREB)
عنوان و نام پدیدآور : شوانی کورد «شوانی کرمانجان و چیروکی کوردانی ئەلەگەز»
نووسینی: عەرەبێ شەمۆ؛ پێشەکی و وەرگێڕان بۆ کوردیی نێوەڕاست: محەممەد خزری‌ئەقدەم
مشخصات نشر : سنندج: انتشارات مادیار، ۱۳۹۷ .
مشخصات ظاهری : ۲۳۲ص؛ ۱٤/۵ x ۲۱/۵ س م.
شابک دوره: ۲- ۱۵- ٦۵۲۵ - ٦۲۲ - ۹۷۸
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : کردی.
یادداشت: اصلی عنوان : Şivanê Kurd û Kurdên Alagoz
موضوع : داستانهای کردی-- ارمنستان-- قرن ۲۰ م.
موضوع : Kurdish fiction --Armenia -- 20th century
شناسه افزوده : خضری اقدم، محمد، ۱۳٦۴ -، مترجم
رده بندی کنگره : ۱۳۹۸ ۹۷چ۸ش/۹/PK ٦۹۰۸
رده بندی دیویی : ۵۹۷۳/ ۸۹۱
شماره کتابشناسی ملی : ۵٦٦۲۰٤۱

# شوانی کورد

نووسینی:
عەرەبێ
شەمۆ

پێشەکی و وەرگێڕان
بۆ کوردیی نێوەڕاست:
محەممەد
خزری ئەقدەم

ماڵیا

کتێب : شوانی کورد «شوانی کرمانجان و چیرۆکی کوردانی ئەلەگەز»

نووسەر: عەرەبێ شەمۆ

پێشەکی و وەرگێڕان بۆ کوردیی نێوەڕاست: محەممەد خزری ئەقدەم

نۆرەی چاپ : یەکەم ۱۳۹۸ - ۲۰۱۹

دیزاینەری ڕووبەرگ و بەرپرسی هونەری: شیلان هوشیاری

ناونیشان: سنە ، چوارڕیانی شوهەدا، پاساژ عزەتی، وەشانخانەی مادیار؛ ۸۷۳۳۱۲٤٤٤٥ (۹۸+)

ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە

شابەک : ۲-۱٥-٦٥۲٥-٦۲۲-۹۷۸

**پێشکەش بە یادی یەکەمین نووسەری وشەی «ڕۆمان» لە دەقی وێژەیی کوردیدا: حاجی قادری کۆیی**

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە
چراغی نازم و مونشی کوژاوە
لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە
ئەگەرچی مەقسەدە، زانینی باوە

# ناوەرۆک

پێزانیـــن ........ ٩
پێشەکی ........ ١١
شوانی کرمانجان ........ ٣٧
چیرۆکی کوردانی ئەلەگەز ........ ١٥٧
فەرهەنگۆک ........ ٢٠٣

## پێزانین

لەم کارەدا شانازیی ئەوەم پێ بەخشرا تا لە مۆژیاری و دەسگرۆییی چەند کەسایەتیی لێزان و لەکڵ‌دەرهاتوو بێبەش نەبم، کە هەر کامیان بە جۆرێ لە جۆرەکان دەرووی دڵاوابییان لێ کردمەوە و بە نرخاندن و سەنگاندنی خۆیان، باری لاسەنگ و لاباری لەنگولۆری منی تازەکڵیان ڕاست و جیهانی وێژەی کوردییان لەبەر چاوی من ئەوەندەی تر شەنگ‌وشێنتر کرد؛ بۆیە تا ئەودەمەی وا گڵەبانی چاوم دەکرێ، چاکەیانم لە چاودایە.

لەگرە، دەشێ ئاماژە بە بەڕێز د. فەرهاد شاکەلی بکەم، کە لە سۆنگەی هەڵسەنگاندنی خۆیان سەبارەت بە پێشەکیی وەرگێڕانەکە بەهرەمەندیان کردم. هەروەها، دەبێ باسی ڕێزداران مامۆستا سەلاحەددینی ئاشتی و زانیار قادرزادە بکەم کە بە خوێندنەوەی کارەکە ئەمەگێکی زۆریان لەگەڵ کێشام.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەش ناکرێ ئاوڕێک لە هەداری و ئاریکاریی ئەندامانی بنەماڵەکەم نەدەمەوە و ئەو ڕاستییە لەبیر خۆم بەرمەوە کە بێتوو ئەوان باڵیان بە سەرمدا نەکێشابایە، لەگینە خەم وجەخاری نان ولان جێی لێژ کردبا بە قار و مەراقی زانست و زمان و ڕۆمان.

لە کۆتاییدا، چەپکەگوڵی پێزانینی خۆم پێشکەشی وەشانخانەی مادیار دەکەم کە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی کاروباری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم پەڕتووکە.

## پێشەکی

بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی هەر نەتەوەیەک پێویستە ئاگادارییەکی ئەوتۆ لەسەر چاندی ئەو گەلە هەبێ تا بتوانرێ لە بەرهەمهێنانی زانست و بوارە تایبەتییەکانیدا، بۆچوونێکی نزیک لە ڕاستییەکان بێتە ئاراوە. بەپێی ئەم بنەمایە، دەشێ چاوگە جۆراوجۆرەکانی زانین و زانیاریی پێوەندیدار بخرێنە بەر دیدی توێژەران و بەباشی شەنوکەو بکرێن. لێرەدا، وێژە و ژانرە جیاوازەکانی یەک لەو ژێدەرە گرنگانەن کە پێویستە لەپاڵ دیرۆک، کەوناراناسی و کۆمەڵناسیدا سەرنجیان بدرێتێ؛ لەوڕا کە وێژە ئاوێنەیەکی ژیانی ئاپۆرای خەڵک و جەماوەرە، زایەڵەی هەست و ڕامانی ئەو بژاردە و بلیمەتانەشە کە سەردەمانێک ڕۆڵی ڕووناکبیر و هزرڤانیان لەم جڤاکانەدا گێڕاوە، بە چەشنێک کە دەکرێ بڵێین وێژە ئاخێزگەیەکی ئەنتیکەیە بۆ هەڵێنجانی زانیاری لەسەر بەشێک لە واقیعەکانی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک بەگشتی و تێگەیشتن لە ئایدیا، ئاوات و خەمەکانیان بەتایبەتی؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە «هیچ بەرهەمێکی زادەی بیر و هۆشی مرۆڤی هونەرمەند و نووسەر، سەربە هەر ڕێبازێکی دەربڕین بێت، ناشێت بەڕەهایی ناواقع بێت، لەبەر ئەوەی کە خوڵقێنەرەکەی ناتوانێ ببڕای ببڕ پەیوەندی

لەگەڵ واقعدا ببڕێ»[1].

لەو نێـوەدا، ڕۆمان وەک «جیهانێکـی خەیاڵیی گێڕانەوەیی، کـە تێیدا فەزایەکی دەستکرد دەبێتە شـوێن و سـەردەمی کۆمەڵێک کاراکتەری دیاریکراو»[2] و هەروەها وەکوو «تابلۆیەک لە دنیایەکی فرەڕەنگ و فرەچەشنی ژیانی مرۆڤەکان»[3] زیاتر لە ژانرە نەریتییە ئەدەبییەکان دەتوانێ یاریدەری تێگەیشتن لە تانوپۆی کۆمەڵگە و فەرهەنگەکان بـێ؛ چونکە لەنێو ڕۆمانـدا بەهۆی ئامێژەنکرانی خەیاڵ و خولیای هونەریی نووسـەر لەگەڵ واقیعی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەلایەتی، بێجگە لە بەخشـینی چێژ و جوانی بە بەردەنـگ، چەندین ڕەهەندی ژیانی خەڵک دەخرێتە بـەر چاو و لەبان ئەم بنەمایەیە کە دەتوانین بڵێین ڕۆمان یەکێ لە سەرچاوە هەرەگرنگەکانە بۆ کەندەوەوکوژەوە لەسەر کۆمەڵگەکان و یەک لەوان جڤاکی کوردی.

لەم پێوەندییەدا، کاتێک سەر دەسوێی جیهانی ڕۆمانی کوردی دەنرێ، دەردەکەوێ کـە دەقێکـی زۆر، ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و لەنێو بەشـە جیاجیاکانـی کوردەواریدا سەنگوبەرد نراون و ژیلەمۆی نامۆییان بە سەردا کراوە. لێرەدایە کە توێژینەوە و ئاژنینەوە دژوار و پەیجۆر و پسپۆڕیش ئەرکدار دەبێ بۆ گردوکۆ، ناساندن، وەرگێڕان، پیتگۆڕین، ڕاسـتکردنەوە، هەڵەبـڕی و شرۆڤەی ئەم دەقانە، بە چەشـنێک کە ڕاسـتەوخۆ لەنێو گۆڕەپانی ڕەنگاوڕەنگ و چێژداری تۆرە و وێژەدا خۆی دەبینێتەوە. جگە لەوە، یەکێک لـە ئەرک و ڕۆڵەکانی ڕووناکبیریش کە بریتییە لە گواسـتنەوە و دانی زانیاری لەسـەر بەروبـاوی فەرهەنگی و پێکەوەگرێدانی دوێنێ و ئەمـڕۆ، دەگێڕێ و وەک بانۆکێک

١. عارف، حسێن (٢٠١١). ئەدەب و واقیع... ئەدەب و ئەفسانە. لە: نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ل. ٨٥.

٢. ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٥). جیهانی ڕۆمان. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە. ل. ٨.

3 . Polat, Lokman (2017). Rewşa Romana Kurdî: Hunera Romanê û Nirxandina Wê. Weşanên çandname. r. 14.

بزمۆکی نامۆیی دەشــکێنێ و بانێنراوان ســارەما دەکاتەوە و دەیانخاتەوە بەر ڕەسەن و ڕەچەڵەک و ڕابڕدوویان.

«شــوانی کورد»ی عەرەبێ شەمۆ (شــامیلۆڤ)، یەک لەو دەقە پێشەم و پڕنرخانەی نێــو گۆڕەپانی وێژەی کوردانە کــە وەک هەوەڵێن ڕۆمانی نووسراو بــە زمانی کوردی پێناســە دەکرێ[1]؛ بۆیە لێرەدا پێویســتە بەر لە چوونە نێو ئەم تێکستە، ئاوڕێکی خێرای لێ بدرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا باسێکی کورت لەمەڕ سەرهەڵدانی ئەم کارە دێتە ئاراوە. ئینجا، وێڕای ســووکەئاوڕێک لەســەر ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر، ناوەرۆک و ڕەهەندەکانی نێو ئەم بەرهەمە و هەندێ زانیاریی گشــتی لەسەر ڕۆمانەکە پێشکەش دەکرێ تاکوو دەرفەتێک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری خوێنەر لەگەڵ ئەم کارە بەگشــتی و ڕێگەخۆشکەریش بێ بۆ ڕۆچوونی پتر بە ناخی دەقەکەدا و بەستێنێکیش بێت بۆ شێووەوردی فرەتر بەتایبەتی.

## لەدایکبوونی شوانی کورد لەنێو بەستێنی ئەدەبی کوردیدا

مێژووی وێژەی کوردی جگە لە دابەشبوونی بەسەر ئەدەبی زارەکی و نووسراوەدا، هەر لە سەرەتاوە بەسەر دوو چەشنی هۆنراو و پەخشاندا پۆلێنبەندی دەکرێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گوزارشــت لە باوتربوون و زاڵتربوونی ئەدەبی هۆنراو ـ وەک بەرهەمی هەست و نەست و سۆز ـ بەسەر ئەدەبی پەخشان ـ وەک هەڵقوڵاوی بیر و هۆش و ئاوەز ـ دەکا؛[2] ئەدەبی پەخشانێک کە لە بواری مێژووییەوە ئەگەر چیرۆک (حیکایەت)[3]،

1. Allison, Christine (2005). Kurdish autobiography, memoirs and novel: ‹Ereb ¥emo and His successors. Studies on persianate societies, 3. p. 106.

٢ . سەجادی، عەلائەدین (٢٠٠٠). مێژووی پەخشانی کوردی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ل. ١٩-٢١.

٣ . چیــرۆک لە واتا فۆلکلۆرییەکەیدا، بەرەوپێشــچوونێکی مێژوویی ئەفســانەیە و لە ڕووی فۆرم و دارشــتنەوە لەو ئەچێت، هەرچەند لە ڕووی کەرەســە و ناوەرۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە. زۆر جار لە ڕووی خەیاڵەوە چیرۆکیش

پەندی پێشینان، مەتەڵ، ڕازونیاز، دووان و قسەی نەستەق و ئامۆژگارییە ئۆلی و ئایینییە نەنووسراوەکانی پێوەندیدار بە دەورەی یەکەمی ســەرهەڵدانی پەخشانی کوردی، واتە قۆناغێک کە لە سەدەی حەوتەمی زایینییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەخایێنێ، لێ دەربوێرین[١] و وەکوو مێژوونووسانی وێژەی کوردی پەخشانەکانی عەلی تەرماخی (١٥٩١-١٦٥٣)،[٢] مــەلای ئیبنو ئادەم (١٧٥١-١٨٤٤)،[٣] مەولانا خالیدی شــارەزووری

دەچێتەوە ســەر ئەفســانە بەڵام زۆر لە ژیــان دوور ناکەوێتەوە، با قارەمانەکەی چیرۆک هەنــدێ کاریش بکات کە لە وزەی مرۆڤدا نەبێ. بڕوانە:
مستەفا ڕەسووڵ، عیزەدین (١٩٧٠). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە. بەغدا: چاپخانەی دارالجاحظ. ل. ١٨ .

١ . سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨). دەقەکانی ئەدەبی کوردی. بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد. ل. ١٤٣.

٢ . پرۆفیسۆر قەناتێ کۆردۆ بە گێڕانەوە لە نووسینەکەی ئەلێکساندر ژابا دەڵێ کە تەرماخی «خەڵکی گوندی تەرموخێیە، مرۆڤێکی زۆر زانا و شــارەزای زۆربەی زانســتەکان بووە، زمانەکانی عەرەبی، فارســی، ترکی و کوردی باش زانیوە، زۆر گەڕاوە، چووەتە بەغدا، مووســڵ، بادینان و ســۆران. بە زاراوەی کرمانجی قەولێیەکانە، کورێد وەتەن، موریا یاقوت، ژیانا حەقیقەت خەونە، سەرف و نەحا [نەحوا] کورمانجی نووسیوە». بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Kurdo, Qanatê (1983). Tarixa Edebyeta Kurdi (1). Stokholm: weşanên Roja Nu. r. 16.

٣ . محەممــەد کوڕی ئــادەم کوڕی عەبدوڵــڵا (١١٣٠-١٢٢٣) ناسراو بە «مــەلای ئیبنوئادەم» لە گوندی «ڕوســتێ»ی باڵەکایەتی باشــووری کوردســتان لەدایک بووە؛ ئەو لە سەردەمی دەســەڵاتی «میر بداخ خانی موکری» دێتە «مەهاباد» و بۆ ماوەی ٣٥ ســاڵ لەم شــارە نیشــتەجێ دەبێ. ئینجا، دەچێتە «ڕواندز» و دواجار، بەهۆی هەندێ ناکۆکی لەگەڵ «میر محەممــەدی ڕوانــدز»، ڕوو لە گوندی «ڕوســتێ» دەکا و لە کۆتاییدا لە «دیلزە» دەگیرســێتەوە. ناوبراو بەشــێکی کتێبی «جواهرالمنقول»ی خۆی بۆ شــەرحی نامیلکەی «عویصە ابن مالک» تەرخان دەکات و پەراوێزێکیش بە زمانی کوردی بەســەر نامیلکەی ناوبراودا لە ساڵی ١٢٠٥ کۆچی دەنووسێ، کە ئەم پەراوێزە کوردییە وەکوو یەکێک لە دەقە کۆنەکانی پەخشــانی کوردی دێتە ئەژمار. شــیاوی ئاماژەیە کە ئەم دەقە تاوەکوو ئێستا لە بەردەســتدا نییە و ئەوەی بزانرێ مامۆستا مەسعوود محەممەد یەکەم کەس بووە کە تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەم تێکستە تەکاندووە. بۆ زانیاری لەم بارەوە بڕوانە:
محەممەد، مەسعوود (١٩٧٤). پێشەکی لە: بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. ل. ژ.
هەروەها بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر ئەم زانا و تیۆلۆجیستە کوردە بڕوانە:
ئەحمەدیان، ئەحمەد (٢٠١٧). عەللامە ئیبنوئادەم، زانا و ڕۆشنبیر و بلیمەتی تاقانەی کورد. ڕامان. ژ. ٢٤١. ل. ١٤٨-١٥٦.

نەقشـبەندی (١٧٧٩-١٨٢٧)،[1] مـەلا مەحمـوودێ بازیدی (١٧٩٧-١٨٦٣)[2] و شـێخ حسـێنی قازی (١٧٩١-١٨٧٠)[3] وەک خاڵی دەسپێکی ئەم چەشنە ئەدەبییە نووسراوە پێناسـە بکەین، دەردەکەوێ کە تەمەنی پەخشـانی نووسراوی کوردی لەچاو چەشنی هۆنراویدا گەلێک کورتـە؛ ماوەکورتیی ئەم جۆرە ئەدەبییـە ئاماژەیە بە باری نالەباری گشـت بوارەکانی ژیانی کوردان؛ لە وەهـا هەلومەرجێکی هزری و کۆمەڵایەتیدایە کە دەقێکی کەمی پەخشـان بەرهەم دێ و ئەوەندەشی کە تۆمار کرابێ، زیاتر هەڵقوڵاوی کۆمەڵگـەی نەریتی و پێویسـتیی کاروباری ئایینی بووە. ئەم ڕەوتە تا نیوەی سـەدەی نۆزدەهەم و قۆناغی دووهەمی سەرهەڵدانی پەخشانی نووسراوی کوردی پاش ئیسلام، واتە ئەو کات وسـاتەی جڤاکی کوردی ئاڵوگۆڕ بە خۆیەوە دەبینێ و خۆی لەبەرانبەر جیهانی مۆدێرن و ئایدیا نوێیەکاندا پێناسـە دەکا، بـەردەوام دەبێ. لەم چەرخەدایە کە ڕەوشـێکی جڤاکی و گوتاری دێتە ئاراوە، بە جۆرێک کە تاک خۆی بە شـێوازێکی تر پێناسـە دەکا و لە ڕوخسـارێکی تر و بە ناوەرۆکێکی دیکـەوە خۆی و خەمەکانی دەردەبڕێ. ئا لەم سـاتەوەختەدایە کە پەخشانی کوردی دەبووژێتەوە و دەبێتە هەڵگری

---

١. پەخشـانەکەی مەولانا خالید بریتییە لـە «عەقیدەی کوردی» یا «عەقیدەنامەی کوردی» کـە بەپێی هەندێ بۆچوون، ئەو تێکسـتە پێدەچێ لەنێوان سـاڵانی ١٨١١-١٨٢٣ و ئەوکاتەی مەولانا خالید لە کوردستان بووە، نووسرابێ. جگە لەو ڕێکەوتە، کەسـانێکی تر ١٨١٨/٥/١٦ (٢٤ی مەحەرەمی ١٢٣٤) وەک ڕێکەوتی نووسـینی دەستنووسـی ئەم پەخشانە دەزانن. شیاوی ئاماژەیە ئەم کارە بۆ هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٨١ بڵاو بووەتەوە.

٢. مەلا مەحموودێ بازیدی (بایەزیدی) نووسەر، ئارشیڤیست، وەرگێڕ و مێژوونووسی کورد، خاوەنی چەندین بەرهەمە وەکوو چیرۆکی مەم و زین، عادات‌ورسـوماتنامە اکرادیە، تەواریخی قدیمی کوردسـتان و هەروەها چەند حیکایەتیشی بە زمانی کوردی هەیە. جگە لەوانە، شـیاوی ئاماژەیە کە بازیدی وێڕای «ئەلێکساندر ژابا» بە نووسینەوەی گەلێک دەقی پڕبایەخی مێژوویی و ئەدەبی و هەروەها گواستنەوەیان بۆ پەرتووکخانەکانی وڵاتی ڕووسیا، میراتی کەلتووری کوردیان لە فەوتان ڕزگار کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بازیدی و بەرهەمەکانی دیکەی بڕوانە:
بایەزیـدی، مەلا مەحمـوود (٢٠١٥). عادات و رسـوماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد). پێشـەکی و وەرگێڕان: شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم. سلێمانی: ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی. ل. ٧-١٥.

٣. پەخشانەکەی شێخ حسێن قازی بریتییە لە مەولودنامەیەک وا بە قسەی عەلائەدین سەجادی، لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی دانراوە و ساڵی ١٩٣٥ی زایینی لەلایەن «مەلا عبدولکەریم حاجی ئەحمەدی هەکزیـ»یەوە لە بەغدا چاپ کراوە.

چەندین چەشــنی تازە وەکوو ڕۆژنامە، نامەنووســین، وتوویژ و چیرۆکی کوردیش کە بەر لەوە «بریتی بووە لەو سەرگوزەشــت و حەقایەتانە کە لە مێژوویەکی پێشینا ڕوویان داوە و پاشــان بە شەوان لە گوێ ئاگردانەکانا دانیشــتوون، یەکێک بۆی گێڕاونەتەوە و ئەوانیش بە ســۆزێکەوە گوێیان لێ گرتــووە»،[1] بەرگی ژیانی کۆچەرایەتی دادەدڕێ و مژاری خۆی لە شەڕوشووڕ و تێکەڵاویی ژن و پیاو دەگۆڕێ و پێ دەنێتە ژیانێکی نوێ، پەل داوێتە نێو ناخی کۆمەڵگە و بەشوێن چارەسەریی تەنگوچەڵەمەکانیدا دەگەڕێ و تایبەتمەندییەکی فرەڕەهەند و فرەدەنگ بە خۆیەوە دەگرێ.[2]

لــە پێوەندی لەگــەڵ گێڕانەوەی مۆدێرنی کــوردی، دەردەکەوێ ئــەم ژانرە بەهەر دوو چەشــنی ڕۆمــان و چیرۆک (بەهەر دوو ڕوخســاری کورت و درێژەوە) ســەرەتا لە شــوێنگەلێک گووراوە و بیچمی گرتووە کە لەوێدا دەســتەبەربوونی ڕێژەییی مافی کەلتــووری، چاپەمەنی (گۆڤــار، ڕۆژنامە و هتد) و پێوەنــدی و کرانەوە بەرەو جیهانی دەرەوە، بەر لە شــوێنەکانی تر لە ئــارادا بووە. لێرەدایە کە دوو مەڵبەند لە کوردســتان، واتە سـلێمانی[3] و ئێرەوان[4] بەر لەوانی تر دەبنە سەرشــار و چەق و کوڕەکی ڕسکان و

١ . سەجادی، ئاماژەپێکراو.. II ل. ١٦٨.

٢ . سەجادی، ئاماژەپێکراو.. II ل. ١٧١.

٣ . دوابەدوای شــەڕی یەکەمی جیهانی و هەرەسهێنانی ئیمپراتوریای عوســمانی، بە چەندین شێوە، ڕۆشنبیری کورد لە عێراق گەشــە دەکات و دەرفەت بۆ دەرکەوتنی یەکەمین چیرۆک بە زاراوەی کوردیی نێوەڕاســت دەڕەخســێ، کە ئەم دەرەتانگەلە بریتین لە: یەکەم. گەڕانەوەی ڕووناکبیران، ئەفسەران و وێژەڤانانی کورد لە ئەستەمبووڵ و گواستنەوەی بیری تازەگەری لەلایەن ئەوانەوە، دووهەم. بوونی دەسەڵاتی بریتانیا لەم مەڵبەندە و ڕێگەخۆشکەربوونی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی کوردان لەگەڵ چەمکگەل و تێگەی جۆراوجۆری مۆدێرن، سێهەم. دامەزرانی دوو بنکەی سەرەکیی چاپ (بەلەدیە) لە ســلێمانی و (زاری کرمانجی) لە ڕەواندز و دەرکردنی ١١ گۆڤار و ڕۆژنامە لە ماوەی کەمتر لە دە ســاڵدا (١٩٢٧-١٩١٨) و چوارەم. خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی. بڕوانە:
عارف، حســێن (٢٠١١). چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠. هەولێر: دەزگای چــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ل. ١١ و ١٢.

٤ . لــە قۆناغی یەکەمی پاش شۆڕشــی ١٩١٧ی ڕووســیا، لێکۆڵینەوە لەســەر چاندی گەلان و یەک لــەوان کەلتووری کوردی پەرە دەستێنێ و لەو بوارەدا، چوار ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە شارەکانی ئێرەوان، لێنینگراد، مۆسکۆ و باکۆ

فراژووبوونی ئەم ژانرە مۆدێرنە لە ئەدەبی کوردیدا.[١] هەر لەم ئاقارەدایە کە بەپێچەوانەی ئەزموونی مێژووی ئەدەبی گەلانی ڕۆژئاوا، بـەر لە دەرکەوتنی ڕۆمان، کورتەچیرۆک و چیرۆکـی هونەریی کوردی بە چیرۆککگەلێکی وەک «شـویش»ی فوئـاد تەمۆ[٢] و «لەخەومـا»[٣]ی جەمیـل سـائیب[٤] دەردەکەوێ و پەخشـانی کـوردی ژانرێکی نوێ

دادەمەزرێ. لە پێوەندی لەگەڵ ئێرەوان وەک شوێنی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆمانی کوردی، گەلێک بەستێنی لەبار بۆ پەرە و گەشـەی کەلتووری کوردی لەو ناوچەیە دەڕەخسـێ کە لەو بارەوە دەکرێ ئاماژە بە دانانی ئەلفوبێی کوردی، ڕادیۆی کـوردی، ڕۆژنامە، قوتابخانە و خوێندنی کوردی، لێژنەی کۆکردنەوەی کەرەسـتەی زمانەوانی و ئەتنۆگرافی فولکلۆری کوردی بە سەرپەرەسـتیی ئەمینێ ئەڤداڵ و حاجیێ جندی، پێکهێنانی کۆنفرانسـی کوردناسی، بڵاوبوونەوەی چەندین فەرهەنگـۆک، فەرهەنگی زمانی و زاراوەی زانسـتی، چاپی چەندین کتێبی ڕێزمان، فۆلکلـۆر و ئەتنۆگرافی، بکرێ. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم مژارە چ لە ئێرەوان و چ لە سێ ناوەندەکەی تر بڕوانە:
حاجی مارف، ئەوڕەحمان (١٩٧٤). لەبارەی کوردناسـییەوە لە ڕووسـیا و یەکیەتی سۆڤیەت. لە: بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا. بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد. ل.٧٤-١٣٢.

١ . حسـێن عارف لەو بارەوە باس لە چوار ناوەندی ڕۆشـنبیری پاش شـەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم دەکا کە لەوێدا بەسـتێن ساز دەبێ بۆ دەرکەوتنی دەقی پەخشـان و چیرۆکی کوردی کە ئەم ناوەندانە بریتی بوون لە سلێمانی، ئێرەوان، شام و مەهاباد. بڕوانە:
عارف، حسێن (١٩٦٠). چیرۆک و چیرۆکی شانۆیی کوردی لە نیو سەدەی ڕابردوودا. گۆڤاری بلێسە (٩).

٢ . ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩١٣ لەلایەن «فوئاد تەمۆ»ی کوڕی «تۆفیق بەگ»ی شاری «وان» لە ژمارەکانی ١ و ٢ی گۆڤاری «ڕۆژی کورد» لە ئەستەمبووڵ بە پیتی کوردی و لەژێر سەردێڕی «چیرۆک» بڵاو کراوەتەوە کە بەسەرهاتی باوکێکی شوان و مێرمنداڵێکە بە ناوی «شـویش». سـاڵی ٢٠٠٦، «مەحمود لەوەندی» بۆ سـەر پیتی لاتین دەیگوازێتەوە و هەر بە ناوی قارەمانی سەرەکیی چیرۆکەکە واتا «شویش» بڵاوی دەکاتەوە. جگە لەوە، لە ژمارەی سێهەمی ئەو گۆڤارەدا چیرۆکێکی تر بە ناوی «چیرۆکی کرمانجا» لە نووسینی «کندو» هەیە و لە ژمارەی چوارەمەکەشیدا نووسەرێک بە ناوی «بابی ڕەشۆ» هەر لەژێر سەردێڕی «چیرۆک»، کورتەچیرۆکێک بڵاو دەکاتەوە. بڕوانە:
ڕۆژی کـورد گۆڤـاری جڤاتی «هێڤی»ی قوتابیانـی کورد، ئەسـتەمووڵ ١٩١٣ (٢٠٠٥). ئامادەکـردن و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە. سلێمانی: بنکەی ژین.
هەروەها بڕوانە:
Delikaya, Ömer (2014). Çîrokeke nîvcomayî: Şewêş. Wêje û Rexneyê.h. 1, r. 24-27

٣ . چەند بەشـی ئەم چیرۆکە سـاڵی ١٩٢٥ و لە گۆڤارەکانی «ژیانەوە» و «ژیان» بڵاو کراوەتەوە و پاشـان لە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن مامۆستا «جەمال بابان»ەوە پێشەکی لەسەر دەنووسرێ و لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

٤ . حسـێن، هیمداد (٢٠٠٧). چیرۆکی هونەریی کوردی_سەرهەڵدان تا گۆڤاری گەلاوێژ. لە: دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. ل. ٧٩ و ٨٠.

بە خۆیەوە دەبینێ[١] و دواتر، لەلایەن نووســەرانی تر و بە یارمەتیی چاپەمەنیی ئەوسـا ئاوزیــاگ دەبــێ و دەگاتە چڵەپۆپە، بە چەشــنێک کە دەکرێ ئەم ســەروبەندە وەک قۆناغێکی زێڕین لە گێڕانەوەی نۆژینی کوردیدا ناودێر بکرێ.[٢]

دوای دەرکەوتنــی چیرۆکی مۆدێرنی کوردییە کە ڕۆمانی کوردی لە بەســتێنێکی سیاسەتلێدراودا[٣] چاوی بە جیهانی پەخشانی ئەدەبی کوردی دەپشکوێ و لەنێو ڕەوشی ڕیزپەڕ و ئاوارتەی کورد لە سۆڤیەتستان بەرزەو دەبێ؛ دۆخێک کە لەودا کوردانی ئەم مەڵبەندە ئەگەرچی لەلایەک بەســتێنیان بۆ پەرە و پێشــکەوتن و دەربڕینی کەلتووری پێ دەدرێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕاو دەنرێن و دوور دەخرێنەوە بۆ ئاسیای نێوەڕاست

١ . بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە، فەرهاد پیرباڵ ســەرەتای دەستپێکی چیرۆکی کوردی دەگەڕێنێتەوە سەر «مەم و زین»ی مەلا مەحموودێ بازیدی لە ســاڵی ١٨٥٦دا. لێرەدا ئەوەی لێکۆڵەرانی بواری مێژووی ئەدەبی کوردی باسی لێوە دەکەن ئەمەیە کە ئەم چیرۆکە زیاتر تایبەتمەندیی هەقایەتێکی فۆلکلۆری هەیە کە لەسەر داوای ئەلێکساندر ژابا نووسراوەتەوە و نووســینەوەی کورتکراوەی مەم و زینەکەی «ئەحمەدی خانی»یە. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر هەقایەتی مەم و زینی بازیدی بڕوانە:

پیربــاڵ، فەرهــاد (٢٠٠٠). مەلا مەحموودی بایەزیــدی ١٧٩٩-١٨٦٧، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووســی کورد. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەروەها بڕوانە:

بایەزیــدی، مەلا مەحموود (٢٠١٠). ئێکەمین چیــرۆکا کوردی: چیرۆکا (مەم و زین) یا مــەلا مەحموودێ بایەزیدی. ساخکرنا: ڕەشید فندی. هەولێر: چاپخانەی سپیرێز.

٢ . لەم قۆناغەدایە کە دوابەداوی لەخەومای جەمیل ســائیب، ئەحمەد موختارجاف لە ساڵی١٩٢٧-١٩٢٨دا، «مەسەلەی ویژدان» دەنووسێ. پاشان، کەسانێکی وەک محەممەدعەلی کوردی پەرە بەو ژانرە دەدەن. لە ساڵەکانی ١٩٣٩-١٩٥٠دا، چیرۆکنووســانی ڕۆژنامەی «گەلاوێژ»، واتە شاکر فەتاح و عەلائەددین سەجادی ئەو هونەرە دەگەیێننە ئاستێکی بەرز و دوابەدای ئەوانیش نووســەرانی تری ســەربە بڵاوکراوەی «دەنگی گیتیی تازە»، واتە حوسێن حوزنی موکریانی، دڵسۆز، ئیحســان مستەفا و فایق زیوەر چیرۆکی کوردی بەرەو ئاراســتەیەکی باش دەبەن. لە بەشی کوردیی باکووریشدا، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەکوو «ڕۆژی کورد»، «هاوار» و «ڕوناهی» بەستێنی گەشەی چیرۆکی کوردی چێ دەبێ و لەو نێوەدا، نووســەرانێکی وەکوو جەلادەت بەدرخان، قەدری جان، فوئاد جەمیل پاشــا، عوسمان سەبری، نورەدین زازا و هتد لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە یارمەتییەکی باشی ئەو ژانرە دەکەن.

٣ . حەلیم یووسف لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ڕەوتی لەدایکبوونی ڕۆمانی کوردی گرێدراوی سیاسەت بووە، بە چەشنێک کە بەرهەمی هەر ســێ پێشــەنگی ڕۆمانی کوردی، واتە عەرەبێ شــەمۆ (شــوانی کورد)، د. ڕەحیم قازی (پێشمەرگە) و ئیبراهیم ئەحمەد (ژانی گەل) لەژێر کاریگەریی سیاسەت و کارتێکەریی کەسایەتیی سیاسیی ئەواندا بووە. بڕوانە:
Yûsiv, Helîm (2011). Romana Kurdî (Kurmancî û Zazakî 1930-2010). Ronahî. r. 5&6

و بڕە مافە پێدراوەکانیشـیان لێ دەسـتێنرێتەوە[1] ، یان ئەوەی کە ئیزنی کەڵتەکردنەوەی کەلەپووری نەتەوەییان دەدەنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بادەڵێنی دەرگە و دەلاقەی نۆڕین و هەناسەکێشـانیان لێ دەئاخنرێ و تێل و ڕێی پێوەندییـان بە کوردانی ناوچەکانی تر لێ دادەخرێ و گەلێک بەربەست و پارزۆنگی سیاسی لە بەردەم ئامانوشیانی فکری و فەرهەنگی لەنێوانیاندا دادەنرێ. لە دۆخێکی ئاوا نالەباردایە کە زانیاران و ڕووناکبیرانی ئەم مەڵبەندە سـەرەڕای کەندوکۆسپی بەردەمیان لەسـەر پێی خۆیان ڕادەوەستن و بە شۆموتۆکردنەوەی ئەدەبی زارەکی و بە ئاراستەکردنەوەی لە قەوارەیەکی نوێدا سەرلەنوێ هەنگاوێکی جیددی دەنێنەوە و کەلتووری کوردی بەرەو ئاسـتێکی پێشکەوتووانەتر دەبەن[2]، بە چەشـنێک کە دەکرێ بڵێین وێژەی مۆدێرنی کوردانی سۆڤیەت بەگشتی و ئەرمەنسـتان بەتایبەتی، لە دۆخێکی ئاڵکاودا بە ژەکی فۆلکلۆر فرچکی گرتووە، بازەڵە بووە و ڕابردووی کردووەتە بەردەبازی قەڵەمبازی داهاتوو.

لەم بەسـتێنەدایە کە لەپاڵ ڕۆژنامەی «ڕێیاتازە» و لە وڵاتێکدا کە یەکەم کۆنفرانسی جیهانیی زمان و وێژەی کوردی لەئامێـز دەگرێ و یەکەمین ڕادیۆی لێ دادەمەزرێ و هەوەڵین فیلمی سـینەماییی کوردیی لێ بەرهەم دێ، یەکەمین ڕۆمانی کوردیشی تێدا دەنووسرێ. هەروەها، لە زاگەی پیتۆڵ، پڕبیر، بوێژ، کەڵەنووسەر، ئاکادمیست، هۆزانڤان و وێژەڤانانێکی وەک پرۆفسۆر قەناتێ کوردۆ، عەلیێ عەبدوڕڕەحمان، حەجیێ جندی، ئەحمەدێ حەپۆ، سەعیدێ ئیبۆ، ئەگیدێ خدۆ، جەلیلێ جەلیل، تۆسنێ ڕەشید، جاسمێ جەلیل، شکۆییێ حەسەن، ئەحمەدێ میرازی، وەزیرێ نادری، وەزیرێ ئەشۆ، ئەسکەرێ بۆییک، عەزیزێ گەردەن زەری، فەریقێ ئۆسـۆ و هتد، عەرەبێ شەمۆ هەڵدەکەوێ و بە کار و پڕۆژەکانی کە بریتی بوون لە «نووسینەوەی وێژەی زارەکیی کوردانی قەفقاسیا،

1 . Otto Pohl, Jonathan (2017). Kurds in USSR, 1917-1956. Kurdish studies. 5 (2). 32-55.
2 . Gören, Ebubekir (2013). Di Romanên Erebê Şemo de Folklora Kurdî. (Teza Lîsansa Blind şaxa makezanista ziman û çanda kurdî). Zanîngeha Mardîn Artukluyê, Turkey. r. 10.

ستانداردکردنی زمانی کوردی، سەرووده‌رووداو و ئابوورکردنی کەشێکی وێژەیی لە ئەرمەنستان، ڕاژە و گەشەدانی هەست و ڕەتی کوردایەتی، دۆزینەوەی کۆمەڵێک شێوازی نوێ بۆ گێڕانەوە، نوژەن و نوژینکردنەوەی ئەدەبی کوردان»[1] ،میداڵیای شانازیی مۆدێرنسازیی وێژەی کوردانی سۆڤیەت لەسەر سینگی هەڵدەواسێ.

## ژیان و بەرهەمی عەرەبێ شەمۆ

ساڵی ١٨٩٧ لە گوندی سووسووزی سەربە شاری قارس، عەرەبێ شەمۆ پێی ناوەتە جەغزی ژیان. لەبەر زانینی زمانەکانی کوردی، ئەرمەنی، ڕووسی، ترکی عوسمانی و یۆنانی، لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٦دا، وەکوو وەرگێڕ لە ئەرتەشی ڕووسیای تزاری دادەمەزرێ. ساڵی ١٩٢٠ دەچێتە زانکۆی لازاریانی مۆسکۆ و ئینجا ساڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە ئەرمەنستان و لە ناوچەی ئەلەگەز بە کاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دژی باری باوی سەردەمی خۆی دەوەستێتەوە.[2] هەر لەو سەروبەندەدا و لە ساڵی ١٩٢٧، کۆمیساریای ڕۆشنبیری و پەروەردەیی حکوومەتی ئەرمەنستان، ئەو و زمانناسێکی ئاسووری بە ناوی ئیسحاق مارۆگوولۆڤ(١٩٣٣-١٩٦٨) ڕادەسپێرێ بۆ ئامادەکردنی ئەلفوبێی نوێی کوردی بە تیپی لاتین[3] کە بەر لەوە، نووسینی

---

1 . Uzun, Mehmed (1992). Destpêka Edebiyata Kurdî: lêkolên. Ankara: Weşanan Beybûnê. r. 70.
2 . Boyîk, Eskerê (2004). Nûra Elegezê: çend dîdem ji edebyeta kurdên Ermenistanê. Oldenburg: Dengê Êzîdiyan. r. 23-24.

٣. لەو پێوەندییەدا، شاکەلی لەسەر ئەم باوەڕەیە کە سەپاندنی ئەلفوبێی ئەرمەنی بەسەر کورداندا و هەروەها گۆڕینی ئەلفوبێی ئەوان بۆ لاتین و کریلیک، نە تەنیا بۆ خزمەتکردن بەوان نەبوو، بەڵکوو سیاسەتێکی زمانی بووە کە لە دواساڵەکانی (١٩٢٠)ەوە دەستی پێ کردووە لەپێناو تواندنەوەی کوردان و نامۆکردنیان لە میراتی ڕابردوو و پچڕانی پێوەندییان لەگەڵ ئەدەب و ئاوەزی کوردانی تر. بڕوانە:
شاکەلی، فەرهاد (٢٠١٠). کوردەکانی سۆڤیێتی جاران لە: کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە، ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد؛ دوێنێ و ئەمڕۆ. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ل. ٢٢٣-٢٤٨. هەروەها بڕوانە:
شاکەلی، فەرهاد (٢٠٠٩). زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا. سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی. ل. ٣٦-٥٧.

کــوردی لەم وڵاتەدا بــە پیتی ئەرمەنی و لەســەر بنەمای کتێبی «شــەمس» (١٩٢١)ی «هاکوب خازاریان» بووە.[1] پرۆژەی ناوبراو لەلایەن ئەم دوو کەســەوە لە ساڵی ١٩٢٨دا دێتە تەواوکردن و دواتر لە ســاڵی ١٩٢٩دا وەک یەکەمیــن پەڕتووکی کوردی بە تیپی لاتین لە جیهان بە ناوی «خۆبەخۆ هین بوونا زمانێ کوردی»[2] چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

عەرەبێ شــەمۆ هــاوکات وەک یەکێک لــە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامــەی «ڕێیاتازە» لە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ. شیاوی ئاماژەیە کە پرۆژە هزری و کەلتوورییەکانی بە نووســین، ڕادیۆڤانی، ڕۆژنامەگەری و وانەبێژی لە پەیمانگەی مامۆســتایان بۆ فێرکاریی زمانی کوردی نایەنە برانێ، بە چەشــنێک کە ساڵی ١٩٣١ بە شێوازی ئاکادمیک لە بەشی ڕۆژهەڵاتناســیی زانکۆی لێنینگراد وێڕای پرۆفسۆر قەناتی کۆردۆ گەلێک توێژینەوە لەسەر مژاری کوردناسی پێشکەشی پەڕتووکخانەی کوردی دەکا.

لــە پێوەندی لەگەڵ ژیانی عەرەبێ شــەمۆ گەلێک هەوراز و نشــێو بەدی دەکرێ. بــۆ وێنە، ســاڵی ١٩٣٧ تا ١٩٥٦ لەلایەن دەســەڵاتی سۆسیالیســتییەوە لە زێدی خۆی بۆ «ســیبیریا» دوور دەخرێتەوە و پاش مردنی ســتالین، دەگەڕێتەوە ئەرمەنســتان و لەو کاتەدایــە کە لەلایەن ڕووســیاوە خەڵاتی «ئاڵای ســوور» و «دۆســتایەتیی گەلان»ی پێ دەدرێ. هەروەها، لەلایەن «کۆڕی زانیاریی کورد» لە بەغدا وەک ئەندام وەردەگیرێ و سەرەنجام ساڵی ١٩٧٨ ماڵاوایی لە ژیان دەکا.

ئەو جگە لە کتێبی فێرکاریی زمانی کوردی و ڕۆمانی شوانی کورد، چەندین ڕۆمانی دیکــەی وەکوو بەربانگ (١٩٥٨)، ژیانا بەختــەوەر (١٩٥٩)، دم دم (١٩٦٦)[3] و حۆپۆ

---

1. Gürtürk, Eyyü (2016). Bandora Rêbaza Realîzma Civakparêz Di Romana Şivanê Kurmanca De. bingöl üniversitesi yaşayan diller enstitüsü. 2(3). r.184.

2 . xwe bi xwe hînbûna zimanê kurdî.

٣ . ئەم ڕۆمانە لەلایەن شکور مستەفاوە کراوەتە کرمانجیی خوارووە، هێمن موکریانی پێشەکی بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

(١٩٦٩)ی نووســـیوه. جیا لەمانە، چەندین چیرۆک[١]، وەرگێڕان[٢]، وتار[٣]، هەڵبەست[٤] و هەروەها، شانۆنامەیەکیشی لەژێر ناوی «کوردێن ئەرمەنستانێ» بەرهەم هێناوە.

## شوانی کورد: ناوەرۆک و ڕەهەندەکان

شـــوانی کـــورد وەک هەڵقـــوڵاوی یادگـــە و بەرهەمـــی بیرەوەریـــی[٥] یەکێک لە تۆرەڤانانی کوردی ئەرمەنســـتان و سەرچاوەگرتوو لە هەســـت ونەستی نۆستالۆژیکی ئاوێتەبووی بیری زاڵ بەبان ئەدەبیاتی ئەوکاتی ڕووســـیا و ئەرمەنستان لەگەڵ فۆلکلۆر و نەریتی کوردانی ئەم بەشـــەیە، کە لەنێو مێژووی ئەدەبـــی مۆدێرنی کوردیدا خاوەنی پلەوپێگەیەکی شیاوی سەرنجە.

گرنگیی ئەم دەقە لەمەدایە کە جگە لـــەوەی لە بواری مێژووییەوە وەک یەکەمین بەرهەمـــی ژانرێکی مۆدێرنی وێژەیی لەنێو کورداندا پێناســـە کـــراوە و وەکوو کارێکی

١. «کوردێن ئەلەگەز»، چیرۆکێکی درێژە کە لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاو بووەتەوە و وەک درێژەی ڕۆمانی شوانی کورد پێناسە دەکرێ، کە ژیانی کوردانی ئەرمەنســـتان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر نیشان دەدا. لەو چیرۆکەشدا خودی نووسەر قارەمانی داستانەکەیە، بەڵام بە ناوێکی تر و جیا لە ناوی کاراکتەری ڕۆمانی شوانی کورد دەردەکەوێ.

٢. لە ساڵی ١٩٣٠، بەرهەمی شانۆکاری ئەرمەنی «ئەلێکساندر ئاراراتیان»ی بە ناوی «کۆچەکێ دەرەوین»ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٣. وتارەکانی بریتی بوون لە «ئەمیر لنین» (١٩٣٠)، «ڕێیا شۆڕشا ئۆکتۆبرێ» (١٩٣٠)، «کۆلخۆز و کارێ وێ ژ گوندیا رە» (١٩٣٠)، «ل ســـەر پەیوەندییێن فەئۆدالی د ناو کوردان دە» (١٩٣٠)، «چرووسکێن شۆڕشا ئۆکتۆبرێ» (١٩٧٢)، «شەرێ تاریلکا» (١٩٧٢).

٤. باوێ نازێ لە وتووێژێکدا، پرسیارێک ئاراستەی شەمۆ دەکا و دەڵێ ئەتۆ هەڵبەست دەڵێی؟ عەرەبێ شەمۆ لە وڵامدا دەڵێ: «تەنیا بۆ دڵی خۆم شێعر دەنووسم». جگە لەوە، «فەقێ حسێنی ساگنج» لە کتێبی «دیرۆکا وێژەیا کوردی» ئاماژە بە شێعرێکی عەرەبێ شەمۆ دەکا بە ناوێ «تەنابینم». بۆ خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە بڕوانە:
Sagniç, Feqî Huseyn (2002). Dîroka Wêjeya Kurdî. Îstanbûl: Weşanên Enstîtuya Kurdî ya Stenbolê. r. 525.

٥. بۆ باسی زیاتر لەسەر کارتێکەریی بیرەوەری و فۆلکلۆر لەسەر ڕۆمانی کرمانجی، بڕوانە:
Allison, Christine (2013). Memory and the Kurmanji novel: Contemporary Turkey and Soviet Armenia. In Kreyenbroek PG, Allison FC (Eds.) Remembering the Past in Iranian Societies, Wiesbaden: Harrassowitz, p. 189-218.

هونەری چێژی جوانیناسانە بە خوێنەر دەبەخشێ، سەرچاوەیەکی گرانبەها و گەوهەریشە بۆ ناسینی نەریت و فۆلکلۆری کوردان بەگشتی و کوردانی ئەودیوی قەفقاس، ئەرمەنستان و ناوچەی ئەلەگەز بەتایبەتی؛ جا کە وابێ ئەگەر مرۆڤ ڕایەی بکەوێ ئەو دەقە لەگەڵ پەرتووکێکی پڕبەهاتری پێوەندیدار بە مێژوو و کەلتووری کوردی بەراورد بکا و لە دیدی خۆیەوە و لە مەبەستی نووسین پێکیان بشوبهێنێ، دەکرێ ئاماژە بە کتێبی پڕبایەخی «عادات و رسوماتنامه اکرادیه» بکا و بڵێ ئەگەر مەلا مەحموودێ بازیدی لە سەدەی نۆزدەهەم و لە پەرتووکەکەیدا ڕاستەوخۆ بەردەنگ لەگەڵ دابونەریتی نەتەوەکەی ئاشنا دەکا؛ ئەوە لە سەدەی بیستەمدا عەرەبێ شەمۆ، ناڕاستەوخۆ و بە زمانی خەیاڵ و لە قەوارەی ڕۆماندا، دۆخی کۆمەڵایەتی، فکری، پەروەردە، ئابووریی، ژنان و منداڵانی وڵاتەکەی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە کە لەم بارەوە دەکرێ ئاماژە بە چەند ڕەهەندی سەرەکی بکرێ وا لەو دەقە وەردەگیرێ، بە چەشنێک کە نووسەری ڕۆمان سەرەڕای ئایدیا و مەبەستی ئایدیۆلۆجیکی خۆی هەر کام لەم واقیعانەی لەگەڵ خەیاڵ گرێ داوە و ڕاستییەکانی بە زمانی ئەدەب درکاندووە و وەکوو مژاری نووسینەکەی هێناونییە بەر باس و بەرەوڕووی خوێنەری کردوونەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ تێم و مژاری سەرەکیی گێڕانەوەی هونەری کوردی، شاکەلی ئاماژە بە پێنج بابەتی بەرچاو دەکا[1] کە لێرەدا هەوڵ دەدرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کە هەر کام لەم مژارانە چلۆن و بە چ شێوەیەک لەنێو ڕۆمانی شوانی کورددا ڕەنگیان داوەتەوە.

### یەکەم: مێژوو

مێژووی جڤاکی یا بە واتایەکی تر مێژووی گشتی لەم ڕۆمانەدا لەڕێگەی گێڕانەوەی بیرەوەریی تاکەکەسی و سەربردەی خودی نووسەر دەگێڕدرێتەوە، واتە

1 . Shakely, Farhad (2016). The Modern Kurdish Short Story. Uppsala Universitet. p. 53.

نووســەر بە کەلکوەرگرتن لە ئامرازی ژیاننامەنووســی لە قەوارەی ڕۆماندا، لەلایەک خەریکە بەســەرهاتی خۆی وەک کەسایەتییەک دەگێڕێتەوە و لەلایەکی ترەوە باس لە گەلێک ڕووداوی مێژوویی ســەردەمی خــۆی دەکا و بە زمانی خەیاڵەوە خوێنەر وەبیر هەندێ ڕاســتیی مێژوویــی دێنێتەوە وەکوو پەڕیوەبوونــی کوردانی ئیزەدی بۆ ئەرمەنســتان، زوڵموزۆریی تاشــناکی ئەرمەنی لە ڕاســت کوردانی قەفقاس، شەڕی ئیمپڕاتۆرییەکانی ڕووس و عوســمانی، شۆڕشــی ئۆکتۆبر و قڵپبوونەوەی دەسەڵاتی قەیســەری لە ڕووسیا، ڕەوشــی کوردان و ڕۆڵی ئەوان لە ســەقامگیربوونی دەوڵەتی ســۆڤیەت، دەســخەرۆبوونی ڕووناکبیرانــی کوردی ئــەوکات لەلایەن دەســەڵاتی بۆلشــویکی، دۆخــی نالەباری کــوردان لــە دەورەودووکانی ســتالین، ڕاگواســتن، کاولاندن، ڕەچەڵەکبڕی، ڕەشەکوژی، بۆرانپێچ و ورتووێرانکرانی ناوچە کوردییەکان لەلایەن دەسەڵاتی چەپ و سۆسیالیستییەوە.

## دووهەم: چین

نووســەر بــە وێناکردنــی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکــی و پێش مۆدێرن بــۆ خوێنەر و نیشــاندانی ئینکەبەریــی بێبڕانــەوەی نێوان دوو چینی سەردەســت و بندەســت، واتە کارپێدەر و کارکەر، خان و جووتیار، شاری و گوندی، یەکەپیاو و بۆرەپیاو، دەوڵەمەند و هــەژار، چەوســێنەر و چەوســاوە، میر و گــەدا، ڕەنجخۆر و ڕەنجــدەر، کۆیلەدار و کۆیلە، مەڕدار و مەڕلەوەڕێن، پاوانکارە و شوانکارە، ملهوڕ و ملکەچ و هتد، جیاوازیی نێــوان توێژەکان دەخاتە بەر باس. هەروەها، بــە زەقکردنەوەی دۆخی ژیان، پێوەندیی کۆمەڵایەتی و دەرخســتنی ڕووی ڕاســتەقینەی کاراکتێرەکانی هەر کام لەم دوو تاقمە لە گوند و باژار، ئاماژە بە هەبوونی کێشــەی نێوانیان دەکا. ئەو لەم ڕۆمانەدا خۆی وەک هەڵقولاو و بەینەتداری چینی بەیدەست پێشان دەدا و بەشوێن داڕنینی نیری یەخسیری

لە ئەستۆ و داماڵینی سندمی کۆیلەتی لە پێی ئەواندایە و بە چەندین شێوە، کەڵکەڵەی خۆی بۆ هەڵفڕاندنی بازی دەوڵەت لەبان شانی نەیارانی دەورووژێنێ و تەنانەت وەک تێمی سەرەکیی کتێبەکەی دەیخەملێنێ. بۆ ئەم مەبەستە بە کولاندنەوەی ناسۆری ڕوح و جەســتەی ئەنگاوتەی خۆی و خاوخێزانەکەی و هەروەها بە کێشانەوەی تابلۆیەک کە لەودا خەڵکی بێ پەناوپەســیو لە پێوەندییەکی نامرۆڤانە لەبەرانبەر توێژی ڕاژووردا دادەمێنن و لەژێر دەســتاری دەســتداراندا دەهاڕێن، ئەم کێشــەیە وەک ڕاســتییەکی حاشاهەڵنەگر لە قۆناغێکی مێژوویی کورداندا بۆ خوێنەر بەرجەستە دەکاتەوە.

## سێیەم: نیشتمان

هاوتەریب لەگەڵ وورووژاندنی پرسی چینایەتی و سەرەڕای زاڵبوونی ئەم تێمە بەبان ڕۆمانەکەیدا، عەرەبێ شــەمۆ لە شوناسی خۆی دوور نەکەوتووەتەوە و بە پێناسەکردنی خــۆی و هاونەتەوەکانــی لەبەرانبــەر ئەوانی تر، واتــە ئەرمەنی و ڕووس، ناســنامەی نیشــتمانیی خۆی پێشان دەدا. جگە لەوە، وێڕای بەرزکردنەوەی گازندەی خۆی لەسەر کێشــەی چینایەتی، لە ڕوانگەیەکی نیشتمانییەوە سیســتەم و پەڕگاڵی ژیانی خێڵەکی دەداتــە بەر تیری توانــج و بە ڕانانی دەراو و بەرجەوەنی فکری ســان و خان و قاقان و قوڵەمیران و خستنەڕووی پیشەی پێکۆڕەی پاتەخۆر و کردوکۆی باجەوان و گزیکاریی گزیران. هەروەها، دەرخستنی ئاکاری بەرهەڵەســتکارانەی ئەوان لە ڕاست هاوزمان و هاوخوێنەکانیان. بەپێچەوانە، زمانلووســی و پێڕامووســی و هەڵسوکەوتی کۆیلانەیان لەبەرانبەر تاشناک و ڕووس، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ قامک لەبان هەندێک دیاردەی کۆلۆنیالیســتی دادەنێ. لەوانەش گرنگــتر، وەک بەرەزەیەکی وەیــلان و دوورەوڵات بە کێشــانەوەی نیگارێکی نۆســتالۆژیک لــە مەڵبەندەکەی و ئاماژە بــە هێما و نەریتە کوردییەکان بەستێنێک دەڕەخسێنێ بۆ ســازکردنی پێوەندیی خەیاڵەکان بە مەبەستی

وێناکردنی کۆمەڵگە، نیشـــتگە و نەتەوەیەکی خەیاڵی[1] و جیاواز لە ڕووســـیا، بەڵام ئەو خەون و خولیایەی لە تخووب و تەیمانی دەسەڵاتێکی شووڕایی و جڤاتی واوەتر ناڕوا و جیۆگرافیای ئەم وڵاتەشی هەر لە چەپەری ئەلەگەز و قەفقاسیادا قەتیس دەمێنێتەوە.

## چوارەم: پرسی ژنان

عەرەبێ شـــەمۆ وەک دەنگی پەراوێزخراوانی ســـەردەمەکەی، بە نواندنی دۆخی نالەباری ژنان لـــە کایەکانی ژیان و ڕووکردنی ئەو نەگبەتییانـــەی وا بەرۆکی گرتوون، هـــەر لـــە کار و کوێرەوەریی ژیانـــی ڕۆژانەی گەرمێن وکوێســـتانەوە بگـــرە تا دەگاتە نەخوێندەواری و نەبوونی ئازادیی بڕیارپدان بۆ ڕۆنانی ژیانی هاوبەش، پرسی شیربایی، هەســـتکوژی، هەوێســـاری، فرەژنـــی، هۆزبەدەری، مـــەودای زۆری تەمـــەن لەنێوان هاوســـەران و ئاڵوێرکردن بە کچان، دەپەرژێتە سەر پرسی ئافرەتان. لەگەڵ ئەوەشدا، بە نیشـــاندانی وێنەی جیاواز لە ژنی کۆمەڵگەکەی، ئەم ڕاســـتییە دەدرکێنێ کە هەموو ژنانی ســـەردەمەکەی وەک یەکتر نەبوون؛ بـــۆ نموونە ژن هەبووە لە کازیوەی بەیانەوە تاکوو تاریکانی شـــەو بە کار و کوێرەوەریی خـــۆی، ماڵومنداڵی پێ گەیاندووە. یان کەســـانێکی وەک خەســـوو و بووکەکان هەبوون کە بە چواران لەبەرانبەر چەکداری ڕووســـەوە داکۆکییان لە کەســـایەتی و کەرامەتـــی خۆیان کردووە؛ لـــە نموونەیەکی تردا، ژن وەک مامۆســـتای گوندەکەیان کەســـێکی ڕزگاریـــدەرە و مرۆڤ لە نەزانی و نەخوێنـــدەواری دەرباز دەکا. کەچـــی بەپێچەوانە، ئافرەتی وا هەبـــوون کە وەک ژنە ئەرمەنییەکان یا وەک خێزانە منداڵکارەکەی بەگ لە چەوســـاندنەوە و دەمکوتکردنی مرۆڤی سەردەمی خۆیاندا بەشدار بوون؛ بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەگشتی لەم ڕۆمانەدا ژن نـــە بـــە چاویلکەی تیۆلۆجیـــکاڵ و نەریتخوازیی باو ســـەرنجی دراوەتـــێ و نە لە

1. imagined

ڕۆچنەی ئایدئۆلۆگی فیمێنیستیی ناخۆماڵییەوە سێرەوچەفتەی لێ گیراوە؛ بەڵکوو ئافرەت بەو جۆرەی هەبووە پێشان دراوە، بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکرێ کە نووسەر بە ڕەخنەگرتن لە جێگەوپێگەی نەشیاوی ژنان و هێنانەوەی نموونەی باش و خراپ لەوان و پێداهەڵگوتن بەسەر باشەکان و سەرکۆنەکردنی ژنە خراپەکان، ڕاستەوخۆ مۆدێلی ئایدیالی خۆی لە ژنی باش نیشان داوە و ناڕاستەوخۆ خوازیاری هەبوونی ژنگەلێکی وەها لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بووە.

### پێنجەم: دواکەوتوویی

ڕانانی پاشکەوتوویی وەک بابەتێکی فرەجۆر و فرەڕەنگ خاڵێکی شیاوی سەرنجی دیکەی ئەم ڕۆمانەیە؛ بەم واتایە کە ڕۆماننووس ئەم چەمکە تەنیا لە کایەی ئابووریدا قەتیس ناکاتەوە، بەڵکوو کەوشەنی پێناسەیەکی ئاوا بەرتەسککراو هەڵدەبوێرێ و دەیباتە ناخی تاک بە تاکی کۆمەڵگە و ژیانی سەرجەم چین و توێژەکانی، بە چەشنێک کە لەڕێگەی گێڕاوەنەی بیروباوەڕ و خووخدەی هەر کام لە کاراکتێرەکانی نێو ڕۆمانەکە و هەروەها دەرخستنی عەقڵییەتی زاڵ بەسەر جڤاکدا پەردە لەسەر دۆخێکی شپرێو و بەجێماو هەڵدەداتەوە. لەم بوارەوە ئەگەر وەک دەستەبژێر ئاماژە بە چەند وێنە بکرێ کە گوزارشتن لە دواکەوتوویی تاک و جڤاک و هەبوونی مەودایەکی زۆر لەگەڵ ژیانێکی ستاندارد و پەسەندکراو، دەکرێ ژیانی نێو کادێنی ڕەق و وشک، نامۆبوون لەتەک کەرەسەیەکی سادەی نانخواردن وەکوو چنگاڵ، حەڕمین، خوێنگری، فرەژنی، عەقڵی کورتبینی خێڵەکی، هۆزپەرەستی، تیرەگەری، بەرەبابیازی، نەبوونی ناسنامە و تۆمارنەکرانی ڕۆژی لەدایکبون، گۆشەنیگای چەوتی خەڵک سەبارەت بە مزارە مرۆڤی و ژینەوەرییەکان، خورافە، ئاکاری نامرۆڤانە و دوور لە ڕەوشتی کۆچەک و شێخان و پیاوانی ئایینی ئیزەدی و بەکارهێنانی دین وەک ئامراز لەلایەن ئەوانەوە، نەزانی و

نەخوێندەواریی هەڕەمەکی جەماوەر وەک بەرچاوترین نموونە دەسنیشـان بکرێن کە لەلایەن نووسەرەوە کەوتوونەتە بەر لۆمەولەقەم و ڕەخنەیان لێ گیراوە.

## ڕێکەوتی نووسین و چۆنیەتیی چاپ و بڵاوبوونەوە

«ئایدۆغان» لەمەڕ ڕێکەوتی بڵاوبوونەوە و چاپی ئەم کارە دان بە هەبوونی ئاڵۆزی و بۆچوونـی جۆراوجـۆر دادەنێ، بەڵام بە پشتبەسـتن بـەو بەڵگەنامانەی وەدەسـتی خسـتوون گەیوەتە سەر ئەم باوەڕە کە نووسـینی ئەم ڕۆمانە لەساڵی ١٩٣٠دا بە زمانی کـوردی کۆتایـی پێ هاتووە و سـاڵی ١٩٣٥ وەک کتێب بڵاو کراوەتـەوە.[١] هەروەها حەلیم یووسف[٢] ڕێکەوتێکی دیاریکراو ناخاتە بەر باس و تەنیا ئاماژە بە مەودای نێوان ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٣٥ دەکا وەک قۆناغی لەدایکبوونی یەکەم ڕۆمانی کوردی. هەر لەم بارەوە، ئالیسۆن،[٣] گالیپ،[٤] ئەحمەدزادە[٥] و ڕەحیمیان[٦] ساڵی ١٩٣٥ وەک ساڵی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی شوانی کورد دەسنیشان دەکەن. لەو پێوەندییەدا، ئەوەی ئێستا هەموو لایەک لەسـەری کۆکن ئەمەیە کە یەکەمین ڕۆمانی کوردی لە ساڵی ١٩٣٥، لە

١ . عەرەبێ شەمۆ (٢٠١٧). شـوانێ کورمانجا، بەرهەڤاندن مستەفا ئایدۆگان، تیپگوهەر زنارێ مەلەێ. دهۆک: دەزگەها سپیریێز یا چاپ و وەشانێ. ڕ. ١٩٠ و ١٩١.

2. Yûsiv, amajepêkirî. r. 5.

3 . Allison, op. cit., I, p. 106.

4 . Galip, Ozlem (2012). Kurdistan: A land of Longing and struggle, Analysis of ‘Home-land’ and ‘Identity’ in the Kurdish Novelistic Discourse from Turkish Kurdistan to its diaspora (1984-2010). (Doctoral dissertation). university of Exeter, England, p. 13.

٥ . احمدزاده، هاشـم (١٣٨٦). از رمان تا ملت: پژوهشـی در گفتمان روایی فارسـی و کردی. ترجمە: بختیار سجادی. سنندج: انتشارات دانشگاه کردستان. ص. ١٩٩.

٦ . رحیمیان، محمد (١٣٩٢). سرآغاز و سیر ادبیات داستانی کردی. تهران: انتشارات رامان سخن. ص. ٢٠٧.

دووتوێی کتێبدا و لە ئێرەوان بڵاو کراوەتەوە.

ئەم بەرهەمە جگە لە ئەرمەنی و ڕووسی، بۆ چەندین زمانی تری وەکوو گورجی، ئازەربایجانی، فەڕەنسی، ئاڵمانی، ترکی، عەرەبی[1] و فارسی وەرگێڕدراوە و سەرنجی گەلێک ڕۆژهەڵاتناس و ئاکادمیستی لە ئاستی جیهانیدا بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بازیل نیکتین،[2] یەک لەو ڕۆژهەڵاتناسە ناودارانەیە کە ئەم کتێبەی هێناوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و دواجار، د. نورەدین زازا[3] لە ڕووی ئەم نوسخەیەوە دەیکاتەوە کوردی و لە لوبنان چاپی دەکا.

شیاوی ئاماژەیە کە ئەو بەرهەمە بۆ یەکەم جار بە پیتی لاتین، واتە ئەو ئەلفوبێیەی کە لە ساڵی ۱۹۲۹، بە فەرمی لەلایەن کۆمارەکانی پشتی قەفقاس بۆ گەلانی بچووکی ئەو ناوچەی پەسەند کرابوو نووسراوە و ئەوسا بۆ هەردوو ئەلفوبێی کریل و کوردی گۆڕاوە. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر گۆڕینی تیپی ئەو ڕۆمانە بۆ سەر کوردییەوە ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار، ساڵی ۱۹۸۹ بە سەرپەرەستیی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و لەلایەن د.

---

۱ . بۆییک، ئەسکەرێ هیمدارێ (۲۰۰۷). ئەدەبیاتا کوردی یێ ئەولین نڤیسکارێ عەیان باڤێ ڕۆمانا کوردی عەرەبێ شەمۆ (۱۸۹۷-۱۹۷۸). گۆڤارا ویێ، ۱۵.

2 . Basil Nikitin

۳ . د. نوردەین زازا لە ساڵی ۱۹۱۹، لە شاری «مادن»ی باکووری کوردستان لەدایک بووە و ساڵی ۱۹۸۸ لە وڵاتی سویس کۆچیدواییی کردووە. پاش ڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئاتاتورک وێڕای بەشێک لە بنەماڵەکەی پەڕیوەی خاکی ڕۆژاوای کوردستان دەبێ. خوێندنی بەکالاریۆسی خۆی لە لوبنان تەواو دەکا و پاشان ساڵی ۱۹۵۶ لە وڵاتی سویس بڕوانامەی دوکتورا لە بواری پەروەردە و کۆمەڵناسییەوە بەدەست دێنێ. ئەو جگە لە کاروباری سیاسی کە وەک دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە ساڵی ۱۹۴۹ و ئەندامی دامەزرێنەر و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریا لە ساڵی ۱۹۵۷ ناسراوە، وەکوو ئەدیب، ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیرێکیش لەتەنیشت کەسانێکی وەکوو «جەلادەت عالی بەدرخان» لە گۆڤار و نووسراوەکانی ئەوکاتیدا وەکوو «هاوار» چالاکانە بەشدار بووە. لەم بوارەدا جگە لە وەرگێڕانەوەی شوانی کورد، چەندین بەرهەم وەکوو «مەمێ ئالان، شەڕێ ئازادی، کەسکە سۆر، خورشید، گولێ، ستێرک، پەریشان، هاویناپەریخانێ، بانگێک ژ بۆ میللەتێ کورد و چەندین کورتە چیرۆکی تر» پێشکەش دەکا. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سەربردەی ژیانی ئەو بڕوانە:
زازا، نورەدین (۲۰۱۲). ژیانی کوردەواریم. وەرگێڕانی: باست حەمەغەریب. سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

موحسین ئەحمەد عومەر و دووهەم جار، ساڵی ٢٠١٧ و لەلایەن مامۆستا زناریێ مەلەی ئەو کارە ئەنجام دراوە.[١]

## گوتاری ڕۆمان

ڕۆمـــان وەک ژانرێکی مۆدێرنـــی ئەدەبی و بەرهەمی ئاڵوگـــۆڕی نەرین و نەریتی کۆمەڵگە و جووڵەی جێگەوپێگەی تاک لە سەردەمی مۆدێرن، ڕەنگدانەوەی گۆڕانی کەلتـــوور و مەعریفـــەی نێوخۆییی جڤاکـــی ڕۆژاوا بووە؛ بۆیە توانیوێتی بە شـــێوازی هونەری ڕیالیستی ژیانگەی ڕۆژاوایی وێنا بکا. لە حاڵێکدا دەسپێکی ڕۆمانی کوردی نە تەنیا بەرهەمی عەقڵێکی ڕەسەن نەبووە، بەڵکوو بەهۆی نەبوونی بەستێنێک بۆ وێژمان و دیسکۆرســـی بابەتی و ئایدیۆلۆجێکی خۆماڵی و خۆیـــی، کەوتووەتە ژێر باندۆری سیاسەت، بیر و هزر و شێواز و ستایلی هونەری زاڵ بەسەر جڤاتگەی ڕووسی و گوتاری باوی سۆڤیەتســـتانی پاشی شۆڕشی ١٩١٧؛[٢] بە چەشـــنێک کە لەو سەردەمەدا ڕۆمانی ڕۆماننووســـانی وەکوو عەرەبێ شـــەمۆ، حاجیێ جندی، ئەگیدێ خـــدۆ دەکەوێتە ژێر

---

١ . تاکوو ئێســـتا دوو نوسخە لە ڕۆمانی شـــوانی کورد بە زمانی کوردی لە بەردەستدا هەیە؛ یەکیان نوسخەی د. نورەدین زازایە و ئەوی تریان نوســـخەی مستەفا ئایدۆغانە کە لە ڕووی پاشـــماوەکانی لێرەولەوێی دەقی ١٩٣٥ەوە کۆکراوەتەوە. شیاوی ئاماژەیە کە ئەو دوو نوسخەیە لە چاپە جۆراوجۆرەکانیاندا یەک ناوەرۆک دەگێڕنەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. تەنیا جیاوازییەک کە لەو دوو نوسخەیەدا هەیە ئەوەیە کە لە هەندێ شوێندا ناوەکان گۆڕاون یا پاڕاگڕافێکی لاوەکی زیاد و کەم کراوە. کتێبی بەردەســـتان داڕشـــتنەوەی نوسخەی د. نورەدین زازایە کە لە لوبنان چاپ کراوە و هەڵگری هەر دوو بەشی ڕۆمانی شوانی کورد، واتە «شوانی کرمانجان» و «کوردانی ئەلەگەز»ە. بۆ خوێندنەوەی ئەم دەقە بڕوانە:
Ereb, şemo (-) şivanê Kurd: şivanê Kurd û Kurdên Alagoz. Bêrot: çapxane Nassar.

جگە لەمە، بڕوانە:

عەرەب شـــەمۆ (٢٠٠٦) شڤانێ کورد. گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە و نووسینی پێشەکی و فەرهەنگ: د. موحسین ئەحمەد عومەر. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

هەروەها بڕوانە:

شەمۆ (٢٠١٧)، ئاماژەپێکراو.

2 . Ahmadzadeh, Hashem (2015). Stylistic and thematic changes in the Kurdish novel in: Borders and the Changing Boundaries of Knowledge, eds. Inga Brandell, Marie Carlson and Önver A. Çetrez, Swedish Research Institute in Istanbul, Transactions, vol. 22 (Stockholm 2015), pp. 219–239.

کاریگەریی عەقڵی سۆڤیەتی و ڕیالیزمی سۆسیالیستی،[١] بەڵام سەرەڕای ئەم واقیعییەتە، ناکرێ بڵێین کە ئەوان بەتەواوی لە حەقیقەتی شوناسی گشتی و کەلتووریی خۆیان غافڵ بوون.[٢]

لەم پێوەندییەدا، ئەوەی چاوڕاکێشە و دەتوانین لە شوانی کورد وەک یەکێک لە ڕۆمانە کوردییەکانی ئەو قۆناغەدا هەڵێنجێنین ئەمەیە کە ئەم بەرهەمە سەرەڕای دەرخستنی گەلێک زانین و زانیاری سەبارەت بە دابونەریت، فۆلکلۆر و هەڵدانەوەی پەردەی تاریکی لەسەر هەندێ لە ڕاستییەکان و گەلێک زانیاریی تر، لە گێڕانەوەیەکی ڕیالیستی سەردەمی خۆیدا تەواو سەرکەوتوو نەبووە؛ چونکە نووسەر وێڕای ئەوەی کە سەربردەی خۆی و هاونیشتمانەکانی دەگێڕێتەوە، کاتێ باس دەگاتە سەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بناوانێک بۆ ئەم بابەتانە هەڵدەبەستێ و بە لایەکی تردا ڕایان دەبەستێ، بە جۆرێک کە وەک مرۆڤێکی بیرداڕێژراو جلێکی ئایدیۆلۆجیک دەکاتە بەر واقیعی وڵاتەکەی و خوێنەر دەخاتە بەر شەوارەی پڕۆپاگەندەی سۆڤیەتی و ڕاوی بیر و هۆشی دەکا و وێژمانی خوازراوی خۆی لە سەر و مێشکی بەردەنگ دەپەستێوێ. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆمانەکەی ئاوێتەی شێوازی هونەری باوی ئەوکاتی ڕووسیا، واتە ڕیالیزمی سۆسیالیستی[٣] دەکا؛ شێوازێک کە لەودا نووسەر لەگەڵ ئەوەی کە واقیعی ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی دەگێڕێتەوە، چڕوپڕتر بابەتگەلێکی وەک چەوسانەوەی بندەستان بە دەست باندەستان، نەداری و نەزانی، دواکەوتوویی جەماوەر و بەراوردی جڤاکی بەر لە

---

١ . ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە ساڵی ١٩٣٤، لەلایەن یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەت و بەپێی هزری «ئاندرێ ژدانۆڤ» و لەسەر چوار بنەما دادەمەزرێ کە بریتین لە: یەکەم. هەبوونی واقیعێکی بابەتی لە دەرەوەی هۆشیاری و پێویستیی ڕەنگدانەوەی ئەو لە ئەدەبدا. دووهەم. دەربڕینی گەشبینی مێژوویی لە ئاست بابەتەکان، ژیان و ڕووداوەکانی. سێهەم. پێویستیی داهێنان بە زانست و چوارەم. خزمەتکردنی ئایدیای سۆسیالیزم لە سۆڤیەت. بڕوانە:
پیربال، فەرهاد (٢٠٠٤). ڕێبازە ئەدەبییەکان. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ل. ١٠٨.

2 . Gören, amajepêkirî., r. 16.

3 . Socialism Realism

دەسەڵاتی سۆسیالیستی و پاش هاتنەسەرکاری ئەم حکوومەتە ڕادەنوێنێ. بەوەش ناکاتە ڕەسا و دەروێش ئاسا بە بەژنوباڵای پەڕگاڵی سۆڤیەتی هەڵدەڵێ؛ خاڵە بەهێزەکانی زۆپ دەکاتەوە و چاو لە چەوتی و چێڵییەکانی دەبوێرێ. لە ئەگەری هەر جۆرە ڕانانێکیشدا بۆ ئەوەی ئەم تەڕن و کەتنانە دیزە بە دەرخۆنەیەک بکا، بە خۆشبەزی باز دەدا بە سەریاندا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە سەرەوە گوترا، پێویستە ئەمەشی پێ دالکنرێ کە ئەم دەقە لە کێشەوبەرەی بڕگەی یەکەمی ژیانی سیاسی و کەلتووریی کوردانی یەکیەتی سۆڤیەت (١٩٣٠-١٩٣٨) بەرهەم هاتووە و وەباڵی ویژمانی ڕۆمانەکەش تا ڕادەیەک دەکەوێتە ئەستۆی ئەم قۆناغەوە؛ قۆناغێک کە لەودا مافی کەمینەکان و یەک لەوان مافی کەلتووریی کورد لە وڵاتانی بن دەسەڵاتی سۆڤیەتی تا ڕادەیەکی کەم دەستەبەر دەبێ و لە سایەی ئەم سەیوانە تازەیەدا پشوویەک دێتەوە بەر ژیانی ئەدەبی کوردان، بەتایبەتی لە ئەرمەنستان؛ بۆیە سروشتییە نووسەرانێکی وەک عەرەبێ شەمۆ لە ڕێچکەی ئەدەبی زاڵ بەسەر گۆڕەپانی فکریی ئەوکاتەدا هەنگاو بنێن و لەژێر ساباتی ئەم بیرۆکەیەدا پارێزگاری لە ناسنامەی خۆیان بکەن و هێمی گۆڕانکارییەکی مەزن لە بواری کەلتووری، زمانی و کۆمەڵایەتی لەو بەشەدا دابڕێژن. بە واتایەکی تر و لە ڕۆچنەیەکی ترەوە، دەتوانین بڵێین ئەگەرچی ئەو بڕە ماف و ئازادییەی وا لەلایەن دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە لە قۆناغی یەکەمی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر بە کەمەنەتەوەکان و یەک لەوان بە کوردان درابوو، تاکتیکێک بووە لەپێناوی ستراتیژ، هێژمۆنی و بەرهەمهێنانەوەی ویژمان و عەقڵیەتی سۆڤیەتی بە مەبەستی کەوی و دەساژۆکردنی کوردانی ئەو مەڵبەندە، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەم دۆخە تا ڕادەیەک بەستێنساز بووە بۆ پێشکەوتنی ئەدەبی گەلان. لەم قۆناغەدایە کە لەبەرانبەر هێژمۆنیی سۆڤیەتی، ئاوڕیشی ڕۆشنبیران و زانایانی ئەوکاتی کوردی ئەرمەنستان دێتە ئاراوە و دەسەڵاتی سۆڤیەت سەرەڕای ئەو هەمووە داونانەوە و تەفرەدانە، چەشەی دەخورێ و تەڵەی دەتەقێتەوە، کەچی ئەوەی

دڵخوازێتی پێوەنابێ و دەکەوێتە سەر هەواری خاڵیی مێژوو!

لەگرە، بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانە، وا باشــە کە بە گەزوورپە و بســتوقولانجی ئاخاوتەی باوی ئێستاوە ئەم دەقە نەپێورێ و نەبێتە ئامرازێک بۆ گشتاندن و سەپاندنی هەندێ مەبەستی ئایدیۆلۆجیک بەسەر کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا، بەڵکوو تەنیا وەک بەرهەمی قۆناغێک لە مێژووی جڤاکی و ئەدەبی کوردی سەیری بکرێ. هەر لەو بارەوە پێویســتە ئەم ڕاســتییە بزانرێ کە ئەمە هەر عەرەبێ شەمۆ نەبووە وا لە گێڕانەوەی مودێرنــی کوردیــدا ئــەو مژارگەلــەی هێناوەتە بەر بــاس، بەڵکە بەرهەمــی پێنووس بەدەســتانی کورد بە هەر دوو بیرۆکەی چەپ و ڕاســتیانەوە هەڵگــری ئەم بابەتە، واتە پرســی چینایەتی بووە. لەو بارەوە دەکرێ ئاماژە بە بەرهەمی نووسەرانێکی وەک شاکر فەتاح، عەلائەددین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمەد، جەمال نەبەز، ڕەحیمی قازی، حەسەن قزڵجی، مارف بەرزنجی، حســێن عارف و هتد بکرێ؛ هــۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە ســەر ئەوەی وا ئەوساکە کوردەواری کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە و هەبوونی پرسی چینــەکان تایبەتمەندییەکی بەرچــاوی ئەو جــۆرە پەرگالانە بووە؛ بۆیە ئــەم مژارە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمدا ڕەنگی داوەتەوە و تێمی سەرەکیی بەشێکی زۆر لە بەرهەمی دەیەکانی ١٩١٠ تا ١٩٥٠ی پێک هێناوە.[١] بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە و لەگەڵ زانینی ئەوەی کە نووسەر دەروەست نییە بۆ گێڕانەوەی ماکی بابەتەکان، بەڵکوو زۆر جاران لەڕێگەی نووســینەکانی بەتەمای گۆڕینی واقیعەکانیشە. کەچی دیسانیش دەکرێ بڵێین لە ئەگەری هەبوونی گوتارێکی بابەتییانەدا و لە دەلاقەیەکی ڕیالیســتیی پەتییــەوە، زۆر واقیعــی تر دەیتوانی لە ڕۆمانی شــوانی کــورددا ڕەنگدانەوەی هەبێ و خرابایە بەر دیدی خوێنەر[٢].

1 . Shakely, op. cit., pp. 57-61.

٢ . بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەمی ژیانی هزری و وێژەییی کوردان لە یەکیەتی ســۆڤیەت، لەگەڵ هاتنەســەرکاری ستالین لــە ١٩٣٨ تــا مردنی ئەو لــە ١٩٥٥دا، دۆخێکی داخراو دێتە ئاراوە و قۆناغی دووهەم دەســت پــێ دەکا. لەو قۆناغەدا،

## دواییین وتە

شـــوانی کورد وەک ســـەرڕەوی ڕۆمانی کـــوردی کە وا ســـوێگەی پەڕاندووە و لە زینوی وێژەی نۆژینی کوردیدا ســـەری دەرخســـتووە، ســـەرەڕای زاڵبوونی ســـایەکی گوتار و شـــێوازێکی دیار بە سەریدا، ئەستێرەیەکی پڕشەنگدارە لە ئاسمانی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی. باوەگۆ و تەواوکەری گوتراوەکانی سەرەوەش، ئەم وتەیەی «ماکسیم گورکی»یە کە دەڵێ:

«گەلی کورد بە زمانی نووسەری خۆی، واتە عەرەبێ شەمۆ دەدوێ».[1]

لە کۆتاییدا، ئەوەی گوترا هەندێ تێبینیی گشتی بوون لەسەر ئەم ڕۆمانە کە بەرهەمی خوێندنـــەوە و بیرکردنەوەی ئێســـتای من بوون وەک ڕمووودەیەکی ئـــەدەب؛ بۆیە زۆر سروشتییە جێگەی ڕەخنە بن و ناسەقامەندییان تێدا بێ. هەروەک لە دێڕەکانی یەکەمیشدا بەگشـــتی ئاماژە بە هۆکاری داڕشـــتنەوەی ئەم کارە کراوە، جگە لەوی، ڕێکەوتی ژیان

---

دژایەتیی ســـتالین لەگەڵ کەمەنەتەوە و ئایینەکان پەرە دەستێنێ و کوردی نیشتەجێی هەر کام لەم مەڵبەندانە بەرەوڕووی گەلێک نەهامەتی و چەرمەســـەری وەکوو کوشـــتوبڕ، خاپوورکرانی گوندەکانیان، دابەشینی زەویوزاریان بەسەر گەلانی تری ناوچەکەدا، ڕاگواســـتنی زۆرەملێ و دوورخســـتنەوەیان بۆ ســـیبیریا، قەزاقســـتان و باقی وڵاتانی ئاســـیای ناوەڕاست دەبێتەوە، بە چەشـــنێک دەسەڵاتی ستالینی پێ دەنێتە سەر ئەو مانفیســـتانەی کە لە سەردەمی لێنیندا نووسرابوون و مافی نەتەوەکان زەوت دەکا. لە ئاکامی وەها سیاسەتێکی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستیدا، تەواوی بەشەکانی گۆڕەپانی کەلتووریی کەمایەتییەکان و یەک لەوان کوردان دەوەستێنرێ. دۆخی ناوبراو تا ساڵی ١٩٥٥ درێژەی دەبێ و لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی ستالینی، بەستەڵەکی ڕێگەی گەشەونەشەی ئەدەبیاتی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەتوێتەوە. ئەمجارە و لەو قۆناغی ســـێهەمدایە کە لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی کەلتووریی ئەوان هەڵدەدرێتەوە و لەو ساتەوەختەدایە کە ئەدەبی ئەم ناوچەیە بەرەو شـــێوازی ڕیالیستی هەنگاو دەنێ و خۆی لە باری ئایدیۆلۆجیکی ســـاڵانی سەرەتای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر دوور دەکاتەوە و بەرەو گوتارێکی تا ڕادەیەک بابەتییانە و ڕەسەن دەڕوا. بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە:
.Otto Pohl, op. cit., pp. 32-55

هەروەها بڕوانە:

هەورامی، ئەفراسیاو (٢٠٠٦). کوردستانی پشت قەفقاس: دۆسیەی تاوانەکانی ڕژیمی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردانی ئەم وڵاتە. پێداچوونەوە و ئامادەکردن: سدیق ساڵح. سلێمانی: بنکەی ژین.

1 . Boyîk, amajepêkirî., I, r. 31.

و گورۆییم بە ئەدەبیات و هەروەها پێشکەشـکردنی ئەم دەقە بە ئاخێوەرانی کوردیی نێوەڕاسـت بوو کە تێکڕا منیان بۆ ئـەم کارە وەباژوور خسـت. هەموو جارێکیش کە قازانج و زەرەری ئەو کارەم وەکوو بژارەیەکی نێوزمانی، واتە وەرگێڕان لە زاراوەیەکەوە بۆ زاراوەیەکی تر دەنایە تای تەرازوو و سەنگوسـوکم دەکرد، بیرم لە کارەکانی نەمران هەژاری موکریانی، شـکور مستەفا، دڵزار، عەلی شێر و هەمووی ئەو کەسانە دەکردەوە کە لـەم ڕێگەیەدا هەنگاویان ناوەتەوە. لەگەڵکوو ئـاوەر و ئاوەزم هۆکاری کاری ئەم مامۆستا مەزنانەی دەبڕی، شـێلگیرانەتر دەپەرژامە سەر داڕشتنەوەکە، کەچی لە ناخی دڵمەوە ئاواتەخواز بووم پێوەندیی نێـوان زاراوەکانمان ئەوەندە توندوتۆڵ بووایەن کە چـی تر کاری لەم جۆرە تەوزی نەبووبا، بەڵام چ دەکرێ لە دۆخێکدا وا مەودای نێوان حەقیقـەت و واقیعییەتەکان هەر دێ و لە زۆری دەدا، جگە لە سـۆزبزێوی و گرێدانی ڕەت و ڕامان و خەیاڵان.

لـەو پێناوەدا و بۆ هاوانتەکردنـەوەی ئەم دەقە، ئەوەندەی هۆش‌وگۆشـم گرتبێتی تێکۆشاوم پارسەنگی لەنێوان «وێڕ» و «دێڕ» یان «واتا» و «وشە»دا ڕاگرم و لە ناوەرۆک و مەبەستی دەقەکە کلاڕێ نەبم؛ بۆیە لەو شوێنانەی کە وەرگێڕانی دەقاودەق ئامانجەکەی پێکاوە، زیاتر نەپەرژاومەتە سەری، بەڵام بەپێچەوانە کاتێ هەستم بە بێواتایی و نامۆیی لـە «وێنا» و «وێڕ» و «واتـا»دا کردووە، زەندم لـە وەرگێڕانی مەیلەوئـازاد و تەواوئازاد هەڵماڵیـوە؛ مژارەکەم لەبەر یەک کێشـاوەتەوە، بەرگێکی خۆماڵیی ترم دەبەر کردووە و وردتر و چڕتر و بە وشـە، وشـەدووانە و زاراوەی زیاترەوە بەگژ کارەکەدا چوومەوە.[1] کەچـی لەگەڵ هەمووی ئەوانەش، دڵنیام وا لە کەندولەندی ئەم کردەدا گەلێک جاران تووشـی نوچکە هاتـووم و کارەکەم وەک کری کرگارێکی کرچوکاڵ بەبێ سـاتمە و

١ . بۆ پێوەندی زیاتر لەگەڵ دەق، فەرهەنگۆکێک لە پاشـکۆی کتێبەکە دانراوە کە باشترە بەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە سەیرێکی بکرێ.

سـەرەنگرێ نییە، بەڵام ئەوەی ئیزنم پێ دەدا کارێکی بەروبۆدرێژ ئاوا بێ سەرسـۆنگە بخەمە پێش چاوان، هەندێ گوزارەن کە بەشێکیان پێوەندییان بە وەرگێڕەوە هەیە وەکوو بەرتەسکبوونی توانایی مرۆڤ بۆ پێڕاگەیشتنە سەر کار و وردەکارییەکانی، دڵەڕاوکەی تێپەڕینی کات و بەرەولێژ چوونی تەمەن. هەندێ تریشـیان دەگەڕێنەوە سـەر بەرکار و بابەتـی وەرگێڕانەکە، واتە ئەدەبیات کـە ئەوانیش بریتین لـە ڕێژەییبوونی پێودانی هونەر و تۆرە وەک گۆڕەپانێکی هەڵقوڵاوی هەسـت و نەسـت و سـۆز و پێوەندیدار بە پێوەری مشـوور و سەلیقە. هەروەها وێکنەچوون و بەراوردنەکرانی وێژە و وەرگێڕان وەگەردێ زانسـتێکی ئاوەزمەند و ئەزموونگەرا و لە ئاکامدا، نەبوونی یاسـایەکی ڕەها و بێجـمان بۆ ئەم بـوارە لە زانینی مرۆڤ، کە هەمووی ئەوانـە تێکڕا بوونە ئەنجەت بۆ ئەوەی بە تاووتاڵووکەوە ئەم دارشتنەوەیە بڵاوکەمەوە. هەر لەبان بنرەخی ئەم خاڵانەشە کـە هیوادارم لە چاپەکانی داهاتوودا بەشـێکی زۆری ئەم هەڵە و هەڵەنگوتنانە هەس بدەمـەوە تاکوو دەقێکی شـیاوتر و پاراوتر پێشکەشـی خوێنەران بکرێ و سـەرنجی ڕێژەیەکی زیاتر لە خەیاڵەکان ڕابکێشرێ.

محەممەد خزری ئەقدەم
مەهاباد - خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی

# شوانی کرمانجان

## سەردەمی منداڵی و دۆخی بنەماڵەکەم

لە ناوچەی سوورمەلی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێرەوانێدا بوو، کوردێکی بێ مڵکوماشی سەربە هۆزی حەسەنی هەبوو بە ناوی شەمۆی کوڕی شامیل، کە بە شوانی و مێگەلەوانی سەری خۆی و بنەماڵەکەی ڕاگرتبوو. ئەو پاش کۆچیدواییی خێزانی، برۆ و دەروێشی کوڕی هەڵدەگرێ و لەو مەڵبەندە بار دەکا و دەڕوا.

کۆچوبار و جێهێشتنی وڵات، ئەویش بە دوو منداڵی گچکەڵە و پێڕەوکەڵە، بۆ وی کارێکی دژوار و ناخۆش بوو. ئەوسا برۆ سێ ساڵی تەمەنی پڕ کردبوو و دەروێشیش پێی لە دووی نابوو، بەڵام بەختی خۆی لەو سەفەرەدا شمەک و حاجەتێکی زۆری پێ نەبوو تا لابارەکەی ئەوەندەی تریش قورس بکا.

دواجار شەمۆ لە گوندی ئازاتی پەنا قارسێ گیرسایەوە و لەکن کابرایەکی یۆنانی بە ناوی تیئۆدۆر بە شوان دامەزرا. لەو دەمەدا، کچۆڵەیەکی بێ چاوسوور و بێ داشداریش بە ناوی نەعیمە لەوێ و لە ماڵە تیئۆدۆری خەریکی کار و کارەکەری بوو. شەمۆ دڵی چووە سەری و تەمای گرت بیخوازێ، بەڵام کچەی بابانوێران وەک مڵک وماڵاتی کابرا دەهاتە ئەژمار. تیئۆدۆر کە دونگەیەکی ئەو سۆزەی کردبوو و ئاگاداری باوی ژنوژنخوازیی کوردان و مارەیی و شیربابییش بوو، وا بە ئاسانی نەیدەهێشت شەمۆ

بۆی بێتە سەر بەڕەی؛ بۆیە هاتە سەر ئەو بڕیارە کە بێتوو شەمۆ دوو ساڵان بەبێ خەڵاتوبەرات بۆی بچێتە بەر مەڕی، شیربابییەکەی پێ دەبەخشێ و قەرەواشەکەی دەداتێ، دەنا هیچیان لە هیچ.

بەو حاڵەش و پاش ئەم داوا و سەودایەش، شەمۆ خەریک بوو لە سوێی ئەو کچە گیانی دەرچێ و چی تر نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرێ. زوو خۆی لەوە یەکلایی کردەوە کە پێکبڕان و گەیشتن بەو کچە شۆخ وشەنگە، ئەوەندەی دێنێ کە دوو ساڵان کوێرەوەریی شوانی و چۆلەوانی لەپێناو دا بکێشێ؛ بۆیە مەرجی خاوەنکارەکەی بەجێ هێنا و پاشان لەنێو کادێنێک و لەوپەڕی شایی و خۆشیدا زەماوەندیان گێڕا و سەریان پێکەوەنا.

نەعیمە زۆری حەز لە کابانێتی و کاروباری نێومال بوو. ئەو تەشی دەڕست و گوریسی دەهۆندەوە. من و هەردووک خوشکەکانم، چیچەک و گوڵزار، لەو کادێنەدا لەدایک بووین. ئەگەرچی دایکم لەگەڵ برۆ و دەروێشی زڕبرامان دانی نەدەکولا، بەڵام ئێمەی خوشک و برا تەباوڕەبا بووین و یەکترمان زۆر خۆش دەویست.

باوکودایکم کە تازە ماڵومنداڵیان پێک هێنابوو، زستانێش هەدایان نەدەدا و شەو و ڕۆژیان لە خۆ حەرام کردبوو. ئەوان دەچوونە کاری زەنگین و خاوەنداران؛ تاکوو شتێکیان وەگیر کەوێ و ئێمەی پێ بەخێو کەن.

زستان دەهاتەوە، بەڵام ئاگردانمان دامرکابوو؛ چونکە نە ماڵاتێکمان هەبوو تا لە ڕیخەکەی دەوە بکەین و نە کۆڵوو و دار و موورەدارێکی واشی لێ بوو بۆ ئەوەی تەندووری پێ دابخەین.

دایکم کە دەچووە کاری ماڵان، پێی باش بوو ئێمەش لەگەڵ خۆی بەرێ تاکوو لە سارد و سەرمای زستانێدا، لەنێو گەلەخانێدا بحاوێینەوە و تینێکمان بکەوێتە بەرێ؛ کە وابوو لەگەڵ ماڵە کابرای ڕێک دەکەوت لەسەر ئەوە کە ئیزنمان بدەن ئەو ڕۆژانەی

وا دایکــم لە کاری وانە، ئێمەی ســڕۆکیش لەگەڵی بچین و بۆخۆمان لە گۆشــەیەکی تەویلەی دانیشــین و بەقەدەر پاتاڵەکانیان لە گەرمای نێو هۆڵ و پشــتیران بێبەش نەبین. لەپاڵ ئەوەشا، چاومان لەسەر زاری مالآتیان چڕ داگرین، چەوەڕ و پەڵخۆڕی بەریان و زرکۆ و گزرەی ڕژاوی بنیان بماڵین و لە ئاخوڕانیان کەینەوە.

کــە لەو کارانە دەبووینــەوە، دەبووینە دارکەری ســۆبان و دەیانناردینە ئاوردووان. ئێوارانیش پاش تەواوبوونی هەمووی ئەم کارانە، وێڕای دایکی شەکەتمان، بە تاڵووکە بەرەو ماڵ دەچووینەوە یان باشتر بێژم دەگەڕاینەوە کادێنە ساردوسڕەکەمان.

ســاڵ وەک مانگ و ڕۆژ بە دوای یەکدا وێــڵ بوون و منیش مانگ لەگەڵ مانگێ زیاتــر پەڕوباڵم دەردەکرد و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ زیاتر شــێتووێتی شــوانێتی دەبووم. براکانم کە لە من باوخۆشــتر بوون، دەبوونە بەردەست و ئاواڵشوانی باوکم و لە بێرون و بەرزییان لەگەڵی دەچوونە بەر مەڕێ.

چی وای پێ نەچوو کە ئاواتی منیش هاتە دی. ڕۆژێک بەری بەیانی، ڕەگەڵ خۆیان خســتم بۆ بەندەنێ و لەوێ ناردیانمە بەر گوێلکان. ئەوێ ڕۆژێ دایکیشــم لەتەکمان هات تا لەوێ ئەســپینگ، ترشۆکە، مەندۆک، پێکەسک و گیای دیکەی خواردنێمان نیشان بدا. ئەو نزیکەی حەوتوویەکی لەگەڵمان دەهات و دەچوو. کاتێ زانی وردەوردە فێری گیاناســین و گیاکردنــێ بووین، ئیتر نەهاتەوە. بەم جۆرە بوو کە ئێمەی شــوان و گاوان، زگی برسیمان بە نان و گیا تێر دەکرد.

دایکم هەموو ڕۆژێ پێپێچکەی بۆ دەپێچاینەوە و دەستەوارێک نان و لوێچێکیش خوێی بۆ دادەناین تا بە گیای سەر خوانەکەمانی وەرکەین. زۆر جار کە براکانم دەمانەوە لە لێککردنــەوەی ئەو گژوگیایەی وا دەخوران و یاخۆ بۆ خواردن نەدەبوون، پرســیان پێ دەکردم و منیش ڕێنوێنیم دەدان؛ لەبەر ئەمە بوو کە دایکم دەبەری هەڵدەخوێندم: «گەورە بی، دەبی بە شوانێکی چاک».

باوکیشم، ئەو گژوگیایەی زەرەری بۆ ماڵات هەبووایە، نیشانی دەداین. ئەو پێی دەگوتین کامەیان خراپە و حەیوان گیابڕ دەکا، یان کێهایان چاکە و بۆ مەڕی نەخۆش باشە. هەروەها فێری دەکردین چلۆن نەهێڵین گورگ لە مەڕی دا.

سەرەتا، گیامان خڕ دەکردەوە و بە نانی دەمانخوارد. وردەوردە دایکم هەندێک گیای تری وەکوو سپیداک، گوتک و سێ‌سووی پێ ناساندین. بەرچنێکیشی داینێ بۆ ئەوەی گیای تێدا کۆ کەینەوە. ئێمەش ئەو گیاوگۆڵەمان خڕ دەکردەوە و یەکسەر دەمانبردەوە بۆ ماڵێ. دایکیشم چاکی دەکردن و هەڵی‌دەخستن تا بۆ خواردنی زستانێ جوان وشک بن.

ماوەیەک ڕابرد. دایکم داوای وێنجەی دەکرد بۆ ماڵێ. ئێمەش لەسەر قسەی وی، هەموو کەڕەتان کە دەکەوتینە چوونەوەی، پڕی باوەشی منداڵانەمان وێنجەمان لەگەڵ خۆ دەکێشایەوە. جگە لە گیاکردن و وێنجەبردنەوە، دەچووینە دەوان. بۆ ئەم کارە دەڕۆیشتینە سەرانگوێلکێ و لەوێ ڕیخمان لەگەڵ ئاوێ دەگرتەوە و دەمانکردە دەوە. ئێوارێش یەکەی سەرو دە دانەمان کێشەوە دەکرد بۆ ماڵێ. قسەی خۆمان بێ، هەموو جارێ خۆم لەم ئیشە دەدزییەوە و هەر کات نۆرەم دەهات، بە هیچ کلۆجێ حەزم نەدەکرد دەست بۆ ئەو کارە بەرم؛ هەر لەبەر ئەو خۆگنخاندنەم بوو کە دایکم بۆڵەبۆڵی لەسەر دەکردم و لێی دەدام، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش، دایک و باوکم ئیشی ئێمەیان پێ پەسەند بوو.

بۆ ئەو زستانەی کە دەهاتەوە، ترسێکی وامان لە سەرماوسۆڵە نەمابوو؛ چونکە زمێروزەخیرە و ئازاڵە و ئاوردوویەکی باشمان داخستبۆوە، کەچی لە شەختەبەندانی پاییزدا، لەبەر خووز و خوسار، باران و بۆران و گلێرەدا، نەماندەوێرا سەر وەدەرنێین. ناچار خۆمان لە کونی ژوورێ خزاند و بەردەوام چاوەڕێی بارینی هەوەڵ نوای زستانێ بووین و بەم جۆرە شەرتی ساڵێکمان پەڕی.

نێومالّمان ڕایەخێکی تێدابوو وا لەسەر کا و کۆتان ڕامان دەخست و حەسیرێکی نەرمی لە گیا چنراویشمان بە سەردا دەدا. بالّنجی بن سەریشمان بە پووش و سەمەڵ ئاخنرا بۆوە. لحێفیشمان جاجمێکی پان و درێژ بوو کە بە خۆماندا دەدا. ئێمەی منداڵ، لەلای یەکتر و لە ڕیزێکدا، ڕادەکشاین. هەموو کات لەسەر ئەوەی وا کاممان لە نێوبەندێ بخەوێ، یان بچێتە قەراخێ دەمانکردە شەڕ؛ نێوەڕاست گەرمتر بوو و منیش لەبەر ئەوەی کە پاشەبەرە بووم، جێگە گەرم ونەرمەکەم بەر دەکەوت.

ئەوە هەوەڵ جار بوو کە لە وەرزی زستاندا، تینی گەرمامان پێ دەگەیشت. دایکم بە دلێکی خۆشەوە تەندووری دادەخست. ئێمەش لێک دەهالاین و خۆمان لەپەنای گەرم دەکردەوە. پاش ئەوەی کە شێو ساز دەبوو، دایکم سەری تەندوورەکەی دەنایەوە تا بۆ شەوێ سارد نەبێتەوە. بەم جۆرە شەوانە لەپەنا تەندوورێ دادەنیشتین و قاچ وقولمان تێ دەکێشا.

دایکم بە سەوزی و گیای وشککراوی هاوینێ، ترشۆکەی کولاوی بۆ لێ دەناین. باوکیشم تفاقی لەبەر گوێلکان دەکرد و گەنمی دادەچاند. ئەو سالێ بۆ بەخێوکردنی هەر سەرێک مالات بڕی یەک‌ونیو تا دوو کیلۆ گەنم و نیزیکەی دە کوپەک پارەی وەردەگرت؛ بۆ ئەوەش دەبووایە لە سەرەتای مانگی خاکەلێوە هەتا کاتی بەفربارینێ، یانی ئاخروئۆخری مانگی سەرماوەزێ، چووبایە بەر پڕوپاتالّی خەلکی.

## جەشکۆڵەکەمان و شوانێتی بۆ ملووکان

باوکم ئەو گەنمەی کە وەک بەرات وەری‌دەگرت، لە کۆڵێی دەنا و دەیبردە ئاشی. ئەو بۆ ئاسانکردنەوەی کارەکانی زۆری حەز دەکرد گوێدرێژێکی هەبێ؛ چونکە ڕاپەڕاندنی کارەکانمان بەبێ هەبوونی وڵاخ و بارهەڵگرێک چەتوون بوو و دەبووایە بۆ هەر کارێکی چاوبەرەژێری دەروجیرانان باین. ئەگەر کەردار و مووچەدارەکانیش گوێدرێژێکیان پێ دابای، لە بەرانبەردا دەبووایە یەک دوو ڕۆژان چووباینە دەستەواویان.

باوکم هەر ساڵەی دوو ڕووبڵی ڕووسی بۆ کڕینی گوێدرێژێ وەلا دەنا. لە سێ ساڵاندا توانی شەش ڕووبڵ کۆ کاتەوە. ئەو پارەکانی لەنێو کۆنەپەڕۆیەکی گەورەوە دەپێچا. پەڕۆکەشی لە قودوویەکی تەنەکە دەئاخنی. تەنەکەکەشی لەنێو توورەکەیەکدا دەشاردەوە و دەیگوت:

«بە سێ چوار ڕووبڵان، دەتوانین گوێدرێژێکی بکڕین».

ئەو گەلێک جاران بوخچەکەی دەکردەوە و پارە ڕەشەکانی لێ دەردێنا و لەگەڵ دایکم دەیانبژاردن. ئەگەریش هەڵەیەکیان بکردایە، سەرلەنوێ دەیانژماردنەوە. جاری

وا بوو له شەوانی زستان، ئێمە بە دەنگی باوک‌ودایکمان لەخەو دەبووین و دەماندیت کە چۆن پارەکان دەبژێرن: پێنج، سێ و دوو. ئـەوان کوپەکەکانیان لە ڕووبڵەکان جیا دەکردەوە. پاشان، بوخچەکەیان لەنێو تەنەکە و توورەکەکە دەنایەوە.

لەم زستانەدا، باوکم کاری بۆ یۆنانییەک دەکرد بە ناوی پاڵکا فریاندۆفیلۆف. پاڵکای ئاشـەوان حەیوانێکی زۆری هەبوو و کوڕەکەشـی ئەفسەر بوو. سـەرەبەهارێ، چوار ڕووبڵ و باڵتۆ ئەفسـەرییەکەی کوڕی پاڵکایان وەکوو هەقدەست دا بە باوکم. ئێمەش بـەو پارەیە گوێدرێژێکمان کڕێ. لێی گردەو بوویـن و بە بەزموڕەزم و هاتوهوریاوە لە کادێنێمان کرد.

هاویـن هات. گوڵەجەرگەکەمـان هاتە زانێ و جەشـوولکەیەکی بوو. ئێمەش بە هەمووان کەر و جەشـکمان لەسـەر بیلبیلەی چـاوان دانابوو. بـە دڵوگیان بەخێومان دەکـردن. تفاقی زسـتانێمان بـۆ دادەخسـتنەوە. ئـەوێ هاوینـێ وەک خولخولەی هەڵدەسووڕاین؛ گیامان خڕ دەکردەوە، باقەباقەمان دەکردن و دوای وشکبوونەوەیان، بۆ ماڵێمان دەکێشانەوە. لەگرە، گوێدرێژەکە زۆر بەکەلکمان دەهات؛ جگە لەوە کە گیامان پێ دەکێشا، وەکوو هەموو کەردار و ئاشێرێک، باراشمان لە گوێرێژی خۆ دەنا و پێمان دەبردە ئاشی.

ئەوسـاکە ببوومە ئاواڵشوانێکی زیت و وشیار، بە جۆرێک کە زۆر کەڕەتان، باوکم مێگەلەکەی بە من و براکانم دەسپارد و بۆخۆی دەچۆوە ماڵێ. بەم شێوەیە، ساڵێکمان تێ پەڕاند. براکانم هەر کامیان ببوونە شـوانێکی پسـپۆڕ و منیش هەروا لە بەردەسـتی باوکمدا بووم.

دوای ئـەوە کـە باوکم شـەرتی سـاڵێی پـەڕی، چووینە شـوێنێکی تر بـە ناوی ئەلێکسـاندرۆڤا. لەم جێگۆڕکەیەدا، جاشـک و کەر زۆر بەکەلکمان هاتن و تەواوی کەلوپەلی نێوماڵ وەکوو بەڕە، لباد، مەنجەڵ، سـوێنە، قابڵەمە، دەسـتەنوێن و شمەکی

ترمان پێ گواستنەوە.

ئـەو گوندەی وا کۆچـمان بۆی کردبـوو، لەلایـەن کوردەکانەوە ناودێـر کرابوو بە خێوەتی سـوور، بـەڵام کۆچبەرە شـووڕەوییەکان کە بە ملـووک ناسرابوون، ناوی ئەلێکسـاندرۆڤایان لێ نابوو. گوندەکە لە حەوت کیلۆمیتریی قارس و لە سروشـتێکی دڵڕفێنی بەسـتێنی قاسـات هەڵکەوتبوو. بە لێواری چۆمەکەوە، تا چاو هەتەری دەکرد لەوەڕگەی پانوپۆڕ کە وەکوو فەڕشـێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ نەخشێنرابوو، دەبینرا. کەمێک ئەوبەرتر، مووچەومەزرایەکی سەرسـەوزی لێ پان ببۆوە. چەم و ڕووباریش لەژێر تیشـکی زێڕین ببوونە بازی زێوین و بـە دەم بریقەپڕژاندنەوە بەنێو کێڵگەکەدا تێ دەپەڕین. لەلایەکی تری ئەم گوندە بێسـتانێک ڕاخرابوو کە لەوێ ملووک کەلەم، گێزەر و سـەوزیی دیکەیان ڕەنێـو دێنا. گوڵ و گیا و مێرگ و چیمەنیش دەسـتیان لە ملی یەک هاڵاندبوو و دەورادەوری ئەلکسـاندرۆڤایان خەملاندبوو. بەهاران وەختی خونچەپشـکووتن، بۆنوبەرامەی گوڵان دەگەڕا بەنێو شیو و شیوەڵان و سەری مرۆڤی توند و خەیاڵیشی سەرخۆش دەکرد.

ملـووک ژینگارێکی خۆش و زەویوزاری نانگـر و بەرێژەویان هەبوو. لە تەواوی مووچەومەزرا باشەکانی ناوچەی قارس، گوندی ڕووسی ساز کرابوون و هەر ملووکێک پەنجا تا هەشتا دۆنم زەوی پێ درابوو.

دانیشـتووانی ئەلێکسـاندرۆڤا جیاوازییەکی کەلتووریی زۆریـان لەگەڵ ئەرمەنی و تـورک و گورجییەکان هەبـوو. ملووک وەرزێری چاک بـوون و کەلکیان لە ئاقێلە و ئامێری پێشـکەوتووی کێڵان و دروونـەوە وەردەگرت. گیا و وێنجەیان بە مەڵەغانی دەدرووە و بە شەنە و عارەبەی گەورە کۆیان دەکردەوە. لە ئاویژە و بەراوان، گەنم و جۆ و دانەوێڵەی تریان دەچاند و نانەکەیان زۆر لە هیی گوندەکانی دەوروبەریان جوانتر بوو. مووچەومەزرای دڵڕفێنی ملووکان پڕ بوو لە لەوەڕگەی مشـە و مێشـەی زەبەند کە

وڵس‌ووڵسـاتێکی زۆریان تێدا ڕادەگرت. لە گوندەکـە، دوو مێگەلە مەڕ و دوو گاڕانە مانگای شیری و گاگەلێک و کاوڕەگەلێک دەچەلێنران. هەروەها دوو کەرگە گوێرەکە و ڕەوە ئەسپێک، کە هێشـتا نە بەکاری کوشتنەوە دەهاتن و نە بۆ کاریێ دەبوون، لەنێو ئاژەلاندا دەلەوەڕان.

خەڵکی ئەلێکساندرۆڤا دوو تیرە بوون و هەر تیرە و بەرەبابیش دێر و قەشەی خۆیان هەبـوو. ملووکە دەوڵەمەندەکان کە بە لاتاو پێیـان دەگوترا بەختەنۆک، ئێمەی کورد و خەڵکی بێ داروماڵی خۆیان دەچەوساندەوە. ئەو بێوێژدانانە، جاری وا بوو ئەوەندەیان لە شوان و گاوانان دەدا، کە بۆ چەندین کاتژمێر لەبان زەوی بێهۆش دەکەوتن. ئێشتاش مسـتۆی مندالۆکەم لەبیـرە وا ڕۆژێک هەرچەند بە وردی نازانـم چۆن و چ بوو، ئاخۆ مسـتۆ مالاتی درەنگ هێنابۆوە یان دوو سەر لە مانگاکانی زەڕیان کردبوو و چووبوونە نێو بێستانی ماتیووی؟! کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ماتیوو لێی بدا و دەست و لاقی بشکێنێ.

چەند شوان و گاوانی دیکەش هەبوون کە ژیانێکی نالەباریان هەبوو، بەلام چونکە سـەڵت‌وقوڵت بـوون، دۆخەکەیان لەوانی تر نیسـکێک باشـتر بـوو و دەیانتوانی بە بەراتێکی کەم خۆیان بەخێو بکەن.

ئەوسـاکە، باوکم هاوڕێیەکی شـوانی هەبوو بە ناوی حاجی سـلێمان کە زۆربەی ئێوارانی زسـتانێ دەهاتە ماڵمان و دەسـتی دەکرد بە گێڕانەوەی نەقـڵ و نەزیرەکانی. ئێمەش حاجیمان لەبەر ڕەوشتە باشەکانی خۆش دەویست؛ ئەگەرچی جاری وا هەبوو کە لەبەر هاروهاجییان گوێچکەی دەکێشاین، بەلام قەت نەبوو لێی زویر و زگار بین.

## شالاوی گورگان

پاییــزان، گەلێ جار گــورگ دەهاتە قەراخ مالان و لە گێلەی مــەڕی دەدا و چەند ســەری دەخنکاند. دایک وباوکم زۆر پەرۆشی ئەو مێگەلە بوون وا ئێمەی لەبەر بوو. ئــەوان زۆرتر دڵنیگەرانی من بوون و دەیانزانی منداڵێکی وەکوو من ناتوانێ لەبەرانبەر گورگانــدا خۆی بپارێــزێ. ئێواران کە مــەڕ دەهاتەوە مالان، دەســتەودوعا دەبوون و ئەوەندەی هێز و تین لە زار و زمانیاندا بووایە هاواریان دەکرد:

«خودایە گیان ســەد هەزار جار شوکر لەوەی کە ئەمڕۆش بەخێر گوزەرا و تووشی زەرەر و زیان نەبووین».

لەگەڵ وشکبوونی گیای تەرتوتەلانان،ژیانی ئێمەش ناخۆشتر دەبوو؛ چونکە بەبێ گیای خواردنێ کە بەشێک لە بژیوی ئێمەی دابین دەکرد، وا بە ئاسانی تێر نەدەبووین و تا ئەو کاتەی گەنم دەپەڕی، برســێتیمان دەکێشا. هەرکە گەنم هەڵسابا، گوڵەکەیمان دەچنی؛ لەسەر ئاوری دەمانبرژاند و دەمانکردە برێشکە و بەم جۆرە خۆمان پێ تەسەل دەکرد. پاش ئەوەی گەنمەکەمان دەدرووویەوە، کلۆشەکەمان ئاور تێ بەردەدا و خێرا بە داری دەمانکوتا، هەتا ئەو دانەی پێیانەوە ماوە و برژاون، نەسووتێن. ئەو دەنکانەی ئاوا

دەبرژان زۆر بەتام بوون، لە کۆشماندا نەرم دەبوونەوە و پێیان دەگوترا قەلینۆک.

پاش دروێنەی گەنمی کە لە مەزرایە شتێک بۆ دروونەوە نەدەما، پەتاتە دەگەیشتێ. ئێمەش کە هەموو ڕۆژێ مەڕمان دەبردە بەندەنێ، داوای چەند پەتاتەمان لە ملووکەکان دەکرد.ئەگەر پیرێژنەکان،پەتاتەیان پێ نەدابایین و بە دەستی بەتاڵو حەتاڵەوەناردبایانینەوە، تاقەتی برسییەتی لە ڕادەبەدەرمان نەدەهێنا؛ بۆیە دەچووینە نێو بێستانان بۆ دزێ. ئەوجار، تەپاڵەمان کۆ دەکردەوە و لەسەر یەکمان دادەنان، شەمچەمان پێوەدەنا و چاوەڕوانی دامرکانی خەرمانی ئاورەکە دەبووین تا بتوانین پەتاتەکان لەژێر پۆلووەکان دابنێین. دوایە، ئەو خوێیەی وا لە ماڵەوە هێنابوومان بە پەتاتەکانمان وەردەکرد و بە تام و چێژێکی زۆرەوە دەمانخوارد. ئێمە بە خواستی خۆمان نەبوو کە دزیمان دەکرد! ئاخر لەلایەک، بەراتەکەمان لە کلکەی پاییز و تەنانەت پاش قەبارەبەستنی بەفرێ وەردەگرت و تا ئەوکاتە دەبوو دەستمان پێوەگرتبا، لەلایەکی تریش پێویست بوو شتێکمان بخواردایە. لەو نێوەدا، زۆر جاری وا بوو ئەوەندە دەپاڕاینەوە تا خانم و خاتوونی ماڵێ زگی پێمان سووتابا و شتێکی بۆ دانابایین. بەشێک لەوان بە ویستی خۆیان نانێکیان بۆ دادەنایین، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان تۆزیان لێ هەڵنەدەستا و دەستیان بە ڕوویەوە دەنایین.

لەنێو ژنە ملووکاندا، یایە پاراشا زۆری خۆش دەویستم. ئەو کە خۆی قەت واقی لەباوەش نەهاتبوو، بێگومان زگی بە منی شوانەوێڵەی هەناسەسارد دەسووتا، کە بەری بەیانی هەموو ڕۆژێکی پاییزێ مێگەلم ڕەپێچەکی بەندەنێ دەدا و لەوێ کەسیرە دەبووم. ئەو دوو جار لە حەوتوودا و بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ، نان و خوێ و خەیاری بۆ دادەنام. ئێواران کە مەڕم لە هۆڵێ دەکردەوە، بانگی دەکردم و شەوبات و بەرماوی خۆی لەپێش ڕۆدەنام. منیش تێروپڕ دەمخوارد و قاپەکەشم دەلێستەوە. دایکە پاراشا ژنێکی باش و ڕەزاسووک بوو، کەچی ژنە ملووکەکانی تر ئەوەندە چرووک و چەقەسوو بوون، تەنانەت نەیاندەهێشت پێ لەنێو ماڵ و باڵەخانەیان باوێژین.

بێ ئەوەی ئاگا بکەین، پاییز لەگەڵ باران و سەرما و تەم ومژ وڵاتی داگرتەوە. لەو وەرزەی ساڵدا، کاری مەزرایە تەواو ببوو و جگە لە شوان و گاوان، کەسی دی بە کەژ و چیاوە نەبوو. بەو حاڵەش، هەستم بە تەنیایی نەدەکرد؛ چون ئاودەنگ و ئاواڵێکی ئەمەگدارم هەبوو کە ناوی چاوڕەش و سەگی مەڕیمان بوو. چاوڕەشم زۆر خۆش دەویست و ئەویش هیچ کات لێم دوور نەدەبۆوە و جێی نەدەهێشتم.

باوکم هەموو جارێ بە منی دەگوت کە لە پاییزدا، شوان دەبێ چوارچاو بێ؛ چونکە لەو کاتەدا گورگ برسییە و بەشوێن دەرفەتێکدا دەگەڕێ هەتا لە مێگەلێ بدا و چەند سەر مەڕان بڕ دات.

تاریکوڕوونی بەیانی کە مەڕم دەر دەکرد، لەگەڵ ئەوەی کە باوکم فێری دەکردم چلۆن لەبەرانبەر گورگاندا خۆ بپارێزم، چەند کوتەپەڕۆ و قوڵەداریشی بۆ لە تێڕێ هاویشتم و گوتی:

«ئەو دارانە لە دەستان خۆشن و ئەگەر گورگ شاڵاوی بۆ هێنای، پەڕۆیان تێ هاڵێنە و ئینجا ئاوریان تێ بەردە... بۆ لای زاری بەرە و لێی دە... ئەگەر وا بکەی، گورگە دەترسێ و ڕا دەکات».

ئەوێ ڕۆژێ کە مێگەلم دەرکرد، سەرما وڵاتی داگرتبوو و تەمومژیش هەستابوو. دوای خواردنی بەرچایی، سەرلەنوێ برسیم بۆوە. ئەو پاروو نانەی وا دایکم بۆی لە توربێنی نابووم زۆر کەم بوو، ناچار دوولەتم کرد. بۆخۆم لەتێکم لرف دا و ئەوی دیکەشم فڕێ دایە بەر دەمی چاوڕەشی. پاروو بچووکەکە لەجیات ئەوەی تێرم کا، ئاوراتری کردم. چێشتان بوو، زاربێنی توربێنم کردەوە، دیتم چی تێدا نەماوە. خەریک بوو لە نێز و برسان قڕ بم و نەمدەزانی چ بکەم!

مێگەلم داکێشایە خوار پەرێزێکی قەراخ باخی و ئینجا بە دزی چوومە زگ پەتاتان. چەند دانەیەکم لەگەڵە خۆ هێنا و خێرا ڕانەمەڕم لە قەدی شاخی هەڵکردەوە. لەوێ

هەندێکــی کۆلکە و تەڵەزمــەدار لێ بوو کە ئاورم پێ کردنــەوە و خۆم لەبەر تینەکەی ڕاگــرت. بۆ دامرکانی ئاگرەکە زۆر بــە لەزوبەز بووم هەتا پەتاتــەکان لەنێو پۆلووەکان هاوێم؛ بۆیە هەرکە ئاورەکە بوو بە خەڵووز، بە شێنەیی پەتاتەکانم لەبنی دانا.

لەپــڕ دیتم چــاوڕەش لە قوژبنێک هاتــەدەر. گوێی قوت کــردن و لەنێو مژەکەدا چاوی لە شــتێک بڕی. لە دڵم چەقی وا مەترسییەک لە بناگوێمە، بەڵام زۆرم برسی بوو و نەمدەتوانی واز لە خواردنی پەتاتان بهێنم و بڕۆم و بەرەوڕووی مەترســییەکە ببمەوە. لە جێی خۆم نەبزووتم. بە فیتوولێدان چاوڕەشــم تێ بەردەدا تاکوو پێی بوەڕێ و بەرەو مۆرانەکە بڕوا. منی حەبەساو لەپاڵ ئاورەکە مامەوە و بە وردی سەرنجم دایە سەر وەڕینی ســەگەکە. لەلایەک، ســوێم دەهاتەوە بــۆ پەتاتەی نیوەبــرژاو و لەلایەکی تریش دڵم خەریک بوو زرم زرم لێی دەدا. لە خۆم دەپرسی:

«لەنێو دومانەکە چ بوو؟... گورگ بوو یان جەردە؟»

شــوانی پسپۆڕ دەیزانی کە ســەگ بۆنی گورگی کردووە. پاش تاوێکی، چاوڕەش گــورج هاتەوە. دەتگــوت بە زمانی بێزمانیی خۆی دەیهەوێ شــتێکم پــێ بڵێ. زانیم بێونەبێ شــتێک قەوماوە. شڵەژام و دەســتەکانم کەوتنە لەرزین. دارەکەم هەڵێنایەوە. تاســابووم و لەبیرم نەبوو ئاگری تێ بەردەم. بە دوای چاوڕەشــدا ڕۆیشتم. لەناکاو دوو گورگــم دیتن کــە یەکیان مەڕێکی پڕدابوویــە و ئەوەی دیکەشــیان داپەڕیبووە پێش چاوڕەشی و وەکوو قوڵەسینگ بەرامبەری چەقیبوو و ددانەکانی لێک ڕیچ دەکردەوە. لەمن وابوو دەیهەوێ بەم کارە هاوڕێکەی بپارێزێ.

لەو کاتەدا، ئەو فێڵ وفەندانەی وا باوکم فێری کردبووم، وەبیر خۆم هێنانەوە. وەک گولله دەرپەڕیم و خۆم گەیاندە ئاورەکە و شاپلیتەکەم پێوەنا. هەرکە جوان گڕی گرت، ڕەپێی ئەو گورگەم نا وا مەڕێکی ڕادەکێشــا. چاوڕەشیش کە دیتی ئاگرم بە دەستەوەیە، ترســی شــکا و گۆڕی بەســتەوە و ڕۆبووە گورگەکەی تر. چاک تێکبەربوون. زگم بە

چاوڕەشـــی دەسووتا. مەڕەکانم جێ هێشـــت و چوومە یاریدەی هاوڕێ وەفادارەکەم. چـــاوڕەش قەپی بە گورگـــەدا گرتبوو، بـــەڵام گورگەکە وا گورێخانە بـــە قوڕقوڕاگەیدا نووســـابوو کە قرووســـکەی دەچووە حەلحەلەی ئاســـمانێ. دەبووایە پەلەم بکردایە و بە دەســـتی چەپم دارە ئاورتێبەردراوەکەم هەڵگرتبا و بە دەســـتی ڕاستیشم داهاتبامەوە خڕەبەردان. دارێکم لە لمبۆزی گورگەکە ڕاکێشا و پڕ بە هێز و تواناشمەوە بەردێکم لە خاڵیگەی هاڵاند. گورگە خۆی لە زار و دەستی چاوڕەش ڕاپسکاند و بەنێو زەندۆڵاندا بازرە بوو. هاوڕێکەشم ئاهێکی هاتەوە بەر.

لەو تەم ومژەدا، ئەوی تر بە چڕنووک و بە ددانی مەڕێکی گرتبوو و ڕاکێش ڕاکێش لەگەڵ خۆی دەیبرد. ئەگەرچی لە ترســـان و لەبەر دڵەکوتان ببوومە شەقشـــەقە و وەک مێژۆکە هەڵدەلەرزیم، بەڵام هەر چۆنێک بوو بە دوایدا ڕۆیشتم و گەیشتمە گورگەکە. هەرکە منـــی دیت، لە قـــەراخ ڕەوەزێک پەنای گـــرت. مەڕەکەی بـــەردا و ددانەکانی دەچیرەوە برد.

گـــڕی دارم دامرکابـــوو و بەبێ چەک لـــەوێ مابوومەوە. گورگـــەش لێی دەمڕاندم و ددانەکانی لێک دەســـوو؛ دەتگوت هەر ئێستا نا ئێســـتایەکی بە چنگەکڕان پڕم پێدا دەگرێ. خۆم نەدۆڕاند و بێ ئەوەی ســـەری لەســـەر هەڵگرم، پەڕۆکەم لە داری هاڵاند و ئاورم پێوەنا. بەختی خۆم زوو گڕی گرت. بۆی چووم و تێم قوولاند. لەگەڵ شـــۆقی ئاگرەکـــە کەوتە چاوی، بە لوورەلوور و ددانلێکدان لێم تەکییەوە. لەو دەمەدا چاوڕەش لەلایەکەوە بازەرقەی بەست و لەفریام هات.

هـــاوڕێ وەفادارەکـــەم تێـــی بەربوو. منیـــش هاوکات بـــەردم ڕێدەهاڵانـــد، بەڵام دەستی شـــکاوم نەمدەنگاوت. ئەوجار بە دارە ئاورتێبەردراوەکەوە بۆی چووم و یەکم داوەشاندە لمبۆزی. گورگە تۆقی و بە حاڵەحاڵ توانی خۆی دەرباز کا. هەر ئەوەندەی چاولەسەریەک دانانێک، لەنێو شێخەڵاندا قوتار بوو و بەنێو بەردەڵاناندا تێی تەقاند.

شـــەڕەکە تەواو ببـــوو و دوژمنیش تێی قووچاندبـــوو. کاتێ چوومە ســـەر مەڕەی گورگگرتوو، دیتم بەستەزمانە لە ترســـان هەڵدەلەرزێ و لە سێ شوێنەوە بریندار بووە. نزیک ئەوانی تر بوومەوە، دیتم ئەوە کەلاکەبزنێکیش لەسەر زەوی کەوتووە و گورگ هەڵیدڕیـــوە. مێگەلە ڕەویوەکەم بـــەرەو ئاورەکە خڕهەڵدا و هـــەر لەوێش مۆڵم دان. هەناســـە چ بوو لە گەرووم دەر نەدەهات! لە برسانیش دڵم خەریک بوو بەربێتەوە. بەو حاڵەشەوە، دەستی لەرزۆکم لەنێو خۆڵەمێشێ نابوو و بە چنگ ونینۆکان لە پەتاتەکانم دەگەڕام. نەمدەزانی پەتاتەکانم چییان لێ هاتووە. زۆر گەڕام، بەڵام هیچ شـــتێک دیار نەبوو و پاکیان شەوتابوون. ساتێکی تاڵ بوو و هێندەی نەمابوو بدەم لە بانگی گریانێ. ســـەخڵەت و دەستەوەســـتان لەوێ مابوومەوە و ناچار خۆم دایە دەســـت چارەنووس. کوتەگۆشـــتێکی بزنە منداروەبووەکەم هاویشتە بەر دەمی چاوڕەشی و بۆخۆشم دەمم لە هیچ نەدا.

تاوپەڕانێ، شەکەت وشـــەلاڵ گێلەمەڕم بەرەو ئاوایی ڕەتاند. هەموو گۆشتەکەم بۆ خاوەنی بزنەکە کە لە بەختی ڕەشی خۆم قەشەی ملووکان بوو، بردەوە. کابرا دەستبەجێ غـــەزری. منی لە یەختەرخانەی کـــرد و ئەوەندەی لێ دام کە چورتـــەم لێ بڕا. باوکم هات و منی دۆزییەوە و بە کوێرەوەرییەکی زۆر بردمییەوە ماڵێ. بەپێی پێودانی ئەودەم، شـــوانی بێچەک، ئوباڵی مەڕی گورگخواردووی لەئەســـتۆ نەبوو، بەڵام ســـەرەڕای ئەو نەریتە، سەلیقەرســـتۆڤی قەشـــە و کوێخای ملووکەکان کە ببڕای‌ببڕای گوێی نەدەدا بەو ڕێســـایانە، زەرەرەکەی پێ بژاردم و چەند ڕووبڵ و کوپەکی لە شـــوانانەی ئەوێ ساڵێم کەم کردەوە.

بەشێکی زۆری بەراتەکەیان لێ گێڕابوومەوە. دەبووایە زستانێش بۆ تێرکردنی زگم و قەرەبووکردنەوەی ئەو پارەیە، لە ماڵە ئاغای کارم بکردایە.

سەرەبەهار بوو و حەزم لێ بوو بگەڕێمەوە سەر کاری شوانێتی و ئەو پیشەیەی دڵم

وا لەسەری بوو. زۆر بێرەوبەوێدا گەڕام تاکوو لە شوێنێک بگیرسێمەوە، بەڵام کەس بە شوان نەیدەگرتم و دەیانگوت:

«نان و شوانانەی زستانێ لە تۆ خەسارە».

ساڵی تێ وەرسووڕا و زستان هاتەوە. لەو دەمەدا کابرایەک منی وەک پێکۆڕە لای خۆی گل دایەوە. خاوەنکارە نوێیەکەم، ئاژەڵ و وڵساتێکی زۆری هەبوو. منیش لە مەیتەرخانە و لەبان تەختێکی دار لێی دەخەفتم. کارەکەم قورس و گران بوو. دەبووایە پێش زەردەپەڕێ، ئاخوڕم خاوێن کردباوە، بەر پێی ماڵاتانم ماڵیبا و لە سەرگوێلکێ ڕشتبام. هەروەها مشووری جەمەجۆی یەکسمانم خواردبا و تفاقم لەبەر مەڕ و بزنان کردبا. ئەگەرچی بەو هەموو کارە نەدەوەستام، بەڵام تا پێش هەڵاتنی خۆر دەبووایە هەموو ئەو کارانەم ڕاپەڕاندبا.

خاوەنکارەکەم لە سەرڕاستی و دەروەستیی من یەکجار دڵخۆش بوو. ئەو هەموو ڕۆژێ لەگەڵ هەوەڵ گزینگی هەتاوێ سەرێکی پشتیرانی دەدا، دەیدیت کە یەختەرخانە، کۆخ، هۆڵ و تەویلە ماشتراوە و وڵس ووڵساتیش تێرن؛ ئەوەش دەگەڕایەوە سەر ئەوەی وا من یەکبین کارم دەکرد و لە یەختەرخانە نەدەهاتمە دەرێ و تەنانەت نان و پێخۆریشم بۆ دەهاتە وێ؛ ئیدی سوێندی نانی جەژنێ ناخۆم کە لەنێو ماڵێ دەمخوارد، ئەویش نە لەگەڵ خاوەنماڵ، بەڵکوو بەتەنیا و دوای ئەوان.

## چنگاڵ بۆ چی دەبێ؟

هاوین هات و لەگەڵ گوڵزاری خوشکم پێکەوە چووینە بەر گوێلکان. خواوڕاستان، ئــەو هاوینە بەبێ ئاپۆر و ئازار تێپەڕ بوو و هەتا پاییزێ بە خێروخۆشــی گوێلکەوانیی خۆمان کرد.

مامۆســتای قوتابخانــەی گوندەکەمان کە ژن بــوو، جارێکی هاتــەماڵێ و ئیزنی لە باوکم خواســت بۆ بەجێهێنانی هەندێ کاروباری خۆی بمنێرێتە شــاری قارسێ کە حەوت کیلۆمیتر لە گوندەکەمان دوور بوو. باوکیشم ملی نەسووڕاند و قسەی لە قسەی نەکرد. مامۆستا پرێســکەیەک و نامەیەکی وێ دام تا بیگەیەنمە دەست مێردەکەی کە وا لە قارســێ و لەگەڵ کوڕە چکۆلەکانی دەژیا. بۆ ئــەو کارە پازدە کوپەکم وەرگرت و دڵخۆش و پرێسکە بەشان ڕاستەڕێ ڕێگەی شارم گرتەبەر.

بــۆ دۆزینەوەی ماڵە کابرای، کووچە و کۆڵانی شــار نەما نەیگەڕێــم. لەناکاو و لە حەوشەیەکدا دوو کوڕیژگەم دیتن وا خەریکی کایەن. لەباڵ خۆمدا گوتم هەبێونەبێ ئەوانە جووتەکوڕەکەی مامۆســتان. چوومە پێش و نامەکەم دایە دەست یەکیان. کوڕە هەرای باوکی کرد:

«بابە... بابە... وەرە... نامەی دایکمە».

بابــە هاتە بەردەرکــێ. پاکەتی نامەکــەی هەڵپچڕی و پاش ئــەوەی خوێندییەوە، فەرمووی لێ کردم. منداڵەکان لە حەوشەوە هاتنەوە. چووینە دیوێک. لەوێ جووتەی برایان، یەکبین کردیانە سرتە و زرتە. تویێتکەم نەدەگرت. لە من وا بوو لەســەر دڕکانم و سرەوتم لێ بڕابوو. هێندەی پێ نەچوو ژن ومن و منداڵەورتکەی تریش پێ وەربوون. هاتنــە ژوور و ئەوانیــش چاویان لەســەر هەڵنەدەگوێزتم. حەبەســابووم و نەمدەزانی بۆچی ئاوا ســەرنجیان داومەتێ. هەر تەقەم لە ســەری دەهات. تۆمەز کە مامۆستا بۆی نووسیون کە ئەو کوڕە کوردە. ئەوانیش زۆر زەق وەکوو ئەوەی ڕمووزن یان دەعبایەکی سەیروســەمەرەیان دیبێ، چاویان تێ بڕیبووم. لە پرســیارانیان وەردەدام و منیش خێرا وڵامم دەدانەوە.

وا وێدەچوو مامۆســتا لە نامەکەیدا داوای شــتگەلێکی لە مێردەکەی کردبێ؛ بۆیە ئەویش بۆ کڕینی کەلوپەلان ڕۆیشــتە بازاڕی و ئێمەی بەتەنیا جێ هێشت. منداڵەکان لێم کۆبوونــەوە و داوایان لێ کردم کایەیان لەگەڵ بکەم، بەڵام چونکە کایەی خەڵکی شارم نەدەزانی، نەچوومە تێوێ.

کابراکــە لە بازاڕ هاتــەوە و منداڵەکانی بۆ خواردنی فراوینــێ بانگ کرد. منیش لە چێشــتخانە نانم بۆ دانرا. قوڵەبنەیەکی ســوورکارە کە چێشــتکەر و قەرەواشی ماڵێیان بــوو، هات. قاپە شــۆرباوێکی بۆ هێنــام و لە قەراخ قاپەکــەش، کەوچک و چنگاڵ و کێردیکی دانا. گێژ ووێژ لەوێ دانیشــتبووم. کەوچکەکە دیار بــوو هیی نانخواردنێیە، بەڵام نەمدەزانی کێرد و چنگاڵەکە بۆ چی دەبن. ئەوەندەی عەقڵم پێی شکا ئەوە بوو کە ئەوانە کەرەسەی قوماری منداڵانن و بە دیاری بۆ منیان داناون!

ئەگەرچی پێشــتر لە گوندەکەمان شــەنە و شــتی وام دیبوو وا کایــان پێ لە عارەبە دەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەو شەنە چکۆلەیە یان باشتر بڵێم ئەو چنگاڵەم زۆر پێ

سەیر بوو. چێشتەکەم بە کەوچکی خوارد. ئینجا، لەبان مێزەکە هەستام و بە کەیفخۆشی چنــگاڵ و کێردەکەم ڕۆکردە باخەڵم. ژنــە قەڵەوە کە بە بنچاوانەوە هەر ئاگای لێم بوو، چوو و هەمووی بۆ خاوەنماڵەکە گێڕاوە. خانەخوێش بێ یەکودوو هاتە چێشــتخانەی. دەستی لەبن چەنەگە نا و لێم ڕاما. بێ ئەوەی باسی کێرد و چنگاڵەکە بکا، پرسی:

«ئەرێ خۆت بۆ ڕۆیشتنەوە ساز کردووە؟!»

ئەمنیش بە متمانەوە ولامم داوە:

«ئەرێوەڵڵا... سازم... پێم خۆشە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە».

سەرەڕای ئەو چێشتە بەتامەی خواردبووم و ئەو دیارییە جوان و سەرنجڕاکێشانەی وەرمگرتبوون، وەکی لەسەر ئاوران بم وا بوو. هەموو شتێکم لێ نامۆ بوو. ئەوەندەشیان چاو تێ بڕیبووم کە وەڕەزیان کردبووم.

مێردی ژنەی، بوخچەیەکی لە دیوەکەی هێنا و دوو قودوولکەشی دامێ لە گیرفانمی هاوێم. ئەو بەئانقەســت وای کرد بۆ ئەوەی بزانێ چلۆن خۆم لەو دۆخە دەپەڕێنمەوە. ئەمنیش بەبێ هیچ شەرمێک، کێرد و چنگاڵم لە گیرفانم هێنایە دەر و نامنە بن هەنگڵم تا جێیەک بۆ قودووەکان بکەمەوە. ئەوکات خاوەنماڵەکە لێی پرسیم:

«ئەو کێرد و چنگاڵە بۆ کوێ دەبەی؟»

ئەمنیش بە وڕمانەوە گوتم:

«مەگەر خۆتان بە دیاری پێتان نەداوم؟»

بە ڕەنگوڕوویەکی حەپەساوەوە گوتی:

«بە دڵنیاییەوە نا! کێ ئەوانەی بە دیاری داوە بە تۆ؟»

وای لێهات خۆم بۆ ڕانەگیرا و گوڕاندم:

«ئەدی بۆ لە کاتی نانخواردندا ئەو شــتانەتان لە قەراخ دەستم دانابوو؟!... ها... بۆ... بۆچی؟!»

لێرەدا بوو کە منداڵی گەڕەکێ چووبوون و ئەو شتەیان بۆ ئاومالاّن گێڕابۆوە. زۆری پێ نەچوو کە دەرودراوسێ پێ وەربوون. ئاشگەکە وەک پوورەی هەنگ خەڵکی تێ ڕژابوو و گشتیان بە تاسەوە هاتبوون گوێ ڕاگرن.

کابرای خانەخوێ ڕووی تێ کردم و گوتی:

«کێرد و چنگاڵەکەیان بۆ نانخواردن دانابوو، نەک بۆ شتێکی تر».

تێ مابووم و نەمدەزانی بڵێم چی. لێوم وەتەتەڵە کەوتبوو و زمانم تێک هاڵابوو. چاوم ئاویان تێ زابوو. بوغزێکی منداڵانە ئەوکی گرتبووم. سەرم بە هەنیسکان هەڵدەقەنرا و مژۆڵیشم لەبەر فرمێسکان هەڵنەدەهات.

لەنێو ئەو ژن وژاڵەی وێدا، ئافرەتێکی ئەرمەنی هاتە لام و پرسیاری لێ کردم. باش بوو زمانەکەیم دەزانی و دەمتوانی لەگەڵی بدوێم. بە ڕوخساری بەفرمێسک و بە دەنگێکی نووساو و پڕ لە ئازار و بە دڵێکی شکاوەوە وڵامم داوە:

«ئەوانە کەرەسەی قومارانن... جوان سەیریان کە... کێرد و چنگاڵیان بە دیاری داومەتێ... کەچی ئێستا پێم دەڵێن دزیوتن...».

ژنە ئەرمەنییەکە گوتی:

«بابەکەم... ئەوانە خۆ کەرەسەی قوماران نین... کێرد و چنگاڵیان داوێی تا چێشتەکەی پێ بخۆی و هیچی دی...».

دوای ئەو قسانە، لێک حاڵی بووین و خەڵکەکەش لە مەبەستی من گەیشتن. ئەوان لەخۆبوونەوە و لەبەر پێکەنینان، وەختەبوو بدڕێن، بەلاّم خواهەڵناگرێ هەندێکیان زۆریان زگ پێم دەسووتا. مێردە بە قەرەواشەکەی گوت تا جووتێک چنگاڵی کۆنم بۆ بێنێ، بەلاّم ئەمن غلوور بووم؛ ملم نەدەدا و ئەو کارەیانم وەکوو جۆرێک لە بێرێزی بە خۆم دادەنا. دواجار، بە دەم لاواندنەوە، کابرای خانەخوێ ڕازی کردم دیارییەکانیان لێ وەرگرم. سەرەنجام پەژراندم و دوو چنگاڵە بەنرخەکەم لە تەنگەی گیرفانم هاویشت.

هەڵبەت نامەیەکیشــی دامێ و منیش بوخچەکەم هاویشــتە سەر شــان و بەرەو ئاوایی کەوتمە ڕێ.

لەنێو ڕێدا، بە دەم مەودابڕینەوە لەپەســتا ئەو لێک تێنەگەیشــتن و قســانەم کاوێژ دەکردەوە، بەڵام ســەرەڕای ئەوەش، لەبــەر چنگاڵەکان زۆر کەیفخــۆش بووم و بیرم لــەوە دەکردەوە کە چلۆن کایەیان پێ بکەم. لەگەڵکوو ڕێگەم دەبڕی، تاو نا تاوێکیش ڕادەوەســتام و چنگاڵم دەردەهێنان. هەڵوەســتەیەکم دەکرد و پێیان سەرســام دەبووم. یاریــم پێ دەکردن؛ وەک چیلکەی لە عەرزیــم دەوەژاندن و لە پوش وپەڵاش و کای سەرزەویم وەردەدان.

ئەوســا وڵات زۆر خۆش بوو. ســەری شــەوێ بوو کە گەیشــتمەوە ئاوەدانی. لەو دەمەیدا، مامۆســتا و کچەکەی لەسەر دالانێ ڕاوەستابوون. کاتێ منیان بینی بە هەشتاو هاتنــە لام و منیش خێرا نامە و قودووەکانم دانێ. ئــەو نامەکەی خوێندەوە و پێکەنی. ئینجا، کچەکەی هاتە پێش و هۆکاری ئەم پێکەنینەی لە دایکی پرسی. دایکەش نەقڵی چنگاڵەکەی بۆ گێڕاوە. دواجار، کەمووکەیەکم لێ وردبوونەوە و تریقانەوە. بوخچەکە مابوو بیاندەمێ، ئەویشــم وێ دان. مامۆســتاش برە پارەیەکی تری وەکوو کاڵەدڕانە لە باخەڵم ڕۆکرد و گوتی:

«جا ئەوجار بڕۆوە ماڵێ... زیتەڵە گیان...».

## یەکەمین وانە و ناسنامە

دوو ڕۆژی تێ وەرســوورِا، مامۆســتا و کچەکەی بەنێو دێیدا دەگەڕان. کاتێک لە مالۆچکەکەی ئێمە نزیک بوونەوە، هاتمەدەر و بەرەوپیریان چووم. مامۆستا هەرکە منی بینی، بە دەم زەردەوە دەنگوباسی باوکمی پرسی. منیش خێرا هەرام کردێ. باوکم هات و بە نیشـانەی ڕێزدانان کڵاوەکەی داگرت و سـڵاوی کرد. ئەو داوای لە باوکم کرد تا ئیزن بدا ببمە دەرکەوانی قوتابخانەی گوند و لەبری ئەو کارەش مانگێ سێ ڕووبڵ پارە وەرگرم. بە خۆشییەوە باوکم قسەی مامۆستای نەشکاند. منیش دوای ئەوە چوومە سەر ئیشی نوێم.

مامۆستا بەر لە هەموو شتێک ڕەژوودان و داردانی پێ نیشان دام. ئەوجار بردمی بۆ پۆلی خوێندنێ و لەوێ ئەرک و ئیشەکانمی شی کردەوە و پێی گوتم ئەشێ چی بکەم و چی نەکەم.

ئـەرک و کاری من بەو جۆرە بوو کە هەموو ڕۆژێ دەبووایە حەسـار و پۆلەکانی خوێندن بماڵم، کورسی و دەرکە و پەنجەران خاوێن کەمەوە و سۆبەکەیان بۆ هەڵکەم. هەروەها تونگەی ئاوێ پڕکەمەوە و بەیانی و ئێوارێ گیزەی لە سـەماوەرێ هەسـتێنم.

دوای هەمووی ئەوانە بۆ کڕینی پێداویستییەکانی مامۆستا و بردنەسەری ڕاسپاردەکانی بچمە بازاڕی.

ڕۆژی یەکەم چوومە پۆلێ. لــەوێ تابلۆی جۆراوجۆری باڵندە، گیانلەبەر، دەعبا و خەریتە بە دیوارییەوە داکوترابوو و منیش بە سەرسوڕمانەوە تەماشام دەکردن. ئەگەرچی سەرەدەرێکم لەو تابلۆیانە دەر نەدەکرد، بەڵام بۆ من ڕاکەش وباڵکەش بوون. شتێکیشی لێ بوو کە بە هیــچ جۆرێک نەمدەزانی چییە. لەپاڵ تابلــۆی باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکان، دانەیەکی ســامناک و سەرســوڕهێن هەڵاوەسرابوو کە لەودا مرۆڤێک بە کاسەسەری ڕووت و ددانی دەرپەڕیوەوە بەدی دەکرا و لەجیاتیی چاو و لووت، درزی گەورە و قووڵ ڕۆچووبوون؛ ئەم مرۆڤە کە لە ئێســکەڕووتە ساز کرابوو، بە باوەڕی من چکوتەشکی هەمان ئەو جندۆکەیە بوو وا جاروبار لە ماڵەوە ئێمەیان پێ دەترساند. ئەوەندە لەو وێنەیە تۆقیبووم کە هەموو چەلان بە چاوی قووچاو و بە خۆشبەزی لێی ڕادەبووریم و لەگەڵ دەرکەوتنی بوولێڵەی ئێواران، سام دەیگرتم و نەمدەوێرا لەنێو پۆلەکەدا بمێنمەوە.

زۆرم حەز دەکرد سەبارەت بەو شتە پرسیار لە مامۆستاکەم بکەم، بەڵام هەرچەندی دەمکــرد لەڕووم هەڵنەدەهات. دواتر زانیم کە منداڵەکانی تر هەر لاشــی لێ ناکەنەوە؛ بۆیە دڵم بڕێک حەســاوە و وردەوردە بەبێ ترس و دڵەڕاوکە لەبن تابلۆکە دەوێســتام و ئینجا بە تاسوخەوە چاوم لە هەڵۆ وشککراوەکانیش دەکرد.

یەکەم ڕۆژ کە لە کار گەڕامەوە، خاوخێزان لە خۆشییان لێم هاڵان. منیش ئەسکۆم بۆ لەبنی مەنجەڵێ گێڕان و هەرچی دیتبووم و کردبووم بە وردی بۆ گێڕانەوە.

باوکم ئێســتاش کە ئێســتایە باوەڕی نەکرد کە مووچەی مانگانەم سێ ڕووبڵ بێ، هەر بۆیە چەند جارانیش بەگوێی هەڵێنامەوە:

«وەڵڵاهی ئەگەر بێتوو تاقە یەک ڕووبڵیشت پێ بدەن هەر زۆرە... بەزیاد بێ».

ڕووی مانگێک لە کارەکەم گوزەرابوو. مامۆســتا بانگی کردم و سێ ڕووبڵی دامێ،

بەڵام چونکە سـەوادم نەبوو، قوتابییەک هات و لەجیاتیی من پسـوولەکەی واژۆ کرد. کاتێ مامۆسـتا پارەکەی وێ دام، داوای لێ کردم کراس و کڵاوێکی باشی پێ بکڕم و هەروەها ئەوەشی گوت:

«وەکوو قوتابی وەرتدەگرم تا وێڕای منداڵەکانی تر فێری خوێندن و نووسین بی».

باوکم بۆ کڕینی جلوبەرگ هێشتی، بەڵام ڕێی پێ نەدەدام بخوێنم؛ لەوڕا پێی وابوو بێتوو ببمە قوتابی، ئیدی کارانـەم لێ دەبڕن. هەرچۆنێک بوو کۆنەباڵتۆیەک و کڵاو و کراسـێکی دەڵبودۆپیان بۆ سەندم. کاتێک دەبەرم کردن، دیتم لەو جلە فشوفۆڵانەدا، فەساڵم زۆر بووچکتر دێتە بەر چاو.

بێ ئەوەی باوکم بزانێ، دەچوومەوە پۆلەکانی دەرسی ڕۆژانە و شێلگیرانە دەمخوێند. لەگەڵ ئەوانەش، ساوەسـاوم لـە کاروباری قوتابخانە نەدەکرد و بـە دڵ وداو کارەکانم ڕادەپەڕاند. مامۆستاش گەلێکم لێ قایل بوو. ئەو فێری دەکردم چۆن پێڵاوەکانم خاوێن کەمەوە و چلۆن شتی دەسکرد ساز کەم.

هەرچەنـد جلی خاوێنم دەبەردا بوو، بـەڵام منداڵە ملووکان تخوونم نەدەکەوتن و پێیان دەگوتم درێژداهۆڵ. مامۆسـتاش کە دەیدی ئەوان قەشـمەریم پێ دەگێڕن و بۆ ئەوەی پتر نەبمە گەپجاڕیان، کورسییەکی تاقانەی تەرخانی من کردبوو.

لەو شوێنەی وا دەستم کردبوو بە خوێندنێ، زۆرم واز لەسەر دەرس ودەورەکەم بوو و خێرا شتەکان فێر دەبووم. مامۆستا هەموو جارێ دەهات، سەرکەوتنی ڕۆژانەمی دەدیت و بە هەڵنان و هەڵگوتنەکانی بەرەو پێشـکەوتنی زیاتر هانی دەدام. ئەو بەو پیتانەی کە بە مقەباوە لکاندبوونـی، ئەلفوبێی خوێندنی فێر دەکردین. ئێمەش بابەتەکانمان لەبەر دەکرد، پیتەکانمان هەڵدەبژارد و مامۆستاش لە ڕووی پیتەکانەوە پرسیاری بۆ دادەداین.

لەو نێوەدا، لەگەڵ ماڕووسـیای کچی مامۆسـتا ببوومە ئاواڵ؛ ئەو کچێکی تا بڵێی ژیر و ژیکەڵە بوو. ماڕووسـیا کە لە پۆلی دووهەم دەیخوێند، لە ناسـینی پیت، حینجە،

ڕستە و ڕستەبەندیدا بنباڵی گرتم. دەبێ بڵێم دایک و کچ کە هەردووکیان وانەیان پێ دەگوتمەوە، لە پێشکەوتنەکانم بە جارێ سەریان سڕ و واقیان وڕمابوو.

تاوهەڵاتان کە دەبووایە سۆبان هەڵکەم، ناچار بووم لەسەر نووکی پەنجە بڕۆم و بە ئەسپایی کارەکان ڕاپەڕێنم؛ ئاخر ماڕووسیام زۆر خۆش دەویست و دڵم نەدەهات بە دەنگەدەنگی من لەخەو ڕابێ.

ڕۆژێک لە ڕۆژان و پێش دەسپێکی پۆلی دەرسێ، کاتێ سەماوەرەکەم لەبان مێزەکە دانا و ویستم بگەڕێمەوە، ماڕووسیا ڕای گرتم؛ ئەو بە نیگایەکی پڕ لە متمانە و بە چاوێکی پڕ لە گرشەوە لێی ڕوانیم و کتێبێکی ئەلفوبێی بە دیاری پێشکەش کردم. شتێکی لەسەر پەڕتووکەکە نووسیبوو، کە داخی گرانم بۆم نەدەخوێنرایەوە. ئەو ڕووداوە ئەوەندە لەناکاو بوو کە لەلایەک پەشۆکابووم و لەلایەکی تر، ئەوەندەی پێ خۆشحاڵ بووم کە نەمدەزانی چۆن سپاسی بکەم. کاتێک قوتابییەکانی دیکە گەیشتنێ، بە خۆڕانانەوە چوومە پشت مێزەکەم و پەڕتووکەکەم لەپێش خۆم دانا.

کاروبارەکەم تەواو بوو. پەڕتووکەکەم لەبن هەنگڵی نا و بە غار چوومەوە ماڵێ تا خوشک و براکانم هاوبەشی ئەو خۆشییە کەم. هەرکە چوومەوە ماڵێ و چاویان بە پەڕتووکەکە کەوت، بە تاسەوە لێم وەخڕ بوون و بە دەم سەیرکردنی کتێبەکەوە، گوێیان بۆ بەسەرهاتەکەم ڕاگرت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خوشکەکانم باوەڕیان نەدەکرد خەڵاتێکی وا بەنرخم درابێتێ. ئەوان بە دایکوباوکمیان دەگوت:

«ئەو پەڕتووکەیان لەجیات مووچەی مانگانە داوەتێ».

هەرچەند سوێندم دەخوارد کە بە دیاری پێشکەشیان کردووم، دیسانەوە بەقایان پێ نەدەکردم؛ بۆیە سبەینەکەی دایکم و دێدەم بۆ ڕاستی و درۆیان چوونە لای مامۆستای. ئەو پێی گوتبوون کە پەڕتووکەکە دیاری بووە. هەروەها چون مامۆستا هەستی بەوە کردبوو کە خوشکم لەڕووی هەڵنایە شتی دیکەی لێ بپرسێ، هیچی لێ

نەشاردبوونەوە و بەڕەی دڵنیایی پێدا دابوون کە بەبێ وەرگرتنی پارە یان کەمکردنەوەی کارانــە پێم دەخوێنێ. لەگەڵ ئەمەشــا، پێی گوتبوون کوڕەکەیان زۆر زیت و وشــیارە و بەڵێنیشــی دابوونــێ کە بێتوو بۆ جەژنی کریسمەســێ بڕواتەوە شــاری، پەڕۆوپاڵ و کۆنەشمەکی منداڵەکانی بۆ من بێنێ.

کاتێ دەمبینی کارەکانم جـوان ڕادەپەڕن، زیاتر حەولم دەدا تا ڕۆژێک بتوانم ئەو پەڕتووکەی ماڕووســیا پێشکەشــی کردبووم، بخوێنمەوە. ڕۆژێک لە ڕۆژان ماڕووسیا لێی پرسیم:

«ئەرێ بزانم هیچ لە کتێبەکە فێر بووی یان نا؟»

ئەوجار لاپەڕەی یەکەمی بۆ هەڵدامەوە. منیش بەم شێوەیە دەستم کرد بە خوێندنەوە:

«ماشا، ناشا، ئووزا و...».

مارۆسیا دەسبەجێ هەرای کردە دایکی:

«دایە! خۆ ئەوە عەرەب فێری خوێندنەوە بووە!»

دایکی هات و دوای ئەوەی گوێی لێ ڕاگرتم، دەستێکی بە سەرمدا هێنا و گوتی:

«زارخۆش... وردەوردە هەم زووتر فێر دەبی و هەمیش باشتر».

منیش لە خۆشــیی ئەو هەموو دەبەرهەڵخوێندن و ئافەریمەی مامۆستا شاگەشکە ببووم. نەمدەزانی چی بڵێم و چی بکەم. سوورهەڵگەڕابووم و هێندەی نەمابوو چاوەکانم نوقمی فرمێسکی شادی بن.

ئەگەرچی لەگەڵ ماڕووسیا ببوومە ئاواڵ، بەڵام منداڵە ملووک خۆشیان نەدەویستم؛ ئەوان قەڵســەیان لێ دەگێڕام و نەیاندەهێشــت بخوێنم. لەو نێوەدا ماڕووســیا هەمیشە لاگیرم بوو و بە زمانی خۆش پێی دەگوتن:

«منداڵینە... لە کۆڵ عەرەب بنەوە... کارو پێی نەبێ».

ئا بەو جۆرەی کە گێڕامەوە، لە گوندەکەمان نرامە بەر خوێندنێ.

هاوینان کە قوتابخانە دادەخرا، دەچوومــەوە بەر مەڕان و مێگەلەوانیم دەکرد. ئیتر ئەوجــار لەنێو پێپێچکەی شــانما، جگە لە نــان و پێخۆر، پەڕتووکیشــی تێدا دەبوو و ئەوەندەی دەرفەت ڕەخسابا، چاوێکم بەسەر وانەکانی پاردا دەخشاندەوە. لە زستانیشدا، لەسەر هەوای جاران دەمخوێند و لە هەمان کاتدا سەرم لە ئیش وکاری خۆمدا بوو.

ئەگەرچی نێونجی نومرەی پۆلەکەمان نۆ و دە بوو، بەڵام لەبەر هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانم، ببوومە کەســی یەکــەم و هەموو دەمێ نومرەی باشــم دەهێناوە. بەو حاڵەش منداڵی خاوەنداران کە زۆربەیان بوودەڵە و پەتیارە بوون، هەمیشە بەربینگیان پێ دەگرتم و لێیان دەدام، بەڵام ئەمن قەت خۆم تێ نەدەگەیاندن.

ڕۆژێک باوکم چەند پەڕە کاغەزەکۆنی لەنێو بوخچەکەی دەرهێنا و داوای لێ کردم ناسنامەکەی بۆ ببینمەوە. بەهار بوو و لەو وەرزەی ساڵدا ناسنامەی پێویست بوو. هەروەها، دەبووایە ماڵەکەمــان بۆ قشلاقی قارس بگوازینەوە. منیش چونکە کەچەســەوادێکم بە خۆمەوە شــک دەبرد، بام ڕەگوێیان نیشــتبوو. لووتم لێ بەرز کردەوە و دەستم کرد بە هەڵدانەوەی ڕووپەڕەکان. لەنێو ئەواندا چاوم بە بەڵگەیەک کەوت کە تێیدا نووسرابوو:

**فەرمان**

به هەموو ئاغا و کوێخای دێهات و بەرپرسی شارەکان ڕادەگەیەنرێ تا بۆ دۆزینەوەی ماینێکی ڕەسەن کە ڕەنگەکەی سپییە، هاوکاریی شەمۆی بکەن و هەر کەسیش ئەو فەرمانە جێبەجێ نەکا، سزا دەدرێ.

**واژۆ**

سەرۆک ئاژانی مەڵبەندی قزڵ چاکچاک

لەگەڵ دیتنی ئەو بەڵگەیە کەوتبوومە تاسەوە. لە خۆم دەپرسی چما باوکم پێشتر تێکەڵی کاروباری میری بووە؟! ئاخر لە فەرمانەکەدا نووسرابوو دەبێ هەموو بەرپرسەکان هاوکاریی باوکم بکەن؛ لە حاڵێکدا ئەوان خۆیان سەرۆک و بەرپرس بوون. باوکم پێکەنی و ئاوا نەقڵەکەی بۆ گێڕامەوە:

«چەند ساڵ لەمەوبەر، لە گوندی قزڵ چاکچاک شوان بووم. سەرۆک ئاژانیش لەوێ بوو. ڕۆژێک یەکێک لە ماینەکانی ون بوو و منیش یەکتەن و یەکباڵ نەمدەتوانی بۆی بدۆزمەوە. ئەو کە دڵی زۆر لەسەر یەکسمەکانی بوو، ڕاگەیەندراوێکی دامێ کە لەودا فەرمانی بە هەموو بەرپرسەکانی ئەو هەرێمە دابوو ماینەکەی بۆ بدۆزنەوە».

هەروەها باوکم ئەوەشی لە قسەکانی زیاد کرد:

«عەرەب تۆش هەر لەو ڕۆژەدا لەدایک بووی».

جا بەپێی قسەکانی باوکم، ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٨٩٨، کە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەو فەرمانەیە، دەبێتە ڕۆژی لەدایکبوونم. چاک وایە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە بەگشتی کوردانی ئەو مەڵبەندە ناسنامەیان نەبوو هەتا ڕێکەوتی لەدایکبوونیانی تێدا تۆمار بکرێ.

دوای تەواوکردنی قوتابخانەی گوند و پاش کەمێک مانەوە لە ئالکساندرۆڤایە، چووینە شارۆچکەی ڤلادی قارسێ و لەوێش ساڵێک شوانی هۆزە کوردەکان بووین.

دەبێ بڵێم کە ژیان لە کێوپاران و لەنێو خێڵاتی کوردی ئەم مەڵبەندە شتێکی تایبەت بوو. لێرە جۆری ئاژەڵداری جیاواز بوو لەگەڵ شێوازی ئەم کارە لەلای ملووکان و تەنانەت ژیواریشیان وەک یەک نەدەچوو.

## بەهار و جەژنی بارۆدان

ڕەوتـــی ژیان لەنێـــو دێهاتی کـــوردان و ملووکاندا وەک یەک نەبـــوو. ملووکەکان زیاتر کشـــتوکاڵیان دەکـــرد و کوردەکانیش لە لێڕ و چایەر و چڕســـتاناندا بە ماڵداری و ئاژەڵدارییەوە خەریک بـــوون. مەزرای بەرێژەو و هەواری بژوێنی ئەو مەڵبەندە ببوونە هـــۆی گەشـــە و دەوڵەمەندیی وڵاتەکەیان و بـــە دەیان هەزار مەڕومالات لەو شـــوێنانە داشت و دابەستە دەکران.

ئەگەر باســـی سروشت و جوانیی ئەو ناوچەیە بکەم دەبێ بڵێم کە لە کڕی زستانێ، ســـەفانی ئەو مەڵبەنـــدە کەوای ســـپی دەکەنە بـــەر و لەگەڵ یەکـــەم گزینگی خۆری خاکەلێوەدا، ڕەشـــانگیان تێ دەکەوێ. لەگەڵکوو بەفر توایـــەوە، زەوی بۆش و نەرمان دەبـــێ. دوای ماوەیەکی، گـــوڵ وگیوا لە بناران تێک دەچرژێن. هەوای سەرشـــاخان و تیرەشـــانی ئێرە پاکژ و بێگەردە و وەکوو ڕاســـتان و پێدەشـــتان گەرم و شەدار نییە؛ هەر بۆیەشە ڕوەکی ئەو مەڵبەندە لە وەرزی هاوینیشدا وشک هەڵناگەڕێن و بێتوو وشکیش بن، گیـــای تازە ســـەر وەدەردەنێن و گوڵی نـــوێ دەڕوێن. جگە لەمانـــە، مەڕی ئەگرە هەمیشە بە شینە و شینکان تەڕ دەکرێتەوە و لە تاوهەلاتێوە هەتا تاوپەڕانێش بێ ئەوەی

هەڵگەڕێن، دەلەوەڕێن. چلوبڕ و باڵندەیەکی یەکجار زۆریش بە شـاخانەوەیە کە پۆل پۆل لەسەر لقوپۆپی داران هەڵدەنیشن و دەعبا چ بێ نایهێڵن؛ بۆیە لەچاو دۆڵ ودەشتان، مار و مێروو، مێش، مۆز، قرنوو، مێشوولە و تەپۆ زۆر کەم بە مەڕومالاتی هەوارەبڵیندانەوە دەدەن.

هەرکە بەفر چۆڕ چۆڕەی دەکەوێتـێ و دەچێتەوە، گەڵای نوێ وەچی دەکەنەوە. گوڵ و گیاش تارای سوور و شین بە وڵاتیدا دەدەن. دەمەدەمی پێنجەی تار، لەگەڵکوو پەڵکەزێڕینەی هەتاو پرشـەنگی کەوتە سـەر داڵان و کولانان و تیشکی هاتە ژوور لە ڕۆچنە و کولانان، هۆزانی کورد دەکەونە جموجـووڵ و بارکردن بەرەو زۆزانان. ئەوان جـوان چاوەدێریی بەرغـەلان دەکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووتـر هەراش بن و هاوینێ لەتەک ڕانەمەڕێ بچنە لەوەڕێ.

کـورد لە جێهەوارانداا لێک کۆ دەبنەوە و بە چل تا هەشـتا ڕەشـماڵان، هۆبەیەک بۆخۆیـان پێـک دەهێنن هەتـا ئیـش وکاری دەواران بەیەکـەوە ڕاپەڕێنـن. لە هەر هۆبەیەکدا، سـەرهۆبەیەک هەیە کە جڵەوی خێڵی بەدەسـتەوەیە؛ ئەو جگە لە دانانی سەرانە، هەوارانە، خوریانە و پوشانە، جێلەوەڕان دەسنیشان و وادەی گەڕانەوەش دیاری دەکا. خەڵکەکە لەنێو خۆیاندا هەڵیدەبژێرن، دەستی ڕێزی لێ دەنێن و لەحاست ئەودا بەگـوێ و بەربار و ملخوارن. لەوان وایە ئەو کەسـە کەسکەسـانێ و داژداریی بێجێ ناکا، بەڵکوو بە یەکچاو سـەیری هەمووان دەکا و جێی بانگوهاوار و پشتوپەنای بێبژێو و بێوەرانی خێڵە؛ جا بۆیە دەبێ شـوان جگە لە کردوکاری خۆیان، ئیشـی سەرهۆبەش ڕاپەڕێنن. ئەوان بۆ ئەم کارانە خەڵات وبەرات چییە وەری‌ناگرن، کەچی وەک ئەرکی سەرشانیان دەبێ هەموو ئێوارەیەک، مەڕەکەی داکەنەوە و بۆی بەسەرکەنەوە. بێ لەوانە، هەموو سبەینانیش شیاکەی بۆ بڕێژن و بەهاربەند و سەرگێڕ و کۆتانیشی بۆ بماڵن.

لە کلکەی مانگی ڕەشـەمەدا دۆڵ و زەندۆڵ و دەشت و بێرونی گوندی کەلاڕەش

بەرگی شـــینیان دەپۆشی و لەوەڕیش دەگەیشتە سەر ئەژنۆیان. ئێمەش کە لەوێ شوان بووین، مێگەلمان دەردەکرد و لە گیاجاڕ و لەوەڕگەکانی ئەوێ تەڕمان دەکردنەوە.

بەپێی ڕێوشـــوێنی ئەو مەڵبەندە، پاش ئەوەی مێگەل دەگەیشـــتە زۆزانان، زاوزێی بـــزن و پەزان دەســـتی پێ دەکـــرد. ماڵدارەکان بەرخێکیان ســـەر دەبڕی و لە شـــوان و دەروجیرانانیان دەگێڕایەوە. پیاو درۆ نەکا لەو بانگهێشتانەدا، ژن ومێرد بەیەکەوە میوانیان بەخێرهاتـــن دەکرد و بە دەورەیاندا دەهاتـــن و دەچوون. دوای نانخواردنێ، گەنجەکان گۆرانیان دەگوت و وێڕای شوانەکان دیلانیان دەگێڕا. کاتێک میوانییەکە دەهاتە بڕانێ، سپاسی خانەخوێیان دەکرد. بۆی دەپاڕانەوە تا ڕسق وڕۆزییان زۆر و وڵس وولْساتیان لە بەڵایان بەدوور و هەواریان بە خێروخۆشی تێپەڕ بێ.

ئـــەوێ ڕۆژێ خانەخوێ زۆرمان پێ ڕاگەیشـــت و میوانداریيەکی باشـــی کردین. ئیمـــەش ئەوەندەمان نان و گۆشـــت خواردبوو خەریک بوو بتەقێیـــن. کوردەکان بەو جەژنەیان دەگوت ســـەرێ پەز. ئەوە هەوەڵ جار بوو لە ژیانمدا شـــتی وام دەدیت. لە خۆشییان لەوانە بوو هەڵفڕم. دایکوباوکم بە دەم قاقالێدانەوە دەیانگوت:

«کـــوڕە... ڕۆڵە ئەوە بۆ وا دەکەی... ســـەرێ پەز جەژنێکی ئەوەنـــدە گەورە نییە... ڕاوەستە بەم زووانە بارۆدان کە خۆشترین ڕۆژی ساڵە دێت».

منیش لەگەڵکوو ئەم قســـانەم بیســـت کەوتمـــە داوی چاوەڕوانیـــی هاتنی جەژنی بارۆدانێ.

بەرخـــەکان بڕێک هەراشـــتر بـــوون و بەفرێکی زۆرتـــر لە چیایان دەســـتی کرد بە چوونەوە. ســـەرهۆبە وادەی هەواری دیاری کرد و لە مـــاوەی یەک حەوتوودا، هەموو خۆیان بۆ ئەوســـاتە ساز دا. سەرەنجام ئەوڕۆژە هات. لەگەڵکوو بەیان بەربوو، خەڵک جلوبەرگی جەژنیان کردبووە بەر. کچان بە جلی تەنک و ئاڵووالاوە دەهاتن و دەچوون. قژوپۆڕیـــان بە گوڵ ڕازاندبۆوە و خەزێمیان کردبـــووە لووتیان. جگە لەوەی خەڵکەکە

خۆیــان لەتەپڵی گوڵــێ دەدا، بە ڕەشانوســپیانیش ڕادەگەیشــتن. زەنگوڵەیان لە ملی نێرییان دەکرد و وەپێش وردەماڵانیان دەدان.

کاتی وەڕێکەوتنی مێگەلەکە، خۆر بە تەشــقی ئاسمانی ساماڵەوە دەدرەوشایەوە. بۆن وبەرامەی گوڵانیش تێکەڵ بە هەوای سازگاری بەهاری دەبوو و لە وڵاتی دەگەڕا. هەموو شتێک وەک تیلی تەمووره ساز و سەروبەر بوو. سەرهۆبە فەرمانی وەڕێکەوتنی دا. سەرشــوانی شمشــاڵ بەدەســت وەپێش گەلێ کەوتبوو. ئەو وەک فەرماندەیەک دەجووڵایەوە و دواشــوان و دواژۆکانی فێر دەکرد تا چلۆن چاوەدێریی بەرخە ســاوا و مەڕە ئەستێورەکان بکەن. بە دوای ئەودا بزنە مەرەزێکی سپیی بۆڵ لەمل دەڕۆیشت کە بە قســەی وان ئەم بزنە لە هەمووان جوانتر زەنگوڵی لێ دەدا. لەســەر ڕۆیشتنێ، مەڕدار گازی شوانەکانیان دەکرد و پێیان دەگوتن:

«جوان وریا بن... لاوەکیتان نەبێ... مەڕی خۆڕایی نەکەن...».

هەرچی پێویســت بوو کرا. سەرشوانەکە، شمشــاڵی بە دەمییەوە نا و تێی تووڕاند. ئێمــەش وەڕێ کەوتیــن و مێگەلیــش بــە دوای ویدا ڕێچکــەی گرت. ئاواڵشــوان و چووکەشــوانیش تەنیشتاوتەنیشــتی مەڕیــان گرتبــوو؛ شانبەشــانی دەڕۆیشــتن و نەیاندەهێشت مێگەلەکە بڕبڕ بێ. ئەوان گۆچان بەدەست و بە فیکەکێشان وەنێو مەڕێ دەکەوتن و سواری سەری یەکیان دەکردەوە.

لەو ڕۆژەوە تا ئێســتا زۆر ســاڵی تێ وەرســووڕاوە، بەڵام کاریگەرییەکانی جەژنی بارۆدانێ بۆ هەتاهەتایە لە مێشکمدا گووراوە. ئێستاش بزە و پێکەنینی زارۆکان و لاوان و شــوانان، جلی کەسکوسوور و گوڵەسەری شەنگەکچانم هەر لەبەر چاوە و دەنگی گۆرانییەکانیش هەر وا لە گوێمدا دەزرینگێتەوە.

ســەوزایی وەک لە دڵی زەوییەوە هەڵقوڵابێ، سەرتاســەری نواڵ و پێدەشــتەکانی داپۆشیبوو. داروبەردیش یەکپارچە ببووە تیشــکی تەلێ و دەبریسکایەوە. ئێستاکەش

سەران و تیرەگان سـپی دەچوون و خاڵ بەڵەک نەبوون. بارە و کارەی مەڕ و بەرخان، بالـۆرەی شـوان و لاوان لەنێو دۆڵ و لاپاڵاندا ئـاوازی دەدایەوە. خەڵکی گوندیش لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەر و سـەیری ئەم دیمەنانەیان دەکرد. ساڵێ دوو جار شتێکی لەم چەشـنە ڕووی دەدا. یەکەمیان، لە وەرزی بەهـار و جەنگەی بانەمەڕێ و ئەوی تریان، دەکەوتە مانگی ڕەزبەرێ کە خێڵ دێتەوە بەرەو خوارێ.

نابـێ ئـەوەش لەبیر بکەین کـە داروداهاتـی خەڵکی کورد بەگشـتی لەڕێگەی ڕەوەندایەتـی و تەرشـداریيەوە دابیـن دەکـرا. هەر لەبـەر ئەم هۆیە بوو کـە تەواوی بیروهۆشـیان تەرخانی ئاژەڵەکانیان دەکرد. کوردەکان ڕۆن و پەنیری سـاڵانەی خۆیان لە شـیری مەڕێ دەگرت. شـیر و خوریيەکی زۆر و چەندین سەریشیان مەڕوماڵات بۆ فرۆشـتن دەبردە شاری؛ ئا بەم شێوەیە دەیانتوانی پارەی پیتاکی ساڵانەیان دابین کەن و جلومل و شـتومەکی ماڵێی پێ بکڕن؛ بۆیە سـەیر نییە ئەگەر بڵێین گەرمێن‌وکوێستانی خێڵات، ڕووداو و جەژنێکی گرنگ و گەورەیە لە ژیانی خەڵکی کورددا.

## له هەواران

هێشــتا زۆری مابوو بگەینە سەرچاوەی کوێســتانێ کە ئەو گەنجانەی وا بۆ چەند کیلۆمیترێک لەتەکمان هاتبوون، جێیان هێشــتین و گەڕانەوە. سەرشوان و ئاواڵشوانی پرێســکە بەکۆڵیش، مەڕی و پێبەپێی مێگەلێ دەڕۆیشتن. ئێمە کە ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لەبەر بوو، بەئانقەســت مەودایەکی کەممان دەبڕی تاکوو مەڕەکان شــەکەت نەبن و بتوانن بە ئاســانی جێگۆڕکێ بکەن. مەڕومالآت قەتارەیان بەســتبوو. لە هەندێ جێگەش دەوەستان و دەحەسانەوە.

لەو کاتەدا کە لە شوێنێک ڕاوەستاینەوە بۆ ئەوەی مەڕەکان لەکار بن و بحەسێنەوە، باوکم کە سەرشــوانی مەڕداران بوو هــات و دیاریی وانی لەنێومانــدا بەش کرد. لەنێو دیارییەکاندا، نان، گۆشت، گوشمە و هەڵوای تێدا بوو.

بــە دەم ئاژۆتنــی مێگەلــێ، شــوانەکان باوکمیان پرســیارکوت دەکــرد؛ یەک لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو کە لە ڕۆژێدا چەند جار پێویستە مێگەل ڕاوەستێتەوە، بچەقێ و مۆڵ بدرێ. جا هەر بۆ ئەو قسانە، شەوێش بە کۆڵێک پرسیاری ترەوە دەچووینە لای و لە بەردەم تەمێ و ئامۆژگارییەکانییەوە هەموو دەبووینە چاو و گوێ.

لــە جێهــەواران زۆر بەتەنیا نەمابینەوە. چوار ڕۆژی پێ نەچــوو کە خێوی مەڕی بە ماڵومنداڵەوە هاتن. بارگەوبنەیان خست و هەر لەوێ ڕەشماڵیان هەڵدا. ئەم ڕەشماڵانە لە چوار پێنج کوێنی لێکدوورواو سازکرابوون و ئەوەندە وڕاق بوون کە چەندین ئۆرتە و بەستیر، بەڕە و تەشکەبەڕە و لباد و لاکێشیان تێدا ڕاخرابوو. هەندێ لەم ڕەشماڵانە لاپەڕ و هەندێکی دیکەشیان تێکپەڕ لە لانزاران و بەر پەساران و لەپەنا کانیلکە و کانیاوانەوە بە زەویدا شەتەک درابوون.

ماســییەکی زۆر بەنێو تەنــکاو و ڕووباری ئــەم مەڵبەندەدا دەســووڕانەوە، کە لەو وەرزەی ساڵدا دەهاتنە سەر ڕووبەری جۆگە و جۆگەلان و بەنێو گۆم و گۆمیلکاندا لوور و بناو دەبوونەوە. منداڵەمەڕداریش هەر لە ســیوادی ڕۆژێوە تاکوو درەنگانی شــەوێ، لەنێو هەوای سووک وســازگاری کوێستانێدا یان خەریکی کایە دەبوون، یا ئەوەی کە دەچوونە ڕاوەماسی و گژوگیاکردنێ.

ژیانی ئێمەی شوان هاوچەشنی ژیواری مەڕداران نەبوو. بەگ و مەڕداری کوردیش لە ئازاردانی ئێمەمانان چییان لە ملوکان کەمتر نەبوو. لێرەش هەر چارەڕەش و چەوساوە بووین. زۆرکەڕەتان بەبێ کاڵە و پێتاو بەنێو دڕکوداڵ و سندەگڵاندا دەهاتینە کوێستانێ. زۆرجــاری وا هەبوو کە جلەکانمان لە پنچکی داران هەڵدەچەقا و تیتۆڵی پێوە نەدەما. ناچار هەر وەک سەرێنی ملووکان بە توێی بڕوبزگوڕەوە ڕامان‌دەبوارد.

بەپێچەوانەی نێوماڵی گەورەماڵان، پۆڕکی ئێمە سڕوسیپاڵێکی وای تێدا نەبوو. هیچ دوور نەڕۆم ئەگەر باســی خۆم بکەم دەبێ بڵێم لە داری دنیایە ئەوەی هەمبوو و نەمبوو کەپەنکێک بوو وا شــەوانە بەبان شــانمدا دەدا و هاوکات، جگە لە تەلیســەخوێیەکی بچووک و پرێسکەنان و کیتەڵەیەکیش، هیچی ترم بە خۆمەوە شک نەدەبرد. زۆرجار بۆ قاپەشیرێکی ڕووم لە شوانەکانی تر دەنا. هەرگیز نایەتە بیرم کە لەو ماوەیەدا چەشکەی چێشتێکی چەوروگەرمم کردبێ. کەچی سەرەڕای ئەو دۆخە ناخۆشەی کە تێیدا بووم،

بەرێچوونم لەوانی تر باشتر بوو. بۆ وێنە، بە دوو سێ حەوتوویان جارێک، ئیزنی ئەوەم هەبوو سەرێک دەبەر ماڵێ بنێمەوە و دەستاوی گەرم و چێشتی بەتاموخوێی دایکم بخۆم. بەپێچەوانەی من، باوک و براکانم کە لەم هەڵەمووتە هەزاربەهەزار و ڕژد و ڕکە و تووڵەڕێیانەی وا بزنیش پێیاندا هەڵنەدەگەڕا، شوان بوون، تەنانەت مانگێ جارێکیش چییە ئیزنی چوونەوەماڵیان پێ نەدەدرا.

جگە لەوانە، هەرکات بەرخێک نەخۆش کەوتبا، یان لاقی شکابا لە گوێدرێژەکەم دەنا و لەگەڵ بڕێک بارگەوبنەی تر دەمهێنانەوە گوندی، بەڵام ئەم دەرفەتانە بۆ شوانەکانی تر نەدەڕەخسا، بە جۆرێک کە ئەوان تەواوی شەو و ڕۆژیان لە چیا ڕادەبرد و ڕاخەریان زەوی بوو و پێخەفیشیان ئاسمان.

کاتێ باران دەباری یان ئەودەمانەی کڕێوەی دەکرد، خۆم لەنێو کەوێڵ و کەلێنەبەردی شێداردا دەشاردەوە و بە جلوبەرگی خووساو و دوور لە تینی ئاگر، ماوەیەکی زۆر لە سەرمان وا هەڵدەچۆقیم کە ددانم یەکتریان نەدەگرت.

ئەگەر زۆرتر بپەرژێمە سەر باسی شوانی و چۆلەوانی، دەبێ بڵێم جاری وا بوو چەند حەوتوو و تەنانەت چەند مانگی ڕادەبرد کە لە چوار نکالانڕا نە هەستێک دەبیسرا نە سریوەیەک دەهات، نە مرۆڤێک بە لاماندا ڕادەبری و نە باڵندەیەک بە بانماندا هەڵدەفڕی. کەچی بەو حاڵەشەوە، داڵی مەرگ لەپەستا بە سەرماندا دەسووڕایەوە و دۆخێکی پڕ لە مەترسی و ژیانێکی دووبەختەکی بەرۆکی گرتبووین؛ ئێمە هاوکات دەبووایە ڕەوەی مەڕ لەبەرانبەر هێرشی گورگ و دزینی جەردانددا بپارێزین. جگە لەوە، نەهێڵین ڕان بکەوێتە ژێر هەرەسی ڕنوویان و لەبن کڵێڵە و هەسەما ندا قڕانی تێ کەوێ.

سروشتی ناوچەکە وا بوو کە زۆرجاران تاوێرەبەرد لەسەر شاخانەوە بە دەنگێکی سامدارەوە جاڵە دەبوونەوە و چی لەسەر ڕێیان با، ڕایان دەماڵی.

ڕۆژانە ژوورک و ڕژدانمان دەبڕی. شەوانەش مەڕمان لە لێواری هەڵدێر و زێواری

هەڵەتـــان دەگێڕاوە و وریا دەبووین تا نەکا کابرای خاوەنڕان زیانێکی بەرکەوێ. لەگەڵ ئەوەشا، ئێمەی کەرکوڵ وبارسووک گۆرانیمان دەچڕی و بە فیتەفیت و بەبێ سڵەمینەوە، وەک بزنەکێــوی لە ڕەوەزێکــەوە بۆ ڕەوەزێکی تر بازبازێنمان دەکرد. زۆر ســاتان کە دەمانڕوانییە هەڵدێر و چەم و ئاوی بەرەژێرمان، لاکەی سەرمان دەهات و ترسمان ڕێ دەنیشت.

لــەو شــاخ وداخانــەدا بوون ومانمــان بەند بــوو بە تاڵــە موویەکەوە و بــەردەوام ناخۆشی و نەهامەتیمان دەهاتە ســەر ڕێ.کەچی بەو حاڵەشەوە، ئەوەندە گورجوگۆڵ و کوڕڕەهەســت بووین کە ئەگەر لە شەووڕۆژدا، شــتێکی نامۆمان لێ نزیک ببایەوە، دەمانزانی و ئەوەندەش زیت و کوڕڕەگوێ ببووین کە تەنانەت دەنگی نزمیش دەهاتە بەرگوێمان.

## کایەی ئێمە

هەڵدەکەوت کە ئاواڵشوان و چووکەشـــوان مەڕیان تێکەڵ دەکرد و یەکحەوشە و یەکئاور دەبوون و تا دەگەیشتە وەختی لێکهەڵاواردنێ، کایەی سەیر و سەرنجڕاکێشیان پێکـــەوە دەکرد. ئەمن بەش بە حاڵـــی خۆم لە تافی منداڵییەوە زۆربـــەی ئەو قومارانەم دەزانی و ئەوانەشی کە خۆڕسک و لەخۆوە دادەهێنران، زانینێکی وایان پێویست نەبوو. گەلێک جاران کایەکان بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ کۆتاییيان پێ دەهات، بە چەشنێک کە دەست لەنێو دەســـتی یەک، بە هەوای قامەکان گەڕی داوەتێ دادەگیرسا و پاشانەکێ ماڵاوایی لەیەک دەکرا. یەکێک لە گۆرانییەکانیش ئەوە بوو:

هـۆی شـوانەی دڵشـــکاوم — خەمبـــــار و لێـــقەومـــاوم
شـوانمان نـــاوی عەلییـــە — مـەڕی بـــۆ شــاخ بردییـــە
هـۆی شـوانەی دڵشـــکاوم — خەمبـــــار و لێـــقەومـــاوم
شمشـــاڵت زەردوزۆڵـــــە — دەنگـــی دێ وەک دەهۆڵـــە
جـــــەرگ‌ودڵ دەلاوێنـــێ — هەرکـــە تێـــی دەتوورێنـــێ
هـــۆی کیژۆڵـەی شـــلومل — چـــاوت ڕەشـە و پڕ لـە کل
شـــــەوورۆژم حـــەرامـــە — بـــۆ ئـــەو توولەنەمـــامە
ئامـان هـــۆی نازەنینـــم — نــــازداری خوێنشیـــرینـــم

جگە لەوانە، ئەو گۆرانییە کۆنانەمان دەگوتنەوە کە باســی مێرخاســی و گەڕناسیی کەڵەمێــر و جوامێرانی هــۆز و نەتەوەکەمانی تێدا بووایە؛ بەســەرهاتی ئەو پیاوە ئازا و نەبەردانەی شەڕیان لەســەر ئاران و زۆزان و لەوەڕ و پاوانان کردبوو و بستەزەوییەکیان نەدۆڕاندبوو، یان ئەوەی کە لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەخت کردبوو.

لەنێــو مێگەلەکانماندا، لە خەرتە و بەرانی چەقــەسرۆ دەگەڕاین بۆ ئەوەی تێکیان بەردەین و بە دەم ســەیرکردنیانەوە، پشوویەک بدەین. لە کۆتاییی شەڕەبەرانەکەدا، ئەو شــوانەی بەرانەکەی نەبەزیبایە، گۆی گرەوی دەبردەوە و دەبووە براوەی شەڕەقۆچانێ. ئەوەش بڵێم کە ئێمە ئەو شــتانەمان بە دزی دەکرد، ئاخر خاوەنمەڕەکان نەیاندهێشت مێگەلان لێک نزیک کەینەوە؛ چونکە دەترســان بــەم کارانە ماڵاتیان تێرلەوەڕ نەبێ و جوان گۆشت نەگرێ.

لە کاتی تەنیاییدا شمشاڵی دەستمان ئۆخژنی دەخستینە دەروونێ و بۆ ئێمە گەلێک بەکەلک بوو. شمشــاڵمان وا وەزمان هێنابوو کە جاری وابــوو بە هەوایەکی خەمناک مەڕەکانمان پێ حەوەشە دەدا، یان بە هەوایەکی تر دەمانبردنە سەر ئاوێ، یان ئەوەی کە بــە ئاهەنگێکی هۆهۆ، مەڕی لاوەکی و بەجێماومان بانگ دەکردەوە. بە دەم ئەوانەوە، وردەوردە بەزمــی دیکەش فێر ببووین. بۆ وێنە کە بەرغەلمان ئاو دەدا، هەوایەکمان بۆ لــێ دەدان کە لە کاتی مەڕخوێدانێ نەمانژەنیبوو. بەم جــۆرە، پەزیش زۆر زوو لەتەک دەنگی شمشاڵ ڕادەهاتن و ئاهەنگەکانیان لێک جیا دەکردەوە.

## پاییز و جەژنی بەران تێبەردان

گەرمێن وکوێستانی کوردان شتێکی خوت وخۆڕایی نییە. لەو مەڵبەندەی ئەوان بە سەرییەوە نیشتەجێن، بەهاران، تەبارە بەفری سەرکاوان لەچاو بەرکاوان درەنگتر دەتوێتەوە؛ بە جۆرێ کە چوونەوەی بەفر سەرەتا لە قەدپاڵ و بنارانەوە دەست پێ دەکا و دواتر دەگاتە تیرەگە و تیرەگەشان. لەگەڵ ئاوبوونەوەی بەفر و ئەنگووتنی تەبەقی زێڕینی ڕۆژ، گژوگیا نێوجەرگی زەوی هەڵدەدڕێ و شینایی بست بە بستی زەوی دادەپۆشێ. سروشتی ئەو ناوچەیە بەو جۆرەیە کە لە پێدەشتان جارجارە نەرمەبارانە و کەڕەتی واشە شەستەڕەهێڵەیە؛ لە بەرزایی و بەفرەسەرانیش ئەوەی دەبارێ بەفرەخۆرەیە.

ڕەوەند مەڕومالاتیان دەبەنە چیای سەرکەش و ئەو شوێنانەی لەوێندەرێ بەفر درەنگتر دەتوێتەوە. لە پاییز و نێوەڕاستەکانی مانگی ڕەزبەرێشدا، لە کوێستانێ دادەگەڕێن بەرەو گەرمێنێ و بەرەبەرە شاخە بەفرین و بەرزەکان جێ دێڵن و لەگەڵ مێگەلان بەرەو خوار و واری پێشوویان شۆڕدەبنەوە. دەبێ بڵێم لەوێ ئەو پرۆپووش و گیاوگۆتەڵەی کە لە هاویندا وشک دەبن، خۆڕوو دەڕوێنەوە.

لە ئاخروئۆخری پاییزێ، مێگەل بەرەو ئەو شوێنانە دادەگەڕێ کە هێشتا بەفری

لێ نەباریوە و بێتوو لێشی ببارێ، زوو دەتوێتەوە، بەڵام لەو ساتەدا بەفرەکە ئەوەندە نییە کە پێدەشتانیش داپۆشێ.

کوردەکان زۆریان پێ خۆشـە کە دەگەڕێنەوە زسـتانەهەوارێ؛ چونکە لەوان وایە کوێستانیان بە خۆشـی بڕاوەتەوە و مێگەلیان بە ساخی گەڕاوەتەوە. جگە لەوانە، شوان شەرتیان دەپەڕێ و بەراتیان دەدرێتێ.

ڕۆژی گەڕانەوە لە کوێسـتان وەکوو ڕۆژی جەژنی بەهاران نایەتەوە و جموجووڵی کەمتری تێـدا بەدی دەکرێ. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان ئـەوە بێ کە گۆڕانی وەرز لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی خەڵکەکە شوێنەواری قووڵ دادەنێ. ئەو کاریگەرییەش بە هاتنی ڕۆژانی دڵگیر و ئاسمانی هەورینی پاییز زۆرتر هەستی پێ دەکرێ.

بە بڕوای من بوونەوەرەکانیش هەسـتیان بەو ئاڵوگۆڕە دەکرد. کاتێک لە کوێستانێ مێگەلم قوڵەپێچ دەکرد بەرەو ئارانێ، دەتگوت لە کۆتاییهاتنی ڕۆژە خۆشەکانی هەوارێ ناقایلن و گەرەکیان نییە بگەڕێنەوە نێو گەوڕ و ئاغەڵی تەنگەبەر و پشتیری داخراو و هەتا دەگاتە مەرگی پیرەزستانێ لە سروشت و ئازادی بێبەش بن.

ژنـان بە دەم هاتنەخوار لە ژووران، دەکەوتنە باسوخواسـی گـوزەران و یەکدییان سـەبارەت بە چۆنیەتیی تێپەڕینی هاوین و هەوار پرسـیارباران دەکرد. ئەوجار دەهاتن و دەسـتیان دەکرد بە حیسـابان کە داخوا هەر کامیان چەنـدەی ڕۆن و پەنیر گرتووە و مریشکیان چەندەی هێلکە کردووە و چەندی جووجکە هەڵێناوە. لێرەدا، ئەگەرچی ژار و نەدارەکان مەڕ و ماڵاتێکی کەمتریان هەبوو، بەڵام لەچاو ساماندارەکان بەکارتر بوون و بەروبوومیان زیاتر بوو؛ هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دەوڵەمەندەکان پێیان هەڵدەکاڵین.

با ئـەوەش بڵێم کە هۆزانـی کورد سـەرپاکیان خەریکی ئاژەڵـداری بوون و لەم ڕێگەیەوە بژیوی خۆیان دابین دەکرد؛ ئەوان بە کشـتوکاڵەوە سەرقاڵ نەبوون و بۆیەش ناچـار دەبوون دانەوێڵەی سـاڵانەیان بکڕن؛ بەم هۆیەوە نرخـی دەغڵودان لایان زۆر

گرنگ بوو. بۆ ئەو مەبەستە پیاوانی خێڵ خەمیان لەو شتە دەخوارد و مەزەندەی ئەوەیان دەکرد کە دەبێ چەندە ڕۆن و پەنیر و خوری بفرۆشن تا بە پارەکەی گەنم و جۆ بکڕن. جگە لــەوە دابینکردنی تفاقی زســتانێ بۆ ئەوان چەرمەســەریی خــۆی هەبوو. بێتوو کۆچــەران نەیانتوانیبا لە هاوینێدا گیا و گزرە بۆ وەرزی زســتانێ داخەنەوە، دەبووایە بە سارد و سەرمایە زیندەواریان بە ئاقاری گوندەوە بێ و دانەکرێ.

لەلایەکــی دیکەوە، پڕوپیرێژن ئــەو لەچکــە، دەرزی ودەزوو، قۆبچە و دەرزیلە، خەنــە و شــەقارتانەی لــە چەرچییــان کڕیبوویــان، پێشــانی یەکــتری دەدا و خۆیان پێ دەنواند. کوڕوکچیش بوخچەی دڵیان هەڵدەڕشت؛ ئەوان لای یەکتر باسی دۆست و دەســتگیرانەکانیان دەکرد و دەکەوتنە ڕا و تەگبیری ئەوەی ئایا لەگەڵ کابراوحەیرای دۆســتیان زەماوەندێ بکەن یا نا. هەروەها، باســی ڕۆژانی خۆشی هەوار و مەڕ و بێر و هاوێریان دەکرد؛بەسەرهاتی بەڵێن و کەلێن وکولێن و ئاژوانی بەرەوەژوان و سووکەژوانی کوێســتانیان دەگێڕایەوە؛ ئەو کانیاوانەیان دەهاتەوە بیر کــە تینگیان پێوەنابوون. جگە لەوانە، خەیاڵیان بەنێو ئاسمانی مانگەشــەواندا دەگەڕا و بەپەنا ئەستێراندا دەخوشی و دەچووە سەر خۆدزینەوە و شەوەژوانی بن پەناوپەسیوان و نێو مێرگ و مێرغوزاران.

کوڕوکاڵ بە دەم نارەنار و گۆرانی گوتنەوە، گۆڤەندیان دەگێڕا. ئەوجار ناوی خوایان لێ دێنا و سۆزیان دەدا تاکوو دەچنە ژێر بارستی گڵێ بۆ یەک بژین و بۆ یەک بمرن؛ هەر لەبەر ئەم شەرتوقەرارەش بوو کە لە ئێستاوە خەون و خەیاڵەکانیان دێنایە بەرچاویان. کیــژان دیاریی کوڕەحەیرانێیان وەکوو ئەنگوســتیلەی زێو، ئاوێنــە و متوموورووی ڕەنگاوڕەرنگ، لای دەستەخوشــکانیان وەدەردەخست. لاوژانیش دەسرۆکە، جزدانی زەنگیانەبەند، جلوبەرگی هاوریشــمی، گۆرەویی بەن و هەموو ئەو شــتانەی وا لەگەڵ گراویی خۆیان گۆڕیبوویانەوە، پێشانی دەستەبرایان دەدا.

لەم مەڵبەندە، وشکەگیا، گەڵای زەردهەڵگەڕاو، گوڵی ژاکاو، ئاسمانی کەوەڕەنگ

و بای خور و کزەبا، هەموو وێکڕا بەدیار هاتنی زستانەوە دانیشتبوون و دەرگەیان لەسەر گازەرای پشتێ بۆ ئاوەڵە کردبوو.

ئەوەی گوترا، داســتانی ئەو کوردە کۆچەرانە بوو کــە داروماڵیان بە ڕێوبانی قوڕ و چڵپــاو و بەردەڵاندا لێ دەخوڕی و بەرەو زســتانەهەواری خۆیان ئاوا دەبوونەوە. کاتێ دەگەیشــتنەوە ماڵان، ژنومن شــتومەکیان لە وڵاخان دادەماڵی و بەر لە هەر شــتێک کەلوپەلی گەڕاوەی شــاخیان تاقەت دەکرد. ئینجا، مەڕەکانیان بە چاوئەژمێران بەســەر دەکردەوە. دواجار، ملیان دەبەر ملی کاروباری ماڵەوە دەنا.

پاش قەدەرێکی، دەبــووە بەرەبەری جەژنی بەران تێبەردانــێ؛ بۆنەیەک کە پتر لە هەمــووان بەراتخۆر پێی خەنی دەبوون؛ چونکە کاروباریان بنەی دەهات و شــوانانە و کارانەیان دەدرایە. لەم وەرزەدا و لەنێو حەوشەیەکی پەرژینکراوا، شەکەبەرانی جوان و قەڵەو و خەرتی توندوتۆڵ و بەخۆوەیان لە مەڕێ دەکرد؛ تاکوو نێران تێیان بەربن و مەڕ و مێچکانیش بەران بگرن و لەگەڵ بەهارێ زەویان بێ.

کاتێک مەڕ و بەران لێک دەدرێ، مەڕدار وەک ئەوەی زەماوەندیان بێ، فیشەکی خۆشــی هەڵدەتۆقێنن. نان وچێشــتی جۆراوجۆر لێ دەنێن. لــە خەڵکی دەگێڕنەوە و ڕەشــوڕووت و بەلەنگازان نان دەدەن. لەو جەژنەدا کەنیشک و کناچێ لەچکەیەک لە ملی بەرانێکی دەهاڵێنن؛ ئەو گەنج و لاوانەش کە گیرۆدەی خۆشەویســتین، لەچکەی یارکۆڵەیان، لە ملی بەرانەکە دەکەنەوە و بۆخۆیانی گل دەدەنەوە. کاتێ دایکان وباوکان دەڕوانــن و دەبینن کامــە کوڕ لەچکەی کچیــان هەڵدەگرێتەوە، بۆیــان دەردەکەوێ جگەرگۆشەکەیان لە کوێســتان، بەڵێنیی بە کامە کوڕ داوە و دەیهەوێ مێردی پێ بکا. جا بێتوو گەورەی ماڵێ بەم کارە قایل بووبا، ماوەیەک دەبوونە نیشــانەکراوی یەکدی و پاشانەکێ زەماوەندیان بۆ دەگێڕان.

وردەوردە جەژنی بەران تێبەردان کۆتایی پێ دەهات، خەڵات وبەراتی شــوانانیش دەدرا؛ سەرشــوان هەشــت نۆ مەڕی دەکەوتێ و ئاواڵشــوانیش، ســێ تا پێنج سەریان دەدایە. بەپێی ڕێوشوێنی ئەو مەڵبەندە، لە هەر بیستوپێنج سەر مەڕ، سەرێکی دەدرایە شوانەکە. جا ئەگەر مەڕدارەکە دووسەد تا دووسەدوپەنجا سەری هەبووایە، شوانەکە دە، یان پازدە ســەری پێ دەبڕا، کەچی ئەمە لەچاو ئەو هەموو تاڵی وسوێرییەی وا کابرای مێگەلەوان دەیچێشت، هەر هیچ نەبوو. جگە لەوە، مەڕدارەکان بە بارێکی تردا ئێمەیان بەســۆخرە دەگرت؛ ئەوان جیا لە حەیوانی خۆیان، مەڕی دراوســێکانیان لەبەرانبەر بڕە پارەیەک وەردەگرت و لای خۆیان دادەمەزراند، کەچی ئێمە لەو دەسکەوتە هیچمان بەرنەدەکەوت؛ ئا بەو حاڵەش دەبووایە دووسەد تا سێسەد سەری ئەوانیش باژوێینە بان ئێلاخان.

ئەگەرچی خــەڵات وبەراتەکەمان شــتێکی ئەوتــۆ نەبوو، بەڵام لەچاو ســەرێنی ملووکان، ئێســتاکە لای کوردەکان دڵاســوودەتر و خۆشــبژیوتر بووین؛ هەرچی بێ کوردەکان قیچــەک ویژدانیان هەبوو کە بــۆ مەڕێکی منداروەبــوو و گورگلێدراو لە بەراتەکەمان هەڵنەگرن. کەچی بەپێچەوانە، ئەوەندە دەسەڵاتەشــیان دابووە شــوانان تا وەنێــو مەڕی کەون و بە کەیفی خۆیان پڕدەنە یەکــێ و بیکوژنەوە، کە ئەمەش دەبووە هەتوانێک و زامی پڕ لە ناسۆری ناخ و دەروونمانی سارێژ دەکردەوە.

## مەڕی ئاوەکی و مەرگی براکەم

بـۆ هاوینەکەی تریش هـەر لە گوندی کـەلاڕەش ماینەوە. لەوێ بووینە شـوانی کەسێک بە ناوی بارۆیێ عەڤدێ و بەخێوکردنی مێگەلیمان وەئەستۆ گرت. ئێمە بە دڵ وگیان کارەکانمان ڕادەپەڕاند و باوکمان چی گوتبایە و چ شـتێکی ویستبایە بەگوێمان دەکرد. ئەو ئێستاکانێ پیر ببوو و چی تر وەک سـاڵان شـوانێتیی پـێ نەدەکرا؛ بۆیە نەماندەهێشـت خۆی زۆر ماندوو کا. باوکم بە درێژاییی ڕۆژ بای باڵی خۆی دەدایەوە؛ بە شـەویش، ئەگەر لە ئێمەی ڕانەدیتبایە، خۆی مەڕەکەی شـەوێن دەدا. ئەو بەردەوام تانووتی لێ دەداین:

«لاوەکان خەوۆک و شەوکوێرن و ناتوانن تاکوو بەیان بەخەبەر بن... دز و جەردەش بە چەکەوە دێن... دەچنە زگ مەڕی و بۆرانپێچی دەکەن».

ئەوەشی دەگوت:

«شـەوانە، گورگ زۆر ئاسـان لـە مێگەلـێ دەدا و نابێ بە هیـوای حەپەحەپ و حەوحەوی سەی خوێڕی بن».

شـەو کە دادەهات، باوکم جوان خۆی دادەپێچا. تاپڕەکەی دەکردە شـان و بە دەم

فیکەلێدانەوە وڵاتــی بەتاقی دەکردەوە. ســەی هەڵتووتەکاو و وەرکەوتووشــی قوت دەکردنــەوە. لەنێو ئەم گەماڵانەی وا هەمانبوون، بێلاس لــە هەمووان بەوەفاتر بوو؛ ئەو کلکەسووتەی بۆ باوکم دەکرد و بەردەوام لەگەڵی بوو.

ڕۆژێــک کە لەخەوێ هەســتاین، دیتمان برۆ لە ماڵێ نەماوە. ســەروبنی وڵاتیمان لێکدا، کەچی نەمانزانی داخوا ئاسمان هەڵی کێشاوە یاخۆ عەرز قووتی داوە. دوای ئەو ڕووداوە هەر من و دەروێشــی بــرام، دەچووینە بەر مەڕان. چەند ڕۆژ و مانگ بە دوای یەکا تێ پەڕین، خەبەر هات کە برۆ لە کوێرەدێیەکە و لەوێ بە شوان دامەزراوە.

دوای بیســتنی ئەم هەواڵە، دایک وباوکم خۆیان ساز کرد و چوون بیهێننەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە لە بەریدا شل‌وکوت ببوون، برۆ بەقسەی نەکردبوون و گوتبووی کە لە ماڵێکی زۆر و برسی و تینوودا ناحاوێتەوە و چاکتر وایە خۆی خەریکی کارێک بێ تا بەشکم بتوانێ بەشی نانەزگەی پەیدا کا؛ ئیدی وای لێ دێت کە هەر ئەوان دەیلێن و برۆش نایبیسێ!

هاوین بەهاتوبات بوو، کەچی پاییزمان ڕووی کردە نەهاتی و تووشی گەلێک قۆرت و چۆرتمان بووینەوە. لەو کژەی ســاڵدا، ســێ ســەر مەڕمان لێ ون بوو. باوکم کێوماڵ نەبوو نەیکا و بن بەرد و بن دار نەما نەیگەڕێ، بەڵام ئەم گشتە گەڕان و پشکنینە هیچی لێ شین نەبۆوە. دنیامان لێ وێک هاتبوو و دەراوێکی ڕوونمان بە خۆوە شک نەدەبرد. باوکم ناچار بوو بڕوا و داوێنی فاڵگرەوەیەک بگرێ. کابرای فاڵگریش نوقڵانەیەکی بۆ لێ دابوو و پێی گوتبوو وا شوانێک بە ناوی میرزا تەمۆ مەڕەکانی بردووە. بە بیستنی ئەو قســەیە باوکم دەچێتە لای میرزا تەمۆ بۆ ئەوەی داوای مەڕەکانی بکاتەوە و زیانەکەشی پێ ببژێرێ. لە وڵامدا، تەمۆی بارکەوتە، ســوێندی بــۆ دەخوا کە کاری وای نەکردووە، بــەڵام چونکە باوکم بەقای بە قســەی کابرای فاڵبێــژ کردبوو، لە حەیفــان خۆ لە ماڵە مووسابەگی سەرخێڵی میرزا تەمۆی داوێ تا کێشەکەی بۆ چارەسەر بکا.

مووســـابەگ کەسێکی بەبڕشــت بوو و چی حەز بکردایە دەیکرد؛ ئەو بەر لە هەر شتێک و بۆ ئەوەی دەرفەتی چاوپێکەوتن و گوێگرتنی بداتێ، بەرخێکی داوا کردبوو. باوکیشــم ئــاوی لێ نەخواردبۆوە و ویســتەکەی لەســەر چاوی دانابوو. ئــا بەم جۆرە توانیبووی بیبینێ!

ئەو بە مووســابەگی گوتبوو کە بەگوێرەی قسەی فاڵبێژ، میرزا تەمۆ سێ سەر مەڕی لێ دزیوە. تەمۆی تەشقەڵەپێکراویش، سوێندیان بۆ دەخواتەوە، بەڵام ناتوانێ تاوانەکە لە ملی خۆی دارنێ.

دواجار، مووسابەگ بە زۆری سێ سەر مەڕ لە میرزا تەمۆ دەستێنێ و لەجیاتی بیاندا بە باوکم، دەیانبا بۆ خۆی. باوکم کە لەو ســەودایە دۆڕاو و دڵشکاو بوو، دووسێ جاران چووە لای بەگ بۆ داوای مەڕەکانی، بەڵام مووسابەگ هەموو جارێ خۆی لێ دەخستە سەر گازی پشــتێ و لێی دەکردە هەڕوگیف کە ئەگەر بێتوو لەسەری بڕوا و پێی لەوێ نەبڕێتەوە، دەیگرێ و ســەگ بەحەســاری پێ دەکا. باوکیشــم کە لێی ڕوون بوو بەگ هەموو شتێکی لەدەست دێ، ترسا و وازی لێ هێنا.

ئێمــە دڵنیا بوویــن مەڕەکانمــان لێ بزر بووە و لێشــمان ســوور بوو کــە بەراتی ئەوســاڵمان دەچێ و سەگ وشوانمان وێکڕا دێتەوە؛ بۆیە ناچار بووین بۆ دوایین جار هەڵتەکهەڵتەک بڕۆینەوە و بە پێ‌وپلی بەگدا بنووسێین تا بەڵکوو مەڕەکانمان بداتەوە، کەچــی لە ئاکامدا ئەوەی وەرمان‌نەگرتەوە، وڵام بــوو! لەمەولاوە بوو کە قۆرت و گرێ یەک بە دوای یەک وەک لێزمەی بارانی بەهاری بە سەرماندا دەباری.

دەمەو پاڵێنێکی خۆشی پاییزی بوو. لەگەڵ باوکم و دەروێشی برام دانیشتبووین و خەریکی خواردنی نان وچای ئێوارێ بووین، کە ڕێبوارێکی کەسنەناس لەم لاوە هات و یەکسەر لای دایە لامان. بەو پێیەی خەڵکی کورد میوانگرن و ئەو دابە نەک هەر لەنێو ماڵ، بەڵکوو لە دەرەوەش ڕەچاو دەکەن، باوکم هەســتا و دەســتی دایە جامەشــیری و

چەند خوشێکی لە گوانی مەڕێ بۆ دۆشی. ئەوجار، دوو سێ نانی جوان و شەربەی ئاو و دەفری شـیری لەپێش کابرا دانا، جێگەی لەسەر لبادەکە بۆ خۆش کرد. دواجار، لێی پرسی چی پێویستە و چلۆن دەتوانێ یارمەتیی بدا.

کابرای غەوارە لە وڵامدا وێڕای سـپاس و دەسخۆشـی، گێڕایـەوە کە ماوەی چل ڕۆژێک دەبێ سێ سەر مەڕ کە هیچ ناسیاوییەکیان پێیانەوە نییە، ئاوەکی بوون و ڕەگەڵ مەڕەکانیان کەوتوون. ئەویش گەڕاوە و پرسـیاری کردووە بـۆ ئەوەی بزانێ ئەو مەڕانە هینـی کێن. ئاخرێکـەی پێیان گوتووە ئەوانـە هیی ئێمەن، ئەویش هاتـووە تا پێمان ڕابگەیەنێ.

بە بیستنی ئەو هەواڵە شاگەشکە بووین و نەماندەزانی چۆن و بە چ زمانێک سپاسی بکەیـن و چلۆن وڵامی ئەو چاکەیەی بدەینەوە. لەنێو قسـاندا بوو کە بۆمان دەرکەوت کابرای میوانیش وەک خۆمان شـوانێکی بێبەراتە. هەروەها زانیمان کە ئەویش وەکوو ئێمە تووشی وەها کەندوکلۆیەک بووە؛ بۆیە فەقیرە لەسەر خۆیەوە زگی پێمان سووتاوە و لەوێڕا هاتووە تا لەم شتە ئاگادارمان کاتەوە.

بۆ ڕۆژی پاشـێ لەگەڵی ڕۆیشـتم تا مەڕەکان بێنمەوە. کاتێک گەیشتینێ، شوان و ئاواڵشوان هاتنە پێش و داوایان لێ کردم مێگەلێ بپشکنم و مەڕەکانم هەڵاوێرم. منیش کە لە دووروڕا لەو مێگەلە فرەسـەرە وردبوومەوە، هیچی خۆمانم نەدەهاتە بەرچاو؛ دەسا چوومە سـەر گاشەیەک و ئەمجارە دەموجێ سێ سەرم دیتن کە لاتەریک دەلەوەڕان. دوای ئەوەی پەزی خۆمانم لەنێو ئەو هێشتەدا دۆزییەوە، شوانەکان ئافەریمیان دامێ و لای خۆیان وەک شوانێکی سەرناس و دۆڕناس هێنایانمە ئەژمار.

ئەوان بو خواردنی گۆشـتی برژاو ڕایانگرتم و نەیانهێشت بڕۆم. زوویەکی چوون و بەرخێکی قەڵەویان سـەربڕی. جوانوقازاخ کەوڵیان کرد، گیای بۆنخۆش و سیریان بە گوشـتەکەی وەرکرد و چینێکی تر لـە کەوڵەکەیان نایەوە. دواجار، ئاواڵشـوانەکە

قوڵکەیەکی هەڵکەند، کەوڵ و گۆشـــتەکەی لەوێ خســـت، خۆڵی پێدا کرد و ئاوری لەبان کردەوە. پاش دوو کاتژمێران، خۆڵەمێشەکەیان لەسەر لادا و کەوڵی بەرخەکەیان دەرهێنا و لە سوێنەیان نا.

ئێمەش وا لەگەڵکوو ڕۆژ ببۆوە، نە زەوادی تاشـــتێمان بڕیبوو و نە بەرکولێکیشمان کردبوو، لە برســـانا قۆڕەی زگمان دەهات و بە بۆنی گۆشتی برژاو و عەتری گیاوگۆڵان، ئاو لە دەممان زابوو و هێندەی دی ئێشـــتیامان کەوتبووە بزاوتن. خۆمان بۆ ڕانەدەگیرا و نەماندەتوانی بە هیچ جۆرێک لێی بکشـێینەوە. شوانەکان لەلای یەک و بەپێی شوێنی خۆیـــان لە دەوری یەک هاڵابوون. منیش بۆ ئـــەوەی لام نەدابێ لە دابیان و نەمکردبێتە بێەدەبـــی، پێش ئەوان نەچوومە ســـەر نانـــی و چاوەڕێ بووم هەموویـــان بێن و وێکڕا بیخۆیـــن. دوای ئـــەوەی خوانەکەمان ماشـــت، مەڕەکانم وەپێش خۆ دا و ڕاســـتەڕێ گەڕامەوە.

پاش ئەو بەســـەرهاتە، باوکم بە باشـــی زانی ســـەرێکی میرزا تەمۆ بـــدا و لەبەر ئەو بوختانەی پێی کردبوو، لە دڵی دەربێنێتەوە و مووســـابەگیش لەم شتە ئاگادار بکاتەوە. بـــەڵام بەگی بلەوەز کـــە هیچ بایەخێکـــی بە ئێمەی چەوســـاوە و چـــارەڕەش نەدەدا، سەرەڕای دەرکەوتنی ڕاستییەکان، گوێی بۆ هەڵنەخستین و سێ سەر مەڕی میرزا تەمۆی بێبەختیشی وەک گەزومازوو خوارد.

دوای دیتنـــەوەی مەڕەکانمـــان، درۆی فاڵبێژەکـــە لە هەموو جێیەک بـــڵاو بۆوە و لەگرەولا ئیتر کەس بەری بە لاوە نەکردەوە.

هاویـــن ڕابرد و پاییز بە تەم وتەزووی ســـاردەوە تەقتەق دای لە دەرکەی ماڵانەوە. ئەوجار، دەروێشـــمان لێ نەخـــۆش کەوت و ســـەر و کەلەکەی هاتنەئێشـــانێ و ڕۆژ بـــە ڕۆژیش ژانەکەی بەرەو خراپی دەڕۆیشـــت. ئەو بـــە زۆری دەهاتە بەرمەڕی، بەڵام دواجار بڕســـتی لێ بڕا و لەســـەر جێگە کەوت. باوکم بۆ چارەســـەریی ئەو چووە لای

پزیشکێک کە ئەوکات پێیان دەگوت حەکیم. کابرای حەکیم بە باوکمی گوتبوو دەبێ تەندووری گەرم دابێنین و مەڕێکیش کەوڵ کەین، پاشان ڕۆژێ دووسێ جار براکەم لە کەوڵی مەڕەکەوە بپێچین و بۆ چەند ساتێک لەقەراخ تەندووری دابنێین.

دایک وباوکم ڕاســپاردەکانی کابرایان بە وردی ئەنجام دەدا. هەروەها، حەکیمەکە بۆخۆی دووســێ جاران خوێنی لێ گرت و تەنانەت قســڵی لەگەڵ شیری دەکوڵاند و لەبان سینگی دادەنا، بەڵام دەرمانەکانی چارەیان نەکرد و براکەم بەرەبەرە لە مردن نزیکتر دەبۆوە. باوکم ئەوجار بە دڵشکاوی و ناهومێدییەوە چووە لای شێخێک، بەڵام نوشتە و دەســەنەی شێخیش براکەمی خۆش نەکردەوە و لە ئاکامدا دەروێش کۆچی کرد بەرەو شاری خامۆشان!

باوکی ئەژنۆشــکاوم دوای ئەم ڕووداوە ئیتر مێگەلی گەورەی بۆ هەڵنەدەســوورا. ئــەو تەنیا دەچووە بەر قوڵەمێگــەلان و بەم جۆرە دەیتوانی یەکتەن و بەبێ ئاواڵشــوان مــەڕی ڕەعەمەل بێنێ. دوای ئەمانە، باوکم پێی بــاش بوو پەڕی خۆم هەڵاوێم و بچمە شــاری و لەوێ ئیشــێک، جا هەرچی بێ، تەنانەت کارێکی وەک ئاژانی و پاسەوانی بۆ خۆم بدۆزمەوە؛ ئاخر ژیانی چەندین ســاڵەی نەقڕنەپڕی و نەمرنەژێتیی شــوانێتی و دەسندەخۆریی نۆکەرێتیمان چی تێدا بەستە نەبوو و بۆمان نەدەبوو بە نان وئاو.

## له شار و شەڕی یەکەمی جیهانی

دراوسێکانمان خۆیان ساز دەکرد بچنە شاری تا لەوێ بەروبوومی ساڵیان بفرۆشن و بە پارەکەی، شەکر و چا و قوماش و کەلوپەلی پێویستی زستانێ بکڕن.

دایکــم جله دڕاوەکانمی بۆ پینەوپەڕۆ کردبووم و تویشەبەرەشــی بۆ تێک نابووم. چراهەڵکرانان خۆم گەیاندە کاروانی داشــقە و گالیســکان و بە دوو ڕۆژان سەرمان لە قارسێ وەدەرنا.

شاری قارس لەبان بستووی شاخێکی بڵیند ڕۆنرابوو. لەسەر دوندی کێوەکە، دژێکی گەورە دەبینرا و بارستاییەکانی قەراخ شاریش پاکی قەڵابەندی کرابوون. هەمووی ئەم دیمەنە سەربازییانە ببوونە شەقڵێک و بە تەوێڵی شارەکەوە درابوون.

ئەوەی لەم بازاڕەدا زیاتر لە هەموو شــتێک سەرنجی ڕادەکێشام،ماڵی دوو و سێ نهۆمــی، کۆڵانی بەردرێژکراو و باخچە سەرســەوزەکانی بوون. جگــە لەمانە، دووکانە گەورەکانیش سەرســامیان کردبووم، بە چەشــنێک کە دڵم دەتۆقــی بێتوو بە لای ئەم هەمووە شتە جوان و جۆراوجۆرەی نێو جامخانەکانەوە تێپەڕبم و سەراسوێیەکی نەکەم.

بۆ دۆزینەوەی کار، ســەرلەبەری شارەکەم کردبوو و هەر بۆیە زۆر چاک شارەزای قارسێ ببووم.

هەرچۆنێک بوو پاش ماوەیەک گەڕان بێروبەوێدا، لە میوانخانەیەک گیرسامەوە و لەجیاتیی کرێی دیوەکەم، هەموو ڕۆژێ دەرک وبانم بۆ دەماڵین، بەڵام بەو جۆرە نەدەحاوامەوە و پارەکەم وردەوردە دەگەیشتە بنکرێ، بە جۆرێک کە لە بیستوپێنج کوپەکان، شتێکم بۆ نەمابۆوە. ناچار بووم لە کارێکی دیکە بگەڕێم، بەڵام هیچم بۆ نەدەدۆزراوە. وا هات ڕۆژێکیان کەسێک پێی گوتم بڕۆم و سەردانێکی کارگەی بەردی پازاریێ بکەم لە ئالکساندرۆڤایە؛ هەمان ئەو جێیەی چەلان لەوێ شوان بووین. چوومە شوێنی مەبەست و دیتم کارخانەکە مڵکی ئەو ملووکانەیە وا ڕۆژگارێک لەگەڵیان ئاواڵدەرس بووم.

هاوڕێیانی پێشووم یارمەتییان دام و توانیم کارێک لەو کارگەیە بدۆزمەوە. ئیشی من لەوێ ئەوە بوو کە دەبووایە ئەو بەردانەی لەژێر خاک دەرهێنرابوون، بیانخەمە نێو سەندووقان.

نزیک بە سەدوپەنجا کچ و کوڕ لەو کارگەیەدا کاریان دەکرد. ئیشەکە دژوار نەبوو و بەش بەحاڵی خۆم زۆر زوو لەگەڵی ڕاهاتم. ئێمە دەبووایە لەگەڵ زەردەی خۆرەتاو تا زەردەپەڕان کارمان بکردایە؛ لە ڕاستیدا هاوینان نزیکەی یازدە کاتژمێرونیو و زستانانیش دە کاتژمێرمان کار دەکرد، کەچی بەم حاڵەشەوە سێ کوپەک کارانەی ڕۆژێکمان بوو، بەڵام من کە دەمتوانی بەردی چاک و خراپ لێک هەڵوەژێرم، لەگەڵ ئەو سێ کوپەکە، مانگانە دە ڕووبڵی تریشم وەردەگرت.

پاش ماوەیەک، هەر دوو خوشکەکانیشم هێنایە لای خۆم بۆ ئەوەی وەک من لەو کارگەیەدا خەریکی کار بن. کاتێک ئەوان هاتن، خانوویەکمان بە کرێ گرت. گوزەرانمان بڕێ باش بوو و دەمانتوانی چەند کوپەکیش بۆ ماڵێ وەلابنێین.

خەریک بوو دوو ساڵ بەسەر کارەکەماندا تێدەپەڕی کە جەنگی ئیمپریالیستی یان باشترە بڵێم شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێ کرد؛ شەڕێک کە لەودا وڵاتانی

دەوڵەمەند خوێنی وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکانیان مژی و لە پەڕوپۆیان خستن.

پاییزی ١٩١٤، سێهەمین تابووری قەزاقان لە ئالکساندرۆڤا و لەتەنیشت کارگەکەمان جێگیر کرا. منیش چونکوو زمانی ڕووسیم دەزانی، سەردانم دەکردن و زۆر زوو توانیم خۆیان لەگەڵ ڕێک بخەم، بە جۆرێک کە هەموو دەمی شێوان دەیانناردم لە دوام بۆ ئەوەی بچم نانی سپی و قابڵەمە چێشتیان لێ وەرگرم.

یەکشەممۆیان لەتەکیان دەچوومە قەراخ چۆمی و ئەسپەکانم لەگەڵ دەشۆردن و بەم جۆرە چووبوومە نێو دڵیانەوە. کاتێک فەرماندەکەیان بیستبووی کوردی، ڕووسی، ئەرمەنی و تورکی دەزانم، داوای لێ کردم بە مانگانەی بیستوپێنج ڕووبڵی، لەنێو هێزەکەیاندا بمێنمەوە و ببمە دیلمانجیان.

کە خوشکەکانم بەو شتەیان زانی، دایان لە قۆڵپی گریانێ؛ ئەوان گەرەکیان نەبوو بەتەنیا جێیان بهێڵم، بەڵام دواجار بیست وپێنج ڕووبڵەکەم بە ڕۆندکی چاو و مژۆڵی تەڕ و ئاواتی دڵیان نەگۆڕییەوە و ڕەگەڵ قەزاقان کەوتم.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئیزن درام خوشکەکانم بەرمەوە بۆ ماڵ. هەرچۆنێک بێ، ئەوانم گەیاندەوە و بۆخۆشم هاتمەوە نێو تابوورەکە و ملم نا لە کارێ. ئەرکی من ئەوە بوو کە لەنێوان کوێخای گوندان و ئەفسەر و فەرماندەکاندا کاری دیلمانجی بکەم. بۆ ئەوە دەبووایە شارەزای تەواوی ڕێوبانی ئەو مەڵبەندە بووبام و هەروەها تفاقم بۆ چارەوێکان کڕیبا و لەگەڵ بازەرگانان دادوبەستم بکردایە.

حەوتوویەک دوای ئەو بەسەرهاتە، لە کاخیزمانەوە بەرەو ساریبولاخێ کەوتینە ڕێ. لە پێشدا، بە شارێیاندا ڕۆیشتین و دواتر بەرپرسەکەمان فەرمانی پێ داین بە سەختەڕێ و ڕچەی کێواندا لابڕ و سەربڕ تێ هەڵبین. لەو نێوەدا، لەلایەک کاری وەرگێڕانم بۆ دەکردن و لەلایەکی تریشەوە ببوومە چاوساغیان. بڕێ جاریش دەهاتە پێش کە ڕێگەمان لە خەڵکی خۆجێیی دەپرسی.

ئەودەمانەی ڕێمان دەکەوتە کێوپاران، خڕودۆڵ، گەلی و زەردوماهـ قۆڵیان دەکردە قۆڵــی یەک و تێکڕا لاقیان دەدایە بــەر لاقمان، بەریان پێ دەگرتین و نەیاندەهێشــت وا بە ســانایی تێپەڕین. جگە لەوە، ڕێدەرکردن هێندە ئاســان نەبوو؛ چونکە ڕێگەکان ئەوەندە زۆر بوون وا گەلێک جاران سەریان لێ دەشێواندین.

ئاوایی‌نشینانی ئەو مەڵبەندە کە لەژێر کارتێکەریی پڕوپاگەندەی تورکیادا مێشکیان ســواخ درابوو، ڕقیان لە عورووسان بوو و بەم هۆیەوە زۆر کەڕەتان کلاڕێیان دەکردین. جارێک کە ئەفســەرەکان ئەم ڕاســتییەیان بۆ دەرکــەوت و زانییــان خەڵکی کورد و تورکــی ئەو مەڵبەندە بەهەڵەیان بردوویــن و خەریکین هەتلەڕێیان دەپێوین، جێگری فەرماندەکەمان لەخۆڕا دوو قامچی گەیاندە منی بێسووچی بێتاوان.

ئــەو ناوچەیەی پێیدا تێپــەڕ دەبووین، دیمەنێکی دڵڕفێنی هەبــوو، بەڵام دڕپێدان تێیدا زەحمەت بوو؛ زەردوزنار، هەڵەمووتی هەزاربەهەزار و سێڵاوی بەخوڕ، جووڵەیان لێ بڕیبووین؛ ئەسپەکانمان ڕەق ڕادەوەستان، جەنەیان دەکرد و نەیاندەتوانی بڕ کەن.

شەو و ڕۆژێکی لە شاخی ماینەوە. لەوێ لەگەڵ ئەوەی کە چووینە زگ ناڵ و بزمار و قەیارێ، دەستێکیشــمان بە عارەبانەکاندا هێنا و لەپاڵ ئەمانەشــدا، لە نان وچێشت و هێورانی خۆمان خافڵ نەبووین. ڕۆژی نۆهەم گەیشتینە ساریبولاخ و سەرحەدی تورکیا. لەوێ هێز کۆ دەکراوە و دوور لە چاوی دوژمن لە پێدەشــتان خێوەت هەڵدەدرا. پاش چەند ڕۆژ پشــوودان، هێزەکانی ڕووس ســنوورەکانی تورکیایان بەزاند. سێ کیلۆمیتر ئەوبەرتری ساریقامیش شەڕ دەستی پێ کرد. گرمە و شریخەی بێئامانی تۆپ و تفەنگ و ڕەشاشان دنیای تێک وەردەدا و تەواوی ناوچەکەی داگرتبوو.

ئێمە دەبووایە لەپشت چیاوە بۆیان بچین و لای دواوەیان لێ بگرین، بەڵام لە کاتی سووڕدانەوە بۆ گەمارۆدانی تورکان، ڕێگەمان لێ ون بوو. کاتێ بەرپرسە سەربازییەکان بەم ڕووداوەیان زانی، لایان وا بوو فریوم داون و ئیتر متمانەیان بە من نەما؛ کەچی ئەوە

کوردانی کۆچەری مەڵبەندەکە بوون کە هەتڵەیان کردبووین، نەک منی بێتاوان. دوای ئەو بەسەرهاتە هەڵیانپەساردم و حەوت ڕووبڵ پارەشیان لەبری ئەو دوو مانگە بۆ فڕێدام و سەر ئەو چاوەمان!

بۆ من زۆر جێگەی داخ بوو کە ئەو کارە لەدەست بدەم، بەڵام هیچم پێ نەدەکرا. نەمدەتوانی سکاڵایان لێ بکەم و یەخەیان لەبەر دادڕم. هێزەکان وەڕێ کەوتن و منیش لە وڵاتێکی نامۆ و شاخاویدا، تەنیا و بەبێ چەک مابوومەوە. نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بکەم و پەنا بۆ کوێ بەرم! بریسکەیەک هاتە مێشکم کە بگەڕێمەوە ساریبولاخ و لەوێوە بچمە قزنەفەرێ و کاڵەم لە ماڵە مێردی پوورە کۆچکردووەکەم داکەنم.

تێپەڕینی بەتەنیا بەم چڕوکێو و خڕودۆڵانەدا کارێکی مەترسیدار بوو؛ چونکە پڕ بوون لە جڕوجانەوەر و دەعباودۆڵی دڕ و کێوی، بەڵام هیچ چارەیەک نەبوو و دەبووایە ڕێگەم بڕیبایە؛ بۆیە هەر چۆنێک بێت، دڵی شکاوم نایە کۆڵ و ملی ڕێگەی هات ونەهاتم گرتەبەر. پاش ئەوەی هاتەوە بیرم کە ئەمە یەکەم جار نییە ترس دەمگرێ، ورەم هاتەوە بەر و تۆزێک سامم شکا.

## خۆشەویستی و خوازبێنی

بەپێچەوانەی ئەوەی وا چاوەڕوانیم دەکرد، لە ڕێگەدا تووشی مەترسی نەهاتم و بە ساخیوسـڵامەتی گەیشتمە ساریبولاخ و لەوێشـەوە چوومە قزنەفەر و زۆر زوو توانیم خزمەکانم ببینمەوە.

لـە قزنەفەر ئەگەرچی مێردی پوورم باش نەدەهاتەوە سـەر مـن و هەر ئەوەندەی بیسـتبوو کە چوومە قوتابخانە و سەوادم کراوەتەوە، بە ڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردم و لە دایکوباوکمی پرسـی. ئـەو کە زانی بەتەنیایی و بەبـێ هیچ جۆرە ترس و دڵەڕاوکەیەک پەنجا کیلۆمیترم بڕیوە و گەیشـتوومە ئەو شـوێنە، زۆری پێ سەیر بوو. پاشان حاڵ وحیکایەتی خۆم و باسی ئیشکردن لە کارگەی پازار و دامەزران و دەرکرانم لە کاری دیلمانجی، لە نووکی نووکەوە تا بنی بنێ بە وردی نایە مستی.

نزیکـەی مانگێک لە ماڵە مێـردی پوورم دامکوتـا. ئەم ماوەیەش لـە کاروباری نێوماڵـەوە یاریدەی کچی پـوورم دەدا. ئیتر پاش قەدەرێـک هاوڕێیەتی، ئێمەی لاو کەوتینە داوی ئەوین وخۆشەویستی و سەوداسەر و کەمەندکێشی یەکتری بووین.

پوورزاکەم گوڵێی ناو بوو؛ ئەو خوداخودای بوو هەرچی زووتر لە خۆمی مارەکەم

و بیگوازمەوە. هەروابێتەوە دایەنابوو بێتوو باوکی نەهێڵێ کارەکە سەر بگرێ، ڕەدووم کەوێ.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ زەماوەند لەنێو کوردانـدا کارێکی پڕتێچوو بوو و ئەوەش سەری لێ ئەستوور کردبووم. هەرچەندی دەمهێنا و دەمبرد، نەمدەزانی چی بکەم و بەردەوام لەگەڵ خۆم وتوویرەم دەکرد:

«خوایە... چۆن و بە چی شیربایی ئەو کچە بدەم؟!»

ئەوە و چەندین پرسیاری تری لەم چەشنە، وەکوو چیای ئاگری لێمان زیت ببوونەوە و بەریان بە بەختی ئێمە گرتبوو؛ ئاخر لە داری دنیایە هیچم شک نەدەبرد. نە پلەوپایەم هەبوو و نە ڕان و پاتاڵێکیشم دەهاتەوە بەر دەرکێ؛ لەمن وابوو دنیا کەسی لە خۆم بێئەنواتر تێدا نییە. دەشمزانی کە باوکی گوڵێ تا شیربایی نەدەمێ، کچەکەی نادا. ئەو شتە فکری من و گوڵێی گەواڵ گەواڵ کردبوو، تەنانەت گوڵێ لە داخان بەندێکی داهێنابوو کە تێیدا ئەو کەسانەی بە بیانووی وەرگرتنی شیربایی، دابی ناحەزی کچفرۆشییان داتاشیبوو، دەکەوتنە بەر نەعلەت و نزوولان.

باوکی گوڵێ پیاوێک بوو هەتا بڵێی ساردوسڕ و حیزەڵە و کەسنەویست. ئەو چەتی لە کارێ دەخستین، وڕک و پەڵپی پێ دەگرتین و دەیگوت تەنانەت شێخی گەورە و ناردراوانیش بە فەرمانی خوای، شیربایی ژنەکانیان داوە. لەم قسانەدا گوڵێ لەگەڵی دادەبەست و پێی دەگوت:

«ئەو باوکانە کچ و ڕەشەوڵاغیان پێ وەک یەکە و بۆ فرۆشتنەوە ڕایاندەگرن و ساتوسەودایان پێ دەکەن!»

ئەو بۆ سەلماندنی قسەکانی نموونەی زۆری بۆ باوکی هەڵدەدا، بەڵام ئاخرییەکەی لێیان دەبوو بە قڕێن و باسەکەیان بە هەنیسک و فرمێسکان دەبڕایەوە.

کاتێ زانیم قسەکردن لەگەڵ باوکی گوڵێ کە وا دنیای بە تەنگاوتیلە هەڵگرتبوو،

هیچی تێدا بەستە نییە و ئەو پیرەپیاوە چاونزێرە بە هیچ بارێ تاو ناکرێ و بە هیچ جۆرێ نایەتە ڕەدایە، گوڵێم بردە ئەو لای و پێم گوت:

«نەکەی بەو شتانەوە خۆت شلوێ کەی... گوێت نەبزوێ... هێندەی پێ ناچێت کارێک دەدۆزمەوە و بڕە پارەیەک پەیدا دەکەم و شیربایی تۆی پێ دەدەم».

لەم سەروبەندەدا بوو کە شاری ساریبولاخ ببوو بە لەشکەرگایەکی گەورە، بە جۆرێک کە تەواوی ئەو سوپا و قۆشەنەی دەچوونە بەرەکانی شەڕ یان لەوێوە دەگەڕانەوە، لەم شارەدا مۆڵ دەدران.

زۆر یەک لەوان کە پێشتر بەهۆی کاری وەرگێڕانەوە منیان دەناسی، بۆ نانخواردنێ لەدوویان دەناردم. ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەگەڵ قوقەی کەڵەبابی بەیان، سەربازێک دای لە دەرگا و گوتی:

«ئەوە سەرهەنگ ئەمەریکی فەرماندەی هێزمان، ولامی لێ ناردووی و دەیهەوێ بتبینێ و بتکاتە دیلمانج».

منیش هێندەی چاوتروکانێک جلم دەبەرکردن و یەکسەر چوومە لای سەرهەنگی.

ئەوحەلە خۆراک و خواردەمەنییەکی زۆر لە گوندەکانەوە بۆ ئەو لەشکرگایە دەهات، بەڵام نە گوندییەکان ڕووسییان دەزانی و نە ڕووسەکانیش لە زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیە تێ دەگەیشتن.

کاتێک لە عەرەبانان نزیک بوومەوە، فەرماندەی هێزم بینی. ئەو لەنێو گوندنشینەکاندا ڕاوەستابوو و ئەختوچاری دەکرد نەیدەزانی ئەو خەڵکە بۆچی لەم شوێنە وێستاون و نارۆن. لەو دەمەدا لێیان چوومە پێش و بە کوردی هۆکارەکەم لێ پرسین. ئەوان ولامیان داوە:

«ئەسپەکانمان ماندوون و بڕ ناکەن... ڕێگەش ناخۆشە... جارێ ئەوە لێرەین».

ئەوچەل چوومە لای فەرمانده‌کە. لاقم لێک دا و دەستم نایە تیلاگی سەرمەوە.

هەرچیم لە خەڵکەکە بیستبوو بۆم گێڕاوە. فەرماندە بە زەردەخەنەوە لێی نۆڕیم و پرسی:

«ئەگەر بتکەینە وەرگێڕ، دەتوانی بە چەند زمانان بدوێی؟»

لەگەڵ ئەوە، چەند وردەپرسیاری دیکەشی لێ کردم:

«مووچەی مانگانەت لە هێزەکەی پێشوو چەند بووە و بۆچی لەوێ دەرکراوی؟»

منیش وڵامم داوە:

«زمانەکانی کوردی، تورکی، ئەرمەنی و ڕووسی دەزانم».

ئینجا باسی هۆکاری دەرکرانی خۆم بۆ کرد. فەرماندە واقی وڕما و ئەوجار لێی پرسیم:

«لە کام فێرگەی باڵادا ئەم زمانانەت خوێندوون؟»

لە وڵامدا گوتم:

«ئەمن کوردم و لەنێو ئەو زمانانەدا تەنیا ڕووسیم لە قوتابخانە خوێندووە. زمانەکانی دیکەش ئەوکاتەی شوانی تورک و ئەرمەنییان بووم، فێر بووم».

لەو قسەوباسانەدا بووین کە سەرهەنگ فەرمانی بە سەربازان دا بەرگی نیزامیم دەبەر کەن. منیش لەبەر ئەرکی تازەم خەریک بوو داوەتم لە دڵدا دەگەڕا و گەلێکیشم شایی بە خۆمەوە بوو.

لکی ٥٩٣ی ئۆرەنبوورگ لەو کۆنەسەربازانە پێک هاتبوو کە بەر لەوە سەربازییان کردبوو و ئێستا خزابوونە نێو شاری ساریبولاخ؛ ئەوان بە هەواڵانی عیسا ناودێر کرابوون و بەو ناتۆرەیە قەڵس دەبوون. جاری وا بوو گالیسکەی خواردەمەنی درەنگ دەگەیشتە جێ و سەربازەکان بەبێ نان دەمانەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، من و ئەفسەری بەشی دابینی کەلوپەل و خۆراک کە ناوی ئاندرییەڤ بوو، نیکۆلایڤی جێگریمان هەڵدەگرت. چەند قەزاقیشمان وەدووی خۆ دەدا و دەڕۆیشتین بەرەو گوندەکانی ئەو هەرێمە بۆ کڕینی مەڕوماڵات. لەو نێوەدا زۆر کەڕەتان هەڵدەکەوت وا دارونەداری ئەو خەڵکەمان بە خۆڕایی و بە زۆری دەستاند. ئەفسەرێکی ئاوانتەچیمان لەگەڵ

بوو کە لەپێش چاوی ئێمە بەڵگەی ساختەی بۆ کڕینی ماڵاتان ساز و خەڵکی ناچار دەکرد واژۆیان بکەن. پاشان ئەو بڕە پارەی بۆی دەمایەوە، بەسەر ئەفسەرەکانی دیکەدا دەیبەشییەوە.

زستانی ساڵانی (١٩١٤-١٩١٥)م ئا بەم جۆرە ڕابوارد. کاتێک لەنێو هێزەکەدا بووم، پارەیەکی کەمترم لەچاو ئەوەی وەرمدەگرت دەدا بە شتی خۆراکی. زۆربەی مووچەکەم نۆتە دەکرد و ئینجا بۆ سەعیدۆی مێردی پوورم دەنارد. ئاوا نێوەنێوە شیربایی گوڵێم دەدا. من و سەعیدۆ لەسەر سەدوپەنجا ڕووبڵ پێک هاتبووین. جا بێتوو هەمووی ئەو پارەیەم دابایە، ئەوە کچەکەی دەدامێ و ئەوسا دەمتوانی چاوم بە گوڵێ بکەوێ! پیاو درۆ نەکا، لەبەر خزمایەتی و خاڵۆزاوپوورزایەتیی من و کچەکەی، سەعیدۆ بە بڕە شیربابییەکی کەم قایل ببوو.

ئیتر بەم جۆرە پرکەپرکە شیربابیی گوڵێم دا. ئەوەش بۆ من کارێکی هەروا سووکوئاسان نەبوو، هەرچەند کە بۆ گەیشتن بەو کچە کار نەدەما نەیکەم. هەرکە دوایین بڕی شیرباییم دا، بۆ ماوەی سێ ڕۆژان ئیزنی چوونەوە ماڵم وەرگرت. ڕاستەڕێ چوومە لای کاک سەعیدۆ و پێم گوت:

«مامە سەعید... گوڵێم بۆ ساز کە... دەیبەمە کن دایکوباوکم و پاشان دەگەڕێمەوە بۆ سەر ئیشەکەم».

بەڵام شتێکی سەیر ڕووی دا، کە هەتا ئەوکاتەی سێ بەردەم بە سەردا ڕایەڵ دەکرێ لەبیرم ناچێتەوە؛ لە ڕاستیدا سەعیدۆ کچەکەی نەدەدامێ و تامی زاری گۆڕابوو؛ بۆیە بیانوو نەما پێم نەگرێ و گڕنەی دنیایە نەما تێمی نەهاڵێنێ. ئەو لێم کەوتبووە حاشایە و دەیگوت:

«شیربایی چی و شتی چی... کوا... کەنگێ ئەتۆ شیربابیت داومێ... هەتیو ئەوە دەتهەوێ کچەکەم لێ هەڵگری».

بە زمانی خۆش و لەسەرەخۆ پێم گوت:

«ماڵتە... ئەوەنی شیربابیم داوێی... بۆ شەڵتاخ بە پیاوی دەکەی».

سەعیدۆ بە چاوێکی پڕ لە نزمی و سووکایەتییەوە تەماشای کردم و حاشای لە هەموو شتێک کرد و گوتی:

«ئادەی کوا شایەتحاڵەکانت... دا پێم بڵێ بزانم لەکن کێ شیربابیت داومەتێ... زووکە دەی... بیسەلمێنە...؟!»

ئەم قسانەی چەشنی ئاگر بەردەبوونە گیانم. دەسبەجێ زانیم سەعیدۆ باوی هێناوە و پێوەیە پارەی منی ساویلکەی بێ فڕوفێڵ بخوا و گوڵێش بدا بە یەکی دی، یا باشتر بڵێم بە کەسێکی تری بفرۆشێ. ئەوەندەمان بەسەر یەکتردا گوڕاند و نەڕاند کە دەروجیران لێمان هاڵان. ئەوان کە دەیانزانی شیربابیم داوە، لە ڕووی نیازپاکییەوە داوایان لە سەعیدۆ دەکرد شەرتوشۆنەکەی نەشکێنێ و کچەکەیم بداتێ، بەڵام سەعیدۆ چ سەعیدۆ، لێمان ببوو بە کەڵەگا؛ کەسی بە پیاو نەدەزانی و گوێی بە قسەی کەس نەدەبزووت. ئەو کە بە قەڵافەت دووهێندەی من دەبوو، هەستا سەرپێ وەرگەڕێتە من. ئەمنیش چەک لەشان و قۆنداخ بەدەست ڕاستەوڕاستی وی وێستابووم. سەعیدۆ هەڕای کردمێ، هەڵاتم و ئەویش وەدوام کەوت. لەنێو حەوشەدا گەیشتە سەرم. بوو بە ڕاپسان داپسانێک نەبێتەوە. پڕی دایە لوولەی تفەنگی و بۆ لای خۆی کێشا. منیش لەباتیی ئەوەی بکشێمەوە دواوە، ڕاکێشرامە پێشەوە. تفەنگەم لە دەستیدا تەقاوە و گوللەیەک وە سەعیدۆ کەوت و هەر لەوێ کەوتە عەردی.

پاش ئەم ڕووداوە گرتیانم و بردیانمە لای فەرماندە. لەوێشەوە ناردیانمە گوندێک بە ناوی کولێ بۆ لای سەرۆکئاژانی ناوچە. لەوێ بەهۆی دانپێدانانی شایەتحاڵەکان و قسەکانی گولێ، ئەو تاوانە لە ملی من بۆوە. ئەوان بە فەرماندەیان دەگوت:

«ئەگەر سەعیدۆ تفەنگەکەی نەکێشابا، عەرەب هەڵدەهات و ئەو کارەساتە

نەدەقەوما».

فەرماندە کە ئەو شتانەی بیست، واژۆی کرد و دۆسییەکەیان داخست، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، خزموکاری سەعیدۆ کە بزیسکی تۆڵەیان لە دڵا دانەمرکابۆوە و خوێنی خۆیان ون نەکردبوو، لە دەرفەتێک دەگەڕان بۆ کوشتنم. ئەوان گوڵێیان لەگەڵ خۆ برد. منیش ئیتر نەمدەتوانی لەو شوێنە بمێنەوە. بەم جۆرە بوو کە لەگەڵ گوڵێ کەوتینە دەست لێک بەردانێ.

## له تورکیا

لەســەر قسەی فەرماندەکەمان، لە هێزی یەکی قەزاقەکانی لابینسکی بوومە وەرگێڕ و بەڕێ کرامە سنووری تورکیا. لەوێ، ئەگەرچی سوپای ڕووس دێهاتی مەڵبەندەکەی داگیر کردبوو، بەڵام خەڵکی ناوچە بەگشتی ماڵوحاڵی خۆیان چۆل نەکردبوو.

لەو ناوچەیە، بەهەر دووک چاوی خۆم دەمدیت کە ئەفسەر و چەکداری ڕووسیای قەیســەری چ پەتپەتێن و ڕاوڕاوێنێکی بە خەڵکی دەکەن؛ ئەوان لە دۆخی شــەڕدا، بە شــەلمکوێرم، هیچیان نەدەبوارد و لە داکرووســاندنی ماڵومڵکــی خەڵکییەوە بگرە تا دەگەیشتە یەخسیرکردنی ژن ومنداڵیان دەستیان لە هیچ نەدەپاراست.

کچــان و یایانی ئەم مەڵبەندە بەپێی ڕســت وڕێی لەمێژینەی داپیــران و باپیرانیان، بۆ بەرگری لە خۆیان گیانیان خســتبووە ســەر لەپی دەســت و وەک شوورەی پۆڵایین لەبەرانبەر داگیرکەراندا وێســتابوون. ئەوان گوردانە و نەبەردانە شەڕیان دەکرد و دەست لەســەر خەنجەر و چەک لەشــان گۆی شــەڕەفیان دەبردەوە و ئاخ و ئابووری خۆیان نەدەدۆڕاند.

بۆ نموونە، لە گوندی کێرک، ژنێکی سەرەی پۆپچەرمگی عێلەکەی ئێمەی لێ بوو،

کــە لە ماڵەکەی خۆیدا پۆلەژنێکــی چەکداری پێک هێنابوو و نەیدەهێشــت بە هیچ جۆرێک عورووس و مورووس شــەقڵی خۆڵی بەر ماڵیان بشکێنن. سەرەڕای ئەوەش، ئەفسەرەکان مرخیان لێ خۆش کردبوون و داوەلۆزەی ئەوەیان بوو وەچنگیان بێنن.

دەبێ بڵێم کە ئەفسەرانی ڕووس، پارەیەکی باشیان لە شەڕەکان دەست دەکەوت و لە کاتی ئاگربەسیشدا، دەکەوتنە شوێن دڵچەراندن و باشوبووش و لەم جۆرە شتانە؛ شەو نەبوو ئارەق نەخۆنەوە و ڕۆژ نەبوو قوماریێ نەکەن. ئەگەرچی بەرپرسەکانیان ئاگاداری ئەو کارە قیزەونانە بوون، بەڵام چاویان لێ دەنووقاندن و خۆیان لێ گێل دەکردن.

لە شەوێکی خۆشی هاوین و دوای سەرخۆشبوون، ئەفسەرەکان تەمایان گرت لەو ژنانەی وا باسم کردن وەژوور کەون، بەڵام ژنەکان دەرگەی ماڵیان بە ئاڵقەڕێز و چلمێرە گاڵە دابوو. عورووس ئەمجار گەرەکیان بوو بە دیواریدا وەســەر کەون. ئەفسەرێکیان هات و بە مۆرەدیوارەکەدا هەڵگەڕا. ئەوان بەوە پشتئەستوور بوون کە ئەم ماڵە پیاوی تێدا نییە، بەڵام کاتێک گوللەیەک بە ویزەویز بەســەر سەری ئەفسەرەکەدا خشکا، کڵاوی سەر لاتیلاگی برد و چەرمی سەری هەڵڕووشاند، خێرایەکی لە دیوارەکە خۆی فڕێ دا و تێی قووچاند. ساڵدات و ئەفسەر پاکی زراویان چوو و ئیتر کەس زاتی نەبوو بە لای ئەم ماڵەدا بڕوا. ئەفسەرێکی تر بۆ خۆڕانان لەو لاوە هات، دەستی کرد بە فڕوفیشاڵان و بە دیوارێکی تردا هەڵچوو. ئەمجارەش فیشەک هەڵتۆقێنرا، سەر و قەپۆزی ئەفسەری قڕوفڕان خەڵتانی خوێن بوو و ئەویش فڕکەی پێ کرا.

ئــەوان لە دەســکەرەوەیی و ئەنگێوەییی ئــەو ژنانە تاس دەیبردنــەوە و لەوانە بوو شــاخیان لێ بڕوێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، ترســابوون کە نەکا فەرماندەکەیان گوێی لەو تەق وتۆقە بووبێ؛ بۆیە سەرشــۆڕ و دەستبەتاڵ گەڕانەوە. کەچی دوای چەند ڕۆژی تر، هەمدیسان دەو ماڵە بەر بوونەوە، بەڵام ئەم جارەش ژنانی کوردی پێوار، گوللەیەکیان بە باســکی ئەفسەرەکەی پێشووە نا. کابرای بریندار پاشەوپاش کشایەوە و ئینجا کلکی لە

گەڵووزی گرت و دەخۆی نووسا.

ئەم ڕووداوەیان بۆ فەرماندە گێڕابۆوە. ئەفسەری پارێزگاری و چەند کەسی تریان ناردە شوێنەکە تا لەو پرسە بکۆڵنەوە. منیش وەکوو وەرگێڕ لەگەڵیان چووم. کاتێک گەیشتینێ، ئەفسەرەکە منی ناردە پێشەوە تاکوو ئاگاداریان کەمەوە وا ئەو لیژنەیە بۆ داکۆکی لەوان لێرەیە. دواجار، کاتێک پێم نایە زارکی دەروازەی، دەسبەجێ لە کەلێنی دەرگاوە تفەنگیان لێ هەڵکێشام. بە کوردی پێم گوتن مەترسن خۆمانەم. لەگەڵکوو زانیان کوردم، دەرکەی حەساریان لێ کردمەوە و هێشتیان لاق لە ماڵیان نێم. لەوێ دیتم شەرڤانەکان چوار ژنن کە دەبوونە سێ بووک و خەسوویەک. بووکی چکۆلەیان کە بەڕاستی شەنگەژن بوو، سەردەستەی ئەوانی دی بوو، بە چەشنێک کە خەسوو و هێوەرژن چەک بەدەست، پێملی فەرمانی ئەم شێرەژنە بوون. پێم گوتن گەورەی لەشکرەکە هاتووە بۆ لێکۆڵینەوە و گەرەکێتی ڕاستیی ڕووداوەکان بزانێ بۆ ئەوەی تاوانبارەکان سزا بدا. سێ لەوان چوونە دیوێکی دیکە تا لەوێ سرتەیەکی بکەن. کەسی چوارەمیان لەبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو و لوولەی تفەنگەکەی بەرەو من ڕاداشتبوو. ژنەکان پاش نیو کاتژمێر هاتنەوە و لەسەر مەبەستی لیژنەکە سوێندیان دام. منیش سۆزم خوارد بۆیان و ئینجا ئیزنیان دا لیژنەکە بێ. ئەوان لەسەر ئەم ڕووداوە لێکۆڵینەوەیان لە ژنەکان کرد. هەروەها، لێپێچینەوە لە هەموو سەرباز و ئەفسەرەکانیش کرا؛ کەچی سەرباقیی بەدڕەوشتی و بێشەڕەفیی خۆیان، تیتاڵیان تێ دەهاڵاندن.

لێپرسینەوەکە هەڵسوکەوتی چەوت وچێڵی ئەفسەر و سەربازەکانی دەرخست. لە ئاکامدا، دەستەیەک لە سەربازەکان بۆ هێزێکی دی گواسترانەوە. بەشێکیشیان بە مەبەستی پارێزگاری لە ژنەکان و بۆ ئەوەی چی تر ئازار نەدرێن، بە نۆرە لەبن بارووی قەڵای شێرەژناندا ئێشکیان پێ دەدرا، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، ژنە کوردەکان متمانەیان بە هیچ کامیان نەبوو و لە من واوەتر نەیاندەهێشت کەس تخوونی ماڵەکەیان کەوێ.

ماوەیەک پاش ئەم ڕووداوە، گەیشــتینە شــوێنێک کە پێشتر زۆرم بەیت و حەیران دەربارەی بیستبوو. بەڵێ گەیشتینە ســیپان؛ ئەو چیایەی لە بارست و بەرزیدا شان دەدا لە شانی چیای ئاگری و سەر دەدا لە کەشکەڵانی ئاسمانێ. بەڵێ گەیشتینە ئەو کێوەی وا چەندین ســاڵە چیرۆکێکی دێرینی دڵداری لەئامێز گرتووە و وەبیرهێنەوەی ئەوینی ئەفسانەیی «خەج و سیامەند»ی کوردانە.

## نەقڵی کابرای ئەنگێوە و گەڕانەوەم بۆ ماڵ

زۆر لـە داوێنـی چیـای سـیپان نەماینـەوە. دوای چەنـد ڕۆژان لەسـەر بڕیاری فەرماندەکەمان بەرەو پێشـەوە بزووتین. هێزەکانی ڕووس لە بەرەکان پیاوانە دەسـتیان دەکردەوە و سـەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست دەهێنا. لەو حاڵەدا بوو کە ئەفسەرێک، من و چەند قەزاقی تری وەپێش کاروانێ دا تا بەر لە گەیشتنی هێزەکە، بچین شوێنێکی باش بۆ دامەزراندنی بنکە و بارەگا بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوەش، نان وچێشـتیان بۆ سـاز کەین و مشووری تفاقی یەکسمانیش بخۆین.

لە بنارێـک دادەگەڕاین کە دیتمان ئەوە کوردێکە و دە پانزدە زەلامیش سـەریان دەدووە نـاوە و پەیتاپەیتا تەقەی لێ دەکەن، بەڵام شـتاقیان نەیاندەتوانی بیپێکن. کابرا ڕووی تێ دەکردن و هاواری دەکرد:

«کوڕەتکاتان لێ دەکەم لەکۆڵم بنەوە...وازم لێ بێنن... خۆتان بە من بەکوشت مەدەن! ئاخر چیو لە گیانی من گەرەکە؟! بەشوێن چوواندا مەکەون... شتێک بووە و تەواو...».

پیاوەکـە بـە دەم ڕاکردنـەوە دەپاڕایـەوە و ئامـۆژگاری دەکردن. بێتوو قسـەیان لـێ وەرنەگرتبایە، لێیـان دەگەڕایەوە و کەلاکـی یەکیانی لەوێ دەخسـت. قەزاق کە

ئەمەیان بینی، دەسـرێژێکیان کرد و لە دەلینگیان دا. بەو جۆرە کابرا بە ناچاری دای لە تەپڵی ئەمانێ.

لە لێپرسینەوەکانڕا دەرکەوت کە ئەو خەڵکە بەتەمای تۆڵەکردنەوە لەو کەسە بوون. کابرای ڕاکردوو کە بە دەستوبرد و بوێریی خۆی تووشی سەرسوڕمانی کردبووین، ئاوای ڕووداوەکە بۆ گێڕاینەوە:

«ڕۆژێک بـە ڕێونگی ڕێم کەوتە گوندێک کە پێشـتر پیاوێکم لێ کوشـتبوون. لـەوێ، خوێنگـر و خزمولێزمی کابـرای منیان دیت. کاتێ زانییان پاشـەڵم کڵۆشـە، بڕیاریان دا بمکوژنەوە؛ هەرکە سۆسەی ئەوەم کرد، بێ سێودوو پێم پێوەنا و لەو شوێنە دوورکەوتمەوە».

ئەگەرچی بکوژەکە سـامی وەسـەر سـامیان کەوتبوو و لە دەستوتفەنگی خۆی ڕادەدیت، بەڵام حەزی نەکرد سەرلەنوێ خوێن بڕێژرێتەوە و بەردەوام پێی دەگوتن:

«بەسە! دەست هەڵگرن! خۆتان بەقوربانی فیشەکێکم مەکەن!»

دواجار، ئەو خەڵکەی کەوتبوونە شـوێنی، گیران و بـۆ لای دادوەری مەلازگرت، شارێک کە ئەودەم لەلایەن هێزەکانی شووڕەوییەوە داگیر کرابوو، بەڕێ کران. کابرای زامداریشـیان ناردە نەخۆشـخانەی سـەربازی و پاش ئەوەی برینەکەی سـاڕێژ بۆوە، گەڕایەوە ماڵە خۆی.

ئا بەم جۆرە، بـە کاروانەکردن لەنێوان گوند و هۆبـەی هەوارچییاندا ڕۆژم دەکردە شەو و شەوم دەکردەوە ڕۆژ. زسـتانی ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ نزیک دەبۆوە؛ ژیانی منیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ ناخۆشـتر دەبوو. تەڕوتووشـی دەسـتی پێ کردبوو. ئەمنیش بەنیاز بووم بەرەو ماڵـەوە بگەڕێمەوە. لەو کاتەدا زۆربەی سـەربازەکان هەواڵی ناخۆشـیان لـە بنەماڵەکانیانەوە پێ دەگەیشـت. لەو نامانەی وا بۆیان دەهـات نووسرابوو کە لەبەر ڕەشـبگیری، کەس لە دێهاتدا نەماوە تا خەریکی کشـتوکاڵ بێ، یان ئەوەی کە بۆیان

دەنووسین دەست بەسەر مەڕ و ماڵاتیاندا گیراوە، لە حاڵێکدا منداڵی ساوایان خەریکە لە برسـان بمرێ. ئەم هەواڵانە خمیان لە سەربازان شێواندبوو و سەری دنیای لێ وێک هێنابوون. جاری وابوو دەگوتـرا دۆخەکە لەلای ئاڵمانیا بەرەوە خراپی دەڕوا؛ بە دەیان و سەدان هەزار کەلەلا و بریندار لە نەخۆشخانانددا کەوتوون و کەس نییە تیماریان بکا. لەو هەلومەرجەدا، سـەربازەکان هەسـتیان بە دۆڕان و دۆشداماوی لە شەڕ و شکست و شـڵەژان لە ناخی خۆیانـدا کردبوو؛ بۆیە پاکیان چاوەڕێ بوون ڕۆژێک بێ و شـەڕ ببڕێتەوە. ئەگەرچی زۆربەیان بەرگەی ئەم ڕەوشـەیان نەدەگـرت، زەغەڵییان دەکرد و هەڵدەهاتن.

تا لە بەرەکانی شەڕ نزیک دەبووینەوە، ژیانمان هەر دەهات و بەرەو ناخۆشی دەچوو. لەو ڕووەوە دەستم لە کار کێشایەوە. مووچەی سێ مانگم لە باخەڵ نا و پێم توند کرد بەرەو ماڵ، کە ئەوساکە لە گوندی ئەستافلووی ناوچەی سوورمەلی ئێرەوانێ بوو.

کاتێک گەیشـمەوە ماڵـێ، بنەماڵەکەم خەریک بـوو لەژێر دۆخێکـی نالەباردا دەپلیشانەوە. ساڵێک دووریی من، کە تەنیا نێرەوەز و نانهێنەوەیان بووم، نوقمی گێژاوی ژیانی پڕ لە دەردودەغەزی کردبوون. ئەو قەدەرەی لەوێ نەبووم، سۆمای چاوی دایکم لە کزییان دابوو و لەبەر نەبوونی پزیشکی چاو لەم ناوچەیە، بردبوویانە لای حەکیمێک، بـەڵام حەکیم چ حەکیم! هـەر ئەوەندە باش بوو کە دوای چارەسـەرییەکەی، دایکی خۆشـینەدیوم ئاوی چاوی دانەهاتبـۆوە و دەیتوانی دەروژووریێ بکا. خوشـکەکانم لەباتیـی ئەو ببوونە کابانی ماڵێ و باوکیشـم سـەرەڕای بەسـاڵاچوونی، وەکوو جاران دەچوو بۆ گاوانی و گوێلکەوانی خەڵکی.

هەر کە پێم لە ژووریێ نا، دایکم بە دەنگ منی ناسییەوە. وزاقی دا، گرم پێمدانووسا و تێروپڕی ڕاموسیم. ئەو نەیدەهێشت کەس جگە لە خۆی لێم نزیک بێتەوە. بەستەزمانە نەیدەتوانی لە جلی سەربازیدا بە جوانی بمبینێ؛ بە کوێرەکوێر دەستی بە سەروچاومدا

دێنا و لەوەی کە گەڕابوومەوە، شــایی لەدڵدا دەگەڕا. پاش ئەوەی تێر لەئامێزی گرتم، هێشتی خوشکەکانم بێن و پێم شادوشوکور بنەوە.

هەواڵــی هاتنــەوەم زۆر زوو لەنێو گونــددا بڵاو بۆوە. ئاشناورۆشــنا پێمەوە هاتن. خوشکیشــم چوو هەواڵی گەڕانــەوەم بدا بە باوکم و بینێرێتەوە بــۆ ماڵ و تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە، گوێرەکەکانی بۆ بلەوەڕێنێ.

باوکم سەرەڕای ئەوەی کە دەنێوەوە چووبوو، گورجێ خۆی گەیاندەوە. بە چاوێکی پڕ لە ئەسرینەوە باوەشی پێدا گرتم و گوتی:

«کوڕم بۆ بەجێت هێشــتم؟ نازانی ئێستا پیر و پەککەوتووم و چی دیکەم شوانی و گاوانی بۆ ناکرێ...!»

بڕێک دانیشت و پشوویەکی هاتەوە بەر. ئەمجار دای لە پڕمەی گریانێ. لەگەڵکوو ئــەم دیمەنەم بینی، کزەیەکم لــە جەرگی هات. نەمدەزانی چی بکەم، دەســتم کرد بە باخەڵما و هەشتا ڕووبڵم هێنایەدەر و گوتم:

«باوکە گیان ئەو پارەیە بەشی ئەوساڵ زستانێتان دەکا و لایەکتان بۆ دەگرێ».

باوکم کە ئەمەی بینی کەیفی ساز بوو. دەتگوت ئەوە خەزێنەیەکی گەورەیە و لەبن عەرزی دۆزیوییەتەوە؛ ئاخر قەت ئەوەندە دراوەی بە خۆیەوە نەدیبوو.

بڕێک لە وەرزی پاییز و جەنگەی خێڵ بەرەوخوارێ لای دابوو. منیش پرێسکەم هەڵدەگرت و لەجیات باوکم دەچوومە گاڕانێ؛ تاکوو ئەم چەند ڕۆژەی لەوێم، بڕێک بحەســێتەوە. ڕۆژ هاتن و چوون. یەکەم نوای بەفرێ کــەوت، ئیدی لەوەڕێک نەما و گەڕامــەوە مــاڵ. ماوەیەک لای خزم و دۆســتان مامــەوە. دواجار، تەمــام گرت کار و کاسبییەکی بۆ خۆم بدۆزمەوە.

## لەنێو حیزبدا

ئیزنم لە ماڵەوە خواست و بەرەو ساریقامیش کەوتمەڕێ. لەوێ، لە پەلی شەشی ئاوەدانکردنەوەدا ملم نا لە کارێ. دوای چەند ڕۆژان کە بەرپرسەکەمان زانیبووی شارەزای چەند زمانانم، دیسانەوە منیان لە کاری وەرگێڕان وەرداوە و بەم جۆرە بامدایەوە سەر پیشەکەی جارانم.

دەستەکەمان لە ئەرزەڕۆم؛ ئەو شارەی وا لە ڕێبەندانی ساڵی ١٩١٦ لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کرابوو، خەریکی سازکردنی هێڵی ئاسن بوو. لەو پڕۆژەیەدا چەندین هەزار کرێکاری سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەک کورد، ئەرمەنی و گورجی کاریان دەکرد. جگە لەمانە، خەڵکی مۆسکۆ و شارە گەورەکانی ڕووسیاشی لێ بوو کە وەگەردێ فرەیان ئاشنا بووم. بۆ وێنە، لەگەڵ کێلیمۆف، میخایلۆف، پاپۆف و شۆکرۆ کورنێف، کە دواتر لە مۆسکۆ دیتم، ببوومە هاوڕێ. جگە لە کۆرنێف، هەمووی ئەو کەسانە ئەندامی حیزبی سوسیال دێموکڕات و بۆلشویک بوون و لە شانە نهێنییەکانیاندا چالاکییان ئەنجام دەدا. ئەوان خۆشیان دەویستم و وەکوو هاوڕێیەکی خۆیان دایاننابووم. زۆربەی کاتان لەگەڵ خۆیان دەیانبردمە دانیشتنەکان. قسەی خۆمان بێ،

ئەوساکە سەرم لە کار و کۆبوونەوەی نهێنی و ئەو گۆڵمەزانە دەر نەدەچوو. ئەوەش یەکەم جار بوو چاوم بە چالاکانی کرێکاریی شوورەوی دەکەوت و لەگەڵیان دەدوام. ئەندامانی حیزب لەنێو کۆبوونەوەکانیاندا داوایان لێ دەکردم کرێکارانی ڕووسی هان بدەم کە زۆر خۆ بە کارەوە ماندوو نەکەن و داوای زیادکرانی مووچەکانیان بکەن. ئەمنیش بە قسان، کرێکارانی کورد و تورک و نەتەوەکانی ترم وەخۆ دەخست. ئەوانیش بێ سێودوو بەگوێیان دەکردم و داواکارییەکانی خۆیان دێنایە گۆڕێ. منیش وەکوو وەرگێڕ ئەم داخوازییانەم بە بەرپرسەکانیان ڕادەگەیاند. ئەوانیش بە ناچاری ملکەچی ویستەکانیان دەبوون و مووچەیان بۆ زیاد دەکردن.

ئەو کرێکارانەی خەڵکی مۆسکۆیە بوون، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شوورەوییان پێ دەدام تا بیانخوێنمەوە. منیش بەهۆی خوێندنەوەی پەڕتووک و پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ ئەندامانی حیزب، وردەوردە چاووگوێم کرابۆوە و ببوومە شۆڕشگێڕێکی وشک و دەمارگژ؛ کەسێک کە لەپێناو ئازادیی جەماوەر و ڕزگارکردنی چینی چەوساوان لەژێر کۆتوبەندی زۆرداراندا، تێ دەکۆشا.

ئەودەم زۆرم ئاگا لەو قرەوبڕە و ناکۆکییانە نەبوو کە لەنێوان بۆلشویک و حیزبەکانی تر هاتبوونە ئاراوە. بەس پێم خۆش بوو سەرجەم حیزبە بەرهەڵستکار و ئازادیخوازەکان یەکگرتوو بن و لەپێناو ڕێباز و ئامانجەکانیان کە بریتی بوون لە نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری، برانەوەی شەڕ، دانپێدانان بە مافی هەموو نەتەوە گەورە و گچکەکان و ڕزگارکردنی هەژاران و کرێکاران لەژێر باندووری دارا و زەنگیناندا، خەبات بکەن.

لەسەر ئەو بابەتە، ڕا و سەرنجی خۆم بۆ هاوڕێیان هێنایە گۆڕێ. کێلیمۆف لەگەڵم دانیشت و قسەی بۆ کردم. دوای ئەوە، پەڕتووکێکی پڕبایەخی دامێ. منیش بردمەوە و بە وردی خوێندمەوە. پاشان چوومە کۆبوونەوەی بۆلشویکەکان کە لە وێستگەی قەتاری شارەکە ڕێک خرابوو. ئەوکات بۆلشویکەکان ئەم شوێنانەیان کردبووە جێڕاوکە

و مەکۆی هەڵسووڕانی خۆیان و لەوێوە کار و چالاکیی حیزبییان وەگەڕ خستبوو. پاش ماوەیەک تێکۆشـان، بەگوێیان هەڵێنامەوە کە نابێ لەم بارەوە لای کەس زار هەڵپچڕم، دەنا پۆلیس بۆن دەکا و هەموو تێدادەچن.

ئا بەم شێوەیە ئاسۆی بیرکردنەوەم بەربڵاوتر بۆوە. چالاکیی ڕێکخراوەکانی حیزب سەرنجی منیان ڕاکێشا و لە ئاکامدا ڕەگەڵ بۆلشویکان کەوتم.

## ساڵی ١٩١٧

ڕۆژە پڕجموجووڵەکانی مانگی ڕێبەندان تەواو ببوو. سەرەڕای ئاشکرابوونی بێئاکامیی شەڕ و ڕووخانی دەسەڵاتی قەیسەری و هاتنەسەرکاری حکوومەتی کاتی، جەنگ بەردەوام و هێزی سەربازیی تازە بەڕێ دەکرایە بەرەکان. مۆنشویک و حیزبی ناسراو بە خاوەنانی سامان و زەوییە هاوبەشەکان، کۆڕ و کۆڕگەی گەورەیان پێک دێنا و لەوێدا ئامانجەکانیان بە دەنگێکی بەرز دەگوتەوە:

«تا سەرکەوتن، دەجەنگێین!»

سەرباز دەردبار و دەستەوئەژنۆ لە جێی خۆیان هەڵکورمابوون. بێ ئەوەی متەق بکەن، گوێیان لەو دروشمانە ڕا دەگرت و سەرەڕای پێخۆشنەبوونیان دەیانناردنە بەرەکانی پێشەوە. لە چەپەرانیشدا قەت ئەوان دەسوەشێن و دەسپێشخەری شەڕ نەدەبوون، بەڵکوو کەڵکەڵەی ئەوەیان بوو هەرچی زووتر بگەڕێنەوە سەر زێد و زاگەیان.

بەشی فەرماندەیی بەپێی دەستووری مۆنشویکان، هێزی قەزاقان و دەستەی دەرچووانی فێرگەی شەڕیان هەناردەی مەتەرێزەکانی پێشەوە دەکرد. هەواڵی

چارەڕەشـــی و برسێتی دەهاتە شاخەکانی ڕووســیا. تووڕەیی و ناڕەزایەتیش دەگەیشتە پشتی بەرەکانی شەڕ و لەنێو کرێکار و هێزە چەکدارەکاندا پەرەی دەستاند. کرێکارانی دڵ پڕ لە سۆ چاویان لێ سوور دەبۆوە و هاواریان لێ هەڵدەستا:

«بەسە! شەڕ ڕاگرن و بماننێرنەوە نێو ماڵ ومنداڵمان».

ئەوساکە وا دەستەی ئێمە لە ساریقامیش کاری دەکرد، ژمارەیەکی زۆری کارکەری ڕووسیایی لێ بوو، بەڵام چونکە دەسەڵاتی تزاری متمانەی پێیان نەبوو، چەکی نەدەدانێ و ئەوانی بە کاروباری بنیاتنان و سازکردنی ڕێوبانەوە دەخافڵاند.

بەرەبــەری جەژنی یــازدەی گــوڵان و هاتنــی ڕۆژی کرێکار بوو. ڕێکخســتنی بۆلشــویکان، بە نهێنی و بە دڵ وگیان خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ساز دەکرد. ئێمەش بڕیارمان دا کە لەم ڕۆژەدا کۆبوونەوەیەک پێک بێنین و وێڕای شیکردنەوەی هۆکاری ڕانەگرتنی شـــەڕ لەلایەن حکوومەتی کاتییـــەوە، ئامانجەکانمان بە گوێی ئەندامانی لەشـــکری و کرێکاران ڕابگەیەنین، کە بریتی بوون لە ڕاگرتنی شـــەڕ، ئاشـــتیی بێمەرج و ناردنەوەی هێـــزەکان. لەگەڵ ئەمەشـــا، وەکـــوو ئەندامـــی ڕێکخســـتن دەبووایـــە ڕاگەیەندراوی کۆمۆنیستان لە شارەکاندا بڵاو کەمەوە. کاتێک جلوبەرگی کوردیم دەبەر دەکرد، کەس بەو تەشــک و دیمەنەمەوە لێم دڕدۆنــگ نەدەبوو؛ هەر لەبەر ئەوە بــوو کە بە کڵاو و ئاوەسێ و دەمەرقۆپانی کوردییەوە بە ئازادی لەنێوان شارەکاندا دەسووڕامەوە. ئاواڵانم لە شوێنی مەبەست دەدیتن و پەڕتووک و بڵاوکراوەکانم وێ دەدان.

بە ڕۆژ لە هێڵی شەمەندەفەر کارم دەکرد و شەوانەش دەگەڕامەوە نێوشار. جارێک گیرفانــم پڕ کرد لە ڕاگەیاندراو و لە حەوشـــەی ماڵەوە وەدەرکەوتــم. لە دوورونزیکی ئاســـنەڕێیە بوو کە چاوم بە شـــنەیدەری هاوڕێم کەوت. دەبێ بڵێم ئەو هەر جارەی کە چ بە ڕواڵەت و چ بە هەڵکەوت تووشی بە تووشم هاتبایە، چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتم هەتا ئەوکاتەی دەبوومە تارماییەک و لێی ون دەبووم. لە من وابوو گەرەکیەتی لەبەرانبەر

دەسکیس و سـیخوڕەکاندا بمپارێزێ. ئیتر ڕاوەستام و چاوێکم لێ کرد. پێم پێکەنی. خێسەیەکی دایە ئەمبەر و ئەوبەری خۆی. ئەوجار هاتە لام و گوتی:

_ ئەوە دەڕۆی؟

_ بەڵی دەڕۆم... ئەتۆش بۆخۆت لێرە لێی بسووڕێوە.

شنەیدەر بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

«عەرەب گیان ئەوە دەبینی خەریکی پیاسەکردنم... جا ناکرێ منیش لەگەڵ خۆت بەری!»

دەتگوت دڵی گیراوە! سـووریش هەڵگەڕابوو. بەبـێ چووقان چاوم لە چاوی کرد و پرسیم:

_ بۆ کوێت لەگەڵ خۆ بەرم؟

_ بمبە شاری!

_ جا بۆ بتبەمە شاری؟!!

_ دەمهەوێ لەگەڵت بێم، لێم گەڕێ بۆخۆم دەزانم.

_ چ دەزانی؟ بیڵێ...!

شنەیدەر بە نیوەپێکەنینەوە گوتی:

_ مەترسە... مە... بۆم باس کە!

_ ئاخر هەتیوە لە چی بترسم؟

بە سەبرایەکی گوتی:

«ئەمن دەزانم... لەمێژە دەزانم».

پاشان دەستی لە گیرفانەکانم دا و گوتی:

«بڕۆ عەرەب... پێشکەوە... ترست نەبێ... من لێرەم...».

دواجار بە فیتوولێدان بە شـانی ڕێچکە ئاسنەکەدا ڕۆیی. ئەمنیش بە دوایدا چووم.

گرتم و گوتم:

_ شنەیدەر!

_ چییە عەرەب؟

_ ئەو شتانەت بە کەسێکی تریش گوتووە؟

شنەیدەر ڕەنگێکی هێنا و برد و ئینجا گوتی:

«ئەتۆ شێتی؟! ئەتۆ وڵاخی؟! چما دەکرێ مرۆڤ ئەم شتانە لای هەر کەس وناکەسێک بڵێ ؟!»

ئەوەی گێڕامەوە هیی شەوی یەکی گوڵان بوو. دوای ئەوە، چاوم بە شنەیدەر نەکەوتەوە. کاتێک گەیشتمە شار، ڕاگەیەندراوەکانم دابە هەواڵێکم کە لەوێ چاوەڕوانم بوو. پاشان چوومە لای وێستگەی ساریقامیش بۆ ئەوەی سەرێک هەڵێنمەوە لە کۆبوونەوەی ئەو چەکدارانەی وا لەبەر بیستنی هەواڵی بنکەوتنی ڕووسیا، مانیان گرتبوو.

لە وێستگەدا کۆبوونەوەیەکی گەورە گیرابوو و زۆربەی هەرە زۆری لک و دەستەکانی لەشکرگاکە لەوێ خزابوون. گۆڕەپانەکەی تەنیشت وێستگەش وەک مێش شڵخەی دابێ، جمەی دەهات لە حەشیمەت و ڕێی ڕێداری نەبوو. ئەم نارەزایەتییە لەدژی بەڕێوەبەری وێستگە ڕێک خرابوو؛ لەبەر ئەوەی کە تەواوی ئەو پاکەتانەی وا لە ڕووسیاوە بۆ سەربازەکان هاتبوون و لە ڕێیەدا دڕابوون، کابرای بەڕێوەبەر وەک ئەوەی شتێکی بێکەلک و ناپێویستی بینیبێتەوە، لە واگۆنی قەتارەوە تووڕی هەڵدابوون. ڕاست لەو کاتەی وا هێزێک لەوان دەڕۆیشتە بەرەکانی جەنگ، ئەم شتە ڕووی دا. لەگەڵکوو سەرباز پاکەتی لەتوپەتکراو و فڕێدراویان بینی، بەری چاویان ڕەش بوو. یەکسەر هەڵیان کوتایە سەر بەڕێوەبەر و پاشان مانیان گرت. جگە لەوە، ئەوان حەزیان نەدەکرد بچنە شەڕێ، بەڵکوو دەیانهەویست بگەڕێنەوە ماڵ و ئەم بابەتەش ببووە وێردی زمانیان.

قسەکانیان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانام. لە خۆشییان خۆم بۆ ڕانەدەگیرا. زۆرم

حەز دەکرد وەپێش ئەو سەربازانە کەوم کە بەم جۆرە خرۆشابوون. لەو دەمەدا کەسێک کە تا ئەوکات ناسیاویم پێی نەبوو، هات و پاڵێکی پێوەنام بۆ سەر سندووقێک. ئەوجار ڕای گرتم و گوتی:

«براله دەمهەوێ پێت بڵێم کە ئەمن بۆلشویکم!»

ئینجا زەردەخەنەیەکی هاتێ و دەستی لەگەڵ لێ دامەوە. منیش چوومە سەر سندووقەکە و بە ڕەنگ‌وڕوخسار و جلوبەرگی کوردانەم، سەرنجی ئەوانم بۆ لای خۆم ڕاکێشا، بە جۆرێک کە هەموویان ببوونە چاووگوێ و کەس وستەی لێوە نەدەهات. سەربازە گوتی:

«بۆمان باس کە بەڵام توند بیلێ تا هەموو گوێیان لێ بێ».

منیش بە زمانێکی ڕووسیی سەروگوێلاکشکاوەوە، دەستم کرد بە قسان و ئەو شتانەی لەو چەند ساڵانەی دواییدا بینیبووم و هەستم پێ کردبوون، بۆم هەڵڕشتن. هەروەها بۆیانم باس کرد کە جاران تزارەکان خەڵتانی خوێنیان دەکردین و ئێستاکەش، دەوڵەمەندی شار و دەرەبەگی گوند بەکوشتنمان دەدەن؛ جا کە وابوو پێویستە لە دەسەڵاتیان بخەین و بۆ ئەوەش نابێ بچینە شەڕ و وا خاسترە بگەڕێینەوە ماڵەکانمان و ئاشبەتاڵێ بکەین. ئەفسەرێک بە گوڕەگوڕ هاتە سەر مینبەرەکە و گوتی:

«ئەمە تورکە وا هێرشمان دەکاتێ».

سەربازەکان بەگژ ئەفسەرەدا هاتنەوە و تێی ڕاخوڕین:

«لێی گەڕێ و کارت پێی نەبێ!».

لەو مڕومشتەدا بوو کە لەبان سەندووقەکە هاتمە خوارێ و وەک بەرزەکی بانان خۆم لەنێو خەڵکەکەدا ون کرد. مانگرتنەکە تا درەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو. منیش ڕازی و قاتی بەنێو کۆڵانەکانی وێستگەدا گەڕامەوە ماڵ و لەبەر خۆمەوە بە نەرمی دەستم کرد بە گۆرانی گوتنێ. لەو دەمەدا، لە پشت سەرمەوە هەستم بە گرمەی لاقان کرد. لە جێی

خۆم ڕەق ڕاوەستام. دیتم ئەوە چەند کەسێک بەشوێنمەوەن.

ئەفسەرێک کە لە پێشەوەیان دەڕۆیی، هاواری کرد:

«ئەوەتا... ئەوەتا...!»

ئەوجار، شتێکی قورسی لە تەپڵی سەرم دا و یەکجێ بە بێخۆیی خستمی.

لە دیوێکی بچووکی بەندیخانەی ساریقامیش چاویان کردمەوە. پاسەوانێک هاتە ژوور و کاتێک دیتی بە ناڵەناڵ سەر هەڵدێنم، پێلاقەیەکی توندی لە دەموچاوم ڕاکێشا و گوتی:

«ئەوە سەرلەنوێ وەهۆش هاتوویەوە؟! تولەسەگ!»

دیسانەوە بوورامەوە. چەند ڕۆژ بە تاقی‌تەنیا لەو دیوەدا توندیان کردم. دواجار، پاش لێپرسینەوە، بردیانمە لای بەندییەکانی تر. لەوێ چەند سەربازێک چاوەدێرییان دەکردین. لەنێو بەندییەکاندا پیاوێکی بەتەمەنی لێ بوو بە ناوی نیکۆلایڤ. ئەو کاتێک بیستی لە مانگرتندا گیراوم، ئامۆژگاری دامێ و هەروەها فێری کردم کە دەبێ لە لێپێچینەوەکاندا چۆن بم و چی بڵێم، بەڵام هاوڕێیەکانم پێشتر گوتبوویان کە چی بکەم بۆ ئەوەی ناویان هەڵنەدەم و نەیانفرۆشم.

بردیانم بۆ لای ئەفسەری لێکۆڵینەوە و لێیان پرسیم لە کۆبوونەوەکەدا چیت گوتووە؟! ئەمنیش لە وڵامدا بە ڕووسییەکی ناتەواو و نەجووراو، شتگەلێکی تێکەڵوپێکەڵم گوت. کابرا لاقی لە عەرزی دا و پڕ بە دەمی بە سەرمدا نەڕاندی:

_ خۆت گێل مەکە! لە مانگرتنەکەدا باسی بۆلشویکانت کردووە!

_ ئەوە دەڵێی چی؟! بۆلشویکی چی و شتی چی؟!

_ پێم بڵێ بۆلشویکەکان دەناسی یا نا؟!

لە حاڵێکدا سەرم بۆ ڕادەوەشاند، دەمانچەکەی لەسەر سینگم ڕاگرت و گوتی:

_ قسە بکە!

_ بەڵێ! بۆلشـویکەکان دەناسـم! ئەوان نەتەوەیەکی گەورەن... پێویسـتە شەڕی تورکانی عوسمانی بکرێ... دەبێ هەموو کەس بچێتە شەڕێ.

ئەفسەرەکە تفی ڕۆ دەکرد و دەهات و دەچوو. بانگی پاسەوانەکەی کرد تا چینیکی ترم تـێ هەڵداتەوە. دەمانچەکەی هێنایـە بن گوێم و ئەوجار وەک هەور بە سـەرمدا گرماندی:

«قسە بکە!»

منیش بە دەم هەنیسکدانەوە گوتم:

«بۆلشویکەکان نەتەوەیەکی گەورەن و شەڕی تورکان دەکەن».

دوای ئەم لێدان وکوتان و پشـکنینانە، چەند ڕۆژی دیکەشـیان ئەشـکەنجە دام. پاشـان ئەفسەری لێکۆڵینەوە گەیشـتە ئەم ئاکامە کە هەڵەیەک ڕووی داوە؛ بۆیە لەنێو بەندیخانـەدا بە یەکجـاری لەبیریان کردم و کاریان بە سـەرمەوە نەبوو تا ئەوەی کە لە سەرەتاکانی مانگی پووشپەڕدا ئازادیان کردم.

پـاش ئەم ڕووداوە، ڕێوڕاسـت چوومەوە حیزب، کەچی لـەوێ پێیان باش نەبوو بمێنمەوە؛ بۆیە هەر ئەوێ ڕۆژێ گەڕامەوە زێدەکەی خۆم، واتە گوندی «بێئاو».

## له ئاوایی

لەسـەر پێودانی ساڵان، لە گوندەکەمان چ شـتێک نەگۆڕابوو. والی کە لای وابوو لە ئاسـمانەوە بەربووەتەوە، ئێسـتاکەش دەسـتی بارتەقای قەیسـەری تزاری دەڕۆیی و هەنووکـەش چەرخی دەسـەڵاتی لـە گەڕ نەکەوتبـوو. هەروابێتەوە، دەسـکیس و دایکەدزەی ژاندرمان، سـاڵ دوازدەی مانگێ خەریکی تێسرەواندنی کوردان، مووشە و ملّومۆ و چەمۆڵانی ماڵ و سـووتمانی سامانیان بوون. لە بەرامبەردا، کەس هەترەش و نەترەی دەسـتکردنەوە و بەگژداچوونەوەی پێ نەمابوو. پاکی یەکسەر خۆیان ڕادەستی ئەو ملهوڕانە کردبوو؛ ئەوان وەک لە گوێی گادا نووستبن وابوو و ئاگایان لەوە نەبوو کە ئەوە شۆڕشێک لە ڕووسیا ڕووی داوە و دەسەڵاتی تزارەکان نسکۆی بە سەردا هاتووە.

لەگەڵ دیتنی ئەو دۆخە، هاوگوندییەکانم کۆ کردەوە و باسی ئەو شتانەم بۆ کردن وا لە ڕووسیا قەوماون، بەڵام ئەوان بە ترس‌ولەرزەوە گوێیان لێ ڕادەگرتم. دوای ئەوەی لە قسەکانم دەبوومەوە، جێیان دەهێشتم و ڕاستەڕێ دەگەڕانەوە نێو کاولاشی خۆیان. لەو نێوەدا ئیختیاری گوند ئامۆژگارییان دەکردم:

«بابەکەم ئاگات لە خۆت بێ... حاکم ئەو قسـانە دەبیسـێتەوە و خودای نەخواستە

شتێکت بەسەر دێنێ».

جندیێ ئەمۆی ڕدێنسپیی ئاوەدانیش گوێچکەتەقێی دەکرد، دەهات بەلامەوە و گەرەکی بوو بە بوونی دەستوپێوەندیی ژاندرمان کە وەک جاڵجاڵۆکە وڵاتیان تەنیبوو، چاوترسێنم بکا. بەگشتی دەبێ بڵێم، قسەکانم کاریگەرییان نەبوو. گەرچی بەر لە هاتنی منیش، خەڵکەکە شتگەلێکیان لەسەر ئازادی و دابەشینی زەویوزار بیستبوو، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەوەندە چاوشکێن کرابوون کە تەنانەت زمانیان لە زاریدا نەمابوو بۆ ئەوەی پرسیاری پێ بکەن.

سەرەڕای ئەم دۆخە، هەرچۆنێک بێ توانیم هاوڕێیەک بە ناوی خەلیلێ شەڕۆ لەنێو گوندەکەمان بېینمەوە. خەلیل مرۆڤێکی ڕووتەڵەی ڕەنگ لادێیی بوو. ئێمە زۆر وا هەبوو کە دەچووینە دەرەوەی گوند و تەنانەت چەند شەوان لە شاخی دەماینەوە. ئەو چۆنیەتیی ژیان و بەڕێچوونی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. منیش نەقڵی بۆلشویکان و ئەوەی کە دێن و خەڵکی گوند لەدەست دەرەبەگان ڕزگار دەکەن و زەویوزاریان پێ دەبەخشن، دێنایە بەر باس. ئەویش بە بیستنی ئەم قسانە، لە خۆشییان چاوی لێ زەق دەبوون. کاتێک بەنێو کێڵگەکاندا دەگەڕاین، کاڵومەکاڵی زۆروزەوەندی ئاغاکانی پێ نیشان دەدام و ئینجا بە دڵێکی پڕ لە هیواوهومێدەوە پێی دەگوتم:

ـ ئەو زەویوزارە هەمووی دەبنە مڵکی من.

ـ هەر ئەو زەوییانە نا، بەڵکوو داروبەردیشیان لێ دەستێنین.

ـ ئەدی مەڕوماڵاتیان چی؟

ـ بەڵێ، ئەوانیش دەکەونەوە دەستی خەڵکی.

ـ نابێ لەو کارە بسڵەمینەوە.

ـ وایە، بەڵام بەتەنیایی ئەو کارەمان پێ ناکرێ و دەبێ تێکڕای خەڵکی شانی وەبەر دەن.

_ ئـــەدی ئەگەری ئـــەوە هەیە کە گوندەکانی کومســـۆرۆ و قەرەکەلـــە بدرێنەوە بە خەڵکی؟!... گریمان وابوو و درانەوە، ئایا پێت وایە ئەوەندە دێهاتە بەشـــی ئەو هەمووە خەڵکە بکا؟ دەی ئەگەر بەشی نەکردن چی؟!

_ ئەو زەویوزارانە بە تاقی‌تەنیا بەشـــی حەوت پشـــتمان دەکەن و هەمووشمان پێی بەخێو دەبین.

جارێـــک لەم لاوە، خەلیل پیاوێکی دەماخچاخی نێودێی بە ناوی جندیێ ئوســـۆ لەگەڵ خۆی هێنا. کابرا دەستی کرد بە پرسیاران:

_ ئـــەرێ عەرەب! لە قســـان لای خەلیـــل گوتووتە کە زەویوزار و شـــت دەدرێ بە هەمووان؟!

_ بەڵێ وایە!

_ ئێمەش دەبێ بەشی خۆمان لە ئاغایان بستێنین... وەنا...؟

_ بەڵێ.

_ ئەدی حکوومەت چی؟ ئەو زەویمان ناداتێ؟

_ نا. ئێمە دەسەڵاتی خۆمان دەبێ و حکوومەتی خۆمان ساز دەکەین.

_ جا شتی وا چۆن دەبێ؟! نازانی ئەوان چەک و چەکداری خۆیان هەیە... کوا ئێمە دەسکیان لە دوو دەکەین؟

_ مەبەستت کێیە؟

_ مەبەستم دەرەبەگەکانە.

_ دەی با هەیانبێ! ئێمەش ماف و بیروباوەڕمان هەیە و شاخەکانیشمان دۆستن.

پاش ئەم گشتە پرسیار و وەڵامە، ئوسۆ ڕاما و بێ ئەوەی شتێکی تر بڵێ، سەری خۆی داخست و یەکسەر گەڕایەوە نێو ئاوایی.

سبەینەکەی بە کۆڵێک پرسیاری ترەوە هاتەوە:

_ ئەریّ عەرەب! ئەتۆ ئیسرائیل میرەکیان دەناسی؟

_ بەڵێ دەیناسم.

تاوێک بێدەنگ بوو، ئینجا چاوی بڕییە چیا و گوتی:

_ ڕاستییەکەی لەکن وی بووم.

_ شتێکت بە میرکیان گوتووە؟

_ بەڵێ.

_ دەوجا بۆم وەگێڕە مامۆستا چی دەگوت و چی نەدەگوت؟

_ ئەویش هەر ئەو قسانەی تۆ دەکا... عەرەب!

جندیێ ئوسۆ ڕاما. پاشان، هێدی و لەسەرەخۆ گوتی:

_ درۆ نەبێ چووبوومە قەرەکەلێ.

کاتێک ئەوەم زانی، لێم پرسی:

_ دەی باشە! خەبەروباسی کوردەکانی وێ؟

_ جا بڵێم چی بابم... ئەوانیش هەر داوای پارچەزەویی خۆیان دەکەن.

_ چی؟! زەوییان گەرەکە؟!

_ ئەی چی... لە قەرەکەلێ و لە گازاچنێ، باسی زەویوزار بووەتە بنێشتەخۆشەی سەرزاران... بەڵێ... ئەدی ئێمە چی بکەین؟

نەمدەزانی چ بڵێم. ئەوجار گوتی:

_ دەڵێی چی ئاغایان دەرکەین؟

_ باشە ئێمەش دەریاندەکەین.

ڕۆژ هات و ڕابرد، ئوسۆش بوو بە هاوڕێمان. دواجار کەسی دیکەش کەوتنە شوێنی. منیش ئەم قسە و خەبەرانەم لای خەلیل باس کرد. بۆ سبەینەکەی، سوارێک بە لینگدان هاتە نێو دێی و لەحاند دەرگای ماڵە کوێخای ڕاوەستا. خەڵکیش بە فڕکانێ

وورووکانە سەری. سوارە دەنگی لێ بڵیند کرد و کەوتە جاڕکێشانێ:

«هۆی مام کوێخا... هۆی... ئەمڕۆ حاکم دێتە سەرسـەرایە... دەیهەوێ هەمووتان لەوێ بن؛ بۆیە ئاغاش داوای کردووە خەڵکی نێو دێ بە وردودرشتەوە بێنە بەر دەرگای دیوەخانێ».

جندیـێ ئەمۆ یەکجێ ملی بۆ ئەو فەرمانە کەچ کرد. هەندێ کەسـیش لێرەولەوێ دەیانپرسی:

«ئەرێ بۆچی؟! چ بووە؟!»

سوارەی هەلاڵەچی بە دەم زەردەوە، وڵامی دانەوە:

«مەترسـن... مە... ماڵۆکەتە... کات کاتی ئازادییە! ئاغایەک نەماوە کەڵەگایەتی و کەڵەزەڕیتان لەسەر بکا!»

ئینجا پێی خستە نێو ئاوزەنگی و دڕی دا بە ئاپۆرای خەڵکی. ئەسپەکەی تاودا و بە ڕۆینەوە کردیە هەرا:

«ئازادی... لەوە بەو لاوە کەس زۆرداری ناکا!!!»

خەلیلیش هاواری دەکرد:

«بڕۆنە ماڵە ئاغای... دەمی سەربەستییە!»

جندیێ ئەمۆ قامکی لە ڕووی خەلیل ڕاوەشاند و دەستی کرد بە شاتوشووتان:

«هەتیو... چەقەچەق... وست بە وست... ئاگات لە زمانت بێ».

هەمـوو دەمیان ڕەق ببوو و زمانیان لەگۆ چووبـوو. جندیێ ئەمۆ خێرا چاوێکی بە وڵاتیدا گێڕا، لێوی قرتماغەبەستووی کرۆشت و گوتی:

«بڕۆن، بەڵام جوان و بە دوای یەکدا بڕۆن... تێگەیشتن؟!»

تاقوجووت سەریان پێوەنا و بەرەو ماڵە ئاغای لە قەدەکە هەڵبوون.

زۆربـەی خەڵکی ناوچە و نوێنەرەکانیان لە گوندی دگۆرێ مەزن ئاپۆرەیان دابوو.

نوێنەری حکوومەتی کاتی لە ئاخاڤتنەکەیدا باســی وەرگەڕانی تاج وتەختی قەیســەر و دامەزرانی دەســەڵاتی جڤاتی لە ڕووســیا کــرد؛ ئەو هەروەها ئامــاژەی بەوە کرد کە حکوومەتی کاتی لە ســەرووی هەموو دەســەڵاتەکانە و هــەر نەتەوەیەکیش لەلایەن سەرۆکی خۆیەوە بەڕێوە دەچێ. لەو حەلەدا، خەلیل هەڵیدایە:

«ئەدی بەشەزەویی من چی لێ دێتەوە؟»

لەگەڵکوو خەلیل ئەو قســەی لە زار دەرپەڕی، کێشــەی زەویوزار وەکوو باڕووت تەقاوە و بە ســەدان کەس ئەو پرسیارەیان دووپات کردەوە. وتاربێژەکە زۆری حەول دا قســەی خەڵکی ببڕێ، بەڵام بۆی نەکرا. خەڵکەکە گوێیان نەدایە و سەریان لێ شێواند؛ بۆیە جێی هێشتن و چارناچار ڕۆیشتە لای دەمسپییەکی دەستڕۆیشتووی گوند بە ناوی عەگیدبەگ. ئەمن لەتەنیشــت مینبەرەکە بــووم و گوێم لێ بوو کە کابــرای وتاربێژ لە عەگیدبەگی دەپرسی:

«کێ ئەم داخوازییانەی لە زاری کوردان گوشیوە؟!»

لە وڵامی کابرایدا، عەگیدبەگ بە چاو تێی گەیاند و منی پێشان دا. جلی سەربازیم لەبەردا بوو. نوێنەری حکوومەت بە وردی ســەرنجی دامێ و ســەری هێنایە بناگوێی عەگیدبەگ و سرتەیەکی لەگەڵ کرد. بەگیش لێکدالێکدا ســەری بۆ دەلەقاند. پاشــان بانگی سەرژاندرمەکەی کرد. ئەویش بە سیلەی چاوانی تێم ڕاما و بە نیشانەی سەلماندن سەری بۆ ڕاوەشاند. خەلیل بە پڕتاو خۆی گەیاندمێ و گوتی:

« عەرەب ، وەرە پێش قســان بکــە... هاوڕێیان دەیانهەوێ بــە نوێنەرایەتیی ئەوان ویست و داخوازییەکانیان بخەیە بەر باس... چاوەڕێتن... خێراکە دەی...».

بێ ســێودوو وەســەر کەوتم. لەحاڵێکدا نوێنەری حکوومەت دەڕۆیشــتە دەرێ، هەرای دەکردمێ:

«ئۆ هۆی... سەربازی یاخی... هۆی... بەلەسە!»

خەڵکەکە هیچیان نەگوت، بەڵام من خۆم بۆ ڕانەگیرا. دەنگم هەڵێنا و ئاوا دەستم کرد بە قسان:

«خەڵکینە!»

خەڵکەکەش وێکڕا و بە دەنگێکی بەرز، دروشمیان دەدا:

«عەرەب!... عەرەب!»

ئەم ناوە زارەوزار بەنێو گوندنشیناندا دەگەڕا. پاش ئەوەی جۆش‌وخرۆشی خەڵکەکە نیشتەوە، هەودای قسانم گرتەوە دەست و درێژەم پێ دا:

«ئێمەی گوندی زەویوزاری خۆمان دەوێ. تا کەنگێ لەژێر باری دەرەبەگاندا بین؟! تا کەی ئیزن بدەین وەکوو ئاژەڵ لێمانخوڕن؟! براینە! بۆلشویکەکان زەویمان دەدەنێ؛ ئەوان باسی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی کارگە بۆ کرێکار و زەوی بۆ سەپان و دروێنەوانان دەکەن».

لەو دەمەدا هەستم کرد کەسێک شانی گرتووم و بۆ لای خۆییم ڕادەکێشێ. ئاوڕم داوە دیتم نوێنەری حکوومەتی کاتییە. ئەو کە لە حەیفانم سوور هەڵگەڕابوو، سەری هێنا بن گوێم و بە سرتە گوتیە من:

«لێی دەبڕییەوە یان نا؟»

کاتێک خەڵکەکە ئەوەیان دیت، بە سەریاندا گوڕاند:

«بەری دە... دەی! لێی گەڕێ... بۆ ناهێڵی قسان بکا؟!»

ئەوسا کە هاوار و داواکاریی خەڵکم بۆ درێژەدان بە قسەکانم گوێ لێ دەبوو، مانگرتنی سەربازەکان و بەندیخانەی ساریقامیشم وەبیر خۆم هێنایەوە، کەچی بەوحاڵەشەوە سەرلەنوێ گەڕامەوە نێو ئاپۆراکە. نوێنەری حکوومەت توند دەستی گرتبووم. عەگیدبەگیش لە داخان پیشی دەخواردەوە، لەرزی دەهاتێ و بە ڕقەوە چاوی تێ بڕیبووم. بەو حاڵەش قسەکانم نەبڕی و بەم جۆرە بەردەوام بووم:

«ژاندرمه و مڵکدار بێڕێزی به کوردان دەکەن و تێیان هەڵدەدەن. لێمان سووره که لەمه به دواش درێژه بەو کارانەیان دەدەن؛ بۆیه پێویسته کرێکار و جووتیار ئەنجومەنی خۆیان پێک بێنن».

پاشان یەکێک له نوێنەرەکان هەڵی‌دایه:

«نا! ئێمه لەجیات دەسەڵاتی جڤاتی، حکوومەتێکی خۆجێیی و کاتی دادەمەزرێنین».

لەنێو ئەم قسانەدا بوو که منیان بۆ لایەکی پاڵ پێوەنا. هەستم به قورساییی دەستێک لەسەر شانم کرد، دیتم عەگیدبەگه و دەڵێ:

«عەرەب! وەره کارم پێته».

ئەمنیش دەستیم لەبان شانم لابرد و به دەمیدا هاتمەوه:

«هیچ قسەیەکم لەگەڵ تۆ نییه».

بەگ گوتی:

«عەرەب... ئەوه دواقسەت بوو؟!»

ئەو جارەش لێی به چەقی نەحلەتا چووم و گوتم:

«گورگ زمانی خۆش نازانێ... یا دەبێ فیشەکی پێوەنێی یان ئاگر!»

پاشان تفێکم ڕۆ کرد و له سەکۆکه هاتمه خوارەوه.

کۆبوونەوەکه تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو. هەراوزەنایەکی زۆر ساز ببوو. نوێنەر یان باشتر بڵێم وتەبێژی حکوومەتی کاتی بۆ هەموو داخوازییەکانی کوردان بیانوو و تەوازی هێنایەوه. ئەو داوای لێبووردنی له خەڵکەکه کرد و بەڵێنی دا ویستەکانیان جێبەجێ بکا، بەڵام کاتێک هەڵبژاردن کرا، بەربژێرەکانی سەربه تاشناک و بەگەکان سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، کەچی ئیسرائیل میرەکیانی ئێمەیان تەنانەت وەک بەربژێریش پەسەند نەکرد و ناچاریان کرد بکشێتەوه.

کاتێ بەرەو ماڵ بوومەوە، تاریکەشــەوێکی ئەنگوستەچاو بوو. گەواڵەهەوری پڕ، بەرەبەرە لە چیاکانەوە ئاسـۆگیان دەدا. جاروبارەش تریفەی مانگ وەکوو جێداغێک لەپشــت هەورانەوە خەرمانەی دەدایەوە. کە لە ســەرەوارەی چیاوە دادەگەڕام، هاوڕێ بۆلشویکەکانم کە لەنێو شاردا چالاک بوون، دەهاتنە بەر چاوی خەیاڵمەوە.

لە کەندێکی تاریکدا بوو کە ســێ پیاو تەپیان دایە سەرم. لەو دەمودەستەیەدا خۆم بە خۆمم گوت:

«بە خوای تازە بە دەندووک پێوەبووم!»

بە هەموو هێزوپێزی خۆم، مســتێکم لە زاروتفنکی ئەوەی پێشــەوەیان دا. لەســەر دەستم، هەستم بە شتێکی لیچق کرد. خوێن! پیاوەکە لەرزی و نەڕاندی:

«گەماڵ باوک!»

پاشان بە پشتەدەستی دەموچاوی گرت. دوو کەسەکەی تر کە دەستیان لێ دابوومە باڵچۆغەی شمشێرێ، هەڕایان کردە سەرم و گوتیان:

«لە جێی خۆت نەبزووی...ها!»

لەباڵ خۆمدا گوتم تازە تێداچووم. ئەوجار پرسیم:

_ئێوە کێن؟

_وست بە... گەمارۆ دراوی... خوستەت بێ، کوژراوی!

_باشە بۆچی؟ بە چ تاوانێک؟

_بە تاوانێکی قورس!

دوو کەســی دیکەش لە پشــتەوەڕا بۆم هاتن و دەستیان بادام. زۆرم حەول دا خۆ ڕاپســکێنم، بەڵام ســوودێکی نەبوو. باڵم شــەتەک درا و برامە ماڵــە عەگیدبەگی لە ئاواییی دووگر.

کاتێ گەیشتینە وێ چرای ماڵان لە دوورەوە ترووسکەیان دەهات و مانگەشەویش

وەک شەپۆلێک سـواری ئاسمانی گوندەکە ببوو. ژاندرمەیەک چووە ژوورێ و دوایە لەنێو حەساری ماڵەکەدا ون بوو. نوێنەری حکوومەتی کاتی کە لەبەر دەرگە وێستابوو، بانگی کردن:

«بیهێننە ژوورێ».

عەگیدبەگ کە لە پشتەوەی ڕاوەستابوو، بە گاڵتەوە لێی ڕوانیم و گوتی:

«فەرموو ژوورێ... میوانی ئازیز».

پاشان بۆ ژوورەوە پاڵی پێوەنام و دەرگای لەسەر پێوەدام.

چاوم لە دەوروبەری خۆم کرد؛ دیتم ئەوە سەرۆکی ژاندرمان، نوێنەری حکوومەتی کاتی و چەند تاشناک لەوێن و لەپشت مێزێکەوە دانیشتوون. کابرای نوێنەر لێی پرسیم:

«ئەتۆ بۆلشویکی؟»

هیچم نەگوت. کاتێ زانی هیچم لێ هەڵناکرێنرێ، وەک بەرازی غەزری و گوتی:

«قسە بکە! ئەتۆ هەر ئەو کەسە نی وا خەڵکمان لێ تین دەدەی؟! دەی بۆمان باس کە!»

ئەوجار عەگیدبەگ بە لاتاو گوتی:

«بابـم... کابرا لمبۆزی بڵێندە و لە هەموو دەراوێک ئاوێ ناخواتەوە... بە قات‌وناز نەبێ، دەنا کوا فیزی دێ بماندوێنێ؟!»

ئەو کە ئاور لە چاوانی دەباری، بە هەنگاوی ئارام و بێهەست، بەڵام قورس و قایمەوە لێم نزیک بۆوە. مستی لێ توند کردم و گەڕاوە و گوتی:

«لاچوو...لا...!»

کە دیتی وسـتەم لێوە نایە و هیچ نادرکێنم، وەک پشیلە خۆی هاویشتمێ و بە هەر دوو دەسـتانی بینەقاقای گرتـم. کەوتمە نرکەنرک و هانکەهانکـێ و هەر لەوێ بەلادا کەوتم. عەگیدبەگ گوتی:

«هەی سەی... کوڕی سەی... ئەوە بەشەزەویت دەوێ؟ ها توڵەباب؟!»

ئەوجــار بە پۆتینان دەســەرم بەربــوو. تەواوی جەســتەی شــێلامەوە و ڕووی لە ژاندرمەکە کرد و گوتی:

«بیبەنە نێو تەویلە و بیبەستنەوە... دەزانم چۆنی وەقسە بێنم».

بردیانمــە حەســارێ و پاشــان ترنجاندیانمــە نێو تەویلــەوە. لەوێــش ژاندارمە و نۆکــەر شینوڕەشــیان کردمــەوە و زۆر ناحەز لەگەڵــم جووڵانەوە. ئــەوان زبڵ‌وزاڵیان پێ دەکێشامەوە، تفیان لە ڕووی دەکردم و سووکایەتییان پێ دەکردم، بەڵام وا وێدەچوو کە ناوێرن بمکوژن. عەگیدبەگیش وەکوو پێشوو ئاگای لێم بوو، بەڵام نەیدەزانی چیم لێ بکا، دەتگوت چاوەڕوانی شتێکە!

ئێوارەی ڕۆژی پێنجەم، بردیانمە بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت و لاپەڕەیەکیان دامێ تــا واژۆی بکەم. بەپێی ناوەرۆکی لاپەڕەکە، دەروەســت دەبووم چی تر لەو نێوە ئاژاوە نەنێمەوە. منیش واژۆ و پەنجەمۆرەکەم بۆ لێدان و بەرەڵڵایان کردم.

ئەودەمەی بەردرام، پێم باش نەبوو بگەڕێمەوە ماڵە خۆمان و دەترسام عەگیدبەگ داوێکی ترم بۆ بنێتەوە یان هەر هیچ نەبێ فیشەکێکم پێوەنێ؛ بۆیە ماوەی چەند ڕۆژان لە ماڵی ناســیاوێکم، لە یەکێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە مامەوە. هەر لەڕێگەی ئەو برادەرەشەوە بوو کە برووسکەیەکم بۆ خەلیل نارد و داوام لێ کرد شەوێک، بە چەکەوە بێت و لەگەڵ خۆی بمبا.

هێندەی پێ نەچوو، خەلیل وێڕای پۆلێک چەکداری کورد کە جندیێ ئوسۆشیان لەگەڵ بــوو هاتنە نێو دێی. منیش ڕەگەڵیان کەوتم و لە ڕێگەدا بەســەرهاتی خۆمم بۆ گێڕانەوە. خەلیل بە بیستنی قسەکانم خوێن بەری چاوی گرت. ئەو دەیهەویست هەرچی زووتر تۆڵەی من لە عەگیدبەگ بکاتەوە، تەنانەت بەتەما بوو یەکسەر بگەڕێتەوە دووگر و بە گوللان دایبێژێ. خەلیلم هێناوە سەرەخۆ و پێم گوت:

«کاکیلــە، ئامانجــی ئێمــە خوێندەلانــدن و پیاوکــوژی نییــە؛ ڕێبــازی ئێمــە

وشـــیارکردنەوەی نەتەوەی کوردە تا لەژێر دەســـتی بەگ، تاشـــناک، خێوی زەوی و ئیمپریالیستان ڕزگاری بێ».

جندیێ گوتی:

«لەو قســانە گەڕێن... ئەتۆ دەبێ لە ماڵە ئێمەدا بمێنییەوە؛ لەبەر ئەوەی حکوومەت شکی ناپەڕێتە سەر من و کەسیش خۆم تێ هەڵناقوتێنێ».

پاش ئەمە، لە ماڵە جندیێ پنجومۆر بووم و لە خەڵکی نەدیو کرام.

چەند ڕۆژی تێ وەرســووڕا، شــەوانە بە نهێنی لە ماڵە جندیێ ئوسۆ دەهاتمە دەر. لەگەڵ خەلیل بەنێو دێیدا دەگەڕاین و بانگەشــەمان بۆ بۆلشــویکان دەکرد؛ بۆ خەڵکم باس دەکرد کە ئەوان زەوی لە دەوڵەمەندان دەســتێننەوە و لەنێو گوندنشیناندا دابەشی دەکەن و ئا لەو قسانە!

شەوێکی لە ماڵە جندیێ کۆ ببووینەوە و باسی زاتبەزیوی و ویستبەزیویی خەڵکمان دەکرد کە لەناکاو خێزانی ماڵێ خۆی بە ژوورەکەدا کرد و یەکبەخۆی زیڕاندی:

«هاتن... ژاندرمە هاتن... ژاندرمە...!!!»

ئێمەش خێرا دەرپەڕینە دەرێ و هاوارمان کرد:

_ کوانێ؟... لە کوێن؟

_ ئەوە لە ماڵە شامیلە پیرە دان!

جندیێ پێی گوتم:

«ئەتۆ خۆت وەشێرە!»

ئینجا لە ماڵێ وەدەرکەوت و منیش لەنێو تەندووریێدا خۆم حەشار دا.

ڕاســت لەو دەمە دا، ژاندرمە بە سواری ئەســپەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵمان؛ ئەوان دەچنە زارکی حەسارێ، هەڕەشە لە باوکم دەکەن. هەڵی دەپێچن و سەروسۆراخی منی لێ دەپرسن.

باوکم وەگریان دەکەوێ. سـوێندیان بۆ دەخوا کە لـەو ڕۆژەوە لە دووگر بووە ئیتر چاوی بە من نەکەوتووە. دایکیشـم بـە گاگۆڵکە لێیان دەچێتە پێش و لەنێو تەپوتۆزی سمی ئەسپەکانیاندا دەکەوێ. پێسیریان لەبەر دادەدڕێ. دەگری و دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی چی تر کاریان بە سەریانەوە نەبێ.

ژاندرمـە ماڵ بە مـاڵ دەگەڕێن. کاتێـک نامدۆزنـەوە، تووڕە دەبن. سـەرلەنوێ دەگەڕێنەوە و هەڕەشـە لە دایک و باوکی گردەنشـینم دەکەن، بـەڵام هەرکە خەڵکی نێودێ ئـاگاداری ئـەوە دەبن، وەسـەریان دەگەڕێـن و ڕزگاریان دەکـەن. ئەوان بە ژاندرمەکانیـان گوتبوو کە تاقە جارێک منیان لەو گوندە دیوە و لەمەو بە دواوە چاویان پێم نەکەوتووەتەوە. ئەوسـا، ژاندرمە بەبێ دەسکەوت دەگەڕێنەوە و بە باوکم دەڵێن با کوڕەکەت بگرین، دەزانین چی لێ بکەین.

جندیێ پاش ئەوەی گەڕایەوە ماڵ، هەموو ئەو شـتانەی بۆ گێڕامەوە. بە بیستنی ئەم قسـانە بەزەییم بە دایک و باوکی دەردەدارمـدا دەهاتەوە. دەمزانی تا ئەوکاتەی لەوێم، ناهێڵن بە ئاسـوودەیی بژین؛ بۆیە بە مێشکمدا هات لەوێ بڕۆم. ئەم بیرۆکەیەم لەگەڵ جندیێ خستە بەر باس. ئەگەرچی ئەو لە پێشدا بڕێک تووڕە بوو، بەڵام دوایە ڕای منی پەژراند و ساخ بووینەوە کە وا باشە تا چەند ڕۆژی دیکە لەوێ نەمێنم.

پێـش ئەوەی وەڕێ کەوم، سـەرێکم لـە ماڵێ داوە. کاتێ چوومـە ژوورێ، دیتم هەمووی لێکدراوە و دایکیشم خەریکی کۆکردنەوەی شتومەکی سەر عەرزییە. هەرکە باوکم منی بینی، هاتە پێش و دوای ئەوەی تاوێک لێی ڕوانیم، پرسی:

_ عەرەب! پێم بڵێ چیت دزیوە؟

_ باوکە هیچم نەدزیوە.

_ ئەدی ڕۆڵە پیاوت کوشتووە؟

_ نەوەڵڵا... باوکە گیان هیچ کەسێکم نەکوشتووە.

_ باشە ژاندرمە بۆ بەشوێنتەوەن؟

_ نازانم.

_ ناتهەوێ ڕاستییەکان لای باوکی خۆت بدرکێنی؟

_ باوکە!

_ چی؟... دەی... بیڵێ دەی!

منیش ئا بەم جۆرە دەستم پێ کرد:

«باوکـە گیان... دەمهەوێ هەمـوو نەتەوەکانی ئەم جیهانە بـە مافی خۆیان بگەن. خەڵکی گوندیـش جێجووتی خۆیان هەبێ؛ حەز دەکەم ئـەوان بەختەوەر بن، قەفی زنجیری دیلی و یەخسـیری بپسـێنن و لەچنگ وەیشـوومەی نەزانی و چارەڕەشـی و بێبەشـی ڕزگارییان بـێ. ئەگەرچی وڵاتەکەمـان زۆروزەوەنـد و دەوڵەمەندە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی بندەسـت و برسـی و بەجێماوە. پێم بڵێ بۆچی؟! چونکە لەلایەک، دەرەکی و داگیرکەر و لەلایەکی تریش، دەرەبەگ و دەوڵەمەندی خۆماڵی، هەوسارمان لێ ڕادەکێشـن و وەک ئاژوەرێکی باش لێمان دەخـوڕن. باوکە گیان، ئێمە ناخوێنین و دەسـخەرۆ دەبین. ئەوان دەخوێنن و هەڵناخەڵەتێـن. کردەمان دەبێتە بردەی ئەوان. ئێمـە لە زانیـن بێبەش و بێبەرگ و برسـین، کەچی ئـەوان دەخوێنن لـە قوتابخانەی شـاران و ڕای‌دەبوێرن لەنێو کۆشـک و تەلاران. باوکە! ئەوان وەک مرۆڤ سـەیرمان ناکەن و بە ئاژەڵیان قەبڵاندووین. هۆکارەکەی ئەوەیە هەموو شـتێک، هەر لە زەوی و کارخانـە و پارەوە بگرە تا دەگاتە هێز و حکوومەت، هەمووی لەبن دەسـتی ئەواندایە؛ بۆیە تێ دەکۆشـین تا کارخانەکان بدرێنە کرێکاران و زەویوزاریش بەسـەر جووتێر و زەویکێڵاندا بەش کرێن. هەموو گوندییەک ببێتە خاوەنی مەرز و مەزرا و مەرەزەجاڕی خـۆی و ئەتۆش پەڵەزەوییەکت هەبێ. باوکـە، ئەوجار زانیت بۆ گەرەکیانە بمکوژن؟! دەڕۆم. بەڵام ئەرخەیان بە هەر دێمەوە... ماڵاوا!»

باوکم دەستی کرد بە گریانێ. لە حاڵێکدا فرمێسک بە لاجانگی چرچهەڵگەڕاویدا خێزەریان بەستبوو و وەک ئاوەچۆڕەی قەدی داران تک تک دەڕژانە خوارێ، گوتی:

«پیاوی چاک بە عەرەب! ئەتۆ تاقە کوڕی ماڵێی... ئێمە ئیتر ڕەوتەین و پێیەکمان وا لەسەر لێوی قەبرێیە، کوڕم دەتهەوێ لە حەژمەتانت بمرین؟»

دایکم گوتی:

«ئێمە ماڵە شـــوانکارانین... لە کەمی کەم و لـــە زۆری زۆر... ئیدی زەویوزارمان بۆ چییە... نان ودۆی شوانیمان لەسەر زیادە؟!»

پاشـــان لەســـەر ئەژنۆ دانیشـــت. بـــۆ ئەوەی نـــەڕۆم بە دەســـت و قامکـــی ڕەق و وشکهەڵگەڕاوی ڕۆبووە لاقم، بەڵام نەدەکرا بمێنمەوە. دایکوباوکم بە گەرمی لەئامێز گرت و ماڵاواییم لێ کردن، بەڵام دایکی بەستەزمانم هەر هاوارهاواری منی بوو!

جانتام لە شـــان کـــرد و قەننەیەکی کەوتمەڕێ. بوولێڵەی ئاســـۆیەک لە دوورەوە و لەنێو تاشەبەردان بەدی دەکرا. ملی ڕێگەم گرتەبەر و یەکڕاست بەرەو ئەلکساندرۆپۆل هەنگاوم نایەوە.

## له ئەلکساندرۆپۆلەوە تا ستاورۆپۆل

له شـاری ئەلکساندرۆپۆل، سـەرباز ڕێژە دەڕۆیشتن و دەستەدەسـتە لە گۆڕەپان و وێسـتگەکاندا، لـە ڕاپەڵکەدا بـوون. برێ له قەتارەکان سـەربازیان بۆ بەرەی شـەڕ دەگواستەوە و هەندێکی تریشیان دەیانهێنانەوە. ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕانەوە، لە خۆشـییان دەیانکـردە قاوەقاو، کۆزیلکەیـان دەگرت و سـەربازەکانی تریان بەڕێ دەکرد. ئەو هێزانەش کە دەچوونە شـەڕێ، سواری قەتار دەبوون و ماڵاوایییان لە یەکتر دەخواسـت. پاشـان وەڕێ دەکەوتن و زۆری پێ نەدەچوو کە دەڕۆیشتن و تێکەڵ بە تاریکیی شەو دەبوون.

کاتێ گەیشـتمە ئەلکساندرۆپۆل، سەربازێکی بۆلشـویکم بە ناوی ڤاسیا بینی کە لە خۆشییان هەر فیکە و هاواری بوو:

«بڕۆن! شەڕ تەواو بووە».

پاشان هاتە نێو قەتارێک کە دەچووە وێستگە. بەرانبەرم ڕاوەستا و پێی گوتم:

«شامیل! وەرە ژووری!»

لەنێو واگۆنەکەدا جێگەی خۆم کردەوە و بەرەو تفلیس وەڕێ کەوتین. چەند ڕۆژان

لە تفلیس ماینەوە. نەماندەزانی چی بکەین؟!دەیانگوت کە لە ڕێگەدا، پێش بە قەتاران دەگرن و خەڵکی ڕووت دەکەن. ئینجا چەکچن دێن، دەست بەسەر چەکوچۆڵیان دادەگرن و دواجار دەیانکوژن. دۆخەکە جێی تێڕامان بوو. دەنگۆی ئەمە بڵاو ببۆوە کە لە قەراخ شاری گەنجە قەتارێک شەقوپەق کراوە. پاشان خەڵکەکەیان چەک کردوون و کەسیش نەیزانیوە بۆ کوێیان بردوون؟!

بەڕێوەبەری وێستگە، ئیزنی نەدەدا سەربازەکان وەدەرکەون. لەناکاو و لە سووچێکەوە گوترا کە بۆ چەککردن و ناردنەوەی ئەو سەربازانەی لە تفلیس بوون، قەزاقان دێنن.

لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە، سەباز کەوتنە جموجووڵ و کۆبوونەوە تا چارەیەک بدۆزنەوە و خۆیان ساخ کەنەوە کە ئایا چەک دانێن یان بەرەنگاریان ببنەوە؟! لەم کاتەدا، ڤاسیای تازەهاوڕێم کە دەتگوت کێچی لە کەوڵێ کەوتووە، هەر ڕاوێچکەی بوو و لەگەڵ پۆلەسەربازانیش خەریکی سرتوخورتان بوو، بانگی منی کرد:

_ شامیل!

_ بەڵێ.

_ ئەتۆ ڕێگەی ڤیلادی کۆکاز دەزانی؟

_ بەڵێ دەزانم، بەڵام هیچ کات بە پێیان نەچوومەتە ئەو شوێنە.

هەرچۆنێک بوو بەرەو شوێنی مەبەست لەگەڵیان وەڕێ کەوتم. پانزدە ڕۆژان بە شاخانەوە بووین. مانگی ڕەزبەر بوو کە گەیشتینە شوێنی مەبەست. لەوێ شتێک بە ناوی یاسا بوونی نەبوو. سەربازەکان بەتەواوی دەستیان بەسەر قەتارەکاندا دەگرت و دەیانبردنە ڕووسیا. هاوڕێکانم پێیان داگرت کە دەبێ ئەوجار لەتەکیاندا بچمە ستاورۆپۆلێ. لە ڤیلادی کۆکاز کە حکوومەتی کاتی لەسەر کار بوو، کەسم شک نەدەبرد بیناسم؛ بۆیە بە دڵمدا هات بچمە شوێنە چەپەک و دوورکەوتووەکانی ڕووسیا

یان باشتر بڵێم جێڕاوکە و مەڵبەندی خەبات و هەڵسووڕانی بۆلشویکان.

گەیشتینە ستاورۆپۆل و بۆ سبەی بەشوێن هاوڕێیانی حیزبیمدا گەڕام. یەک ڕۆژی ڕەبـەق و بێ ئەوەی کەس تێم بگا، هەموو کون‌وکاژێری ئەم شـارەم سەنگوسـووژن نا. کاتێ گەڕامەوە وێسـتگە، شار چاوی لەسـەر یەک دانابوو و لە لانکەی بێدەنگیدا ڕادەژێنرا. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ڤاسیا باسی ڕەوشی خۆم کرد. پاشان بڕیارمان دا بڕێک ڕاوەسـتین و دەست ڕابگرین. بۆ ئەوەی پارووە نانێک پەیدا کەین و لە برسان نەمرین، بووینە کۆڵهەڵگـر و چەند ڕۆژمان ئاوا ڕابوارد. ڕۆژێک لە وێسـتگە، لە کار دەگەڕام. پیاوێک لەوێ هەڵتروشـکابوو و چەند گۆنیشـی لەتەنیشـتە خۆ دانابوو. لێی نزیک بوومەوە و ئاماژەم بە بارەکانی کرد و پێم گوت:

«هاوشاری... یارمەتیت ناوێ؟»

ئەویش لەژێڵلا چاوێکی لێ کردم و گوتی:

«فرە حەزیش ئەکەم... برا گیان... ئەوەسە... هەقدەسەکەشت ها بان چاوم».

تەلیسـەکانم بە کۆڵ دادا و بەرەو ماڵە کابـرای چووین. بارەکان زۆر قورس بوون و یەکیانم لێ کەوتە عەرزی. لە ترسـان ڕەق ڕاوەسـتام. پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە چاوی لێ کردم و گوتی:

«ببوورە هاوڕێ گیان... سنگم بریندارە... ئەگینا لایەکم لەتەکا هەڵئەگرتی».

بەلامـەوە زۆر سـەیر بوو کە پێـی دەگوتم هـاوڕێ! هەرچۆنێک بوو تەلیسـەکەم هەڵگرتەوە و درێژەم بە ڕێگەی خۆم دا. کاتێک گەیشتینە بەر دەرکی حەساری، پارەکەی پـێ دام. ئەوجار، نان وچا و پێخۆری لەپێش دانام و پرسـی کە خەڵکی کوێم. ئەمنیش متمانەم پێ کرد و بەبێ زیادوکەم، هەرچی بوو و نەبوو لە بەسـەرهاتی خۆم و چۆنیەتیی هەڵاتن و هاتن بۆ شارەکەیانم لە مستی نا. کاتێک ئەم سەربردانەی بیست، پرسی:

_ کوڕی خاس... نەکا تۆ بۆلشویک بی... ها... واسە یان نا؟

_ئەرێ وەڵڵا بۆلشویکم.

_ئەی کوا بەڵگە و مەڵگە؟ دا پێشانمی دە!

_بەڵگەی چی و شتی چی؟

_برا! ئێژم بەڵگەنامە یا هەمان پرسیارنامەکەی جاران.

_وەڵڵا چم پێ نییە.

_وا ناشـێ! بەڵام قەی ناکا... بەس گوێ گرە... شتێکت بۆ ئەنووسم و بچوو بۆ ئەم شوێنەی وا پێتی ئەڵێم... ئەوان یەکاویەک ڕاتئەگرن.

کاغەزەکەم لێ وەرگرت و بە خۆشـحاڵییەوە بە دوای ڤاسـیادا چووم. سبەینەکەی ڕەگەڵ سـوپای سـوور کەوتین و لەوێ چووینە بەر دەسـتی فەرماندەیـەک بە ناوی سەرهەنگ شاپاک.

## شەڕی نێوخۆیی

ساڵی ١٩١٨ بوو کە لە ناوچەی سالیسک هێزەکانمان ڕووبەڕووی چەتەکانی ڕووسیای سپی بوونەوە و لە ئەنجامی ئەم شەڕانەدا بەرەو ستاورۆپۆلێ پاڵدراین. ڤاسیای هاوڕێشم لە کاتی گرتنی باتایسکێدا وەبەرهات. دوای ئەم ڕووداوە، ئەمجار لە مەڵبەندی تزاریتسین لەگەڵ قەزاقەکانی سەربە ڕووسیای سپی پێک هەڵپرژاین و بە مەبەستی ڕزگارکردنی ناوچەکە هێرشمان کردنێ و هەتا ستاورۆپۆل ڕاومان نان.

هێز لە سەربازگەی ستاورۆپۆلەوە بۆ بەرەکانی تری شەڕ بەرێ دەکرا و دۆخی شارەکەش بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. چەتە سپییەکان دەوراندەوری شاریان گرتبوو و تەمای داگیرکردنی ئەم شارە لە خەیاڵی فەرماندەکانیاندا گووڕابوو. زۆری نەخایاند کە ژەنەراڵ شکووڕۆ و هێزەکەی هێرشیان کرد و بەرەکەی ئێمەیان بەزاند. پاش شەڕێکی خوێناوی، شار کەوتە دەست دوژمن. دوای ئەم شکستە، بەرەو گوندی تاتارسکۆ پاشەکشەمان کرد. بڕیارمان دا سەرلەنوێ پەلاماری شارەکە بدەینەوە. دوو جار تا نێو شارەکە چووین، بەڵام هەر دوو کەڕەت دەرۆستیان نەهاتین و تەقورەومان تێ کەوت. لەو تێکهەڵچوونانەدا یەکێک لە فەرماندە جوامێر و خۆشەویستەکانمان بە ناوی هاوڕێ شپاک کووژرا.

لە گوندی تاتارسکۆیەوە چووین بەرەو نەڤیمۆسکا و بە مەبەستی سەرلەنوێ ئاژۆتنەسەر ستاورۆپۆل، بنکەیەکی نوێمان لە قەراخ چۆمی مانیچ دامەزراند. ئەوجار لە دەستە و لکی بچووکدا هێرشمان کردەوە سەر شارەکە، بەڵام هێزەکانی دوژمن لە شوێنێک بە ناوی مەدڤیدکا دیسانەوە پاشەکشەیان پێ کردین.

لەوێ و لە هەرەمەی ئەو شەڕە قورسانەدا بوو کە نەخۆشیی کەوتوویی لەپێی خستم. ناچار وێڕای بریندارەکانی تر بۆ شوێنێک بە ناوی پیاتیگرۆسک ڕاگواسترام و لەوێشەوە بەرێ کرامە ڤیلادی کۆکاز. لە ڤیلادی کۆکازیش نەخۆشییەکی ترم پێوەنووسا؛ ئەویش سووکەگرانەتێ بوو کە بە جێوبان لە خەستەخانە خستمی. جووتەی نەخۆشییان بە یەکجاری بڕستیان لێ بڕیبووم. چێشتی ئەوێش بۆ خواردن نەدەبوو. لەو دەمەدا بوو کە چەتەکانی ڕووسیای سپی دەستیان بە هێرش کردەوە. دەنگی تۆپیان دەهات و تیمارخانەش وەک کونەمێرووویەک هارووژابوو.

خەڵک زاتیان چووبوو و بەردەوام دەیانگوت و دەیانپرسی:

«ڕووسیای سپی... ڕووسیای سپی...؟»

ئەوانەی دەیانتوانی لەسەر پێ ڕاوەستن، لە حەولودەولی ئەوە دابوون کە هەرچی زووتر خۆیان لە نەخۆشخانەکە دەرباز بکەن. قەزاقەکەی تەنیشتم کە خەڵکی کووبان بوو، کاتێ لەسەر جێگەکەی هەستا و جلەکانی دەبەر کرد، پرسیارم لێ کرد:

_ دەڕۆی؟

_ ئەرێ وەڵڵا دەڕۆم.

_ بۆ کوێ دەچی؟

_ خۆم دەگەیەنمە کوڕەکانی خۆمان.

_ چاو لە خۆت کە! بە زەحمەت دەتوانی لەسەر لاق ڕاوەستی!

_ کێشە نییە! ئەگەر بڕۆمە دەرێ، ترسم دەشکێ و ورە دەگرم. نەکا بتهەوێ لێرە

بمێنمەوە و چەتەی ڕووسیای سپی بێن و هەلابەهەلام کەن ؟!

هەر چۆنێک بوو کابرای قەزاقیش نەخۆشخانەی جێ هێشت. منیش ویستم بڕۆم، بەڵام وام لە باریکیوبنێسی دابوو کە ئەگەر کەسێکم لەفریا نەهاتبا، نەمدەتوانی شەقاوێکیش هەڵێنمەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

«ئەوەندەی بڕستم بمێنێ، دەڕۆم و زوو خۆم دەرباز دەکەم».

خواستی خۆڕزگارکردنم ئەوەندە بەهێز بوو کە بۆ چەند ڕۆژێکیش بێ، خووزی تێ گەڕاندمەوە و لە جێوبان ترازاندمی.

لەنێو دیوەکەمدا بەتەنیا دەهاتم و دەچووم. دەڕۆیشتمە بەر پەنجەرە و لەوێڕا گوێم لە شریخەشریخی چەکان ڕادەگرت. شەڕ گەیشتبووە نێو شاری. ڕۆژێک بەری بەیانی بوو کە بیستم ڕووسیای سپی شالاوی هێناوە و شارەکەی داگیر کردووە. هێندەی پێ نەچوو کە دیتم قەزاق لە نەخۆشخانەکە وەژوورکەوتوون و بەشوێن قەزاقە کۆمۆنیستەکان و ئەوانەی لایاندابوو دەگەڕان. لەگەڵکوو یەکێکیان لێ دەدۆزینەوە، دەیانبردە حەوشە و گوللەبارانیان دەکرد.

لەنێو نەخۆشخانەدا، سەرم تاشیبوو و ڕدێنێکی درێژیشم بەردابۆوە؛ بۆیە لێم وەگومان کەوتبوون و وەیاندەزانی جوولەکەم. لە حاڵێکدا کە هەردووک شانیان گرتبووم و ڕایاندەوەشاندم، لێیان پرسیم:

_ ئەتۆ جوولەکەی؟

_ نا بابە... جوولەکە و موولەکەی چی... ئەمن کوردم... کورد.

_ درۆ دەکەی... دا پانتۆڵەکەت دانێ... با ببینین.

ئیتر بە زۆری بەندەخوێنیان پێ کردمەوە بۆ ئەوەی ئەسبابی پیاوەتیم ببینن.

ئەگەرچی پێم دەگوتن کە من موسڵمانم. بەڵام شێروڕێوی هێنانەوەی من قازانجێکی نەبوو. ئەوەندەیان لێ دام کە لەبەر ئێشی قامچییەکان بەلادا کەوتم. کەچی

بەوەش نەوەستان و ئەوجار بە مستان بەربوونە گیانم. لەم کاتەدا بوو کە ژەنەڕاڵی نۆژدار فریام کەوت، ڕووی لە قەزاقەکان کرد و بە سەریدا گوڕاندن:

_ ئەوە چییە؟ چ باسە؟ بۆ وا دەکەن؟

_ دەمانهەوێ ئەو جوولەکەیە بە سزای خۆی بگەیەنین.

_ کێ دەڵێ ئەو کابرایە جوولەکەیە؟

_ جوولەکەیە... جوولەکەیە... وەرە ئێرەی ببینە؟

_ ئەوە کوردە و مسوڵمانە... بەری دەن... بەر.

قەزاق حەبەســان و ناچار بەریان دام. ئەوان پێیان ناخۆش بوو کە لەچنگیان ڕزگار بووم؛ بۆیە ئەگەر چوونە دەرێ، بە توندی هەڕەشەیان دەکرد:

«دیسان دێینەوە زگت... بزانە لەچنگ ئێمە دەرناچی».

ئەو شەوە بە ڕووت وقووتی، گێژ و وڕ لەلایەکی بۆی کەوتم. تکام لە نەخۆشەوانەکە کرد جلێکم بداتێ تا دەبەر خۆمی کەم. کابرای دەرماندار، کراس و ڕانکێکی بۆ هێنام. لەوبەرتر، تەرمی ژمارەیەک لە هاوڕێیانم هەر لەنێو نەخۆشـخانەکەدا لەسـەر عەردی ڕاکێشرابوون و نەنێژرابوون.

دەمــەو بەیانی کە لە خەســتەخانەکە هاتمــە دەرێ، چاوم بــە کۆچەرانی ئەرمەنی کەوت؛ ئەوان بە دیتنی من گەلێک شاد بوون. یەک لەوان خاچۆی کۆنەناسیاومان بوو.

لەو کاتەدا، دابڕ و داگیرکردنی ماڵەکانی نێو شــار بێباکانە بەردەوام و خۆشــاردنەوە کارێکی چەتوون و مەترسیدار بوو. خاوەنماڵەکان لە گیانی خۆیان دەترسان و بەڕاستی بــۆ ئەمەش کەس نەیدەتوانی لۆمەیان بکا؛ چونکە ئەگەر لە هەر کووچەوکۆڵان یا بەر دەرگەی هەر ماڵێک، ســەربازێکی سوپای سوور یان هەر کەســێکی تر داڵدە درابا، وەبــەر گوللەیان دەدا. گــەڕان لەنێو ئەم ئاخۆران وبخۆرانەی کە لە شــارەکەدا هاتبووە ئاراوە، کارێکی پڕمەترسی بوو. وا هەبوو ئەگەر قەزاقێک لەسەر ڕێگە ڕقی لە کەسێک

هەستابا، خێرا دەمانچەی لێ هەڵدەکێشا و گوللەیەکی پێوە دەنا. لەبەر ئەم هۆکارانە، ژنی خاچۆ بە باشی زانی لە ماڵەکەیان وەدەرکەوم. لەگەڵکوو نیسێ بەسەر سەراندا کشا، خاچۆ نان و پەتاتەی بۆ دانام و توێشەبەرەی دایە دەستم. منیش ملی ڕێم گرت و تاریکان ئاودیوی شاری بووم.

من بەر لە هەموو شتێک دەمهەویست خۆم لە ناوچەکانی ڕووسیای سپی دەرباز بکەم و بگەمە ئەو شوێنانەی لەبن دەستی لەشکری سووردا بوون. پاش چەند ڕۆژان گەیشتمە گوندی قزلەر، بەڵام نە پارەم پێ مابوو بۆ شتکڕین، نە نان و زادێکیش بۆ خواردن. وا هات کە ئەرمەنییەکی دەوڵەمەند، لای خۆی بە باخەوان ڕای گرتم. لەوێ دەنگۆی ئەوە داکەوتبوو کە شامات و قامیشەلانی ئەم مەڵبەندە بوونەتە مەکۆ و حەشارگەی هێزەکانی سوپای سوور. منیش کە تامەزرۆی دیتنیان بووم، بە تاسەوە گوێم بۆ ئەم قسەوباسانە شل دەکرد؛ خۆم لە دەسکەوە نابوو و چاوەڕوانی دەرفەتێک بووم بۆ ڕۆیشتن و شادبوونەوە بە دیداری هاوڕێیان. چەند ڕۆژی تێ وەرسووڕا و هەلەکە بەو جۆرەی کە دەیگێڕمەوە ڕەخسا.

چەند سەربازی سەرگران هاتنە نێو باخی. کابرای باخدار وا زراوی چووبوو کە لە ترسان هەرچی خواردن و خواردنەوە هەبوو بۆی دانان. ئەوانیش دەستیان کرد بە شادمانی و هەتا درەنگان و تا ئەوەندەی کە لەهۆش خۆیان چوون، خواردیانەوە. هەندێکیان ئەوەندە سەرخۆش بوون کە هەر لەنێو باخەکەدا و بەبێ پێخەف لێی هەڵاژیان.

ئەوێ شەوێ خەو لە چاوم هەراسان بوو و سەیری ڕابواردن و کەیفی ئەوانم دەکرد. کاتێک تەواو سەرخۆش بوون و کەوتنە شیرنخەوێ، ویستم چەکەکانیان لێ بدزم و یەکسەر بچمە شاماتان. دوو چەک لەبان مێزەکە دانرابوو، بەڵام قەتاری فیشەکانیان لەگەڵ نەبوو. سەربازەکان بە ڕەخت و فیشەکدانەوە نوستبوون. نەمهێشت هەناسەم بێتە

دەر و بە خشـــکەیی خۆم لە قەزاقێک نزیک و فیشەکبەندەکەم لێ داماڵی، تفەنگێکم دەســـت دایە و ڕامکرد. زۆر لەنێو شام و قامیشـــەڵاناندا گەڕام، بەڵام چاوم بە هاوڕێیانی سوپای سوور نەکەوت.

لەپێ کەوتبووم. ڕاکشام تا ماندوویەتیم بحەسێتەوە. هێندەی نەمابوو خەو دامگرێ کە چەند پیاو شـــاڵاویان بۆ هێنام و دەسبەســـەریان کردم. زۆرم حـــەول دا خۆم دەرباز کەم، بەڵام توند گرتبوویانم و نەیاندەهێشـــت پەل بىزێوم. بە وردی کە چاوم لێ کردن، پێکەنینم هاتێ. بەڵێ بۆخۆیان بوون، ئەوان خۆبەخشەکانی سوپای سوور بوون.

کاتێک زانییان ئەمن کێم و چ کارەم، ناردیانمە مەفرەزەی خۆبەخشان؛ ئەو هێزەی والەنێو دەوەن و ڕەوەکی ڕێڵ وڕێڵستاناندا بۆسەی دادەنایەوە و لەناکاو دەستێکی باشی لە واگۆنی چەکوچۆڵ و یەکینەکانی سوپای سپی دەوەشاند. هەر لەو ساتەوەختەدا کە قۆشەنی سوور پاشەکشەیان بە سەربازەکانی ژەنەڕاڵ دیکتین لە خارکۆف دەکرد، ئێمە ڕێگەمان لە ســـەربازەکانی ژەنەڕاڵ دراستینکۆی دۆڕاو گرت و هێزەکەی شوکرۆشمان تەرتوتونا کرد.

لە بەهاری ساڵی ١٩٢٠ و لە سەروبەندی تێکشکان و ڕاونرانی دوژمنان لە ناوچەکانی قەفقازی باکوور، لە گورجســـتانەوە خۆم گەیاندە ئۆردووی لەشکری سوور. ئەوحەلە کە شـــەڕ وردەوردە دەهاتە بڕانێ، ئێمەی شـــەڕکەر هاتینە بەرەیەکی نوێ، یانی بەرەی بنیاتنانەوەی قەفقازی کاولکراو.

## گەڕانەوە

بەهۆی شـەڕی نێوخۆیی، منی ڕەهەنـدە و پەڕتەوازە قەدەرێکی زۆر لەباوەشـی دایکی نیشـتمان، واتە کوردسـتان دابڕابـووم. مانگی ڕێبەندانی سـاڵی ١٩٢٤ بوو کە حیزب بەڕێی کردم بۆ ئەرمەنسـتانێ و ئەرکی چالاکیی نێـو کوردانی ئەو مەڵبەندەی پێ ئەسپاردم. لەوێ، لێژنەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان منیان دیاری کرد تا بەسـەر کاروباری کەمەنەتەوەکان ڕابگەم. ئیتر لەم ڕۆژە بـە دواوە لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانمدا هەڵدرایەوە. لەوێ دەسـتم کرد بە شـەڕی خوێنمژان و ناحەزانی گەلەکەم. لەولاشەوە، کێشەی زۆردارانی تاشناک و بەگەکانم بنەبڕ کرد. جگە لەوانە، لەنێو هۆبە و گوند، جڤاتی ئاوایی و لەنێو کارگەکاندا جڤاتی کرێکارانم پێک هێنا.

دڵم زۆر خۆش بوو کە وا سـەرلەنوێ چاوم بە دیمەنـی دڵدوێنی وڵاتەکەم ڕوون دەبێتەوە؛ ئەو شاخ وداخانەی کە لە سەردەمی منداڵیمدا لەگەڵ باوک و براکانم گەلەوانی و گاوانیمان تێدا کردبوون.

وردەوردە تەم ومژێکی چڕ و سامناک هەڵدەستا. هەورەهەڵاش چەشنی دایکێک دونـدی چیای ئاگری لەئامێز گرتبوو و نەیدەهێشـت کەس ببینێ. کاتێ ئەو شـاخە

شینبۆرانەی پشتی گوندەکەمانیان گرتبوو، لێم وەدەرکەوتن، لە خۆم پرسی:

«ئاخۆ بڵێی دایکوباوکم مابن؟»

لەگەڵکوو گەیشتمێ؛ دیتم هەرچی کەپرە تێک قرماوە، هەرچی دەرگە و دەلاقەی ماڵانــە ئاوەڵەیە و نێودێ چۆڵوهــۆل کراوە و جووقەواری لێ بڕاوە، بەڵام دیســانیش نەمدەزانی چ بووە و چ قەوماوە؟! لە خۆم دەپرسی:

«داخــوا گوندەکەمــان چی بەســەر هاتــووە؟ بڵێی خەلیــل لە کوێ بــێ؟ ئەدی دایکوباوکم...؟!»

بە خڕودۆڵاندا داگەڕام. پاشان، بە هەر جرەجرێک بوو لەو چۆمە خوڕێنەی وا ببووە ســەراوەرد و سەرینگاری دەگای کورد و ئەرمەنان، پەڕیمەوە. گەیشتمە گوندێک و لە پێش ماڵی ئاوایی ڕاوەستام. لەوێ ئەرمەنییەکی قژچەرمووم بینی کە خەریکی ئسپار و تەکمیشی نێو باخی بوو. چوومە پێشێ و پرسیم:

«مامە گیان... ئەدی کوا کوردەکان؟»

سەرەتا پڕ بە چاوە پروشەکانییەوە لێی ڕوانیم. ئینجا ئارەقەی ڕووی سڕییەوە و گوتی:

«یانی تۆ نازانی؟»

پاشان چۆوە زگ کاری خۆی. لە ئەسپەکەم دابەزیم و گوتم:

_ گوێ بگرە لە قسەکانم! دایکم و شەمۆی باوکم لە کوێن؟

_ شەمۆ؟! نەکا تازە هاتبی؟!

_ بەڵێ تازە هاتوومەوە.

لە حاڵێکدا قامکی بۆ سەران و کۆسارانی بەرامبەری ڕادەداشت، گوتی:

_ هەموویان ڕۆیشتوون.

_ بۆ کامە چیا و هەواری چوون؟

_ چیای ئەلەگەز.

_ ئەلەگەز؟! زۆر لەمێژە؟

_ بەڵێ. زۆر لەمێژە. هەستە بڕۆ لەوێ بیاندۆزەوە... نەک لێرە!

پاشـان پیرەی باخەوان بە جۆرێک ڕووی دەمی لێ وەرگێڕام کە زانیم چی دیکەم لەو بەسەرهات و کارەساتە بۆ ناگێڕێتەوە.

دەبـێ بڵێم دوای ئەوەی لە مـاڵ وەدەرکەوتبووم، چەنـد ڕۆژی پێ نەچووبوو کە دەسـەڵات کەوتبووە دەست تاشـناکان؛ تاشـناک کە حیزبی دەوڵەمەندانی ئەرمەنی بـوو، دژایەتی لەگـەڵ جڤاتەکان دەکرد و دوژمنی مافی گونـدی و کرێکارانیش بوو. ئامانجی ئەم حیزبە دامەزراندنی ئەرمەنسـتانێکی گەورە بوو لە زەریای سـپییەوە هەتا دەگەیشـتە زەریای ڕەش. ئەوان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەستیان کردبوو بە سەرکوت و قەڵاچۆکردنی کوردانی ئەرمەنسـتان تاکوو ئەو ناوچەیان پێ چۆل کەن. جگە لەمە، ئەوان بەتەما بوون بە هەموو هێزوتوانای خۆیانەوە بچنە باکووری کوردستان و ئەوێش داگیر بکەن.

کە لە ڕێگەدا چاوم بە وڵاتە خاپوورکراوەکەم دەکەوت، دیمەنی ئازاری ئەنوابڕاوانی کوردم بەسەر پەردەی مێشکدا دەهات و دەچوو. هەروەها سکاڵای کوردانی باکووری قەفقازم لەسەر زەبروزەنگی تاشناکەکان وەبیر دەهاتەوە.

دەبێ بڵێم کە تاشـناک بەو چەکانەی لە سـوپای قەیسـەری وەریان گرتبوو، چی دێهاتی کورد و تورکەمەن هەبووایە تاڵان و وێرانیان دەکرد. کەچی لەو دۆخە تووش و ئەستەمەدا، هۆزەکانی سپکی، حەسەنی و زوکری دانیان نابوو بە دەسەڵاتی تاشناکان و لە شوێنی خۆیان مابوونەوە. سەرۆکی ئەم هۆزانە پلەوپایەیان وەرگرتبوو و بەشێکیشیان ببوونە ئەفسـەریان. جگە لەمانە، ئاغا و بەگ، هێزی چەکداری کوردیان بۆ خزمەت بە تاشناک و بۆ سەرکوتی خەڵکی کلۆڵی ناوچەکە پێک هێنابوو؛ کەچی بەم حاڵەشەوە ئـەوان متمانەیان بە کـوردەکان نەدەکرد و تاشـناکێکی جێی بـاوەڕی خۆیان وەک

سەرپەرەستی ئەوان دیاری دەکرد. لەبەرانبەر ئەو خۆشخزمەتییەدا، سەرۆکهۆزەکان پەڕگاڵ و پێودانی دەرەبەگایەتییان وەباو خستبۆوە. تەنانەت ئەو کەسانەی لە سەردەمی تزارەکان دوور خرابوونەوە، هەڵەسوونیان هێنابۆوە و سەرلەنوێ دەستیان دابۆوە پیشەی هەمیشەییی خۆیان.

ئیدی تێکۆشەرانی کورد لەبەر زۆرداریی تاشناکان هیچ دەرەتانێکیان بۆ نەمابۆوە. تاشناکی چەکدار، بە فەرمانی سەرۆکی چەتەکان کە خمپابێتیان پێ دەگوترا، بە ئیشتیای خۆیان خەریکی کوشتوبڕ و سووتاندن و کاولکاری بوون، بەڵام خەڵکەکە موو لە دەماریان نەدەبزووت و نەیاندەوێرا بەرەنگاریان ببنەوە.

جانگیربەگی سەرۆکهۆزی زەرکی ببوو بە سەرفەرماندەی هێزە کوردییەکان و پلەی سەرهەنگی وەرگرتبوو. جگە لەوە، یۆسفبەگ تەیموورۆف، لە جڤاتی نەتەوەییی تاشناکەکاندا کرابوو بە نوێنەر.

خان ولاتیان بەپانەوە خواردبوو. ئەگەر کەسێکیش ملکەچیان نەبووبایە، ئەوەندەیان لێ دەدا تا چاویان پێ سپی دەکرد و ماڵ و ماڵاتەکەشیان لێ دەخوارد. خاوەی قورس لەلایەن سوپای تاشناکانەوە بەسەر خەڵکەکەدا سەپابوو. ئاژەڵ و ئالیکی خەڵکیش بەبێ هیچ یاساوڕێسایەک ڕاسەر دەکرا و دەرەبەگان لەم ڕاووڕووتانەدا پشکی شێریان بەردەکەوت.

عەگیدبەگ تەیموورۆف کە لەلایەن تاشناکانەوە ببوو بە دارۆغە، کەسێکی دلڕەق و بێویژدان بوو. ئەو ماڵی خەڵکی دەسووتاند و جەماوەری هۆزەکانی لای ڕۆژهەڵاتی دەچرووساندەوە. هەر کات ئەم هۆزانە، زوڵم و زۆرەملیی تاشناکانیان بۆ هەڵنەگیرابایە، لە دەشتی سەردارئاباد ڕادەپەڕین و داوای دامەزراندنی دەسەڵاتی شووراییی و جڤاتییان دەکرد. تاشناکیش بە مەبەستی کپکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو، هێزەکانی خۆیان لەژێر فەرماندەییی گارۆساسۆنیدا ڕێک دەخست. لەم شەڕانەدا، سەرەڕای بەرگری و

بەرەنگارییەکـی بێوێنە، هۆزە بچووکەکانی ڕۆژهەڵات بەبێ چەک و هێزی پشـتیوان، باشـاری تاشـناکی پۆشـتەوپەرداخیان نەدەکرد و نەیاندەتوانی بـۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەریاندا خۆڕاگرن؛ بۆیە سەرهەڵدانەکەیان بێ بەروبۆ دەمایەوە. ئەوسا بە جۆرێک لەلایەن تاشناکەکانەوە ئازار دەدران کە لە هیچ شوێنێک شتی وا نەبینراوە. ئا بەم شێوەیە ڕیسەکەیان لێ دەبۆوە خوری و شەلاڵی خوێن دەبوون.

چەند ڕۆژان بە هیـوای دۆزینەوەی دایک وباوکم، دێ بە دێ گەڕام، بەڵام کەس ئـاگاداری چارەنووسـیان نەبوو. کاتێک لەگەڵ کوردەکان قسـەم دەکـرد، بەپێی ئەو دابونەریتەی پێی ڕاهاتبوون سـەریان دادەخسـت و زمانیان لەگەڕان دەکەوت. هەرکە زانیم دایک وباوکم تووشـی سـەغڵەتییەکی گەورە بـوون، ڕووەو ئەلەگەز و خێڵاتی کوردی ناوچەکە کەوتمەڕێ. ژاندارمەیەکم لەگەڵ خۆ خسـت و ئێوارەی ڕۆژی دوایە قەدبڕ بەنێو هەورازونشـێو و چەپەڕێیانـدا خۆمان گەیاندە هەواران. ئەسـپەکانمان لە زەردوماهان لەپێ کەوتبوون و بە زەحمەت سـمیان لە عەردی گیـر دەبوو. لەو ڕێیەدا تووشی گەلێک توێخولوێخان بووینەوە.

کاتێ گەیشتینە جێهەواران، چەند ڕەشماڵێکم دیتن کە لە کەوپەڕێکی هەڵدرابوون و چەند کەسـیش لەوێ ڕاوەسـتابوون. چووینە لایان و داوامـان لێ کردن تا خێوەتی سـەرۆکی جڤاتەکەیان نیشـانی ئێمە بدەن. سـەرەتا چاوێکیان تێک بڕێ، ئەوجار بە دەست ئاماژەیان دەکرد و دەیانگوت:

_ ئێرە جڤات و مڤاتی لێ نییە. لەلای ئێمە ئێسـتاش ئاغا و شـێخ لەسـەر تەختی خوونکارین.

_ ئەدی ئەو لەوەڕگەیە لە پاوانی کام هۆزەدایە؟

_ تەرخانی هۆزی حەسەنییە.

_ ئەی کوا سەرۆک‌هۆز؟

یەکێک لەوان هەڵی دایە:

«عەلی خان بەگ تەیموورۆف سەرۆک هۆزە و شێخ سلێمانیش پاوانکارە، ئەتۆ لەخۆڕا لە جڤاتان دەپرسی بابم».

ئەوجار خێوەت و خەرگایەکی بەشکۆی نیشان دام و گوتی:

«مستەفابەگ تەیموورۆف هاتووە و بە هیچ جۆرێک حەز ناکا کوردەکان باسی جڤات و ئەنجومەنان بکەن».

زەلامێکی باڵابستە، لەڕەشماڵەکەوەدەرکەوت و بەرەوپیرمان هات؛ئەو خەنجەرێکی کالان زێوینی لەبەر پشتێند چەقاندبوو و قامچییەکی زێڕکفتیشی بە دەستەوە گرتبوو. لەگەڵکوو هات، خەڵک یەکپێ لەبەری هەستان. بێگرێ ئیکلامیان بۆ کێشا و چەشنی وشتر چۆکیان لەپێشی داکوتا. ئەو بە زمانی ڕووسی لێی پرسیم:

«چت دەوێ؟»

بە هێمنی وڵامم داوە:

«کارم بە سەرۆکی جڤاتەکەتانە».

مستەفابەگ بزەیەکی هاتێ و گوتی:

«سەرۆکی هۆز ئامۆزامە، ماڵەکەشی هۆ لەوێیە».

دۆڵێکی نیشان داین کە نیوەی لەنێو تەموتۆماندا ون ببوو. سپاسم کرد. ڕکێفم بە وڵاخیدا هێنا و لینگم دا بەرەو تاوڵی ئامۆزاکەی.

لە زاری دۆڵەکە، هەزارانی کورد خێوەتیان هەڵدابوو و دەوراندەوریشیان بە پاردە و وشکەکەڵەکان شوورەدابوو. لەبەر چادرێکیان، ژنێکی باڵابەرزی سەرسپی ڕاوەستابوو. سڵاوم لێ کرد. دەنگ و ڕوخساری ئاشنا بوو و منی بردەوە سەردەمی منداڵیم. لەگەڵ تەماشاکردنێ، بانگم کرد:

«یایکە پەری... ئەوە ئەتۆی؟!»

کاتێ لە ئەسپەکەم هاتمە خوار، پوورم لە ترسان جەرگ ودڵی بەربۆوە و پاشەوپاش کشایەوە. پێم گوت:

«ئەمن عەرەبم، عەرەب... عەرەبێ شەمۆ! ئەوە نامناسییەوە؟ پلکە گیان...!»

بە لالووتی وڵامی دامەوە:

«عەرەبی چی بابم! کوا سمێڵ و ڕدێنت؟!»

ئا لێرەدا وەبیرم هاتەوە کە سمێڵتاشین لەنێو کورداندا کارێکی ناحەزە. زۆرم هەوڵ دا تا پێی بسەلمێنم کە من هەر ئەو عەرەبێ شەمۆیەم وا زۆر جاران منی لە دەستی باوکم دەرهێناوە و نەیهێشتووە لێم بدا. پاش ئەوەی کە ئەم شتانەم وەبیر هێناوە، ئیدی گومانی نەما کە من هەمان کەسم. ئەوجار پێکەنی و بەخێرهاتنی کردم و منیش وەژوور خێوەتە ئالۆزوپلۆزەکەی کەوتم. دوای برێ قسەوباس، پوورم بە هەڕەمە ڕۆیشت تا چێشتەکەی لەبان کوچکاورێ دانێ. پاشان دەستێکی بە سەرمدا هێنا و گوتی:

«عەرەب ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟! ڕۆڵە ئەتۆ منداڵی دوێنێی... خۆ سەروسەکتت هەمووی سپی بووە و تاڵێکی ڕەش بە دەموچاوتەوە نەماوە... ئەوە بە چی؟!»

کە لە قسەکانی خۆمان تەواو بووین، ئەوجار نەقڵی ڕووسیای سۆڤیەتی و شەڕی نێوخۆییم بۆ گێڕاوە و بۆم باس کرد کە لەوە بە دوا، دەبێ چۆن بژین. شەودرەنگانێ بوو کە گەلۆی مێردی پوورم هاتەوە. ئەو لە سیوادی ڕۆژێوە هەتا ئەوکاتەی شەوێ، لە کاری ماڵە ئاغای بوو. کاتێک زانی من کوڕی شەمۆم بە دەمودوویەکی شیرنەوە بەخێرهاتنی کردم. پاشان دانیشت و پێکەوە بە دووردرێژی باسی ڕەوشی کوردانمان کرد.

چوار ساڵ بوو کە سیستەمی جڤاتی لە ئەرمەنستان دامەزرابوو، بەڵام وەکوو ڕابردوو، دەوارنشین و گوندنشینی کورد بە شێوازی خێڵەکی دەژیان. دیسانیش لەلایەک، ئاغا و کوڕەئاغا دەسەڵاتدار بوون و باڵەخانە و دیوەخانیان وەک ساڵانی پێشوو لە جێگەی خۆیان مابوون. لەلایەکی تر، شێخەکانیش بە کەلکوەرگرتنی نابەجێ لە ئایین، خەریکی

چەوساندنەوەی پاڵە و فەلان بوون.

زەخت وزۆری لەسەر کوردان وەکوو ڕابردوو بەردەوام بوو، بەڵام تەنیا ڕواڵەتەکەی گۆڕابــوو. ئێســتا بەگ و ئاغــا لەجیاتی ئەوەی کە ڕاســتەوخۆ ئــازاری خەڵک بدەن و ســامانیان بە تاڵان بەرن، ئەوجارە شــێخەکانیان بۆ ئەو کارانــە وەپێش خۆیان دابوو. هەنووکەش زەویــوزار و مێرگ و مێرگەڵان لە پاوانــی دەرەبەگ و یەکەیەکەی خێڵدا بوون.

خان و دەرەبەگ لەگەڵ ئەوەی کە ســەدان ســەر مەڕ و ماڵاتیــان هەبوو، لە دانی پیتاک بەخشرا بوون. کاروباری دادپــەروەری هەر وەکوو ڕابردوو لەلایەن بەگەکانەوە جێبەجــێ دەکرا، بە چەشــنێک کە ئەگــەر لەنێو خێڵــدا کارێکــی نادادپەروەرانە یا پێکهەڵپرژانێک ڕووی دابا، داروودەســتەی ئاغای مەڕ و پارەیان وەردەگرت، بەڵام ئەو شــتانەیان وەک بەرتیل بۆخۆیان دەســتاند، نەک ئەوەی کە قەرەبووی خەســاربارەکە بکــەن و بۆی تێ هەڵبێننەوە. خەڵک ئەم جارە بە ناوێکی ترەوە، واتە ڕەئۆ باجیان دەدا بە دەرەبەگان. پێشــخانە پڕ بــوو لە خوبزە و خزمەتکار کە کاریــان ببوو بە دەڵەچەیی، پاکانە و پینەوپەڕۆی کارەکانی ئاغای. کاتێک نوێنەرێکی جڤات ســەردانی دەکردن، بابنۆکەر و پاکار بەرەوپیری دەچوون. بە مستەکۆڵان سینگیان دەکوتا و بە بەری دەستیان لە ئەستۆی خۆیان دەدا کە لەنێو خێڵەکەیاندا هەموو شتێک باشە و لە ڕاست خەڵکەکە هیچ جۆرە ئازار و نادادپەروەرییەک لە ئارادا نییە، بەڵام ئەوەی ڕاســتی بێ، ئێستاکەش کوێرەبرین و جێقامچی لەسەر لەشی کوردان دەکولایەوە، کەچی کەس زاتی نەبوو ئەم ڕاستییانە لای نوێنەری جڤاتان بدرکێنێ.

لە بەســەرهاتی گەلۆڕا جوان هەســت بەوە دەکرا کە هەشبەسەرانی کورد عەوداڵی ڕێگەچارەیەکن بۆ ڕزگاری. کاتێک گەلۆ بیستی لە ئێرەوانەوە هاتووم هەتا بەشخوراوانی کورد یەکانگیر بکــەم، زەویوزار و لەوەڕگاکان لەچنگ دەرەبــەگان دەربهێنم و لەنێو

خەڵکی کڵۆڵ و بێدەرەتان دابەشـیان بکەم، بە ترسەترس هاتە لام و تاوێک لە خێوەتە ڕووت وقووتەکەی ورد بۆوە و گوتی:

«عەرەب! دەرەبەگ دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارن، بەڵام ئێمە چیمان هەیە؟»

وڵامم داوە:

«هەرچی بێ خەڵک ناچارە هاوکاریی حکوومەتی جڤاتی بکات تا لە کەڵەوەکێشیی دەوڵەمەند و دەرەبەگان ڕزگاریان بێ... کوردەکان دەبێ خۆیان جڤات ساز دەن».

بەیانـی زوو و پاش ئـەوەی لەگەڵ گەلـۆ بڕیارمان دا کوردەکانی وێ بۆ شـەوێ کـۆ بکەینـەوە، لە مـاڵ چوومـە دەرێ. دواجار، کە گەیشـتمە مێرگی یۆسـف بەگی سەرۆکهۆزی حەسەنی، ڕۆژ کلابوو و کەوتبووە پاش نیوەڕۆیە. لەوێ لە گۆڕەپانێکی بچووک، چەند سوار لێک کۆببوونەوە و خەڵکە بێدەرەتانەکەش لە دەوریان هاڵابوون. ئەوەی وا لەگەڵم بوو فەرمانی پێ دان:

«غار دەن... دەی...!»

سوار بە هاتوهووت و ڕکێفکوتانەوە سەڵەف و تەراتێنیان بەنێو دۆڵودەراندا دەکرد. تێکیان داویشـت. تەقڵەیان دادەکوتا و دارجلیتیان پێکدادەدا. شـێخ و بەگ و خێوی ڕانیش تەکیـان دابوو بە تەکی یەک و لەپاڵەوە سـەیری گرێوەغاریـان دەکرد. ئەوان دەیانویست بزانن کامە ئەسپ لەکورتی نادا و چاکتر خۆی دەکوتێ.

کاتێک ئێمەیان دیت، هەستانە سەر پێ. عەلیخان بەگیش کە پێشتر لە چوونی ئێمە ئـاگادار کرابوو، بەرەوپیرمانەوە هات. پێی لـە وێزەنگی هێنایە دەر و دابەزی. بە زمانی ڕووسی بەخێرهاتنی کردین. منیش چاوێکم لێ کردن و پرسیم:

«ئەرێ سەرۆکی ئێرە کێیە؟»

عەلیخان بەگ وڵامی داوە:

«قوربان! ئەمن نۆکەری دەوڵەتی سۆڤیەتیی لێنینم و سەرۆکی هۆزی حەسەنیشم».

بەگ دووبارە سڵاوی کردەوە. ئینجا بە نیشانەی ڕێزدانان داهاتەوە و بەم جۆرە دەستی کرد بە قسان:

«ئێمەی کورد نەتەوەیەکی گچکەین و کەس کاری بە ئێمە نەداوە. ئێمەش خواهەڵناگرێ ئەوەندەی بۆمان لوابێ خۆمان تێکەڵی گێرەوکێشە نەکردووە. خەڵکەکەش هەموو شتێکیان هەیە، دەردوبەڵا نەبێ. گشتمان شوکرانەبژێری حکوومەتی لێنین دەکەین».

سەرلەنوێ چاوم لەملا و ئەولا کرد. پیرەپیاوێکی سەرسپیم دیت کە پاڵی وە بالیفێکی نەرم دابۆوە. بە نابەدڵی سڵاوی لێ ئەستاندمەوە و فەرمووی لێ کردم. عەلیخان و یۆسفبەگ نەیاندەزانی کە من کوردم. ئەوان بە سرتە قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد. بەگ، شێخ و مەڕداریش لە دەوری ئێمە چۆک بە چۆک دانیشتبوون. زۆرم پێ خۆش بوو کە لێیان نەبان بووم و پێیان وابوو کەسێکی بیانیم و کورد نیم.

یۆسفبەگ کاتێک زانی لە ئێرەوانەوە هاتووم، دەستی کرد بە پێداهەڵگوتنی سیستەمی سۆڤیەتی. بە تانوپۆیدا دەهاتەوە و لێی نەدەبڕییەوە. ئەوجار، لە لامێردان خوان ڕاخرا و چێشت دانرا. یۆسفبەگ ئاوا جڵەوی قسانی گرتەدەست:

«ئەوە نان وچێشتەکەمانە. ئێمە گەلێکی بابەدەست و بەلەنگازین. لە ڕابردوودا، تورک و ڕووس دەیانچەوساندینەوە، بەڵام ئێستا لە سایەسەری حکوومەتی جڤاتەکاندا ژیانمان باشتر بووە و پارێزراوین».

دوای ئەم هەمووە لامەلامە و تەشی لەبەر ڕستنە، دەنگی نزم کردەوە و خێسەیەکی ئەم شان و ئەو شانی کرد. گوێدێرانیش سەری سەلماندنیان بۆ ڕادەوەشاند و بۆیان لە ئەستۆی خۆ دەدا. ئەو هەروەها دەیگوت:

«لە سیستەمی جڤاتی زۆر ڕازین... نە قەیسەرمان دەوێ و نە دەسەڵاتی سەربەخۆی کوردی... ئێمە هەوارنشین و دەوارنشینین... تەنانەت ئەوەی قسەی پێ دەکەین زمانی

خۆمان نییە».

خۆم لێ شلوێ نەکرد و گوتم:

«چما کوردەکان زمانی خۆیان نییە؟»

ولامی داوە:

«ناوەڵـــلا... ئێمـــە چ زمانێکمان هەیە بابم؟! ئەوە لێرە بە ڕووســـی قســـە دەکەین و کوردانی ناوچەی ئابارانیش بە زمانی ئەرمەنی دەدوێن».

لای شـــێوان مێگەلێکـــی زۆر کـــە ڕەنگبێ هەزار ســـەر بووبا، بەپێـــش تاوڵەکانی یۆسفبەگدا هاتن و لە سەرمالان حەوشە دران. دە دوازدە شوانی جلدڕاویش وەنێویان کەوتبوون و لەوێ دەهاتن و دەچوون. لەو دەمەدا خۆم بە خۆم دەگوت:

«ئە ئەوانە تووشی ئەو حاڵ وباڵەیان کردووین!»

پاشان ئیزنم لێ خواستن و ڕاستەڕێ گەڕامەوە خێوەتەکەی گەلۆ کە لەوێ نەدار و بێدەرەتانانی کورد چاوەڕوانی ئێمە بوون.

لەو شـــەوەدا و لەنێو بەردەلانی بەر مالانی هۆبە، یەکەمیـــن کۆبوونەوەی کوردانی ناوچـــەی ئەلەگەز پێک هات. کۆچەرەکان قڕوقاپ چاویان لە زاری من بوو و گوێیان لە قســـاکانم ڕاگرتبوو؛ بۆ ئەوەی داخوا بزانن لەسەر جڤاتەکان چی دەڵێم و چی ناڵێم. لەوێ گوتم:

«لێنین دەیهەویســـت نەتـــەوەی کورد بە ئازادی بگا و لە خۆشـــیدا بژی و لەچنگ دەوڵەمەندان ڕزگاری بێ».

دوای شـــەوکۆڕەکە، کوردەکان بە بێدەنگی بلاوەیان کرد و ڕۆیشـــتن تا ســـبەینێ قسەکانم بە گوێی خەڵکی تر بگەیەنن.

یەکەمین کۆبوونەوەمان ئـــاوا بە پەنامەکی بەڕێوە چوو، بـــەلام دوای گەڕانەوەمان هەڕەمەی خەڵکی دەشـــتەکی و کۆچەری لە دێهات و دەوارانەوە، وەکوو سێلاو گلێر

بوونەوە و دەستیان کرد بە قسە و دروشمان:

«عەرەبی شوان... عەرەبێ شەمۆ... لێنین خۆی شەمۆی ناردووە تا ئێمە لە ژێردەستی، پەرێشانی، نەزانی و زۆرداری ڕزگار بکا».

ڕاهاتوویی و ڕەوشـتی چەندین ساڵەی خەڵکی ئازاردیتوو و بارگرانی کورد، فێری سـەبر و پشـوودرێژی کردبوون. ئەوان بە جۆرێک عاملابوون کـە بە ترس ولەرز و بە بێدەنگی گازندەیان لەم بارودۆخە دەکرد.

ئەگەرچی بەر لە گەڕانەوەی من، لە هەندێ شـوێن جڤاتی گوند دامەزرابوو، بەڵام بەداخەوە دەوڵەمەندەکان دزەیان تێدا کردبوون و لاڕێ کرابوون. سەرۆکی یەکێک لەو جڤاتانـە خەلیلی هاوڕێم بوو. من گوندەکەی ئەوانـم کردە بنکەیەک بۆ بەرەنگاری و بەرگری لە بەرامبەر بەگ و شێخاندا. هەروەها، لەوێڕا ڕێکخستن و پەروەردەی لاوانی کوردمان دەست پێ کرد.

دوای ئـەوەی لە ئەرک و کارەکانم بوومەوە، هەنگاوی خۆم توند کرد و یەکسـەر بەرەو شاری تفلیسێ چووم. کاتێک گەیشـتمێ، خوشکم هەرچی بەسەریان هاتبوو، ئاوا بۆی گێڕامەوە:

«دوای ڕۆیشـتنی تـۆ، ڕۆژ نەبـوو کـە تاشـناک دەسـەرمان نەبـن، پەتپەتێنمان پێ نەکەن و باوکم ئەشـکەنجە نەدەن بۆ ئەوەی بتهێنێتەوە؛ بۆیە ئەو بە ناچاری زێدی خۆی جێ هێشـت و بەرەو ناوچەی ئەلکسـاندرۆپۆل کۆچی کرد. دوابەدوای باوکم خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەو مەڵبەندە باریان کرد. لە ئەلکسـاندرۆپۆلیش تاشناک تۆوی ڕق و دووبەرەکییـان لەنێـو خەڵکـدا دەچاند. فەرمانـدەکان ئەو جۆرەی ویسـتبایان هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد. جارێک نۆکەری تاشناکان، باوکمیان لەگەڵ خۆیـان برد. هەر ئەو ڕۆینە بوو و نەگەڕایەوە. پـاش چەند ڕۆژان جەندەکیان لە قەراخ گوندێک دۆزییەوە. ماوەیەک دوای ئەم کارەسـاتە، دایک و خوشـکم بۆ گیاکردنێ

دەچنە شاخی کە لەوێ دایکم لە برسان پێ ڕادێ و گیانی دەردەچێ».

ئـا بەم جۆرە بوو کە من و دایک وباوکم دیدارئاخر بووین. پاش ئەوانە، چوومەوە سـەر کارەکەم و لە مەودای سالێکدا، دەستەیەکی بەهێزم لە خەڵکی هەژار و کرێکار پێـک هێنا. سـالی ١٩٢٥، تەخـت وبەختـی دەرەبـەگان وەرگـەڕا. خەڵکیش ئیتر نەیاندەهێشـت ئەوان بێنە نێو جڤاتـەکان و بە هیچ جۆرێ دەسـەریانەوە نەدەچوون. لە ئاکامی ڕقەبەرییەکی وەهادا بوو کە شـەڕێکی زۆر لەنێوانمانـدا هاتە ئاراوە. ئەوان خەڵکیان لێ تیژ دەکردین. لەوبەریشـەوە شـێخان دەیاندایە بـەر نەعلەتی خودای و ئێمەیان وەک کەسـانێکی لە دین وەرگەڕاو، دوژمنی گەل و بیروباوەڕی باپیران و هێما پیرۆزەکان دەناساند.

شێخ و دەرەبەگ، بۆ پاراستنی ماڵ و دەسەڵاتی خۆیان و هەروەها بۆ نەزانهێشتنەوە و دواخستنی زەحمەتکێشانی کورد، هەرچی لەدەستیان هاتبایە دەیانکرد. ئەوان بەتەمای بەتڵاندنمان بوون، بـەڵام ئێمە بەبێ لغاو ئاومان دەخـواردەوە و بێ ئەوەی پەکمان بە کەس بکەوێ یا خۆ دەربایستی کەسـێ بین، درێژەمان بە ڕێگەی خۆمان دەدا. سالی ١٩٢٥، لەنێو هەموو خێڵەساتاندا، جڤات پێک هات و بەم جۆرە کۆتاییمان بە زۆرداری و نادادپەروەریی بەگ و شێخ هێنا.

چیرۆکی

# کـوردانی ئەلـەگەز

## ترسی دەرەبەگەکانی ئەلەگەز

ئەلەگــەز چیایەکی بێنــد و بڵیندە کە لەلای ســەردارئابادەوە هەتــا کلکەی دۆڵی میســخانێ پەلی ڕاکێشــاوە. ڕەوەند دەچنە هەردەبانی ئەلەگەزێ و لــەوێ مەڕەکانیان تەڕ دەکەنــەوە. لووتکەی بەرزی ئەم کێوە دەڕوانێتە شــارەکانی ئاباران، مەلا گۆکچا، تالین و ئاشــتاراک لە وڵاتی ئەرمەنێ. لەوێ، هەور و هەڵەم بە تەختاییی ئاسمانی شین و بێبڕانەوەدا دەنووسێن و چەشنی شەپۆلی زەریای کەفچڕێن، بەسەر یەکدا دەکەونەوە و تێــک دەئاڵقێــن. ئەلەگەز دەڵێی ئالایەکــە و هەڵکراوە و بەبان دەشــتە پڕپیتەکەی ئێرەوانێدا دەشەکێتەوە.

لە ڕۆژانی تینــداری هاوین و لە چەقوتەفی چەرمەســەریدا، کرێکاران دەســتیان دەکەنە ســێبەر بۆ چاوی ڕۆچوو و ڕوخســاری تاوەگازیان و دەڕواننە ســەری سپی و ترۆپکی بەفرینی ئەو هەردە.

کوردێک قامکی ڕادەداشتە پۆپکەی ئەلەگەز و بە هاوڕێکەی دەگوت:

«گەزۆ! هەوای بەفرەســەران... هۆوە... ئەو شــوێنەی پارەکانە مەڕمان تێ دەکرد... بڵێی ئێستا چەندە فێنک و خۆش بێ؟!»

گەزۆ وڵامی داوە:

«وایە بەکۆ! بێتوو بمانزانیبایە بەگ و شێخ ئاوا هەڵمان‌دەخەڵەتێنن، پێم وا نییە قەت چووباینە بەر مەڕوماڵاتیان. بڕوانە! پێنج ساڵی خشت بە حەڵالیوزوڵاڵی بە خۆم و بە ژن ومنداڵمەوە مەڕی عەگیدبەگ و مەجیدبەگیمان بەخێو کرد، کەچی ئاخرییەکەی کردیانە سەرچەوتی؛ نە بەراتیان دامێ و نە خەڵات. سەرباقیی هەمووی ئەوانەش دەریان‌کردم. بۆ گلەییان خۆم لە ماڵە گەورەی ئەوان هاویشت، کەچی ئەویش لەجیاتیی تێهەڵێنانەوەی، تا خوا حەز دەکا تێی‌سرەواندم؛ ئاخر بە قسەی خۆی سکاڵام لە دەرەبەگان کردبوو!»

کاتێ ڕشتەی قسەکانی گەزۆ پچڕا، بەکۆ بە دەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی ساردەوە گوتی:

«خوایە گیان... ئەوانت دەوڵەمەند کردووە و هەژاریشیت کردووەتە کراسێک و بە بەژنوباڵای ئێمەت بڕیوە!»

گەزۆ و بەکۆ بە جووت مات بوون. دەستیان لەسەر دەسکی خەنجەری بەرپشتێندیان ڕۆنابوو و لە ڕقان توند دەیانگوشی.

ئاسمان بەرەوپیری زەوی دەهات و دەتگوت بەتەمایە دەستەملانی بێ؛ خۆریش وا کاڵ هەڵگەڕابوو کە وات دەزانی ئێستا نا ئێستا دەتوێتەوە. گەزۆ و بەکۆ دوای ئەوەی لە کارێ بوونەوە، بەرەو ماڵ گەڕانەوە. پارەیان وەرگرتبوو و بە سەرودڵێکی خۆشەوە هەنگاویان دەنایەوە. گەیشتبوونە نزیک داوێنی چیاکە. زریان لە بەرزاخی ئەلەگەزەوە دەیئەنگاوتن، ئەوانیش بەرۆکیان کردبۆوە. شاد و دڵخۆش بە دەم بارۆشەی باوە ڕێگەیان دەپێوا و بۆنی خۆشی گوڵ وگیایان تێکەڵ بە خوێن وگۆشتیان دەکرد.

کاتێک گەزۆ و بەکۆ، گەیشتنەوە گۆندەکەیان شەمیران، ڕۆژ ئاوا ببوو و مەڕ و گاڕانیش دەهاتنەوە نێو ئاوایی. لەسەر مێرگێکی بەر ماڵان، نزیکەی دوو سەد کەسێک

کۆ ببوونەوە. گەزۆ و بەکۆ ترسیان ڕێ نیشت و دڵیان کەوتە لەرزین. بەکۆ گوتی:

«دەرەبەگ ڕقیان لێمانە و بێتوو تێک هەڵەنگوێن، تووشی باجدانێ دەبین».

گەزۆش گوتی:

«وا چاکە هەست ڕاگرین تا وڵات تاریک دادێ و ئەوسا، بەو لای تردا دەچینەوە نێومالان».

هەر دوو بێدەنگ بوون و موویان لێ نەدەبزووت. پاشان بۆ ئەوەی سەرەتاتکێیەکی بکەن و بزانن چ باسە، بە ماتەماتە بەنێو تاریکیدا خۆیان گەیاندە نزیک حەشیمەتەکە. لەوێ، گۆشت و قاورمە پڕ بە سێڵی مەفرەق لەسەر کوچکاورێ خەریک بوو وەک دەندووکی کەوێ سوور دەبۆوە. ئاگرەکەش تا دەهات بڵێسەی دەستاند و هەڵدەکشا و لار دەبۆوە. ئاغا بە خۆی و دارودەستەکەی لەسەر دۆشەگ و باڵنجی نەرم و لەپەنا ئاورەکە پاڵیان دابۆوە. دەوڵەمەندەکانیش لەتەنیشتیان هەڵترووشکابوون. بەدیار ئەوانەوە ڕیزێک گزیر و نۆکەر کە خۆیان لە خەنجەر و شمشێر و دەمانچە و چەکدا خنکاندبوو، ڕاستەوپێ وێستابوون. بڕێک ئەوبەرتریش، خەڵکی گوند، هێس و دەستەونەزەر دانیشتبوون.

لەو کاتەدا دەرەبەگێک لە جێی خۆی هەستا. جوان چاوی بە وڵاتیدا گێڕا و بەم جۆرە ملی لە قسان نا:

«تا ئەو کۆمۆنیستە پیسە نەهاتبوو، دنیا وەک ماستی مەییو وا بوو. بۆخۆمان کاری خۆمان دەکرد. گەورەوچکۆلەیی هەبوو، بەڵام لەوەتا ئەو کابرایە بووەتە کارگ و لەنێوماندا هەڵتۆقیوە، ڕایەڵوپۆمان لێ تێک چووە».

ئەوجار، پاکارێک بە ناوی شەمۆیێ ئۆسۆ هەستا و هاتە نێو قسان:

«ئەو هەتیوە لاپرەسەنە بە بیانووی ئەوەی کە ماڵ و داهاتم زۆرە، لە کوێخایەتی خستوومی».

کابرای دەرەبەگ لەو جێیەی قسەکانی بڕابوو، دەستی پێ کردەوە:

«زۆرن ئەو ڕەشوڕووتانەی کە لە قسەی دەرناچن؛ ئەوان بارچەوتییان کردووە و ڕێ وڕەوشتی خێڵ و بن‌وبنەچەیان کردووەتە پووشی بەر ڕۆژێ. هیچ دوور نەڕوانین هەتیوی شوانەکەمان چاو لێ کەن؛ ئەو کە جاران ڕووی خۆی لە محێ هەڵداویشت بۆ ئەوەی بە شوان ڕای گرێت و لە برسان نەمرێ، ئێستا قسەی زەلام زەلام دەکا و فێری بناشت و گلەییان بووە؛ دەڵێ گزییان لێ کردووم و بەراتەکەیان تەواو نەداومەتێ. ئەو شتانە لە کوێوە دێن؟ بەبێ شک ئەو هەتیوە سەرەسۆدرەیە ماکەی کێشەکانە و خەڵکەکەی تلاساندووە».

گڤەی بای جارناجارێکی پەردەی کڕی کۆڕەکەی دەپچڕاند. بۆنی گۆشتی برژاویش بەنێو خەڵکی بەشمەینەتی بەرەوەدا دەگەڕا.

شێخی گەورە هەستایە سەرپێ و بەم جۆرە دەمی لێ پان کردەوە:

«دەزانن بۆچی یۆسف‌بەگ، جانگیربەگ و عەگیدبەگ ئێوەیان لێرە کۆ کردووەتەوە؟! ئەوان ئەو بەزموڕەزمەیان سازداوە تا لێرە پیاوخاسانی خێڵ خۆش ڕابوێرن! ئەوەش بزانن کە ئێوە خزمەتکارانی خوا و ئایینن».

لەو دەمەدا کە ئارەقیان بەنێو گوندییەکاندا دەگێڕا، شەمۆیێ ئۆسۆ دەنگی هەڵێنا:

«بە خۆشی بەگی من!»

ئەوەی ڕاستی بێت نۆکەر و پاکاری چەشنی ئۆسۆ، ماڵی هەزارانیان کاول و خەڵکیان زراوتۆقێن کردبوو. ئەوان کە هیچ، بەگ دوێنێ خۆی چووبووە پووڕدانی هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتێ کە لە سەردەمی تاشناکاندا لە دژی ئەوان ڕاپەڕیبوون.

شەمۆیێ ئۆسۆ لێی نەدەبڕییەوە و بەردەوام بوو لە تورڕەهاتان:

«سەرۆکی هۆزی ڕۆژهەلات زۆری پێ خۆشە لەگەڵ ئێمە کەوێ و ببێتە یارمەتیدەرمان، بەڵام ئەو بۆرەکۆمۆنیستانە ناهێڵن».

یۆسف‌بەگیش لەولاوە هاتە دوو و وتی:

«خزمەتکارانی من... خێڵە ئەمە گناسەکەم... ئێوە دەزانن کە حەوت پشتی من مەزنی عەشـیرەکەتان بوون، بەڵام خوا هەڵناگرێ ئێوەش هەمیشە ملتان لە مووی باریکتر بووە و بەپێی ڕێوشوێنی خێڵ هەڵسـوکەوتتان کردووە. ماڵە یۆسف‌بەگ پیرۆزە، نانەکەشی متفەڕکە و لە نەخۆشـی و نەگبەتی دەتانپارێزێ و مەڕوماڵاتەکانیشتان لە زەرەر و زیان دوور دەخاتـەوە، بەڵام هەنووکە بیرۆکەیەک هاتووەتە سـەر زاران کە لە خودا و ئایین بێبەرییە. بە قسەی وان بێ، نابێ کەس دەوڵەمەند بێ و هەموو دەبێ لە برسان بمرن».

ئەو لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت:

«ئەگەر بەو جۆرەی دەیڵێن وا بێ، ئـەدی ئەودەم نەدارەکان چلۆن بەڕێ دەچن؟! ئەوەتا کەلەش و زۆر کەسی وەک ئەو، ئەگەر کاریان بۆ دەوڵەمەندێکی وەک خوودۆ نەکردبایە، لە کـوێ پارووپەکیان نان وەچنگ دەکەوت؟! نا! ئەو سیسـتەمە بەکەڵک وکاری ئێمـەی کۆچـەری و خێڵەکی نایـە. هەرچۆنێک بێ، بە پشـتیوانیی خودای لەمڕۆ بـە دواوە جانگیربەگی کوڕم، کاروبارتان بەڕێـوە دەبا و دێتە جێگەی من. ئێمە چەلان بە خۆشـی کارەکانمان ڕادەپەڕاند و کەسـیش لە ڕێی ڕاسـت لاڕێ نەدەبوو، بەڵام ئیتر نازانین ئەو شـتە چۆن و لە کوێوە هاتووە! بڕواننە مسـتۆی کوڕی شوانەکەی پێشـوومان ئەوە ڕاسـتوچەپ بێڕێزی بە ئایین و بنەماڵە و نەتەوەکـەی دەکا؛ هەتیو ژنێکی ڕووسیشی هێناوە؛ لە دین وەرگەڕاوە و بووەتە خوانەناس و کۆمۆنیست. تەنانەت سمێڵەکانیشی تاشیوە و ڕێک وەک کافرانی لێ هاتووە. ئەو شتانە هەر هیچ نین لەچاو ئەوەی کە چووە و لەنێو شـوان و گاواناندا دزەی کردووە و خەریکە لەخشتەیان دەباتە دەر. ئەوانیـش پـێ لەو ئاوەی دەخەن وا بۆی ڕشـتوون و وێڕای وی دەسـت دەکەنە دژوێن و جوێنان بە ئایین و لە ڕێکخراوەی لاوانی کۆمۆنیستدا خەریکی ناونووسینن».

شوانەکەی مەجیدبەگیش هەڵی دایە:

«ئەوە یەک مانگی خشتە ئەو کابرایە دەورەم دەدا».

یۆسف‌بەگ گوتی:

«دەزانم شتێکی ناجسنە. ئەو جۆرەی کە بیستوومە ئێستا دەیهەوێ چەکمان بکا. نازانم چی لێمان دەوێ و بە دووی چی دایە؟ تەنانەت ئێمەی لە مافی خۆمان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن حەرماندووە و ئێستاش بەتەمایە بە زۆرەملی چەکی باوانمان لەدەست دەربهێنێ. گەلی مسکێنە ڕاستڕەوشتەکان! بە هەر جرِوجۆرێک دەبێ خۆتان لەدەست مستۆ ڕزگار بکەن. لە خوای بەزیاد بێ، بەگ ڕەشماڵ و ماڵ‌وسامانێکی زۆری هەیە. بە مەرجێک لینگی ئەو کابرایە لە عِەرزی ببڕن و ونجڕونجڕی کەن، بە وردەماڵ و ڕەشەماڵان خەنیتان دەکا. دەسا دەی ناوی خوای لێ بێنن و لەسەر شەڕەف و پاکژیی گەلی کورد، نەهێڵن نانی زیندووان بخوا!»

بە دوای ئەم قسانەدا، بەگ و بەگزادە و شێخ و شێخزادە لە جێگەی خۆیان هەستان و دیارییان بەنێو گزیر و باجگر و پاکار و پێشخانی خۆیان و هەروەها لەنێو خەڵکی ئاسایی خێڵدا تەخشان‌وپەخشان کردەوە. لەنێو خەڵکەکەدا، عەدێ هەوەڵین کەس بوو کە دەستی گێڕانەوە. ئەو ڕەنجبەرێکی هۆزی زورکی بوو. هەرکە دیتیان عەدێ دیارییان لێ وەرناگرێ، ئاغا و نۆکەر بۆ ئەوەی چاوترسێنی بکەن، وێکڕا تێی ڕاخوڕین:

«زۆڵە زیرگن! ئەوە وات لێ هاتووە بێڕێزیمان پێ بکەی... بیژوو!»

عەدێ خۆی لێ لادان و ڕۆیشتە نێو ئەو خەڵکە بێبەشەی وا وەک مەڕ لێک هاڵابوون. هیچ هەڕەشەوگوڕەشەیەک عەدێی چاوترسێن نەکرد؛ ئاخر ئەو ئێستا ئەندامی جڤاتان بوو. بەر لەوانەش ئاگاداری قسەی نوێنەری حکوومەت بوو و جوان دەیزانی تێکۆشەران بە زوویی لێیان وەشاخی دەکەون و خوێنمژان و زۆرداران بە ئیزا و سزای خۆیان دەگەیەنن.

هاوکات لەگەڵکوو ئەم شتە ڕووی دا، دەوڵەمەند و سەرۆک‌هۆز سوێندیان خوارد

که لەگرەودوا تا دوایین ســات یەکــدی بەرنەدەن و بەرەنگاری ئــەم گوندییانە ببنەوە. خەڵکەکەش خۆیان کشاندبۆوە و مات لێیان دەڕوانین. لەو دەمەدا، پیرهەباس وەنێویان کەوت و گوتی:

«حەوت ســاڵان کوێخا بووم و قەت خودام لەبیر نەکرد، بەڵام ئەم کافرانە ســەری ئێوەیان وەک بەرخی ساوا لەبن سەوەتەی ناوە و تەفرەتان دەدەن».

خەڵک لێی وەجواب هاتن:

«هیچ نەبووە... کوا چی بووە و چ قەوماوە...؟!»

پیرهەباس گوتی:

«بەڵێ... ئێســتا دەبووایــە تاژانگی ژاندرمەو لەســەر بــێ... دەســەڵاتم هەبووایە هەمووتانم سەرشۆڕ دەکرد، نەخوازە بێن و ببنە گوێلەمستی کەسێکی وەک مستۆ».

مەجیدبەگیش لەبەر خۆیەوە کردیە ورتەورت و گوتی:

«براینە! باوەڕ مەکەن کە حکوومەتی بۆلشــویکەکان زۆر بخایەنێ... دوور نییە کە دەڕووخێــن و دێنەوە بن زەبری قامچییەکانی ئێمە و ئــەودەم پێیان دەڵێین چەندی بە چەندی!»

بەگ ئەوەندەی بادە فڕ کردبوو کە مەستومەســتوور خۆی لەگەز دابوو و دەستی کردبوو بە وڕێنان. مەجیدبەگ کە لە دەستێکیدا دەفری شەڕاب و لەوی تریدا پیاڵەیەک خۆی دەنواند، هەســتا و ڕووی لە خەڵکەکە کرد بۆ ئەوەی شــەڕابیان بۆ تێ کا. بەپێی نەریت هەرچەند جارێک بەگ بۆخۆی میوانداریی کردبا و شــەڕابی گێڕابا، دەبووایە دەستیان نەگێڕابایەوە.

مەجیدبەگ هاتەوە لای عەدێ و پیاڵەیەکی لەسەر لێوی دانا و پێی گوت:

«ڕۆڵەگیان! ئەوکاتەی وا ئەفسەری تاشناکان بووم، ئەتۆ لە زگی دایکتدا نەبووی... کەچی ئێستا مۆڕەم لێ دەکەی! گۆڵەکەر... دەڵێم وەری گرە و بیخۆوە...».

عەدێ گوتی:

«بۆم ناخورێتەوە! نەخۆشم و نۆبەتێم گرتووە».

مەجیدبەگ بە دەم تۆپ وتەشەرەوە، بە سەریدا گوڕاند:

«سەرداری مەزن! مەگەر نازانی شەڕاب دەرمانی لەرزوتایە!؟»

سەرلەنوێ پیاڵەکەی بردەوە بەر دەمی عەدێ. بەڵام نە عەدێ و نە ئەوانی تر دەمیان لێ نەدا. خەڵکەکە بە لاساییکردنەوە لەو هەڵوێستەی عەدێ، پیاڵەی بەگیان وەرنەگرت و بەم کارەیان بە ئاشکرا شێخ و ئاغا و کوێخایان نەخوێندەوە!

گۆشت و نان و شەڕاب تا بەیانی لەسەر مێزەکان بوون و کەس تامی نەکردن. تاشناکێک لەنێوان یۆسف و جانگیربەگدا دانیشتبوو و ئامۆژگاری دەکردن. ئەوانیش پاش ئەوەی کە جریوەوقریوەیەکیان لەگەڵ دەکرد، بۆ قسان دەگەڕانەوە نێو خەڵکی. خواردنی شێو تەواو بوو. چەند کەسێکی سەرخۆش لێی وەرکەوتبوون و پرخەیان دەهات. شێخ و دەوڵەمەند و گزیر، پاڵیان وێک دابوو و بەسەرهاتی ئازایەتی و پیاوەتیی خۆیان و تالان وبرۆی خەڵکیان لە سەردەمی دەسەڵاتی تاشناکان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

لەو ساتەدا، کابرای تاشناک کە کوردییەکی پاراوی دەزانی، هەستایە سەرپێ. بەر لەوەی دەست بکا بە قسان، ئەو شتانەی وا مستۆ دەربارەی بەگ و بەگزادان نووسیبوونی، خوێندنییەوە و پاشان ئاوای درێژەدا:

«ئێوە باش دەزانن ئەو سیستەمە چۆنە! ئەوان خەڵکی دێهاتیان ماڵوێران کردووە و دەیانهەوێ گشتیان ببنە پاڵە و پارسەک. جگە لەوە، هاتوون کەسێکی وەک مستۆی خواستۆخیان قوتوقنج کردووەتەوە و گەرەکیانە وەک سەرۆک بەسەر ئێوەیدا ببڕن. بەڕاستی ئەو مستۆیە کێیە وا ئێستا پەل لە هەوران دەکوتێ؟! کەس نەزانێ خۆ ئێوە دەزانن وا لەوەتی هەن، خۆی و باوکی شوان و لەتەچن و بەرماوخۆری بەردەرک و پاشخانەی تورک و ملووکی ئەرمەنی و کوردان بوون. لە گوێدرێژیکیش زیاتر وڵاخیان

نەبووە سواری بن».

کابرای تاشناک ئاماژەی بە پیرێکی سمێڵبابڕ کرد و درێژەی بە قسەکانی دا:

«مستۆ شوانی هۆو کابرایە بووە. کەس نەزانێ خۆ ئەو دەزانێ چ پیاوێک بووە. کەچی ئێستا بەربووەتە گیانمان و وەپێش هەتیومەتیوان دەکەوێ و لە دژی بەگ و شێخان تینیان دەدا. ئەوانی بە شاری فێر کردووە و لەوێ ئەم شتانەی وا لە مێشکیان پەستاوتووە، دەرخواردی لاوانی ئێمەیان دەداتەوە. جا ئەگەر پێتان خۆشە لەوە زیاتر ماڵکاول نەبن، دەبێ پشتی بەگی خۆتان بگرن و شەڕی مستۆ و دەستەوپاستەکەی بکەن».

لەناکاو زرمەی سمی ئەسپان هات. سەگلوور و سەگوەڕ وڵاتی داگرت. کابرای تاشناک بێدەنگ بوو. لەو ئانوساتەدا دەنگێکی بۆڕ و مێرانە لە دەرەوەڕا هاتە بەرگوێیان:

«بەرپرسی جڤاتی گوند لە کوێیە؟ شوێنێک بۆ پۆلیسەکان دابین کەن!»

غەڵبەغەڵب و گاڵەگاڵ کەوتە نێو خەڵکی و هەر کەسە و سەری خۆی هەڵگرت و یەکڕاست بەرەو ماڵە خۆی بۆوە. تاشناکی خوێڕیش کە تەواوی ئاوایی لێ ببووە کونەمشکێک، لە ترسان خۆی لەنێو کۆخەسەگان ڕاکردبوو. بێتوو زوو هەڵنەهاتبایە و خۆی لە ماڵە مەجیدبەگ نەهاویشتبایە، سەگ و تووڵە هەڵدڕهەڵدڕیان دەکرد.

## بچووک و بەردەست خۆبەخۆ قسە دەکەن!

گەزۆ و بەکۆ لە جێی خۆیان حەبەسابوون؛ ئەوان چاک دەیانزانی کە لەو دەشتە و لەنێو ئەو گوندە ئەرمەنی‌نشینانەی هاوینان کاریان لێ دەکردن، سێبەری هیچ بەگێک نەماوە، بەڵام لێرە و لە دێهاتی کوردان، ئێستاش وەکوو پێشوو، دەرەبەگ چەکدارن و بە خواستی خۆیان حکوومەت بەسەر کورداندا دەکەن. گەزۆ و بەکۆ، تاوێکی زۆر بێدەنگ بوون و لەسەر ئەم گرێ وگرفتانە ڕامان.

شەوانی پاییز بەرەو برانەوە دەچوون. شنەبایەک دەهات و ئەستێرەکان لەنێو ئاسمانی شینا بزر دەبوون. بەکۆ وەنەوز دەیبردەوە و خەریک بوو چاوی لە بیرەخەوێوە ڕۆچێ. گەزۆ لە جێی خۆی ڕابوو. چووە ژوورسەری، ڕای‌تڵەکاند و گوتی:

«هەستە بابم هەستە... مەنوو... وەرە بڕۆینەوە ماڵێ... لێرە نەماون... بەیانی دەبێ چاومان بە عەدێ بکەوێ تا بیرێک بکەینەوە لەو شتانەی دەبێ ئەنجامیان دەین».

بەکۆ چاوی هەڵێنا و گوتی:

_ باشە باش ئەتۆش... ئەرێ دەزانی عەدێ زۆر کوڕێکی چاکە؟ دەبێ لەگەڵ عەدێ و ئەوانی تر بکەوینە چالاکی و مەڵبەندی خۆمان دامەزرێنین... پێویستە ئێمەش

وەک خەڵکی ئەرمەنی بکەین.

_ئەوە دەڵێی چی! خۆت شێت کردووە! مەڵبەندی چی و شتی چی! ئەتۆ شێت بووی؟ ئەوان کۆمۆنیستن، بەڵام ئێمە کۆمۆنیست و مۆمۆنیست نین.

_مەگەر لە کۆبوونەوەی چالاکاندا، گوێت لە ڕەشۆ نەبوو کە دەیگوت کاتێک چەند کەس وێکڕا چالاکیی نەتەوەیی بکەن، دەبنە خاوەنی مەڵبەند؟!

بەکۆ برۆی لێ تێک نا و گوتی:

«وایە... ئەتۆ ڕاست دەکەی و ئەمن درۆ!»

سەگ و تووڵە بەو شوێنەی کۆڕی لێ گیرابوو وەربوون. کاتێک گەزۆ و بەکۆیان دیت، دەورەیان دان، بەڵام هەردووک لە جێی خۆیان هەستان. چخەیان کردنێ و سەگەلیان تاراندن. ئەوجار یەکەوڕێ بەرەو ماڵ چوونەوە.

ئەوێ شەوێ خەو لە چاوانی عەدێ تۆرابوو و لەنێو جێگەدا هەر گینگڵی دەدا. بەردەوام قسەی بەگ و شێخ بە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون، کە دەتگوت کوچکن و لە سەری دەدرێن. تووتن‌وپەڕەکەی هەڵبەست و جگەرەیەکی داگیرساند. پاشان تەماشایەکی ماڵ‌ومنداڵە خەوتووەکەی کرد کە ڕوخساریان لەژێر شۆقی شەمچەکەدا بە ژاکاوی دەردەکەوت. مانگی چواردەش دەتگوت مەجومعەیەکی گەورەی مسە و لە دەلاقەی ماڵەوە لێیان دەڕوانێ. لەو ساتەدا بوو کە عەدێ بە مێشکیدا هات سبەینێ بڕواتە لای ملیسان و هەموو شتێکی بۆ وەگێڕێ. پاش خەیاڵ‌پڵاوێکی زۆر، مژۆڵی لەسەر یەک دانا و لە غوڕابی خەوێ ڕاچوو. لەگەڵکوو بەیانی خێزانی ماڵاتی دەر دەکردن، بە بۆڕەبۆڕی گوێلکان ڕابۆوە.

ڕۆژێکی مات و دڵگیر بوو. ئەگەرچی شەبەقی ڕۆژ لە شووشەی ماڵانی دابوو، بەڵام خەڵکی گوند کە دوێشەو لە میوانی ئاغاکان گەڕابوونەوە، لەخەوا مابوونەوە.

ئەوێ ڕۆژێ، سەرهۆبە فەرمانی خێڵ بەرەو ژووری دا و خەڵکەکەش بە هەڵەداوان

وەخۆکەوتن. تاوڵ و دەستەنوێن و فەڕش و لبادیان دەپێچاوە. ئەستوندەک و دارچیغ و دیرەگیان لێک گرێ دەدان. پەتک و گوریسیشیان هەڵدەوێزنین.

بەپێچەوانە، گـەزۆ و بەکۆ زۆر بەکاوەخۆ بوون و هیـچ پەلەپەل و هەلەهەلێکیان نەبوو؛ ئاخر ئەوان بارگەچی و پاشماڵەیەکی بێ دەوڵەت وداهات بوون و تەنیا یاریدەی خێوی مەڕیان دەدا بۆ هەواری. لەو دەمەدا کە بەکۆ لەبەرماڵی خۆی دانیشتبوو، عەدێ هاتە لای. سڵاوی کرد و گوتی:

_ ڕۆژ باش بەکۆ... ئەوە کەنگێ هاتوویەوە؟

_ دوێنێ بوو هاتمەوە.

_ پار هاوینت لەو دەشت و چیایە چۆن ڕابوارد؟ خۆ نەخۆش نەکەوتی؟

_ ناوەڵڵا، نەخۆش نەکەوتم، بەڵام گەرما بڕستی لێ بڕیبووین.

_ ئەدی مستۆت دیوە؟ نازانی کەنگێ دێ؟

_ نا... جا چۆن بیبینم؟ ئێمە هەر لە دەشت و چیایە داین و قەت ڕەنگی شار نابینین.

_ لەلای ئێوە هیچ خەبەر و باسێکی تازە هەیە؟

_ زۆرم قســە پێیە، بەڵام ئاوا نابێ... دەبێ ڕۆژێک پێکەوە دانیشین و پێتان بڵێم کە چۆن پاڵە و سەپانی ئەرمەنی، خۆیان هاوئاهەنگ کردووە.

پاشان ئەوەشی گوت:

«هاوینێ مستۆ چووبووە کوێستانێ و لەوێ خەڵکی کۆ کردبۆوە و فێری خۆسازدانی کردبوون، بەڵام دەرەبەگ پێیان زانیبوو و نەیانهێشتبوو کارەکەی سەر بگرێ».

ئەوجار بەکۆ ڕووی قسەی لە عەدێ کرد و گوتی:

«پێم بڵێ بزانم لە کۆبوونەوەی دوێنێدا چ باس بوو؟»

عەدێ زۆر بە نیانی وڵامی داوە:

«هەر لەبەر ئەوە بوو کە دەمهەویست مستۆ ببینم».

ئینجا چاوێکی لە دەوروپشتی کرد و گوتی:

_ دەمهـەوێ پێی بڵێم ئەوە لێرە بەگ و شـێخ و کەسـانی دەوڵەمەند بە یارمەتیی تاشناکان خەریکن بۆی تێ دەچێنن و بەهەویان بیکەنە ئاردی نێو دڕکان.

_ چی؟! چی لێ بکەن؟ چۆن؟!

_ گەرەکیانە بە هەموو هۆزەکان سکاڵایەکی لە دژی تۆمار و پێشکەشی حکوومەتی بکەن، بەڵام زۆربەیان لە کوشتن کەمتری پێ ڕەوا نابینن!

_ ئەدی ڕای هاوڕێیانمان لەم بارەوە چییە؟

_ هاوڕێکانمان؟!

بەکۆ ئاوا وڵامی داوە:

«مەگەر خەڵکی چەوسـاوە و نەدار لەگەڵ مسـتۆ نین؟! خۆ ئـەوان باش دەزانن بە هاتنی ئەو بارودۆخیان ڕووی لە باشی کردووە. بۆ جارێکیش بێ بیر بکەوە! لە دێهاتی ئەرمەنییان، ئێسـتاکە باج و خاوە لەسـەر خەڵکی کەمداهات لاچـووە، بەڵام لێرە ئەم کلۆڵ و بێداهاتانە دەبێ جگە لە هەوارانـە، زەویانەش بە پاکاری پاییزەبرا بدەن. ئەوەتا لەوێ، چوار ساڵە لەژێر سایەی سیستەمی بۆلشویکان، جڤات پێک هاتووە. بەڵام لێرە، هەر وەک ڕابردوو، بازی دەسەڵات لەسـەر شانی دەرەبەگان هەڵنیشتووە. تۆزێک بیر بکەوە ماڵت ئاوەدان بێ! خـۆ درۆت لەگەڵ ناکەم. مەگەر نابینی جانگیر و عەلی‌خان بەگ سەرلەنوێ بوونەوە سـەرخێڵ؟! ئەوان خەمی کێیانە؟! بێگومان لە خەمی خۆیان و کلۆڵکردنی خاکەسـارانی خێڵ دان. بەڕاسـتی حکوومەتی جڤاتی تا ئێستاش لەنێو ئێمەدا شوێنی خۆی نەدۆزیوەتەوە».

ئەگەرچـی سـپێدە بوو و ئەسـتێرەی ڕۆژێ هەر شـەش دانگی گوندی بەسـەر دەکردەوە، بەڵام لەپڕێک تەم وتووشی قورساییی خۆی خستە سەرشانی وڵاتی؛ وەک ئەوە وا بوو کە شەو لە ڕۆیشتنی خۆی تەریق بووبێتەوە و دیسانەوە گەرەکی بێت وڵات

لەباوەشی تاریکی خۆیدا باوێژێتەوە. دواجار، پەڵەهەورێکی ڕەش بەری خۆری گرت و نیسـێی هاویشتە سـەر هەموو شوێن و هەموو کەسـێک، هەر لە کێو و دێوە بگرە تا دەگەیشتە عەدێ و بەکۆی.

بەکۆ ئاخێکی هەڵکێشا، بڕێک ڕۆیشت و لەسەر بەردێک ڕۆنیشت. کاتێ عەدێ لێی نزیک بۆوە، بەکۆ بە شێنەیی پێی گوت:

«سـەیر کە! لەنێو دێهاتی ئەرمەنییان کە ئێمە کارمان لێ دەکردن، نەیاندەهێشـت خان و دەرەبەگ دەسـت لە کاروباری گونـد وەردەن و تەنانەت ئیزنیان نەبوو بێنە نێو کۆبوونەوەکان. خۆ ئەتۆ خەچەدوورئاغات لەبیرە! دیتت چۆن مڵکەکەیان لێ ئەستاند و لەنێو سـەپاناندا بەشـیان کرد، بەڵام لێرە بەپێچەوانەی ئەوێ، ئاغا و بەگ بە خۆشـی ڕایدەبوێرن. لەوێ هەموو ڕۆژێ ڕێکخەری کاروباری کرێکاران دەهات و بۆی شی دەکردینەوە کە چلۆن خۆمان لەژێر دۆخی دەرەبەگێتی ڕزگار بکەین».

عەدێ گوتی:

«کاتێک مسـتۆ کۆبوونەوەمان بۆ ساز دەکا، هەموو شتێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ڕێگەی ئازادیمان پێ نیشان دەدا، بەڵام تاقمێک دەسکیس و سیخوڕ هەرچی گوتراوە و نەگوتراوە بۆ دەرەبەگانی دەگێڕنەوە. ئێستا حاڵمان ناخۆشە! ئیدی چ شتێکمان نییە تا بیدەین بەوان. بەڕاسـتی ئەوەندە چاولەدەستین کە حکوومەتیش ڕوحمی پێماندا دێ و پیتاکمان لێ ناسـتێنێ، کەچی بەو حاڵەشەوە ئەگەر باجی یۆسفبەگ و عەلیبەگی نەدەی، خێرا شـەمۆیێ ئۆسـۆی باجەوانـت بە جەواڵ وخـەرارەوە تێ بـەردەدەن و بە زۆریش بێ هەر لێتی دەستێنن».

بەکۆ بڕێ ئەملا و ئەولای کرد و گوتی:

«گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی! دەبێ ئەم شتانە بە مستۆ، یان بە سەرۆکی خۆبەخشەکان بڵێین، دەنا دەرەبەگ فەراقی ڕەشی لێ دەبڕن».

عەدێ دەستی لە عەرزی قایم کرد و هەستا و گوتی:

«قەت شتی وا ناکەن و ناوێرن خۆیان تووشی ئەو گۆنگەڵە بکەن! یۆسف‌بەگ بۆخۆی گوتوویە نایکوژین؛ چون ئەگەر ئەو کارە بکەین ئەوان بە گوللە تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە. لە سەرێنی تاشناکاندا یۆسف‌بەگ لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا نوێنەر بووە و ئاگاداری یاسایە. ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتداریی قەیسەریشدا، هەموو مانگێ دەچووە لای حاکمی قەفقاز و لەسەر ناوی ئەوەی کە سەرۆکی هۆزی حەسەنییە، مووچەی وەردەگرت».

بەکۆ پرسی:

_ لە کۆتاییی شەودا چ بڕیارێکیان دا؟

_ زۆربەیان قسەکەیان کردە یەک و لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە کە لە دژی مستۆ سکاڵا تۆمار بکەن.

_ نا، دەبێ خەڵکەکەی لەوە بگەیەنین کە تاشناک و دەرەبەگ دەیانهەوێ چی بەسەر مستۆ بێنن! دڵنیام ڕەنجبەری گوند ڕقیان لەوانە و لاگیری ئێمە دەبن.

_ بەڵێ... کە وایە دەبێ ئەوان لێک کۆکەینەوە.

پاش ئەم قسانە بەکۆ و عەدێ لێک هەڵبڕان و هەرکامیان بە لایەکدا ڕۆیشتن.

## ژنان دەست دەکەنەوە

هەموو شـتێک ڕێکوپێک بوو. ئەو کەلوپەلانەی کە منـدالآن لە ئاقاری گوندی کۆیان کردبوونەوە، لەسـەر پشـتی گایان نان. نزیک کاتژمێر هەشـت، کاروان وەکوو گوریسێکی درێژ و قایم بەنێو شینکەڕێیەکدا وەڕێ کەوت.

جانگیربەگی سەرۆک‌خێڵ قەت بەتەنگ جڤات و شتی لەم جۆرەوە نەبوو و هەر لەسـەر نەزم ونیزامی زەمانی زوو دەڕۆیشت. ئەو وەک سەرفەرماندەیەک لە شوێنێکی بەرز، لەسـەر دووڕاستەی ڕکێفی ڕاوەسـتا، دەستی لێ ڕاوەشـاندن و لەوێوە ئیزنی دا قەتاری هەواری بە بنیدا بڕوا. لەگەڵکوو هەموو شـتێکی سەروبەر دیت، بە لینگدان بە بەردەم خەڵکەکەیدا تێپەڕی و ئەوانیش بە ڕیز کەوتنە شوێنی.

لـەو دەمەدا، شـوانێک مەڕەشـەلەیەکی لە کـۆڵ کردبـوو و لـە دوای مێگەلێ دەڕۆیشـت. شـوانەی شـەکەت وشـەلاڵ، بە زۆری لاقی لە دوای خـۆی دەهات و هەنگاوی هەڵدێنایەوە. مەڕەکە دەستی کرد بە لینگەفڕکە و دەرپەڕی و بەربۆوە عەرزی. لەگەڵ جانگیربەگ ئەمەی دیت، ئەسـپی زەنگو کرد، لەسەر زینێ هەستا و بە هەموو هێزوتوانای خۆیەوە بە تاژانگان وەری گەڕایە و نەعرەتەی کێشا بە سەریدا:

«هەی گۆڵەکەر... ئەوە چۆنت دڵ هات ئەو مەڕە بەستەزمانەی فڕێ دەیە عەرزی؟! ها... وەڵڵاهی لاقێکی ئەم پەزە ناهێنی! توڵەباب... دەردت لە گیانم!»

شوانی چارەڕەش کە لەبەر ئێش و ئازاران زیڕەی دەچووە ئاسمانێ، گوتی:

«ئاغا گیان... وەڵڵا... بیللا... تەڵڵا... بەئانقەست بەرمنەداوەتەوە... لە دەستم هەتڵە بوو... لەمێژ بوو بە کۆڵمەوە بوو و منیش ماندوو ببووم».

بەگ کە قسەی شوانەکەی لە دڵی گران هاتبوو، لەباڵ خۆیدا وتوویرەی ئەوەی دەکرد کە نۆکەر نابێ جوابەجەنگیی ئاغای خۆی بکا؛ بۆیە ئەمجاریش ڕووی جڵەوی تێ کردەوە و لە ڕقان قامچییەکی وای تێ سرەواند کە هەر لەوێ خپ هەڵات. بڕیک گوزەرا و ئینجا شوانەکە هاتەوە هۆش خۆی. کە زانی ئیدی ڕزگاربوونی نییە، پەنای بردە بەر ئەو ژنانەی لەوێ بوون و داوێنی بادان بۆ ئەوەی بیپارێزن. جانگیربەگ کە لەبان باوی کۆن مابۆوە، دەیزانی ئەگەر تاوانبارێک شانسی هێنابێ و خۆی لەنێو ژنان هاویشتبێ، نابێ دەستی لێ بدرێ. دابەکە وا بووە کە لە شەڕوشووڕاندا، ژنان بەرپیوانییان کردووە و لەچکەی سەریان لەنێوەڕاستی هەردوولا فڕێ داوە و لێیان پاڕاونەوە کە لەوە زیاتر نەچنە پێش، لێک نەدەن و لەکۆڵ یەکتر بنەوە. پاشان، هەردووک لای دژبەر بەقسەی ژنەکانیان کردووە و بەم جۆرە ئاو کراوە بە ئاورەکەدا.

جانگیربەگ هەروا لەسەر قسەکانی خۆی دەڕۆیشت و لێی نەدەبڕییەوە:

«بەختت هێنا و خۆت لەنێو ژناندا شاردەوە... دەنا بە خودای دەمزانی چت لێ بکەم... کوودەڵە... وڵاخ... کەر!»

شوێنی هەر کەس لەنێو عێلدا دیار بوو. ژنە دەوڵەمەندەکان خۆیان هەڵدابووە سەر پشتی ئەسپان و بە نازوفیزەوە لە پێشەوە دەڕۆیشتن. ژنی شوان و خزمەتکارەکانیش منداڵی سەروپێچکەیان لە کۆڵ نابوو و بە دوایاندا. ئەوانەشی وا منداڵەبەر نەبوون، باری قورسیان لە شانی دەنان و بە لارەلار و پەلەپڕووزێ هەنگاویان دەناوە. بە دووی ژناندا، گای بارکراو، ئەسپ و مانگا و بە شوێن ئەوانیشدا، مەڕ و بزن دەڕۆیشتن. لەوبەرتر، کوێخا و شێخی قۆڕدەماخ وێڕای ماڵ ومنداڵیان بە قڕوفڕەوە بەبان ئەسپەکانیانەوە

لۆقەلۆقیان بوو.

ئەوێ ڕۆژێ شەقڵی ڕووناکی تەواو وڵاتی داگرتبوو و لەشکری گەرماش بە هەمووی هێزوپێزی خۆی گاڵەی دەدا. یای زەدینە، سەڵیتە شازدە ساڵەکەی جانگیربەگ، خۆی بە بژ و یاڵی ماینییەوە نووساندبوو و لەگەڵ باری نوێنوبانی هاوریشم و زێڕ و زەمبەراندا دەڕۆیشـــت. خۆی باوەشـــێن و مێش‌ومەگەزی لە خۆ دەردەکرد. گەزارەی دەردەکێشا و بەســـەر قەرەواشـــەکانیدا دەیقیژاند. ئەو مەڕەی کەوتبوو، هیی ماڵە خەزوورانی بوو و ئەویش نەیدەتوانی گوێی نەلەقێنێ. دواجار ڕووی کردە مێردی و گوتی:

«بۆچی ئەو هەتیوە غەیان و ناپاکەت هەر لەوێ نەکوشـــت؟! ئەوانە دەڵێی گورگن و چاویان بڕیوەتە کاروانی وشـــتران... بە قامچی نەبێ دەستەمۆ نابن... ئەگەر وا نەکەین لێمان وەخۆ دەکەون و بەپێوە دەمانخۆن!»

لەنێو خێڵەوە قاوەقاو دەهات. لەلایەک، قاڕەی مەڕ و بەرخ و هیڕەی بزن و هۆڕەی مانگایان تێکەڵی یەک دەبوو. لەلایەکی ترەوە، کچ ومچ و کوڕوکاژ هەر کەسەو لەبەر خۆیەوە، سەربەندێکی پاییزەی دەگوتەوە.

گەزۆ کە ماوەیەکی زۆر لە دێهاتی ئەرمەنییاندا کاری کردبوو و لەوێشەوە چووبوو بـــۆ نێو حیزب، باش دەیزانی کە سیســـتەمی جڤاتی چەندە داکۆکیکـــەری مافی ژار و هەژارانـــە؛ بۆیە کاتێک دیتـــی بەگ لە شـــوانەکە دەدا، نەیدەتوانی هەر وا بە ســـانایی چاوپۆشـــی لەو کارەســـاتە بکا؛ هەر لەبەر ئەوە بوو کە داوای لە لێقەوماوانی خێڵ کرد کۆتایی بەو زۆرداریانە بێنن. گەزۆ ڕووی دەمی لە خەڵکەکە کرد:

«ناســـۆری قامچی ئێستاش لەسەر جەســـتەتان ماوە. دەبێ بزانن ئەو دۆخە چی تر درێـــژەی نابێ. ئەوڕۆکە نۆرەی حکوومەتی خۆمان، یانی حکوومەتی شـــوان و گاوان و پاڵـــە و جووتێرە. هەنووکە زیاتـــر لە هەموو جاران دەرەبەگ لێمان دەترســـێن، بەڵام ئێمە هێندە گەلحۆ و گێلین کە خۆمان داوەتە بەر لێدان وکوتانیان و لەبەر هاوخێڵێتی،

خزمەتیان دەکەین. ئێمە لەپێناو ئەواندا، ئامباز و ئانگژای یەک دەبووینەوە و یەکترمان خەڵتانی خوێن دەکرد، کەچی لەو سەریشـــەوە باجمان دەدانێ. جانگیربەگ بە کوێدا بووەتە سەرۆکی ئێمە و کێ هەڵیبژاردووە؟! بۆچی جڤاتی گوندمان نییە؟! ئیدی بەسە! لەو دۆخە جاڕز بووین!»

ئەو قسـانە کەوتنە زاری ئەو ژنانەی وا باریان بـە کۆڵەوە نابوو و پیاوەکانیش هاتنە سەر قسەی گەزۆی. سەدای سەرگەشتان هەر دەهات و بەرزتر دەبۆوە. خەڵکێکی زۆر لە گەزۆ هاڵابوون. یەکیان گێڕایەوە:

«جانگیربەگ لە کوێســتانێ بە لەتکەئاسنێک لێی دام و دوو گۆچانیشی لە سەردا شکاندم. تەنیا لەبەر ئەوەی کە قومە ئاوێکم لە کانی بەر ڕەشماڵەکەی خواردبۆوە. ئیدی بەسە و دەبێ خۆمان لە کۆت و کۆیلەتی ڕزگار بکەین».

ئیسماعیل شێخۆ وەنێو حەشیمەتەکە کەوت و گوتی:

«ئێستا بەگ دێت و وڵامی هەموو ئەو درێژدادڕییانەتان دەداتەوە!»

خەڵک لە شێخۆی چوونە پێش. لەو نێوەدا، شوانێکی کەڵەگەت دەنگی هەڵبڕی:

«دا... تلی پێ بدەن... خۆ ئەوانە کاولیان کردووین!»

پاشـان شـوانە لە پشـتەوەڕا پڕی دایە و گلاندی. لەو دەمەدا کە ئیسـماعیل دەنگ وهاواری لێ بەرز دەبۆوە، جانگیربەگ ڕووی ڕکێفی لەنێو خەڵکەکە کرد و گوتی:

«لاچن دەنا تەقەتان لێ دەکەم».

خەڵکەکە کشانەوە و ئیسماعیلی شەلاڵیان هەر لەوێ بەڕەڵڵا کرد. جانگیربەگ لە خەڵکەکەی پرسی:

«کێ ئەم گۆبەندەی گێڕا؟»

خەڵکەکە وێکڕا گوتیان:

«هەموومان بەیەکەوەین».

لەگەڵکوو ژن ومن چاویان بە جانگیربەگ کەوت، ئەستوون و دارچیغیان لەپشت جوانەگایان دەرکێشا و هێرشیان کردە سەری. لەنێویاندا، ژنێکی بەداروبار هەبوو بە ناوی ئەلماست؛ ئەو کە پێشتر کارەکەری ملووکان بوو، گەڕابۆوە وڵاتی خۆی و لەلایەن حکوومەتی جڤاتییەوە زەویی پێ درابوو. ئەلماستی ئەستوون بەدەست بوێرانە دارِسکایە سەر جانگیربەگی، پلارێکی ڕێ هاڵاند و ئەسپەکەی ڕەواندەوە. بە دیتنی ئەم کارە، ژن و پیاوێکی زۆرتر ورەیان هاتە بەر و دەستیان کرد بە گەف وگوڕان و پاشەکشەیان بە بەگ کرد.

قەدەرێکی پێ چوو، کوێخا هەباس لەگەڵ چەند شێخ و پیاوی دەوڵەمەند هاتن و دەستیان کرد بە حەلەق مەلەقان و گوتیان:

«سەرهەڵدان لە دژی سەرۆک، گوناهێکی گەورەیە».

پاشان گەزۆ چووە سەر گاشەبەردێک و ئاوا کەوتە دوانێ:

«هاوڕێیان! هەر ئەمڕۆ دەبێ کەسێک بنێرینە ئێرەوانێ و مستۆی لە هەموو شتێک ئاگادار کەینەوە. دەبێ دەرەبەگان چەک کەین. خۆ هەمووتان هاتوچۆی دێهاتی گورجی و ئەرمەنییانتان کردووە و دەبینن لەوێ هیچ شوێنەوارێک لە ئاغا و کوێخا نەماوە، بەڵام لێرە ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەگ و پیاوی بەگی دەسەڵاتدارن و زاری خەڵکیان بەستووە».

ئەلماستیش ئاوا هاتە نێو قسان:

«دەبێ لەگەڵ ئەوانیش هەروەک جانگیربەگ بجووڵێینەوە... ئەوانە نۆکەر و داردەستی بەگەکانن... بەهۆی نەزانی و کۆیلەتیمانە کە ئاوا یەکیان گرتووە».

خەڵکەکە بڕێک پێکەوە دوان و پاشان داوای لابردنی جانگیربەگیان کرد. لەو دەمەدا بوو کە قاسیدێک خۆی گەیاندە نێو خەڵکی و پێی ڕاگەیاندن:

«مستۆ هاتووەتەوە نێو دێی و خەڵکانێکی وەکوو عەلی خان سەرۆکی لێژنەی

ناوەندی و چەند کەســی دیکەشی لەگەڵە. ئەوان دەیانهەوێ جڤاتێک بۆ گوند دیاری بکــەن، بەڵام جــارێ دەچنە ئارانــێ و پــاش حەوتوویەکی دی دێنە ئێــرە و ئێمەش بەسەردەکەنەوە».

کابرای خەبەرهێن ئەمەشی گوت:

«عەلی‌خــان بەگ لە خوونکاری کەوتووە، بەڵام شــێخ و ئەنجومەنی گەورەپیاوان و دەســتوپێوەندەکانیان داوایــان کردووە خەڵک ســکاڵا تۆمار بکــەن و خوازیاری گەڕانەوەی بن و جڤاتی گوند قبووڵ نەکەن و بڵێن پێویستیمان بەم جۆرە سیستەمە نییە».

شێخ و دارودەستەی شێخی دەیانگوت ئەم ئاگرە لەسەر گۆڕی مستۆ هەڵدەستێ. کوێخا هەباسیش کە هەموو جارێ خۆی وەپێش دەدا، گوتی:

«ئیزنیان پێ نادەین... دەنا وا نەکەین، تاقمان لێ دەبڕن!»

کوێســتانچی خەریک بــوو دەگەیشــتنە داوێنی قــووچ و بەرزاییــەک بە ناوی بۆغوتلوو؛ چیایەک کە نوچکی لە دڵی ئاســمانا چەقیبوو و ئاتەگیشی نوقمی ڕەشاییی هەڵمــەدووکان ببوو. ئەوەی دەمایەوە نێوقەدەکەی بوو کــە ئەویش لە دوورەوە وەک کوللێرەیەکی قەراخ‌هەڵگەڕاو خۆی دەنواند.

شــەوێکی یەکجار خۆش بە ســەردا هــات. خەڵکەکە پاش خواردنی شــێوێکی ســووک، هەر یەکەی ســەری نایە ســەر بەردێک و لەژێر گرشەگرشی ئەستێراندا لێی تخێڵ بۆوە. لەگەڵ گزینگی بەیان دای لە وڵاتی، هەســتان و بەرەو شــوێنی مەبەســت ڕێگەیــان کوتــا. دوای ســێ ڕۆژان هەوارچی گەیشــتنەوە گەرمێنێ. لەوێ و لەســەر گۆڕاییەک تاوڵیان هەڵدا و زستانەهەواری خۆیان دامەزراند.

ئــەوەش بڵێم کە لــە وەرزی بەهارێدا و ئەوکاتەی مێگەلان دەبەنەوە کوێســتانێ، زستانەهەواریان دیسانەوە چۆل دەبێتەوە. لەو ماوەیەدا گیا و لەوەڕێکی باش لەو شوێنانە دەڕوێتەوە کە بەشی تفاقی مەڕ و ماڵاتیان دەکا بۆ کژی زستانێ.

## هزری نوێ و بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکدا

کاتی باجدانێ بوو. عەگیدبەگ فەرمانی دا نۆکەر بچن گۆڕاییی و پانتاوییەک بکەنە دانگەی مەڕێ. جانگیربەگیش هەر بەم جۆرە دەستووری دا جێگە و مەودایەکی باش بگرنەوە بۆ جێدانگەی ئەوساڵ. خەڵکی سەربەهەش و بێبەشی گوندیش بەر لەوەی کارێک بۆخۆی بکا، دەبووایە ماڵ ومنداڵ و کارەکانی خۆی جێ بێڵێ و دەست داتە پاچ وپێمەڕە و وەدوای کاروباری بەگ بکەوێ.

کەچی ئەوجار لێیان قبووڵ نەکردن و لە دەوری گەزۆ ئاڵقەیان بەست و لەو بارەوە ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی. بەگ قامچی بەدەست و بە چڕونێوچاوانێکی گرژەوە لەحاند خەڵکەکەدا ڕاوێچکەی دەدا. کاتێک دیتی کەس لەبەری هەڵناستێ، دەستی کرد بە گەفوگوڕان:

«چ نییە... نە... ڕۆنیشن... هەڵمەستن... دەزانم چۆن بە دەردی باب وباپیرانتان بەرم... لاتان وایە هەروا بۆتان دەچێتە سەر؟! دواجار دەیبینن کە ئینگلیسی و تاشناک، چۆن ئێوەی بێچووەکۆمۆنیست دەکەنە بڵقی سەر ئاوێ!»

کەس وڵامی بەگی گەفۆکی نەداوە و ئەویش ناچار ڕۆیشت. لەولاتر، شێخ و پیاوی

یەکەیەکەی خێڵ لە عەگیدبەگ هاڵان و دەستیان کرد بە شێور و ڕاوێژان.

کــە خەڵکی بەدەوار خەریکی هەڵدانی تــاوڵ و دەواری بەگەکان بوون، یەکێک لە نوێنەرانی لاوانی کۆمۆنیســـت چووە لایان و لەپەنا ئەو ئاورەی کردبوویانەوە وێستا. لەوێ پیرەپیاوێک کە خەریکی کارێ بوو، پێی گوت:

«هەستە بڕۆ زگ کارێکی... چ دەکەی لێرە... هەی گەلۆر!»

لاوە گوتی:

«کاری چی و شتی چی؟! وەڵڵا قەت نابمە نۆکەری نەیارم».

کابرای ڕیشچەرموو سەری بادا و گوتی:

«دا دەی بزانم... ئەوان بە کوێدا بوونە دوژمنی ئێمە... ها؟!»

لەو دەمەدا، مســتۆ گوێی لە دەمەتەقەی ئەم دوو کەســە بــوو، هاتەدەر و بە کابرا پیرەی گوت:

«وەرە مامی خۆم با پێت بڵێم خەنیمی ئێمە کێن... بەس تکایە قســەکانم جوان لێ وەرگرە... لەنێو خزموکەستدا بڵاوی کەوە و لە دژی دوژمن هانیان بدە... بێتوو یەکگرتوو و یەکدەنگ بین، تەنگیان پێ هەڵدەچنین؛ چونکە حەق بە ئێمەیە».

کابرا پیرە سەرلەنوێ پرسی:

«ئێستاش کە ئێستایە نەمزانی کێ دوژمنی ئێمەیە؟!»

مستۆ ئاوا وڵامی داوە:

«بەر لە هەموو کەس، بەگ و شێخ و دەستوپێوەندەکانیان ناحەز و نەتەویی ئێمەن؛ ئەوان بەپێی باوی کۆن، دەمانچەوســێننەوە و بێگاریــمان پێ دەکەن. ها! بڕوانە... ئەوە وردەوردە هەوری ڕەشــی ئاوســەباران لەسەر زەوی ڕادەوەســتن و چەند ساتێکی تر ماڵوحاڵت وەســەر ئاوێ دەگــەڕێ... بۆ؟ چونکە لەجیاتــی هەڵدانی خێوەتی خۆت، ناچار بووی ئەســتوندەکی تاوڵی بەگ بچەقێنی. مامۆ گیــان! چی دیکە ناکرێ وەک

جاران بژین و لەپێش بەگ و شـێخ سەر دانوێنین، هەر لەبەر ئەوەی کە خاوەنی زەوی و زێـڕ و زۆرن. نازانـی چەندەیان ئازار داوین و سـووکایەتییان پـێ کردووین! بڕوانە دەوڵەمەندەکان چەندەیان ماڵ و پارە هەیە؟! لە حاڵێکدا ڕەشـایی، جلوبەرگیشـی نییە قۆڵی تێ هەڵکێشـێ؛ بۆیە دەبێ واز لە گەلەمپەریی ڕابردوو بهێنین و چی دیکە گوێ نەدەینە فەرمانی بەگ و ئاغاکان کە پێمان دەڵێن نابێ دژی شـان وشـەوکەتی شێخان وسـتەمان لێ بێ، دەنا کوێر دەبین. هەروەها، نابێ سـەرنج بدەینە ئەو ڕاخوڕینانەی وا دەڵێن ئەگەر توانج لە شێخان بدەین، ئاغا بە گۆچانان وەرمان دەگەڕێنێ. ئەوان پشتیوانی لە یەکدی دەکەن و دەیانهەوێ خەڵکیش ببنە بارهەڵگریان. وەرن با ڕێزک و ڕێسـای ئەوان وەلا بنێین و خۆمان ڕستوڕەسـمێک ڕۆنێین کە قەوتەی خەڵکیش بتوانن لەژێر سـێبەریدا بحاوێنەوە و خۆیان لە زۆرداری و سـەرەڕۆییی خان و شێخ بپارێزن. بۆچی هیچ کام لەوان بێ ماڵ و پارە نین؟! چونکە ملیان باداوین و لە کاریان بەرداوین. هەموو شتێک لە دنیادا بە ئیشکردن دێتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر ئەتۆ کار بۆ کەسێکی دی بکەی، بێگومان دەسکورت و بێدەسەڵات دەبی. بەر لە ئێمە، گەلێک نەتەوە کۆچەر و گوندی بوون و وەک ئێمە ژیاون، بەڵام زووتر لەخەو ڕاپەڕیون؛ ئەوان لەپاڵ کاری کشـتوکیاز و کشـتوکاڵەوە فێری پیشەسازی بوون و شـاری گەورەیان بنیات ناوە. کەچی ئێمە لە ڕابردوودا ماوینەتەوە و ئێستاش کە ئێستایە بە شێوازی خێڵەکی دەژین و دەمەلاسکەی دەرەبەگان دەکەینەوە. لەنێو گوندیشدا لەژێر ناوی هۆز و خێڵ، دەبینە گرا و زەلامیان و سەبارەت بەوە کە نێوی دەوڵەمەند و گەورەیان لە سەرە، شەڕیان بۆ دەکەین و بە خوێنی خۆمان، پاوان و مووچەوبەرەیان بۆ داگیر دەکەین».

مستۆ بەو جۆرە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت:

«حاڵـی ئێمە لـەم چیرۆکە دەچێ کە باوکێـک دوو کوڕی دەبـێ؛ یەکیان دوای لەدایکبوون، ماوەیەک لەنێو بێشـکەدا دەمێنێتەوە، دواتر پـێ هەڵدەگرێ و وردەوردە

هەڵدەدات و بۆخۆی دەبێتە پیاوێک، بەڵام ئەوی دیکەیان، هەر لە سەردەمی منداڵیدا دەچەقێ و قەت ناتوانێ واز لە لانکە و دەسرازە بێنێ. لە ڕاستیدا ئێمە وەک کۆرپەکەی دوایەی نێو ئەم چیرۆکەین وا چەندین هەزار ساڵە لەدایک بووین، کەچی ئێستاش لە قۆناغی منداڵیماندا قەتیس ماوینەوە و بەپێی عەقڵ و ئاوەزی خەڵکانی تر دەژین. ئەوانیش زۆر ژیرانە هەوساریان لە مل کردووین و چۆنیان گەرەک بێ، ڕامان‌دەدەن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ڕاپەڕین و وەک نەتەوەی تر سەربەستانە بژین. بڕوانن! بەپێی ئەو ڕستکە کۆنانەی پێشتر بوومان، هەر کوردێک دەبووایە تاوڵەکەی بە شێوازێکی دیاریکراو هەڵبدا؛ ئەگەر بێتوو وای نەکردبا، ئەو کارەیان بە سەربزێوی لە بەرامبەر یاسا دادەنا و جگە لە خۆی، ماڵ‌ومنداڵیشیان سپی دەکرد. لە حاڵێکدا چینی ڕاسەر لە هەر شوێنێک و هەر چۆنێک بیانهەوێ ڕەشماڵی خۆیان هەڵدەدەن و کەسیش ناڵێ پشتی چاوتان برۆیە. بۆچی ئەو شتانە هەر بۆ ئێمەی بێدەرەتان بقەیە و وەکوو کفر دێتە ئەژمار؟! دیسان هەر بەپێی ڕێوشوێنی خێڵەکی، هەر تیرە و هۆزێک وەک دەوڵەتێکی بیانی، بە سەربەخۆیی دەژی و کاروباری خۆی بەڕێوە دەبا و بەردەوام چاویان لە مڵکومالّی ئەوانی دیکەیە. جا خوا نەکا کەسێکی سەربە یەکێک لە هۆزەکان لەگەڵ یەکی تر لە خێڵێکی دیکە ببێتە خەنیم، دەنا هەردووک هۆز و بنەباب دەبنە دوژمنی بابەکوشتە و لەسەر هیچ‌وخۆڕایی یەکتر لە خوێندا شەتڵ‌وشەلاڵ دەکەن و ئەم کارەیان نەک جارێک و دوو جار، بەڵکوو بەردەوام چەندپاتە دەکەنەوە. ئەو لەبنەوبڕانە زۆر کەڕەتان بۆ قازانجی خۆیان شەڕەکان هەڵدایسێنن و ئاگری دووبەرەکی لەنێوان خەڵکیدا خۆش دەکەن. چاو لە دوژمنایەتیی نێوان دوو خێڵی ئۆرتلی و کازان بکەن! ئەوە چەند ساڵە ددانیان لێک دەکرۆژن و پاشان بەرتیلیش دەدەنە دەرەبەگان. کەچی ئێستا دەرکەوتووە کە ئەم گۆنگەڵە هەمووی لەبن سەری عەگیدبەگدا بووە. برۆ لە سەرەمەرگدا گوتبووی هیچ کەس لە هۆزی کازان بەتەمای کوشتنی وی نەبووە، بەڵام

ئەو بە گوێی خۆی بیستبووی کە عەگیدبەگ چووبوو لەنێویاندا ئاژاوەی نابۆوە. پاش ئەم کارەی بەگ بوو کە کازانەکان هێرشیان بۆ کردبوو و بە قەستی کوشتن لێیان دابوو. چیها ماڵوێرانی و مەینەتی لەبەر ئەم ڕووداوانە بەسەر کوردە کۆچەر و گوندییەکاندا هاتووە! جگە لەمانە، بەپێی ئەو ڕێساگەلەی هەمانە کارە قورس و گرانەکان کەوتوونەتە ئەستۆی ژنەکانمان و ئەوانیش زوو دەشکێنەوە و دەمرن. ئەدی ژنهێنانمان هەر باسی مەکە! بنۆڕە برا ئاحێلەکەت وا چون دەرەقەتی شیربایی نایە، ئێستاش بوخچەی نەکراوەیە، بەڵام دەوڵەمەندەکان چی؟ ژنهێنانیان چۆنە؟ ئەوەتا عەگیدبەگی بڵحەڕوو لەسەر سێ ژنانەوە بەتەمای کچە دوازدە ساڵانەکەی نادۆشە! ئەدی مامە جانگیربەگی پەنجاوشەش ساڵە بۆ ناڵێی کە هەر ئەو قەدەرانە پارەی داوە و کچە چواردە ساڵەکەی کاک تاهیری مارەبڕ کردووە. کێ ئەو یاسایەی داناوە؟ کێ گوتوویەتی کە دەوڵەمەندەکان دەتوانن چەند ژنیان بێ، بەڵام ئێمەی زار و نەدار تاقە ژنێکیشمان بۆ نەیە! زۆر ڕوون وئاشکرایە کە بەگ و شێخ ئەم داب‌ودەستوورانەیان داتاشیون».

مستۆ بڕێک وێستا و سەرلەنوێ درێژەی بە قسەکانی دا:

«لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا کە باسی نەدانی شیربابیم هێناوەتە گۆڕێ، دەستتان بەرز کردووەتەوە و گوتووتانە دەبێ ئەم شتە لاچێ و لەبن دەستی ئەو کەسانە ڕزگاریمان بێ. هەر ئەم هاوینە و لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی کوێستانی ئەلەگەزدا بوو کە وردودرشت و کوڕوکەنیشک کەوتنە ڕاوێژێ و داوای هەڵگیرانی شیربابییان کرد».

دوای ئەو قسانەی مستۆی، لاوەکە ڕووی پرسیاری لە پیرەپیاوەکە کرد و گوتی:

«ئەرێ بەگ و شێخ لەوبارەوە دەڵێن چی؟»

کابرای ڕیشچەرموو لە وڵامدا گوتی:

«جا بابم چیتان لێ وەشێرم... لەوان وایە ئەو کارە بڤەیە!

هەروەها باسی ئەمەیان دەکرد کە مستۆ بەدڕا و گاورە و ژنی ڕووسی هێناوە و سمێڵی

تاشیوە. تەنانەت شەوێک بەگەکان لێک هاڵابوون و بڕیاریان دابوو کە ئەوەندەی بلوێ مستۆی لەکۆڵ خۆیان کەنەوە».

خەڵکەکە دەنگیان لێوە نەدەهات. ئەوجار نوێنەری لاوان تاوێک ڕاما، لاپەڕەیەکی لە گیرفانی هێنایە دەر و لاچوونی یاسای شیربایی بە دەنگێکی بەرزەوە ڕاگەیاند:

«هەر کەسێک بە زەبری پارە ژن بهێنێ، دەگیرێ و پێنج سەد ڕووبڵی لێ دەستێنرێ... تا کچیش نەبێتە شـــازدە و کوڕیش نەبێتە هەژدە ســـاڵ، بۆیان نییە نە شوو بکەن و نە ژن بێنن. جگە لەمانە، مەودای تەمەنی نێوان ژن و مێردیش نابێ لە دە ساڵ زیاتر بێ. یاساش ئەم ئیزنە بە پیاو نادا کە لە ژنێک زیاتر بێنێ».

کابرا پیرە کردیە هەراوهوریا و لە خۆشییان پێمەڕەکەی هەڵداویشت و دەیگوت:

«هەی لەبەر زارت مرم بۆ خەبەرت!»

ئەو کوردانەی لەوێ خەریکی بێگاری بوون هاتن و لێیان هاڵان. پیرەپیاوەکە داوای لە نوێنەری لاوان کرد جارێکی تریش فەرمانی بەتاڵکردنی یاسای شیربایی بخوێنێتەوە. ئەویش دووبارە فەرمانەکەی خوێندەوە و هەموو شتێکی بۆ شی کردنەوە. بە بیستنی ئەم شتە، خەڵک کردیانە هات‌وهاوار و دروشمی بژی مستۆ! بژی مستۆیان دەدا.

کاتێ مەجیدبەگ گوێی لە پێکەنین و قاووقیژەی خەڵکەکە بوو، هەستا سەر پێ و هاتە لایان.

مستۆ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

«بەڵی هەر بەو جۆرەی کە لە چیرۆکەکەدا باسم کرد، ئێستاش لە قۆناغی ساوایەتیدا ماوینەتـــەوە و بـــاو و باوەڕی بـــاوک و باپیرانمان بە پیـــرۆز دەزانیـــن. دەرەبەگیش ئەو دابونەریتانەیان کردووەتە ئامرازێک بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و خۆقیتکردنەوەیان تا لەم ڕێگەیەوە خەڵک لە نـــەداری و نەزانیدا بهێڵنەوە. بۆچی ئێمە نەخوێندەوارین؟ بۆچی پیشەســـازیمان نییە؟ چونکە ئەوان زۆر بە ئاسانی کەســـانی نەخوێندەوار و بێدەرەتانی

وەک ئێمەیان کردووەتە ژێرچەپۆکەی خۆیان و کایەمان پێ دەکەن. لەو هەلومەرجەدا، کەیخودا و دەمچەرمووەکانمان بوونە هاوسوێندی دوژمنانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتن و بە بوونی تاشناک و ئینگلیسییان چاوترسێنمان دەکەن. ئێستا تێگەیشتن کە بۆچی بەگ و شـێخ دوژمنی لەمێژینەمانن؟! ئەگەر باش بیـر بکەینەوە و پێکەوە یەکگرتوو بین، لە جەور و زۆرداری ڕزگار دەبین و ڕۆژ بە ڕۆژ پێش دەکەوین».

خەڵکەکە وێکڕا گوتیان:

«قسەکانت هەمووی ڕاستن».

کاتێ مستۆ جێی هێشتن و ڕۆیشتە گوندێکی تر، مەجیدبەگ هاتەوە نێو خەڵکی و پاشان لە نوێنەری لاوان نزیک بۆوە. جوان چاوی تێ بڕی و بە سەریدا گوڕاند:

«بـۆ چەت لـە کارەکانمان دەخەی؟ ئەگـەر جارێکی دیکە بێیـەوە هۆبەی ملت دەشکێنم».

لاوە وەسەر خۆی نەهێنا و گوتی:

«خـۆ زۆر لەمێـژە هۆبـەت نەماوە! نـەکا ئەمـە هۆبەی تـۆ بـێ؟!، خاترجەم بە تەختوبەختت بەڵگوبن دەکەین».

بەگ هەڕای کردە لاوەی بۆ ئەوەی بە قامچییان پەلاماری بدا، بەڵام ئەو پیرەپیاوانەی کاریان بۆ دەکرد دەرهەڵبوون و گوتیان:

«کارت بەو کوڕە جوامێرە نەبێ! دەنا لای وی دەگرین و بەزمێکت بۆ ساز دەکەین».

بەگ چاوی لێ سوور کردنەوە:

«حەیەحەی... تەماشا... تەماشـا... لەو ڕەشوڕووتانە... ئێوە نە تەنیا دەبێ قامچیتان لەسەر هەڵسووڕێنن، بەڵکوو دەشێ داغیشو پێوەنێن... دەبێ ئەو پەندەی واعەگیدبەگ بەسەر خێڵەکانی لای ڕۆژهەلاتی هێنا، بەسەر ئێوەش بێ».

گزیر و نۆکەر هەڵیاندایە قسان:

«ئەو بۆخۆی کارێک ناکا و ئیزنیش بە ئێمە نادا. دەبێ ســەری مستۆ پان کەینەوە؛ چونکە ئەم هەتیوە بووەتە ئاوری بن کایە».

مەجیدبەگ ڕاوەستا. دەستی بردە سەر مشتووی خەنجەرێ و ڕووی خۆی گرژ کرد. چاوی لەو خەڵکە بڕی کە وا سکاڵایان هەبوو و پاشان بە پرتەوبۆڵەوە وڵامی دانەوە:

«خەمی ناوێ...ئاش بە نۆرەیە... گەڕی ئێمەش دێتەوە و ئەوسا دەزانن دنیا لەدەست کێ دایە!... هەی تولەسەگینە!».

پاش ئەم بەزم و هەڵڵایە نوێنەری لاوان بە بێدەنگی گەڕاوە ماڵەکەی خۆی.

## دریژەی سەرەڕۆییی دەرەبەگان

دەمەو ئێوارەی خۆرنشین، هەڵۆ لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانێ دوور لە یەکتر خولیان دەخواردەوە، لەنگەریان دەگرت و تیژ لە نچیریان دەڕوانی. جارناجارێکیش لە کرێن و زوورکان قرەی قەلان دەهاتە بەرگوێ.

ڕەشـــماڵی بەگ و شـــێخان هەڵدرابوو و کۆتان و ســـەرگێڕیش بۆ مەڕەکانیان ساز کرابوو. لەناکاو هەوری گەواڵ‌گەواڵ ئاسامانیان داگرت و سێبەریان خستە سەر دنیایە. ڕەشـــەبایەکیش هەڵی‌کردە هۆبەی هەوارچییان. شۆڕابەی بارانێ کەوتە سەر عەرزی و ماڵ‌ومنداڵی شـــوان و گاوانان، تێروپڕ تلیســـانەوە. کە شەو داهات و کەشێکی تێ کرد، زاوزاتووڵی بەگ و شـــێخ هاتنەدەر و دەستیان کرد بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ؛ بەپێچەوانە، منداڵی شـــوان و گاوانان خۆیان لە جلوبەرگی خووســـاوەوە پێچابۆوە و بە چاوێکی پڕ لە کەسەرەوە لە خواپێداوەکانیان دەڕوانی. لەگرە بوو کە خەڵکە هەناسەساردەکە وەبیر قســـەکانی مستۆ دەکەوتنەوە و شـــەو هەتاکوو ڕۆژ شێخ و بەگیان وەبەر تیری گلەیی و گازندەی خۆیان دەدا.

لەگــەڵ دەرکەوتنی تەبەقی زێڕینی ڕۆژ لە ژووران و کۆســاڵان، دەشــت و نواڵان زێڕوەشــان دەبــوون و گیــای بەیارانیــش چەشــنی هــەودای هاوریشــم مۆنجمۆنج دەدرەوشــانەوە. کۆدە و بەیار وەک نووتەکەشــەوانی زســتان ترســێنەر بوون و کەدەر بە ســەریاندا دەباری؛ ئەوان پڕ بوون لە ئێسکوپرووسک و باڵ و ناڵی گیانلەبەران، بە جۆرێک کە ڕێبواری ڕێ هەستی دەکرد بە شەڕگەدا تێ دەپەڕێ. ئەمەش دەگەڕایەوە ســەر ئەوەی کە لە سەرێنی دەسەڵاتداریی تاشناکاندا، ئەو شوێنانە ببوونە حەشارگەی ئەشقیا و ئازادیخوازانی کورد و ئەرمەن.

ڕۆژی دە زســتانێ لە درێژییان دابــوو. ژنان دڵخۆش بوون و بــەردەوام دەهاتن و دەچوون. جگە لە مرۆڤەکان، ئاژەڵیش هەستیان بە خۆشی و سەربەستی دەکرد و باڕەی مەڕ و هۆڕەی مانگایان تێکەڵ بە حیلە و پڕمەی بڕناخی ئەسپ و ئێستران دەبوو.

پــاش ڕێگەبڕینێکــی زۆر کە دەوڵەمەنــدەکان ماندوو دەبوون، بنەیان دەخســت و وچانێکیــان دەدا بــە خۆیان و وڵاخەکەیــان. کەچی بەپێچەوانەی ئــەوان، خەڵکی قوڕبەســەر قەت نەدەبوو تاوێک بحەسێنەوە؛ یان بەردبژێریان پێ دەکردن، یا زەوییان پێ هەڵدەکەندن و یان ئەوەی کە چادریان پێ هەڵدەدان. بۆخۆیان کە هیچ، بەزەییان بە منداڵی ئەو بێبەختانەش نەدەهاتەوە و نەیاندەهێشــت تا درەنگانێکی لەبەر کاریلە و بەرخان بێنەوە.

جانگیربەگ بە هەڵپە بوو و دەیهەویســت هەرچی زووتر چاوی بە یۆســفبەگ بکــەوێ و ڕووداوەکانــی دوێنێی بــۆ وەگێــڕێ؛ وەڕێ کەوت و کاتێک بە ســواری ئەســپەکەی لە هەورازێک داگەڕا، لەناکاو لەپشت تاشەبەردانەوە گوێی لە قاقای ژنان بوو. بەگ لە ئەســپەکەی دابەزی و بە ئەســپایی بەنێــو باریکەڕێیەکدا خۆی گەیاندە گۆڕایی و خیزەڵانێک کە لەوێوە دەچووە قەراخ ڕووبارەکە. لەوێ، ژنان لە جۆگەیەکی قووڵ کە ئاوەکەی لەچاو ڕووبارەکە ساردتر و ڕوونتر بوو، گۆزەیان پڕ دەکرد.

ئامینە کە جلێکی کوردیی شـینی پۆشیبوو و بەرزەپێ لەوێ وێستابوو، چ ئاگای لە دەوروبەری نەبوو و یەکسـەر پێدەکەنی. کاتێ سەری دەلەراندەوە، لەبن لەچکەکەیدا کەزییـەی دەردەکەوت. لەبەرانبەر ئەودا، کوڕێکی کەڵەگەتی جلدڕاو دەسـتی لەبەر کەلەکەی نابوو و لەوێ ڕاوەسـتابوو؛ ئەو بە دەم پێکەنینەوە ددانی چەرمووی چەشنی مرواریی خۆی وەدیار دەخسـت، جووتەی برۆیانی هەڵدەتەکاند و زوو زوو چاوی بۆ کچەحەیرانێ دادەنواند، بەڵام هەرکە جانگیربەگی دیت لە جێی خۆی وشک هەڵگەڕا و چاوی بە مۆلەق داگەڕا؛ بە پڕتاو شـتێکی بە گوێی ئامینەدا چرپاند و ڕۆبووە گۆزەی و دەسـتی کرد بە ئاوتێکردنێ. کاتێکیش ئامینە ئـاوڕی داوە و چاوی بە جانگیربەگ کەوت، ڕوخسارە سوور و جوانەکەی زەرد هەڵگەڕا و بزەی سەر لێوانی قەتیس مایەوە.

جانگیربەگ بە دیتنی ئەم دیمەنە حۆل ببوو و خەیاڵی خۆی بەو پرسیارە هەراسان کردبوو وا ئێسـتاکە نیشـانەکراوەکەی بە تاقیتەنیـا لەو قەراخ چـۆم و دەراوە، لەگەڵ ئـەم هەتیوە دەمڕووتـە چی دەکا؟! بـەگ کە لە داخـان دەنگی نووسـابوو و ددانی ڕێک دەگوشـین، بە سـەبرایەکی لە کوڕەی نزیک بۆوە و کاسەکەی لێ فڕێدا. ئینجا، وا بە تونـدی پاڵـی پێوەنا کە ئەو بێچارەیـە خۆی بۆ ڕانەگیرا و کـەوت. جانگیربەگ بە سەریدا گوڕاند:

«گەماڵ! نازانی بەقەدەر بەرەی خۆت لاق ڕاکێشی؟! ها... هەستە بڕۆ لەپێش چاوم ون بە تا شتێکم لێ نەکردووی...».

کـوڕەی خانەخەراب ئاخێزی کرد. بە پشتەدەسـتی دەموچاوی سـڕی و تاوێک ڕاوەستا. سامی وەسەر سامی نیشت. ئینجا پڕی دایە دارێک و لە جانگیربەگی ڕاخوڕی:

«بۆخۆتی! سەگی سەگباب!»

ئەوجار کشاوە و بە لایەکی دیکەدا ڕۆیشت و لەنێو بەرداندا ون بوو. جانگیربەگ بە دەنگێکی بوغزاوییەوە ڕووی دەمی لە ئامینە کرد:

«حەیەحەی... وەڵڵا بابە تەواومان کرد... کچێ ئامین... بەلای خۆی تۆ دەسگیرانی منــی؟! ئەوە چۆنت وێرا ئاوا لەگەڵ شــوانەوێڵەیەکی ڕووتەڵە بیکەیە کەشمونەشــم و گاڵتەوگەمە؟! چما نەتدەزانی لەمڕۆوە تا دوو حەوتووی دی دەبێ تەواوی شیربایییەکەت بۆ باوکت بنێرم؟!»

ئامینە بە دەم حەپەسانەوە لە جانگیربەگی پرسی:

ـ جا چۆن شــێربایی بۆ دەنێری؟ چما ئێســتاش باوی ماوە؟ بۆ مەگەر نازانی بێتوو شیربایی بدەی بەپێی یاسای جڤاتی دەسبەسەرت دەکەن؟

ـ دڵی خۆت نیگەران مەکە... بەندم ناکەن... جۆرێک شیربایی تۆ دەدەم کە هیچ کەس نەزانێ.

ئامینە کە ئەمەی بیست، بە نەرم ونیانی پێی گوت:

ـ جانگیربــەگ.. ئاغای من... ئەو کوڕە شــوانی ئێمە بــوو و هاتبوو ئاوێ بەرێ و یارمەتیی منیشی دا.

ـ بەڵام ئەگەر کەسێک ئەو شتەی دیبا، خەڵک دەیانکردە بەیت وباو و ناچار لێت جیا دەبوومەوە.

ـ نا بەقوربان. بمبوورە. شتێکی وا نەبوو. ئەو وەک شوانەکانی دیکە نییە. کوڕێکی ڕەسەن و بنەماڵەیە. باوکی بەڕەحمەت بێ، پیاوچاکی خێڵی حەسەنی بوو. ئێمە ئاوزێی منداڵییــن. وەک کوڕی ماڵێ وایــە و بەردەوکی باوکمە. ئازایەتییەکــەی لەوەیدا نییە. قەدەری ئەولای بە تاقی‌تەنیا گورگی لە مێگەلێ دەر کردبوو.

ئامینە درێژەی بە قسەکانی دا:

«ئێســتا ســوێندت بۆ دەخۆم بە ماڵە شــێخی کە ئیتر چاو لە چــاوی ئەو چەپەڵە نەکەمەوە».

پــاش ئەم قســانە ئامینــە کوڵــی گریانــی هەســتا. تووڕەییــی جانگیربەگیش بە

دیتنــی ئەسرینەکانــی کە وەک بارێــزە دڵۆپدڵــۆپ دەهاتنە خوار و لەســەر گۆنای هەڵدەخلیسکان، نیشتەوە. بەگ بە لاواندنەوەوە پێی گوت:

«باشــە... ئامینــە... باشــە... هیچ نییە کچێ... چاوپۆشــیت لێ دەکەم و بەقاشــت پێ دەکــەم کــە ئەوە جــاری هەوەڵت بــووە و ئاخرین جاریشــت دەبــێ... نۆکەران ڕادەســپێرم تا ئەم هەتیوەی لێرە دەرپەڕێنن و ئیدی نەهێڵن لەمەو بە دواوە پێ باوێتەوە ئەم نێوەی. کچێ خۆ ئەو گڵاوە دەیهەویست یاری بە ئاگر بکا... چاوت بسڕەوە و چی دی مەگری... بەسە دەی!»

ئامینە و جانگیربەگ مەچەکیان لێک توند کرد و ئاوێزانی یەکتری بوون. پاش نیو کاتژمێر دەتگوت هیچ شــتێک نەقەوماوە وەک ئەوەی نە بایان پێدا هاتبێ و نە بۆران. ئامینــە ئامان و هیرباری نا لە شــانی و بە هەورازێدا هەڵگــەڕا. جانگیریش گەڕاوە ئەو شــوێنەی ئەسپەکەی لێ بەستبۆوە، بەڵام کاتێ گەیشــتێ، ئەسپەکە دیار نەمابوو. کوڕە کوردی دڵبەسۆ دەسکەوسارەکەی ڕامالیبوو و بەم جۆرە تۆڵەی خۆی ئەستاندبۆوە.

جانگیربــەگ دەهری ببوو. ســپیایی چاوەکانی یەکســەر ببوونــە گۆمی خوێن. ســەخڵەت و دەستەوەستان لەوێ مابۆوە. باوەخولێی بوو و وەک مەڕی گێژ نەیدەزانی ڕوو لــە کوێ بکا. کەسیشــی لێ نەبوو تا فەرمانی پێ بدا گوێــی ڕەقیبەکەی بۆ بگرێ. هەرچۆنێک بوو بە پێیان خۆی گەیاندە ڕەشماڵی یۆسفبەگی.

ئەو هەواڵە بەنێو هۆبەیدا تەقییەوە. خەڵکەکە پێی کەیفخۆش بوون و سەری زمان و بنی زمانیان ببووە باسی کەلەشی و کەڵەمێریی ئەو کوڕە.

بووره و بەیار لەژێر تین و تیرۆژی تاقەتپرووکێنی خۆردا دەسووتان و ئاسۆش وەک مەلێک دەینالاند و دەلەرزی. لە کەناری خیزەلانی ڕووبارەکەوە ڕســتەی ڕەشــماڵانی یۆسفبەگ زۆر جوان دەردەکەوتن، بەلام بە پشتیانەوە، تاوڵ و خێوەتی هەژاران وەکوو گالێشــە گیایان دەهاتنە بەر چاوان. مەڕ لە قەراخ ئاوێ دەچەلان و ئەسپیش لەولاتر بە

ددانی سپی و قایمیان گیایان بنپسێن دەکرد.

هەواڵی هاتنی تاشناکان درایە یۆسف‌بەگ و خانەخوێش فەرمانی دا تا بیست هەنگاو دوورتر لە خێوەتەکەی خۆی، تاوڵێکی تایبەتی بۆ میوانان هەڵدرێ. هەموو خەریک بوون و تەخموتەدارەکیان دەگێڕا؛ هەندێکیان ئاوریان کردبۆوە و نانیان دەکرد. دەستەیەکیش، خەریکی گۆشتبرژاندنێ بوون. بووک سەیرانی خێزانی یۆسف‌بەگی، کاردار و کارەکەری دەنگ دەدان بچن وڵاتی خاوێن کەنەوە و شتەکان سەروبەر کەن.

یۆسف‌بەگ بە شێدوبێدەوە پاڵی وە سەرینگایەکی پەڕاخن دابۆوە و چاوەڕوانی هاتنی میوانەکانی بوو. جانگیربەگیش لەپاڵی دانیشتبوو و دەیگوت:

«بەم زووانە، ئەوان دێن و جڤاتێک بۆ هەوارچییان پێک دێنن و چەند کەسێکیان بۆ دەسنیشان دەکەن».

یۆسف‌بەگیش هەندێ شتی بۆ هێنایە بەر باس:

«جانگیربەگ! ئەرێ زانیوتە کوڕەکەمیان لەسەر کار لابردووە؟ ئەوان ئێستا چوونە دێهاتی کوردان و سەردانی خەڵکەکەی و چەند ڕۆژ دوای وان، دێنە لای ئێمەش. ئەگەر دەتوانی گوشار بخە سەر هۆزەکەت تا وەکوو سەرۆکی جڤاتەکەیان هەڵتبژێرن. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ لەژێرەوە لەگەڵ شێخ تەگبیرێکی بکەی تاکوو بچێ و بە نەرمەبڕی بن کلکی ئەو داماو و کلۆڵانەت بۆ بخورێنێ».

جانگیربەگ لە وڵاما وتی:

«نا... یۆسف بەگ! ئاوا نابێ... مستۆ خەڵکی لێ تیژ کردووین. وەکی باس دەکەن ئەوساڵ هاوینێ هاتوچۆی ئێرەی کردووە و ئەو جۆرەش کە حەزی لێ بووە جەماوەری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بێ ئەوەی کە ئێمە شتێکمان زانیبێ».

یۆسف‌بەگ وێڕای سەلماندنی قسەی جانگیربەگی، ئەوەشی لێ زیاد کرد:

«بەڵێ جانگیربەگ! وایە! مستۆ لەنێو گوندەکانماندا، پاڵە و جووتێرانی لە خۆ

دەهاڵاند و نەیدەهێشـــت ئێمەمانان بچینـــە نێو ئەو کۆبوونەوانە؛ ئـــەو بەو کارەی پێی ســـەلماندین کە چـــی دی نەتەوەکەمان ئاغـــا و دەرەبەگی ناوێ و لـــەو ڕۆژەوە خۆی کاروبارەکانی بەڕێوە دەبا و ئاوا بەبێ ئێمە ئەنجومەنی گوند دامەزرا».

لەم قسانەدا بوون کە پیاوێکی خەڵکی گوندی قۆچ هات و بانگی ڕاهێشت وا ئەوە لە دەشتی سەردارئابادەوە، لووزەوی سواران ڕووەو کۆماران باڵیان گرتووە.

ئای دەشتی سەردارئاباد! چیها لەشکر و قۆشەنی گەورەت پێدا هات و چوو. ئەی ئەو دەشتەی مەڵبەندی شەڕناخێویی تاشناک و تورک و کوردان بووی! تۆ باوەشت ئاوەڵە کرد و هەموویانت لە هەمێزی گەرمتدا شاردەوە، کەچی ئەوان بێ ئەوەی پاشەوارێک لە خۆیان جێ بێڵن، ڕۆیشـــتن و نەگەڕانەوە. تەنانەت ئاوڕێکیشـــیان لێ نەدایەوە. کێ بڕوای دەکرد ئەو دەشـــتەی ژاوەی دەهات لە خەڵک و جەڵەو و جەڵەب، ئێســـتا ببێتە گۆڕ و گۆڕخانە؟! دڵنیام ئەگەر بێتوو ڕۆژێک کاناڵی ئاوی سەردارئابادێ بکرێتەوە، بە هەزاران گوندی ئەو مەڵبەندە ئاوەدان دەبێتەوە و خەڵکی کوردیش دەگەڕێنەوە ســـەر زێدێک وا بە سەدان ساڵ جێهەوار و مەڵبەندی گەرمێن وکوێستانیان بووە و ئیتر لەمەو بە دواوە ناهێڵن ئاگرودوویان بە یەکجاری ببڕێتەوە.

هەواڵـــی هاتنی مســـتۆ و ئەنجومەنـــی ناوچە بـــۆ دامەزرانی جڤاتـــەکان زۆر زوو بەنێـــو خەڵکی ئاواییدا بڵاو بۆوە. بەڵێ، ئەوە تەنیا حوکم و دەســـەڵاتی جڤاتی بوو کە لەوچۆڵوچیایـــە، لەنێو ئەو ڕژد و بەرد و دۆڵ و نواڵانەدا مزگێنیی ئازادی و خۆشـــی و پێشکەوتنی بە دیاری دێنا بۆ کوردی سەربەهەشی چارەڕەش.

## زەماوەندی خێڵەکی

بــرۆ پێش ئەوەی باوخۆش بێ، چرایماڵیان کووژابۆوە. دارونەدارەکەشــی هێندە نەبوو. تەنیا بیســت ســەر مەڕ و گا و ئەســپێکی هەبوو کە لە میراتی باوکی پێی بڕابوو. بەسـێی دایکی برۆ، هەموو جارێ بە چـاوی دڵەوە تەماشـایەکی مەڕەکانی دەکرد و ئەوجار ڕووی لە تاقانەکەی دەکرد و دەیگوت:

«ئەوکاتەی باوکت ڕووحی لەسەر فڕین بوو، وەسیەتی کرد مەڕەکانت بۆ بفرۆشم و پارەکەی لە هەقی شیربایی ژنەکەت بدەم».

دایــە بەســێ زۆری حــەول دا کچێکی باش بــۆ کوڕەکەی وەبینێ و بچێتە ســەر بــەڕەی ماڵیان و بۆی بخوازێ، بەڵام زەحمەتەکانی بەفیڕۆ چوون و کەسـێکی وای بۆ نەدۆزرایــەوە؛ چونکە هەموویان داوای شـیربابییەکی زۆریان دەکرد. ئەگەرچی برۆ و ئامینــە لە هەڕەتی منداڵییەوە ئاشــقە ڕووتە بوون، بەڵام برۆ قەت پرێســکەی دڵی لای دایکی نەکردبۆوە و بەرەی لەسەر ئەم ڕازە هەڵنەدابۆوە.

لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا، کاتێک برۆ لەسەر کارێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ، ئامینەی

دیت بە مەلوولی و خەمباری. برۆ زەردەیەکی هاتێ و پاش سڵاو و چاک وخۆشی و دەستەملانێ، پرسی:

«ئامینە! کچێ بۆ وا پەشۆکاوی؟ دەڵێی گریاوی! پێم ناڵێی چی بووە؟»

ئامینە گوتی:

«جانگیربەگ ناردوویەتە سەرم».

بە بیستنی ئەم هەواڵە برۆ هەڵچوو و دەنگی لێ بڵیند کرد:

«ئەمن کوڕێکی خانەدانم... ئەرخەیان بە ویستی دڵم ناگۆڕێ... تۆ یا بۆ من دەبی یا بۆ گڵ... ئێمە لە منداڵییەوە وێکڕا گەورە بووین و بەیەکەوە خۆشترین تەمەنی ژیانمان لە کوێستانی ئەلەگەزێ تێپەڕ کردووە... گەلێک کەینوبەین و بیرەوەریمان هەیە... کەچی ئێستا گەرەکتە خەیانەتم پێ بکەی؟! ئەویش دوای ئەوەی باوکم مردووە و تۆزی هەژاری لەسەر شانمان نیشتووە، ئەوەشی لێ زیاد بکەی و دەردی تۆشم لێ بێتە سەر باران؟!»

ئامینە بە دەم لوشمەلوشمەوە گوتی:

«نا... نا... برۆ... ئەمن هەر وەک جاران دڵم لەسەر تۆیە، بەڵام چاوێک لە نەهامەتییەکانمان بکە... جانگیرە خەرفاو قرمی لێ خۆش کردووم... دەزانم باوکیشم قسەی لە قسەی ناچەقێ و دڵی ناشکێنێ... باوکم دەڵێ کە ئەو پیاوە دەرەبەگە و هەتا بڵێی هەیەتی و هەرچەندمان شیربایی لێی بوێ، دەیرژێنێتە بەرپێمان».

برۆ بە بیستنی ئەم قسانە کەوتە نێو بیری هزرەوە. ئەو دەیزانی تێکەوتن لەگەڵ بەگ دژوارە، چ بگا بەوەی سەرعێلیش بێ! لەناکاو بریسکەیەک لە مێشکیدا گوورا کە ئەم شتە لای دایکی بدرکێنێ بۆ ئەوەی هەرچی زووتر مشوورێک لە شیربایی ئامینەی بخوا.

بەپێی دابونەریت، دایە بەسێ مامی برۆی بانگ کرد و بە بێدەنگیکی،

شیربابییەکەیان دانا. پاش تەکبیرورِا و برِینەوەی مارەیی، دەبووایە برۆ خەڵات و دیاری بدا بە کەسوکاری ماڵە کچەی تا لەنێو دڵی بنەماڵەی بووکدا جێی خۆی بکاتەوە.

دایە بەسێ کە بۆ کورِەکەی هەم دایک بوو و هەم باوک، لە رِۆڵەی خۆی رِوانی و گوتی:

«کورِم! دیتت رِاسپاردەی باوکتم بەجێ گەیاند. ئەتۆش سبەی ژن‌ومنداڵی خۆت دەبێ. ئیتر لەمرِۆ بە دواوە، ژیانت ئاڵوگۆرِی بە سەردا دێ و دەشێ وەکوو پیاوێک بەرەی خۆت لە ئاوێ بێنییە دەرێ. ئەوجار دەبێ خۆت بەخێوکەی و لە هەموویان گرنگتر، چاوت لەسەر مەرِەکان بێ. کورِم! سووک وچرووک مەبە. کاتێک دەچییە نێو خێڵێکی وا پیاوەکانیان هەموو یەکجۆرن، دەبێ تۆش خۆیان لەگەڵ رِێک خەی و وەک ئەوان هەستی و دانیشی».

برۆ وڵامی داوە:

«بەچاوان دایە گیان».

بەپێی دابی خێڵ، زاوا هەر کەسێکی بانگهێشت بکردایە، دیارییەکیشی بۆ دەنارد، جا هەر چی بێ، دەسماڵ بێ یا سابوون. ئەوانەی هاتبانە داوەتێ دیارییەکەیان وەردەگەرت و ئەوانەشی کە نەهاتبان، بۆیان دەناردەوە؛ بۆیە ئەوجار دایە بەسێ هاتە سەر کاروباری میوانان و لە کورِەکەی پرسی:

_ ئەرێ بڵێی خەڵات بۆ هەموویان دانرابێ؟

_ بەڵێ دایە گیان... بۆ هەموویان چووە.

_ باشە دەی... دیارییەکان بەش دەکەن؟ تەواون ئیدی؟

_ بەڵێ تەواوە و لەسەریشیان زیادە... ئەوە مامیشم ماڵی ئاوەدان بێ، باربووی کردووین و حەوت سەری مەرِ داوینێ... ئەو زانیوێتی کە بەتەنێ دەرەقەتی رِێورِەسمێکی وەها نایەین.

ڕۆژی دوایی، گوندەکەی برۆ نەدەناسرایەوە. حەسار و سەربان و سوانە خەڵکێکی زۆری تێ خزابوو و دەرزیت هەڵاویشتبایە نەدەکەوتە عەرزی. تەقەی دەهۆڵ وزوڕنایە لەو نێوەدا بەرز دەبۆوە و زایەڵەی دەگەیشتە چیا دووردەستەکانیشەوە. هەموو سۆرەوتۆرە و قەوموقیلـەی برۆ لـەوێ بوون. خەڵکی گوند جلوبەرگی جەژنەیان پۆشـیبوو. کڵاو و جامانەیان لەســەرنابوو و بە قاقا و پێکەنینــەوە خێوەتاوخێوەت و ماڵەوماڵیان دەکرد. لەلایــەک، حیلکەی ژنانی تەڕپۆش و جوانپۆش دەهاتە گوێ و لەلایەکی تر، پووڵەکە و زڕوزەنگیانەی زێڕین و زێوینی سەر ئاڵقەوکۆچکەی نەشمیلان بریقەیان دەدایەوە.

لەوبەرتر، سواران بۆ دەودەوانی و گرێوەغارێ کۆ ببوونەوە و هاتوهەویان تێکەڵ بە کۆرژن و خرمەی ئەسپ و ئاوزەنگیان دەبوو؛ هەر کەس دەیویست بازوبورد و هونەری ئەسپەکەی نیشانی سەیرکەران بدا؛ هەندێکیان گرێویان دەکرد. هەندێکی دیکەشیان، بۆ سەلماندنی ڕەسەنێتیی ئەسپەکانیان شێروڕێوییان دەهێنایەوە.

شــەڕناخێوی و تەراتێن دەســتی پێ کرد. مەودای گۆڕەپانی ئەسپەکان دە کیلۆمیتر دەبوو. سوار بە چوارناڵ دەهاتنە سەر گۆڕەپانەکە و لەناکاو لە عەرزی هەڵدەقەنران؛ لەوێ بە هەوای دەهۆڵێ ڕمبازێنیان بە ئەسپان دەکرد؛ لەگەڵ دەنگی تیژی زوڕنایە، وە چەپۆک و سەمایان دەخستن و بە دەوری بەزمگایەدا دەسووڕان و خوارکەوپێچکەیان دەدا.

بەم جۆرە خەڵکەکە ســەرقاڵ و خۆشحاڵ بوون. لەو دەمەدا برۆ لەسەر کورسیلەی زاوایەتی دانیشــتبوو. دەستەی کوڕان لێی هاڵابوون و گۆرانییان لەبەر یەک دەگێڕایەوە و دەیانکردە سەما و هەڵپەڕکێ. چەند کەسێکیشیان خەریکی تیفتیفەدانی زاوا دەبوون. بەپێی دابی کوردانی لای ئێمە، تووکی سەری زاوا بە مەقەست کورت دەکراوە؛ بۆ ئەم کارەش هــەرکام لە هاوڕێکانی دەچوونە لای ســەرتاش و پارەیان پــێ دەدا و داوایان لــێ دەکرد تا زووتر بێت و ســەری زاوا چاک بکا. پارەیەک کــە بەم جۆرە کۆ دەبۆوە، دەچووە نێو داخڵەی زاواوە.

ئامینە لە لاپانکێ و لای دەستەخوشکەکانی جلی بووکێنی دەبەر دەکرد. ئەوانیش بەسەر هاوڕێی تازەبووکیاندا هەڵدەگوت و دەیانکردە هۆنەهۆن. کچۆڵەیەکیان بە دەم فینگەفینگەوە ئاوا گۆرانیی جلگۆڕینی بووکی دەگوتەوە:

غەریبم، غەریبـــی خـــوای بێمەکـــانێ
هاتـــــوومەتە بـەر ڕۆژی دە ئاسمـــــانێ
دڵـــــم وا لەســـــەر ماڵـــــە بـــاوانێ
قـــەت ناکـــــەم بسکـــــان پەرێشـــانێ
تێ نادەم خـەنە و ڕەنـگی دە خمـــخانێ
دڵ لە بۆ شیـوکوڵی دایکم دەکا جۆلانێ
ماڵە خەزووران چاڵە، چەشنی بەندیخانێ
ئەوە شۆڕشـۆڕ دێن فرمێسکت لە چاوانێ
خوشکێ، بەس بگری لە گەڕی دە دیلانێ
زاوا جحێڵە و ئێستا نەکەوتووەتە زورهانێ!

پاشان هەموویان وێکڕا دەگریان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، بە بووکیان دەگوت:

«بەختی خۆت مێردەکەت لاو و بەکارە. خوا دەزانێ ئێمە تووشی کێ دەبین و کێ دەنێرێتە ســەرمان. ڕەنگە سەربەهەوێ مێردی بکەین و یان بچینە باخەڵی ئیختیارێکی ئالۆسەوە. ئەوکاتەیە وا ئێمە دەڵێین بە ناچاری ماڵە باوکمان جێ دەهێڵین و ئا ئەوساتەیە کە دەبێ پڕ بە دڵ بگرین».

بەرەبــەری ڕۆژکلابوونێ، داوەت بەربوو و بێدەنگی نەختێک بەســەر گوندەکەدا ســەپا. بووکنــی پیلی ئامینەیان گرت، ســواری پشــتی ماینیان کــرد و دواجار لەپێش دەروازەی ماڵە زاوای دایانبەزاند. تەقەی خۆشی کرا. دایکی برۆ دوو قاپی بەدەستەوە بوون و بە دابی دەوارنشینان لەپێش بووک وزاوا کردیە سەما.

کاتێک ئامینە دەیویست لە لاشیپانەی دەرگاوە ڕەت بێ، ئەو گۆزەیەی وا لەسەر ڕێگە بۆیان دانابوو بیشکێنێ، شکاندی و چووە ژوورەوە. زەماوەندەکە لەوێڕا بڕایەوە. خەڵکەکەش هەموویان چوونەوە ماڵ و بێدەنگی سێبەری بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا.

ئێستا ئەوە ساڵێکە ئامینە کۆچی سووری کردووە و بە قسەی خۆی سیازدە مانگە هاتووەتە ماڵە برۆی. بەلام ئەو تەنیا پاش تێپەڕینی ماوەیەک لە زەماوەندەکەیان، چاوڕووی مەجلیسێی کراوە و لەڕووی هەڵهات خەسووی بدوێنێ.

جانگیربەگیش کە تاوەکوو ئێستا زەرگی بێڕوحمی ئامینەی لە دڵدا مابوو و ئەو گرێیە لەسەر سینگی پەپکەی خواردبۆوە، کوێخای دەنێرێتە لای باوکی. بەلام کاتێک کابرا گەڕاوە و هەواڵی زەماوەندەکەی بۆ هێنا، بەگ سوێندی خوارد دەسەر برۆوە نەچێ و نەهێڵێ خۆشی لە ژیانی خۆی ببینێ.

سات و ساڵ و مانگ و ڕۆژ تێپەڕ دەبوون. برۆ و ئامینە بە خۆشی ژیانیان دەبردە سەر و دایە بەسێش لەلای کوڕ و بووکەکەی نوقمی زەریای بێبەستێنی بەختەوەری بوو.

## دەسپێکی سەردەمێکی نوێ

پیرەزســتانی بێمراد بە دەم ئاویلکەدانەوە ســەیری پشــکوتنی ئاڵەکۆک و هاتنی وەرزی بەهاری دەکرد. هەتاو ســەری وەدەرنابوو و بە تین‌وتاوی گەرم و بە تیشــکەی زێڕین و پڕشەنگداری خۆی، قرچەقرچی خستبووە نێو دڵی وڵاتی. وارگە و خڕودۆڵ و تەپۆڵکەش، یەکسەر ببوونە پارچە زێڕێک و ئاورنگیان دەدایەوە.

ئاورێکی خــۆش لەبەر تاوڵێکی کرابۆوە و چەند کوردێکیشــی تــێ وڕووکابوو. ســێبەری سمێڵی زلیان، دەکەوتە سەر ڕوخساریان و چاویشیان لەبەر بڵێسەی ئاورەکە پڕ دەبوو لە ورشە. پیاوەپیرەکان وا بە سەبرایەک قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد کە مرۆڤ لای وابوو دەنگی شــۆڕەی ئاوە. لەو دەمەیدا، عەدێ هات و ســەبارەت بە لەوەڕگە و زەویوزار و باج‌وخەراج و شتی لەم جۆرە، ئاوا ملی نا لە قسان:

«زۆر باشــە... بــۆ تاقەجارێکیش بێت وەبیــر خۆتانی بێننەوە کــە چ ئازارێکمان لەدەست ئەم ماڕزباوکانە دەکێشا... ئەمانە کێها کێڵگە و لەوەڕگە ئادان و بەپیت بووایە، بۆخۆیان هەڵدەلووشــی... نــە باجیان دەدا نە خەراج. دەســەر ئــەوەش، دارونەداری ئێمەیان بە تۆبزی دەســتاند. بەڵام بە خۆشییەوە و هەر ئەو جۆرەی کە مستۆ دەیگوت، چیمان پێ نەهێشتوون. ئێستاکە زەوی و لەوەڕگە کەوتوونەتە دەست جڤاتی دێهات و دەواران».

عەدێ بە دوورودرێژی سـەبارەت بە زۆر شـتی دیکە دوا و پاشان شمشاڵەکەی بە لێوییەوە نا. هەوای شمشاڵەکەی وەکوو تیرێژی گەرمی خۆر، بەنێو دۆڵ و دەشتاندا بڵاو دەبۆوە و سـۆز و سەدای دەگەیشتە ڕەشماڵی خێڵان و لەگەڵ خۆی شادی و خۆشیی بۆ پۆلی کچان بە دیاری دێنا و دەیخستنەوە بیری کۆنەگراوی و کوڕەحەیرانێ. خەڵکە کەمدەسـت و کەساسەکەش لە خۆشیی ئەوەی وا بە ئازادی و سەربەستی گەیشتوون، تێیان هەڵدەکرد لە ئاواز و گۆرانی و دەیانکردە شـایی و لۆغان و سـەما و هەڵپەڕکێ. لەگەڵکـوو کازیوە ئەنگووت و شمشـاڵ کەوتە دوایین هەناسـەکانی، خەڵکەکەش وردەوردە بڵاوەیان کرد.

جەنگەی شـیرنخەوێ بوو کە لەنێو یەکێک لە هۆبەکان، لەناکاو بوو بە ژاوەژاو و قرموقاڵ. پیاوەکان بە توێی کراس و دەرپێی نێو ماڵەوە لە تاوڵەکانیان دەرپەڕین. دیتیان ئەوە دەسـتەیەک لەسـەر ماڵی هۆبەدا تەموورکەیان داوە و خەریکی قسـانن. کەس نەیدەزانی بەو نیوەشـەوە بۆچی ئاوا بەگەرمی وەقسـە هاتوون و کەسـیش لە هۆکاری ئەو هەڵڵاوبگرەیە نەدەگەیشـت. سێبەری دەسـتەودایرەی بەگی لێکەوتوو و شێخی ڕدێندرێژ بەدیار ئەوانەوە دەبینرا. ڕوون وئاشکرا بوو کە ئەوان ئاگری دیزەکەیان خۆش کردووە و دەستەچیلەیان وەبن داوە.

ئا بەم جۆرە دەستیان کرد بە هاتەرانپاتەرانان:

«ئەی خەڵکـی ئیماندار! خودا بەم زووانە نەهامەتییەکمان سـواری شـانی دەکا! چونکە حکوومەت هەر هیچ کە وا کەوتووەتە دەستی ئەو خوانەناسانە، بەڵکوو هاتوون دەسـەڵاتیان لە شێخ و ئاغاکانیش ئەستاندووە. هەنووکە ئێمە کەوتووینە بەر مەترسیی ڕووخان و نەمان. تاوانی هەمووی ئەم شـتانەش پاکی لە ئەستۆی مستۆیە. بڕۆنە زگی و وەک ڕێوی کەوڵی کەن و هەقی ئێمەشی لێ بستێننەوە!»

بەپێچەوانەی داخوازی و چاوەڕوانییەکانی کابرا، خەڵکی چەوسـاوە، بەم هەواڵانە

دڵیان پشکووت و بە پەلەپەل وهەلەهەل گەڕانەوە نێو کوڵیت و کۆختەماڵی هەژارانەیان و دارودەســتەی بەگ و شێخیان بەتەنیا لەوێ هێشتەوە. شەو ڕاشکا و ئاسمان و زەوی لێک درووانەوە. هەســت وخوست لە وڵاتی بڕا و ســەرلەنوێ خەڵکەکە چوونەوە نێو بێشکەی خەوێ.

هات و ڕابرد. دەوڵەتی سۆڤیەتیی ئەرمەنستان، گوندی نوێی بۆ کوردەکان ساز کرد. ئێستا ماڵی دوو و ســێ نهۆمیی پەنجەرەدار، جێگەی ڕەشماڵ و کادێنیان گرتووەتەوە. ڕەشــایی ئەمڕۆکە بوونە برابەشــی یەکتر. گەلەجووت و زبارە و هەرەوەزێ دەکەن. بە هاوبەشــی زەوی دادەچێنن و مەڕوماڵاتیان بەخێو دەکەن. ئــەوان بە مڵک و مەزرای خۆیان گەیشــتوون و بە تەراکتۆر زەویی دەکێڵن. هەروابێتــەوە، ئامێری گرتنی ڕۆن و پەنیر و سەرشــیر بەسەر مەزرا هاوبەشــەکاندا بڵاو کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەش، گەلێک پسپۆڕ و داهێنەر لەنێو کورداندا پێ گەیشتوون. سەرپاکی خەڵکی ئەندامی کۆلخۆزن و تێکڕای لاوان بوونە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست و ڕوویان کردووەتە قوتابخانە. زۆربەیان چوونە زانکۆی پیشەیی و خەریکی بڕینی پلەی بەرزی خوێندن و پڕۆژەی گەورەن. بە هەزاران کەسیان لە زانکۆکانی لێنینگراد و مسکۆ سەرقاڵی خوێندنی باڵان. جگە لەوانە، هیچ ماڵێک بەبێ ئاو و کارەبا و هیچ گوندێکیش بەبێ قوتابخانە و سینەما و نەخۆشخانە و پەرســتگە نییە. مامۆستایانی ئایینی لەپاڵ زانســتی دینی، بابەتەکانی ڕۆژ دەخوێنن و دەگەنە ئاســتی بەرزی خوێندن و دادەمەزرێن و دەبنە فەرمانبەری حکوومەت. لەگەڵ ئەمانەش، ژیانێکی نوێی هەرەوەزی لەنێو هۆبەی کۆچەراندا دامەزراوە.

ئەمڕۆکە کوردانی چیای ئەلەگەز لەجیاتی ئەوەی ببنە نۆکەر و شــەڕکەری شــێخ و دەرەبەگان و لەبەر نەفامی و دەبەنگی ببنە گالۆکی دەســتی داگیرکەران، لە ئاشــتی و حەســاوەییدا دەژین و لەپێناو پێشکەوتنی یەکیەتیی ســۆڤیەت و جیهان و بۆ ئازادیی چەندین میلیۆن کورد، شەو و ڕۆژ تێ دەکۆشن.

# فەرهەنگۆک

« ئـ »

**ئابوور:** شەڕەف، داوێنپاکی، نامووس.

**ئابوور کردن:** ڕێکخستن، سەروسامان دان.

**ئاپۆر:** قۆرت، ناخۆشی.

**ئاپۆرە دان:** کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر.

**ئاتەگ:** داوێن، بنار.

**ئاحێل:** قەیرە، سـەرە، کەسێکە وا تەمەنی بەرەو پیری هەڵکشـابێ (تێب: گەڕی ژیان چواربەشە کە بریتین لە منداڵی، جحێڵی، ئاحێلی و پیری).

**ئاخۆران‌وبخۆران:** ئاڵۆزی،فیتنە، کەسبەکەسی، پشێوی.

**ئاخێز:** هەستان، هەڵسان، نیوەهەڵسان.

**ئادان:** زەویی بەپیت.

**ئازاڵە:** سووتەمەنیی زستان

**ئاژوان:** لێخوڕین، چوونە جێگەیەک بە سواری.

**ئاژوەر:** لێخوڕ.

**ئاژۆتن:** لێخوڕینی مەڕ و گاڕان، شتێک وەپێش خۆ دان و بۆ پێشەوە ڕادانێ.

**ئاسۆگ دان:** بەدیارکەوتن، وەدەرکەوتن.

**ئاشـــقەڕووتە:** ئاشقەوماشـقە، دوو کەس کە یەکتریان لە ڕادەبەدەر خۆش بوێ.

**ئاشگە:** چێشتخانە، ئاشپەزخانە.

**ئاشناوڕۆشنا:** خزموکەس، کەسوکار.

**ئاشێر:** ئەو کەسەیە وا باراش دەباتە ئاشی.

**ئاقێلە:** کەرەسەی جووت و کێڵانی زەوی.

**ئاگرودوو بڕان:** ماڵ کوێربوونـە، وێرانبوون، نەمان.

**ئاڵقەڕیزە:** مزارێکی درێژە کە لە دەرگە دەخرێ بۆ داخستنی.

**ئاڵقەوکۆچکە:** سەرپۆشـێکی ژنانەیـە لەنێو کوردەواریدا.

**ئاڵکاو:** ئاڵۆز، شێواو.

**ئاڵۆس:** گەند و بۆگەن.

**ئاڵەکــــۆک:** هەڵەکـۆک، گیایەکـە وا لــە سـەرەبەهارێدا دەڕوێ. (تێـب: لـە حیکایەتە کوردییەکاندا شـتێک هەیە بە ناوی زەماوەندی زستان و ئاڵەکۆک کە لەوێدا ئاڵەکۆک خوازبێنیی زستان وەدوا دەخا، ئاخرێکەی زستان دەکەوێتە سەرەمەرگێ و بەهار دێ و ئاواتی نایەتە دی).

**ئالیک:** تفاق، جەمەجۆی یەکسم.

**ئامان:** جام، گۆزە.

**ئامانوشیان:** هاتوچۆ، پێوەندی.

**ئامباز بوون:** بەرەنگاربوونەوە، بەگژاچوون.

**ئانگژا بوون:** بەگژاچوون، ئاوقا بوون، ئاوقەد بوون.

**ئاوارتە:** ڕیزپەڕ، لادراو، هەڵاوێرراو.

**ئاواڵ:** هەواڵ، دۆست، هاوڕێ.

**ئاواڵدەرس:** هاوپۆلی، هاوکلاسیی قوتابخانە.

**ئاواڵشوان:** ئـەو کەسـەی یارمەتیی سەرشوان دەدا بۆ لەوەڕاندنی مێگەل.

**ئاوانتەچی:** کەسـێکە ماڵوسـامانی خەڵک دەخوا و بەفیڕۆی دەبا.

**ئاورا:** برسی.

**ئاورنگ دان:** بریسکانەوە.

**ئاوڕیش:** بەرەنگاری.

**ئاوزێ:** ئاواڵ، هاوتەمەن، هاواڵ، هاوشان.

**ئاوزیاگ:** پێگەیشـتوو، گەورەبوو، تێگەیشتوو، تێگەییگ.

**ئاوزەنگ:** ڕکێف، زەنگـو، زەنگۆ، ئاوزەنگی، دوو ئاسنە وا بە ڕاست و چەپی زینەوەیە و سوار پێی تێ دەخا.

**ئاو لــــێ نەخواردنەوە:** خێرا و دەمودەسـت جێبەجێکردنی کارێک.

**ئاوماڵ:** دراوسێ، هاوسێ، دەروجیران.

**ئاوەر:** هۆش، ژیری (تێب: واتایەکی تری ئاوەر، باوەڕ و دڵنیاییە).

**ئاوەز:** عەقڵ.

**ئاوەسێ:** فەقێیانە، فەقیانە، سۆرانی.

**ئاوەکی:** ئاژەڵ یا وڵاخێکە وا لە مێگەل و ڕەوەی خۆی بـزر بووبــێ و بچێتە نێـو ڕەوە و ڕانێکی بێگانەوە.

**ئاوی چاو داهاتن:** کوێربوون.

**ئاویژە:** بەراو.

**ئاویلکە:** سەرەمەرگ، گیانەڵا.

**ئسپار:** هەڵگێڕانەوەی زەویی نێو باخ، تەکمیش.

**ئۆرتە:** فەرشـێک کە لەنێوەڕاستی ماڵ ڕاخرێ، تەختپۆش، فەرش.

**ئەژنۆشکاو:** کۆستکەوتوو، مردوو لێ مردوو.

**ئەستوندەک:** کۆڵەکەی ڕەشماڵ.

**ئەستێور:** ئاژەڵێکە وا ساڵێکی نەزابێ، ناثاوس.

**ئەســـکۆ لە مەنجەڵ گێران:** گێڕانەوەی شتەکان بە وردی، بە وردی باسکردنی شتێک.

**ئەشقیا:** کەسێک کە یاخی بووبێ، کەسێک کە لەبەرانبەر زۆرداریدا ڕاپەڕیبێ.

**ئەشکەڵە:** ئەشکەنجە، ئازار، ڕەنج.

**ئەگرە:** ئێرە.

**ئەنگێوە:** تیرهاوێژی دەسڕاست، تفەنگهاوێژی خاڵکوت، نیشانەشکێن، لە ئامانجدەر.

**ئەنوابراو:** هەژار، بێئەنوا، بێپەنا.

**ئیختیار:** پیر.

**ئیلاخ:** لەیلاخ، کوێستان.

**ئینکەبەری:** لاســاری، گوێنەبیســتی، یەکتر قەبووڵ نەکردن.

## «ب»

**با ڕە گوێیان نیشتن:** لەخۆ دەرچوون، خۆ لێ گۆڕان.

**بابانوێران:** بابانکــۆر، ژنێکە وا کەســوکاری نەبێ (تێب: بە ئافرەتێکی خاوەند کەسوکاریش بابانئاوادەگوترێ).

**بابنۆکەر:** گەورەی نۆکەران.

**بابەدەست:** هەژار.

**باجەوان:** باجگر، باجەستێن.

**بادەڵێن:** کەلەبەر، درز و قەڵشــتی بچکۆلە کە لــە دەرگە و پەنجــەرە و دیواراندا بــای پێدا بێتە ژوورەوە.

**باراش:** ئەو بارەی دەیبەن بۆ ئاشی.

**باربوو دان:** یارمەتی کردن، یارمەتیی ماڵی دان.

**بارچەوتی:** کردارێک کــە بەپێچەوانەی باو و نەریتی کۆمەڵ بێ.

**بارکەوتــــە:** کەســێک کــە بەدبەختــی و نەهامەتییەکی زۆر سواری شانی بووبی.

**بارگەچـــــی:** کەســێکی کاری ئەوەبــێ بارگە سازکا و بیپێچێتەوە و کە گەیشتە جێ، کەلوپەلی پێویست دەربێنێ. (تێب: لە دیوەخانی دەرەبەگی کوردســتاندا، کەســێک بەتایبەتی بــۆ ئەم کارە تەرخان کراوە و کاربەدەستان و دەوڵەمەندان هەر کامیان بارگەچی خۆیان هەبووە).

**بارۆشە:** باوەشێن.

**باڕێزە:** نم نمەی باران

**باز:** ڕێباز، ڕێگە، ڕچە.

**بــــازرە بوون:** لە پــڕ دەرچــوون و هەڵاتن، بە پەرێشانی و بە غار هەڵاتن.

**بازەرقــــە بەســــتن:** دەرپەڕینی شــتێک یا کەسێک لەناکاو.

**بازەڵە بوون:** خڕەکە بوون، گەورە بوون.

**باشوبووش:** خۆش ڕابواردن.

**بالیف:** باڵێف، باڵنج، سەرین.

**بالابستە:** کورتەباڵا.

**باڵچۆغە:** دەسکی شەمشێر، دەسکی شیر.

**باڵۆرە:** جۆرە گۆرانییەکە.

**باندوور:** نیر، نیل.

**باندۆر:** کارتێکەری، گوشار.

**بانۆک:** ئەو کەسەیە وا بەرخ و کاریلان دەگرێ و دەیانخاتەوە بەر دایکیان کــە لێیان نەبان بووە (تێب: لێرەدا مەبەســت ئەو کەســەیە وا مرۆڤ دەباتەوە سەر ڕەسەن و ڕابردووی خۆی).

**بانینراو:** کاریلە و بەرخێکی ســاوایە کە وەبەر مەڕ و بزنــی غەیــری دایکی خۆیان خســتبێ، ساوایەک وا لەڕێگەی باناندنەوە لە دایکی خۆی دوور خرابێتەوە (تێب: لێرەدا مەبەست مرۆڤێکە وا لە خۆی و ڕەچەڵەک و ڕەسەنی نامۆ و نەبانە).

**باوخۆش بوون:** گەورە بوون.

**باوەخولێ:** سووڕانی مرۆڤ بە دەوری خۆیدا.

**باوەگۆ:** قسەیەک وا بەنیازی زیاتر ڕوونکردنەوە و بەڕاست زانینی ڕا و وتەیەکی تر دەکرێ.

**باو هێنــــان:** دەرفەت لێ هێنان، فرســەت لێ هێنان، بەدەرفەت زانین بۆ ئەنجامدانی شتێک.

**بای باڵ دان:** پشوو دان، حەسانەوە.

**بڕای بڕ:** بڕابڕای، هیچ کاتێ، قەت.

**بڕبڕ بوون:** لێک بڵاوبوونــەوە و لێک ترازانی مێگەل، لێک ڕەوینەوەی مێگەل، لێک ترازان.

**بڕ کردن:** بڕینی ڕێگە.

**بڕناخ:** کونەلووت.

**بڕوبزگوڕ:** جلی شــڕودڕ، بەرگــی دڕاو، بزگوڕ، پارچەی شیتاڵشیتاڵ بوو.

**بزمۆک:** دارێکی چکۆلەیە وا بەنی لە هەر دوو ســەری دەخەن و دەیکەنە دەمی کاریلەی ساوا و ئینجــا بەنەکانی دەبەســتن بۆ ئــەوەی دایکی نەمژێ (تێب: لێرەدا مەبەســت لەو بەربەست و لەمپەرانەیە کە مرۆڤ لە خۆی نامۆ دەکا).

**بزیسک:** کڵپە.

**بژارە:** وەرگێڕان.

**بســــتوقولانج:** پێوانەیەکــە بــۆ گەزکــردن (تێب: بســت بریتییە لە پانیی دەســت لەسەری پەنجەتووتەوە تــا دەگاتە ســەری پەنجەگەورە. جگە لەوە، قولانجیش پانایی دەســتە لەسەری پەنجەی گەورەوە تا ســەری قامکی دۆشــاومژە یا هەمان پەنجەی تەنیشــت پەنجــەی گەورەی دەست).

**بلەوەز:** لاسار، کەللەڕەق، دیکتاتۆڕ، کەسێک وا گوێ ناداتە قسەی ئەوانی تر.

**بڵحەڕوو:** چاوحیز.

**بن کلک خوراندن:** فریودان، تەفـرەدان بە قسـەی خۆش بۆ ئەوەی کەسێک کارێکت بۆ ئەنجام بدا.

**بناشت:** گلەیی، دەمەقاڵە.

**بناو بوون:** چوونە خواری شتێک بە ئاوی چەم و ڕووباراندا.

**بنپسـێن:** لە ڕەگ و ڕیشـە دەرهێنان (تێب: پێچەوانەکەی دەبێتە سەرپسێن).

**بوخچەی نەکراوە:** کەسێک وا ژنی نەهێنابێ و بە کوڕی مابێتەوە.

**بووکنی:** ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بووکێ دەچن و لە ماڵە زاوا دای‌دەبەزێنن.

**بوون بە بڵقی سەرئاو:** لەنێوچوون، فەوتان.

**بوێژ:** وێژەر، قسەکەر.

**بۆرانپێچ کردن:** ڕاماڵین و تاڵان کردن.

**بۆڵ:** زەنگوڵەی قەبارە گەورە.

**بە تانوپۆدا هاتن:** پێ هەڵگوتن.

**بە تەنگاوتیلە دنیا هەڵگرتن:** دنیا توندگرتن، زۆر لە خەمی دنیادا بوون.

**بە چەقی نەحلەتدا چوونەوە:** تووڕە بوون، قەڵس بوون.

**بە دەنـدووک پێوەبوون:** گرفتار بـوون بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو.

**بە دەمدا هاتنەوە:** بە تووڕەیی جواب دانەوە.

**بە فڕکان:** بە پەلە، بە هەشتاو، بە فڕکەفڕک.

بە هەڵەداوان: بە پەلەپەل، بە لەزوبەز، بە هەڵپە.

**بە تلاندن:** کوشتن، لەنێو بردن.

**بەختەنۆک:** بەختەوەر، خواپێداو، خۆشبەخت.

**بەداروبار:** کەڵەگەت.

**بەدەوار:** چارەڕەش، بێبەخت.

**بەرات:** هەقدەسـتی شوان، شـوانانە، کارانەی شـوان (تێب: هەروەها بەو پـارەی وا لە بەرامبەر پێشـنوێژی مزگـەوت دەدرێ بە مـەلا، بەرات دەگوترێ).

**بەراتخۆر:** ئەو کەسـەی کـە بژیـوی ژیانی لەڕێگەی وەرگرتنی بەراتەوە دابین دەبێ وەکوو شوان و پێشنوێژی مزگەوت.

**بەربار:** ملکەچ

**بەرجەوەن:** دوورەدیمەن، ڕوانگە.

**بەرچایی:** بەرچا، نانی بەیانی، سوبحانە، تاشت.

**بەردەوک:** بەردەست.

**بەرزاخ:** دامێنی کێو.

**بەرزەکی بانان:** بە کەسـێک دەوترێ کە لە گۆبەند و هەڵڵایەکدا دەستی بووبێ و توانیبێتی لێی دەرباز بێ.

**بـەرکار:** بابـەت، بابەتـی کار، هـەر شـتێک وا ئامـادە کرابێ بـۆ ئـەوەی دەکار بکـرێ یـا

کارێکـی لەسـەر بکـرێ.

**بەرکاو:** بەرکێو، داوێنی چیا و کێو، بەرزاخ.

**بەروبۆدرێژ:** کارێک وا کات و دەرفەتی زۆری بوێ بۆ ئەنجامدان یـا تەواوکردنی، کارێک کە درەنگ بگاتە حاسڵاتێ.

**بەروباو:** بەروبووم، بەروبۆ، حاسڵات.

**بەرپێژەو:** زەوییـەک وا دەغڵودانـی زۆر بێ، بەپیت،بەبەروبووم.

**بەرپیوانی:** نێوبژیوانی.

**بەرەزە:** ئاوارە، دوورەوڵات، وێڵ.

**بەستیر:** فەرش، جۆرە فەرشێکە.

**بەستە:** قازانج، سوود، ئاکام.

**بەفرچوونەوە:** بەفرتوانەوە.

**بەفرەخـــۆرە:** جـوورە بەفرێکە لـە بەهاراندا دەبارێ و زوو دەتوێتەوە، بەفرەخۆرکە.

**بەفرەســـەران:** شـوێنی بڵیند، بەرزایی، ئەو جێگەیانـە بەفـری لـێ کەوتبـێ، شـوێنێک بەفەرەکەی بەسەر یەکا کەوتبێ.

**بەقا پێ کردن:** باوەڕ پێ کردن.

**بەڵگوبن کردن:** لەنێو بردنی شت، سەروبن کردن.

**بەلەسە:** یاخی.

**بەندەخوێن:** دۆخیـن، پەتێکی درێـژە کە لە پزووی دەرپێ و شەرواڵ و ڕانک هەڵدەکێشرێ بۆ بەستن.

**بەهاتوبات:** بەبەخت، بەخۆشی، بەئیقباڵ.

**بەهاربەند:** جێیەکی تایبەتیە کـە وڵاخی تێدا دەبەسترێتەوە.

**بە هەرەمە:** بە پەلە و بەبێ لێکدانەوە.

**بەیدەست:** ملشۆڕ و دەستەپاچەکراو.

**بەینەتدار:** وەفادار، بەئەمەگ، لایەنگر.

**بێ لغاو ئـــاو خواردنەوە:** گرنگی نـەدان بە کەس، گوێ نەدانە هیچ شتێک.

**بێخۆیی:** بێهۆشی.

**بێ دارومال:** هەژار، نەدار.

**بیر:** چاڵاو (تێب: لە واتای بـاودا بیر هاوواتای هزر دانراوە).

**بێر:** ڕیزکردنی مەڕ بۆ دۆشین.

**بێرون:** سەحرا.

**بێند:** بڵند.

**بێوەر:** هەژار، خەڵکی بێداهات.

## «پ»

**پاتەخـــۆر:** بەرماوخـۆر، چڵکاوخـۆر، وردکەنانخۆری بەر دەرکان.

**پاردە:** دیواری کورتی هەڵچنراو بە وشکەبەردان.

**پارسەک:** سواڵکەر، هەژار، نەدار.

**پازار:** گرانیت، بەردی گرانیت.

**پاشـــماڵە:** ئەوانەی کە لەگەڵ خێڵ دەچن بۆ هەواری و لەوێ لە خزمەتی مەڕداراندا دەبن.

**پاشەبەرە:** منداڵی ئاخری ماڵ.

**پاشەڵ کلۆش بوون:** بـێ پشتیوان بوون، بێ پاڵپشت بوون.

**پاشەوار:** شـوێن و شـوێنەوارێک کـە دوای نەمانی کەسـێک یا خەڵکانێـک جێ دەمێنێ، ئاسەوار، هەرون، شوێنپێ.

**پاکار:** کەسێک کە بەردەستی بەگ و خانە.

**پالە:** دروێنەوان، کرێکاری مەزرا، سەپان.

**پاڵێن:** دەمەو ئێواری.

**پانتاوی:** شـوێنی پـان و تەخـت، گۆڕایی، تەختایی.

**پاوانکارە:** کەسێک وا پاوانی لەوەڕگەیەکی بەدەستە، کەسێک کە لەوەڕگەیەکی لە ئیختیار دایە.

**پاییزەبرا:** ئەو کەسـەی تەنیا وەختی خەرمانی پاییزێ دێت و داوای بەشی خۆی دەکا (تێب: بە دۆست و ئاشنایەکیش دەگوترێ وا کەمپەیدایە و درەنگ دەردەکەوێ).

**پرپیر:** بیرمەند، هزرڤان.

**پرمە:** دەنگـی لووتی ئەسـپ، دەنگی لووتی چـارەوێ، هەناسـەدان بـە لووت بـە توندی بە جـۆرێ کـە دەنگی لێوە بـێ، دەنگـی گریان، گریان.

**پروپاتاڵ:** ماڵات، حەیوانی ماڵی، ئاژەڵی ماڵی، مانگا و جوانەگا.

**پروش:** بێهێز، لاواز.

**پشتیر:** تەویلەی ماڵاتان.

**پلک:** پوور، میمک، بایکە.

**پلیشانەوە:** پانبوونـەوە لەبن شتێکدا، پەلخان، هەڵفلیقـان، پانوفلچبوونـەوە لەبـن شـت یـا دۆخێکدا.

**پنجومۆر بوون:** ڕاگیـران لـە جێگەیەک و نەچوونە دەر، تەوقیف کران.

**پوور دان:** پووڕ کردن، تالان کردن.

**پووشی بەر ڕۆژ بوون:** بێڕێز بوون.

**پۆپ:** قژی ژن.

**پۆپچەرمگ:** سەرسپی، پیر.

**پۆپکە:** پۆپە، لووتکە، دوندی کێو، تەپڵەسەری

شـاخ و درەخـت (تێـب: بـە تاجـی سـەری کەڵەشێریش پۆپکە دەگوترێ).

**پۆرک:** پۆرگ، نێوماڵی کۆچەران.

**پەتیارە:** شێتۆکە و بەرەڵلا.

**پەڕ هەلاویشتن:** بەجێهێشتنی وڵات.

**پەڕپەڕۆچکە:** بەرزاییی ئاسمان.

**پەرگال:** سیستم، سیستەم.

**پەڕوپۆ:** ماڵوسامان.

**پەریز:** ئەو زەوییـەی وا دەغڵەکەی دروابێتەوە و تەنیا لاسکی دەغڵەکە بەقەد بستێک لە زەویدا مابێتەوە، ڤەرێز.

**پەڕیوە بوون:** دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان، کۆچ بەرەو وڵاتێکی تر.

**پەژراندن:** قەبووڵ کردن.

**پەک پێ نەکەوتن:** بێباک بوون، دەروەسـتی کەس نەبوون.

**پــەل لە هەوران کوتــان:** گـەورە بوون، سەرکێش بوون.

**پەڵخۆر:** ئەو تفاق و گیایەی وا باش نەجووراوە و حەیوان فڕێی دەدا.

**پەلەپرووزێ:** بە زەحمەت و بە پەلەلەپەل.

**پەنامەکی:** نهێنی.

**پێپێچکە :** پێپێچە، توربێـن، توورەکەیەکی پەڕۆیە کە شوانان نانی تێدا دەبەنە بەندەنێ.

**پێتاک:** باج و سەرانە.

**پێتاو:** پارچەیەکی تەنراوە کە لە پێوە دەپێچرێ و کاڵەی لەسەر دەپێ دەکرێ.

**پێرەوکەلە:** پێرەوکە، منداڵێ بچووک، منداڵی تازەپێهەڵگرتوو.

**پێسیر لەبەر دادرین:** سکاڵا کردن.

**پێسیر:** یەخە، بەرۆک.

**پێش خواردنەوە:** مشەمش هاتن لە ڕقان.

**پێکبران:** پێکگەیشتن، ویسال.

**پێکۆرە:** نۆکەر، نۆکەری نێوماڵ، دەستوپێوەندی کەسێک، پیادەی لەشکەر (تێب: جگە لەوانە، بە کوللەی باڵ نەگرتووش دەوترێ).

**پێنجەی تار:** دوو ڕۆژی مابێ لە زستان و سێ ڕۆژ لە بەهار گوزەرابێ، هەوەڵی بەهارێ.

**پێوار:** نادیار، غەیبی.

**پێودان:** شێواز، دەستوور، ڕەوت، بار، مێتۆد.

**پێوە چوون:** دیدار کردن، سەردان کردن.

## «ت»

**تاژانگ:** قامچی.

**تاس بردنــەوە:** واق ورمان بەهۆی بیسـتن و بینینی شتێکی سەیر.

**تاسوخ:** ئارەزوومەندی.

**تاشت:** نانی بەیانی، بەرچایی، سوبحانە.

**تاق لێ برین:** خاشەبڕ کردن، خاشە کێشان.

**تاقوجووت:** هەموو ، هەموو کەس.

**تانووت:** توانج.

**تاوپەڕان:** دەمەو ئێوارێ، ئەوکاتەی وا ڕۆژ ئاوا دەبێتەوە، ئێوارێ، خۆرنشینان.

**تاو کردن:** لاس دان و تەفرەدانی کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێ، قانع کردن، نەرم کردن.

**تاوەگاز:** تاوەسووت، شتێک کە وا لەبەر تاوی سووتابێتەوە.

**تخووب:** سنوور.

**تخیل بوونەوە:** لێی درێژ بوون، لێی ڕاکشان، درێژ بوون، ڕاکشان.

**ترنجاندن:** بردنەژووری کەسێک یا شتێک بە پاڵەپەستۆ و بە زۆری.

**تریقانەوە:** پێکەنین بە دەنگی بەرز.

**تل پێ دان:** تل دان، خستن، پاڵنان بە شتێک بۆ ئەوەی تل بخوا و بکەوێ.

**تلاساندن:** لارێ کردن، ترازاندن، تلاسا کردن.

**تلیسان:** تلێسان، خووسان، تلیسانەوە، تەڕ بوون.

**توێتکە:** ئارامی، ئۆقرە، توتکە.

**توێخولوێخ:** چەرمەسەری.

**تۆرەڤان:** وێژەوان، ئەدیب.

**تۆز لێ هەڵنەستان:** خەسیسی، ڕژدی.

**تەبارە:** شتێک کە وا لەسەر یەک کۆبووبێتەوە، قەبارە، حەجم.

**تەپ دانە سەر:** دەسەر کەسێکەوە وەربوون، ڕژانە سەر کەسێک.

**تەپڵی ئەمان لێدان:** خۆ بەدەستەوە دان، تەسلیم بوون.

**تەپۆ:** جۆرە مێشوولەیەکی گەورەیە.

**تەخموتەدارەک:** تەشریفات.

**تەراتێن:** شەڕناخێوی، ڕمبازێن.

**تەرکردنەوە:** لەوەڕاندنی مەڕومالآت لە چیا دوای کۆتاییی زستان.

**تەڕوتووشی:** سەرما، تەڕوقوڕ.

**تەرەشدار:** مەڕدار.

**تەشک:** فەساڵ، شێوە، ڕوخسار، قیافە.

**تەشکەبەرە:** فەرش و گلێمێکی درێژە.

**تەشی لەبەر ڕستن:** کلکەسووتە کردن، دەڵەچەیی، لامەلامە لەبەر کردن.

**تەقورەو تێکەوتن:** بەسەر شکستدا کەوتن، تووشی هەڵاتن و پاشەکشە بوون.

**تەقە لە سەری هاتن:** تێنەگەیشتن.

**تەکینەوە:** دووربوونەوە.

**تەلان:** ئەو جێگەیەی دەشتایی نییە.

**تەڵەزمەدار:** تەڵاشەدار، تەڕاشەی دار، پارچەیەکی تەنکە وا لە دار بێتەوە.

**تەلێ:** زێڕ، زێڕین، زەرد.

**تەموورکە دان:** کۆبوونەوە لە شتێک، لە شتێک هاڵان.

**تەمێ:** پەند، ئامۆژگاری.

**تەوازی هێنانەوە:** عوزر هێنانەوە، بیانووهێنانەوە بۆ ئەنجامنەدانی شتێک.

**تەوزی:** پێویست.

**تەوێڵ:** نێوچاوان.

**تەیمان:** چەپەر.

**تیناڵ تێهاڵاندن:** قسەی نەشیاو بۆ کەسێک هەڵبەستن.

**تینۆڵ پێوەنەمان:** دڕانی جلوبەرگ.

**تینەقاندن:** هەڵاتن.

**تێچاندن:** خراپەی کەسێک گوتن بە مەبەستی ئازاردانی.

**تیرەشان:** درێژاییی سەر پۆپەی شاخ و کەژان.

**تیرەگ:** بەرزایی.

**تیرەگان:** شوێنی بەرز، بەرزاییيان.

**تیرەگەشان:** ملەی کێوان.

**تێسرەواندن:** لێدان‌وکوتان.

**تێقووچاندن:** بە پڕتاو هەڵاتن، بە پەلە خۆ دەرباز کردن.

**تێک هەڵەنگووتن:** تووش هاتن، تووش بە تووشی کەسێک هاتن.

**تێکپەڕ:** بەیەکاچوو، لەنێویەکدا، لەگەڵ یەک، وەگەردێ یەک.

**تیلاگ:** لاسەر.

**تینگ:** بین.

**تێهەڵبوون:** بە تونـدی رووەو هەوراز چوون، چوونە سەر.

**تێهەڵکردن:** گۆرانی گوتن بە قەو، گۆرانی چڕین بە دەنگی بەرز.

**تێهەڵێنانەوە:** قەرەبووکردنەوە.

## «ج»

**جارز:** بێزار، وەڕەز.

**جاڵەبوونەوە:** خلۆربوونەوە.

**جامخانە:** ویترین، هۆدەی شووشەبەند.

**جریوەوقریوە:** سرتوخورت، سرتەسرت، چرپەچرپ.

**جرەجــــر:** حەولــودەول، دەرد، ماندوویــی، کوێرەوەری، ڕەنج.

**جووقەوار:** گیانلەبەر، گیاندار.

**جەرگ‌ودڵ بەربوونەوە:** ترسان، تۆقان.

**جەشـــک:** جاشــکی چکوولە، بەچکەکەر، جاشک.

**جەشکۆڵە:** جاشک.

**جەشوولکە:** جاشکی تازەبوو.

**جەڵــەب:** کۆمەڵێک ئــاژەڵ کە بۆ فرۆشــتن کڕدرابێ، ئاژەڵ و وڵساتی زۆر.

**جەندەک:** کەلاک، جەنازە.

**جەنە کردن:** مانگرتن، کاتێک وڵاخ و بارگین نارۆا دەڵێن جەنەی کردووە.

**جەواڵ:** دەفرێکە وا لە بەن و موو ســاز دەکرێ بۆ دانەوێڵە.

**جێجـــووت:** مــەزرا، کێڵگــە، پەڵــەزەوی، پارچەزەوی.

**جێڕاوکە:** مەکۆ.

## «چ»

**چارەوێ:** ماین و ئەسپ.

**چاو پێ سپی کردن:** کوشتن.

**چاو سوورکردنەوە:** تووڕە بوون.

**چاوشکێن کردن:** چاوشــکاندن، ترساندن، تەنبێ کردن.

**چاوئەژمێر:** بە چاو ژماردن.

**چایەر:** لەوەڕ، لەوەڕگە.

**چراهەڵکرانـــان:** ئەوکاتــەی کــە وڵات تازە تاریک دادێ و چرای ماڵان هەڵدەکرێ، سەری شەوێ.

**چرای ماڵ کوژانەوە:** مردنی باوک و گەورەی ماڵ.

**چڕنووک:** چنگوڕگ، چنگ و نینۆک.

**چرووساندنەوە:** چرووساندن، ئازاردان.

**چلمێرە:** پشــکۆڵی دەرگە، دارێکە وا لەپشــت دەرگای دەدەن بۆ ئەوەی نەکرێتەوە.

**چلوبڕ:** باڵندە.

**چورتە لێ بڕان:** جووڵە لێ بڕان.

**چوونە باخەڵی کەســێکەوە:** شوو کردن بە کەسێک، بوونە ژنی کەسێک.

**چوونە سەر بەرە:** چوونە خوازبێنی، داواکاری، خواستگاری.

**چۆرتم:** قۆرت، بەڵا.

**چەپۆکان:** لەســەر پاشوو هەســتانی ئەسپ و هاروهاجی کردن، هەر دوو دەست بە زەویدانی ئەسپ.

**چەپەڕێ:** ڕێگەی چەپەک، کوێرەڕێ.

**چەت لە کارخستن:** لەمپەر لەپێش دانان، کارشکێنی کردن.

**چەشکە کردن:** تام کردن لە چێشت، خواردنی چێشت.

**چەشە:** خواردنێکە وا بە تەڵەدا دەکرێ بۆ گرتنی نێچیر.

**چەقڵەسەما:** لە خۆشی شتێک وە سەما و هەڵپەڕین کەوتن.

**چەقوتەف:** گەرمەی کارێک یان ڕووداوێک.

**چەقەسرۆ:** دڕ و شەڕکەر.

**چەقەسوو:** بێشەرم، بێحەیا.

**چەکچن:** کەسێک کە وا خەڵک چەک دەکا، کەسێک کە چەک کۆ دەکاتەوە.

**چەل:** جار، کەڕەت، بار، دەفعە.

**چەلان:** جاران، پێشتر.

**چەلاندن:** لەوەڕاندن.

**چەمۆڵان:** دەست بە سەردا گرتن (تێب: تاژی کاتێک نێچیر دەگرێ، چەمۆڵانی بە سەردا دەدا تا ئەو ساتەی وا ڕاوچی دێ و ئینجا دەستی لەسەر بەردەدا).

**چەوەڕ:** چەوەڵ، پەڵخوڕ، پاشماوەی ئالیکی ماڵات و ئاژەڵان.

**چێشتانان:** قاوەڵتوونان، نێوانی بەیانی و نیوەڕۆیە.

**چێشتکەر:** ئاشپەز.

## «ح»

**حۆل:** گێژ.

**حەڕماندن:** بێبەش کردن.

**حەڕمین:** بێبەشی.

**حەژمەت:** خەفەت.

**حەلحەلە:** تەشقی ئاسمان، بڵینداییی ئاسمان، تەوقەسەری ئاسمان.

**حەلەقمەلەق:** قسەی پڕوپووچ، قسەی بێواتا، قسەی قۆڕ.

**حەوشە دان:** ڕاگرتنی مەڕ بۆ وچان دان.

**حیزەڵە:** حیزەڵ، کەسێک کە هیچی لە باردا نییە.

**حینجە:** خوێندنەوە بە سەر و بۆر و ژێر.

## «خ»

**خاکەسار:** بێبەخت، چارەڕەش.

**خاڵیگە:** بۆشاییی کەلەکە، بەتاڵاییی کەلەکە،

نێوانی ڕان و پەراسوو.

**خـــاوە:** ســەرانەیەکە وا بە نــاڕەوا لــە خەڵکی دەستێنرێ.

**خپ هەڵاتن:** خپ بوون، لە جووڵە کەوتن.

**خڕ هەڵدان:** کۆکردنەوە، سواری سەری یەک کردنــەوە، کۆکردنەوەی مێگەلی بــڵاو و لێک ڕەویوە.

**خزمولێزم:** کەسوکاری نزیک.

**خم لێ شێوان:** سەر لێ شێوان.

**خواستۆخ:** نەدار و سواڵکەر، بێدەرەتان.

**خوبزە:** خزمەتکار.

**خوتوخۆڕایـــی:** بێهــودە، پاک‌و پــووک، لەخۆڕایی.

**خوڕێن:** چەم و ڕووبارێکە وا ئاوی تێدا بە خوڕ بڕوا.

**خوسار:** زوقمی سەر زەوی کە ببینرێ.

**خوستە:** جووڵەی کەم.

**خوش:** دەنگی دۆشین.

**خووز تێگەڕانـــەوە:** هاتنــەوە ســەر حاڵ، باشبوونەوەی نەخۆش.

**خۆ لەگەز دان:** درێژ بوون، ڕاکشان.

**خوێن دەڵاندن:** خوێن ڕشتن.

**خوێنگر:** کەســوکاری نزیکی کــوژراو، ئەو کەسانەی وا خزمی کەسی کوژراون و بەهەویای تۆڵەئەستاندنەوەن.

**خوێن‌وگۆشت:** لەش.

**خۆ خستنە سەر گازی پشت:** وڵامنەدانەوە و گرنگینەدان بە قسە و داوای کەسێک.

**خۆ لە دەسک نان:** خۆ ساز کردن، خۆ ئامادە کردن.

**خۆڕایی کردن:** جێهێشتن.

**خەرار:** جۆرە تەنراوێکە تووتنی تێ دەکرێ.

**خەرت:** بەرانی سێ ساڵە، بەرانی هەراش.

**خەنیم:** نەیار، دوژمن، ڕەقیب.

**خەووک:** کوشتەخەو، کەسێک وا زۆری خەو پێ خۆش بێ.

**خێزەر بەستن:** بەشوێن یەکترا ڕۆیشتن.

**خێســـە کردن:** خێچە کردن، ســەیر کردن، تەماشا کردن، وردبوونەوە لە شتێک.

**خێوی مەڕ:** مەڕدار.

## «د»

**دابڕ کردن:** بڕ دان، داگیر کردن، دەست بەسەر بەشێکدا گرتن.

**دابەستە کردن:** بەستنەوە و بەخێوکردنی ئاژەڵ بۆ قەڵەوبوون و گۆشت گرتن.

**دادوبەست:** داوبەست، کڕین و فرۆشتن.

**داردان:** کۆگای دار و ئاوردوو، مدبەقی ئاوردووان.

**دارکەر:** کەسێک وا دار و ئاوردوو بۆ سووتاندن کۆ دەکاتەوە.

**دارسکان:** دارسان، ڕاسان، پەلاماردان، هورووژم بردن.

**داروبەرد:** هەموو شت، هەموو وڵات.

**داروداهات:** ماڵوسامان.

**داروماڵ:** سامان، ماڵ و سروەت.

**داشت کردن:** هێشتنەوەی ئاژەڵی مێینە بۆ سکوزا، ڕاگرتنی ئاژەڵ بۆ زاوزێ.

**داشدار:** داژدار، چاوسوور، سەرپەرەست، کەسوکار، لایەنگر.

**داکرووساندن:** تاڵان کردن.

**داکوتان:** لە شوێنێک مانەوە بۆ ماوەیەک.

**دانگە:** شوێنێکە لە خوارەوەی مالان یان لە ئاقاری گوندی وا زستانان تفاقی لێ ڕۆدەکەن بۆ ئەوەی مەڕوماڵات لێی بلەوەڕێ.

**داوێن بادان:** هانا بردن بۆ، پاڕانەوە لەبەر.

**داوەشاندن:** دەست هەڵێنانەوە و لێدانی شتێک.

**دایکەدزە:** هاوبەشی دز، کەسێک وا لە تالانی ماڵوسامانی خەڵک هاوکاری دزان دەکا.

**ددان لێک کرۆژتن:** هەڕەشە لە یەکتر کردن، دوژمنایەتی کردن.

**دڕپیدان:** ڕێگەکردنەوە، شکاندنی سەف و ئاپۆرای خەڵکێک کە لێک کۆبونەوە.

**دروێنەوان:** دروێنەڤان، سەپان، پاڵە، جووتێر، وەرزێر.

**درێژدادڕی:** زۆربێژی، چەنەوەڕی، بێژۆکی، زۆر گوتنی قسەی پڕوپووچ.

**درێژداهۆڵ:** درێژۆکە، درێژ، درێژ و کز.

**دڵچەراندن:** خۆشڕابوێری.

**دواژۆ:** ئەو کەسەی لە دواوەی مێگەلی دەڕوا، دواشوان (تێب: بە ئاخرین کەسیش دەگوترێ وا لە دەستەی سواراندایە).

**دورناس:** سەرناس، پسپۆڕ.

**دومان:** مژ، تەم.

**دونگە کردن:** هەست پێ کردن، سۆسە کردن.

**دووبەختەکی:** شانسوبەخت، ڕیسک.

**دەخۆ نووسان:** بە غار هەڵاتن، ڕا کردن بە خێرایی.

**دەربایست:** هۆگر.

**دەربایستی کەس نەبوون:** کەس بە گرنگ

نەزانین.

**دەرماندار:** نەخۆشەوان، پەرستار.

**دەرهەڵبوون:** لەناکاو تووڕە بوون.

**دەرۆست هاتن:** باشار کردن، بەرگری کردن، پێ وێران، پێ وەستان.

**دەساژۆ کردن:** دەستەمۆ کردن، کەوی کردن، ڕام کردن.

**دەســـت بە ڕووە نان:** بێهیوا کردن، قەبووڵ نەکردن، بەجێنەهێنانی داواکاری.

**دەستدار:** خەڵکی بەدەسەڵات.

**دەستەبرا:** هاوڕێیانی کوڕ.

**دەستەخوشک:** هاوڕێیانی کچ.

**دەستەوپاستە:** دارودەستە، کەسانێک کە زۆر لێک نزیکن و کۆڕێکی داخراویان هەیە.

**دەستەونەزەر:** چاوەڕێی فەرمان.

**دەسخەرۆیی:** فریو دران، تەفرە دران.

**دەسک لە دوو نەکردن:** دەرۆست نەهاتن، باشار نەکردن، تا نەکردن، پێ نەوێران.

**دەسکەوسار:** هەوسار، دەستەوجڵەو.

**دەسکیس:** ســیخوڕ، کەسێک کە هاودەستی دەکات لە پیلانگێڕاندا.

**دەسندەخۆری:** چاولەدەستی.

**دەسەرەوە نەچوون:** لێ خۆش نەبوون.

**دەشــــتەکی:** خەڵکــی دێهاتــی دەشــتایی، سەحرانشــین (تێب: بە گیانــدار و گوڵ و گیای دەشتیش دەگوترێ).

**دەگا:** دێ، گوند، ئاوەدانی، ئاوایی.

**دەلاندن:** پڕژاندن، ڕژاندن.

**دەڵبودۆپ:** جلوبەرگی گەورە و فش، لیباســی گوشاد و فراوان، هەراو.

**دەلینگ:** لە ئەژنۆ بۆ خوارەوە.

**دەڵەچەیی:** پەســتی و مێچکەمێچکە کردن بۆ ئەم و ئەو، بە دەوروپشــتی کەسێکدا هاتن و قســەی نەرم کردن لەگەڵی بــۆ ئەوەی کاری پێ ئەنجام دەی یان دڵی ڕازی کەی، پێڕامووســی، کلک بادان.

**دەماخچاخ:** شاد، بەکەیف، بەدەماخ.

**دەمەرقۆپان:** پانتۆڵ، پاتۆڵ، ڕانک، شــەڵواڕی کوردی.

**دەمەلاسکە:** لاسایی کردنەوە.

**دەوار:** ڕەشــماڵ، پارچەی ڕەشماڵ، پەلاسێکی پانــی درێــژی تەختەتەختــەی لێکــدراوە وا لە موو دەچنرێ و کۆچەری هەڵــیدەدەن (تێب: بــە مالاتی ماڵــی وەک ولاخ و هتدیــش دەوار دەگوترێ).

**دەوارنشین:** کۆچەری، ڕەشماڵنشین.

**دەودەوانێ:** کێبەرکێ، پێشبڕکێ.

**دەورەودووکان:** سەردەم، سەردەمی دەسەڵات، سەرێن.

**دەوە:** تەپاڵەی بە دەست دروستکراو.

**دێدە:** خوشکی گەورە.

## «ڕ»

**ڕاتلەکاندن:** بزواندنی کەسێک بە توندی بۆ ئەوەی لەخەو هەڵسێ.

**ڕاخورین:** هەڕەشە کردن.

**ڕاژوور:** ئەو کەسانەی وا لە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگەدان.

**ڕاستان:** دەشتایی، تەختایی، گۆڕایی.

**ڕاستەڕێ:** یەکڕاست، یەکسەر.

**ڕاسەر:** دەستڕۆیشتوو.

**ڕاسەر کردن:** دەست بە سەردا گرتن، تاڵان کردن.

**ڕاشکان:** شەو درەنگ بوون، درەنگ بوونی شەو.

**ڕاموسان:** ماچ کردن.

**ڕان:** ڕانەمەڕ، مێگەل.

**ڕانان:** پێشان دان، ڕانواندن، نیشان‌دان.

**ڕاوێچکە:** لە شوێنێکی تایبەتدا ئەمسەروئەوسەر کردن، هاتوچۆ کردن لە شوێنێکی تایبەتدا.

**ڕاوەستاندنەوە:** ڕاوەستانەوە، ڕاگرتنی مەڕ لە لەوەڕین.

**ڕایە کەوتن:** لە تواناداا بوون.

**ڕایەلۆپۆ:** تانوپۆ، قەوارە، چوارچێوە.

**ڕست:** یاسا، نەریت.

**ڕستکە:** نەریت، داب، ڕەسم، عادەت.

**ڕستوڕەسم:** دابونەریت.

**ڕک:** هەورازی سەخت.

**ڕکێف:** ئاوزەنگی.

**ڕکێفکوت:** توند تێپەڕین بە ئەسپ، تاودانی ئەسپ بە توندی.

**ڕموودە:** هۆگر، گیرۆدە.

**ڕمـــووزن:** دێوێکی ناشـیرین، بە کەسێکی ناشیرین دەوترێ.

**ڕوو لێ هەڵاویشـــتن:** تکا کردن و پاڕانەوە لەبەر کەسێک.

**ڕووتەڵە:** ڕەشوڕووت، هەژار، بێبەرگ.

**ڕۆندک:** ئەسرین، فرمێسک.

**ڕەوەک:** گیا.

**ڕەپێچەک دان:** قوڵەپێچ کردن.

**ڕەت:** هزر، فکر، ئەندێشە.

**ڕەتاندن:** بە پەلە وەپێش خۆ دان و ڕادان، هێنان و بردنی گیاندار.

**ڕەژوودان:** خەڵوزدان.

**ڕەسا کردن:** پێ ڕازی بوون.

**ڕەشانگ تێکەوتن:** کاتێک بەفر دەتوێتەوە، شاخ و کێو خاڵبەڵەک دەبێ و زەوی ڕەش دەچێ کە بەو حاڵەتە دەڵێن ڕەشانگی تێ کەوتووە.

**ڕەشان‌وسپیان:** مەڕوبزن، مێگەل.

**ڕەشایی:** خەڵکێک وا مەزرا و مووچەیان نییە.

**ڕەشماڵ:** چادروچیغ، تاوڵ.

**ڕەشەماڵ:** گا، مانگا، جوانەگا.

**ڕەمووزن:** دەعبای سەیر.

**ڕەنگ هینان و بردن:** بزڕکان بەهۆی تووڕەبوونەوە.

**ڕەنیوهێنان:** پەروەردە کردن، بەخێو کردن.

**ڕەهەندە:** دەربەدەر، پەرتەوازە.

**ڕەوتە:** پیرێک کە قاچێکی لەسەر گۆڕێیە.

**ڕیچ کردنەوە:** چیرکردنەوە.

**ڕێچکە بەستن:** بەشوێن یەکدا ڕۆیشتن، قەتارەبەستن، خێزەربەستن.

**ڕێ دەرکردن:** ڕێگە دۆزینەوە.

**ڕێزک:** ڕێسا، یاسا.

**ڕێڵ:** جەنگەڵ، دارستان، ڕێڵستان.

**ڕێونگی:** ڕێبواری.

## «ز»

**زاروتفنک:** دەمولووت.

**زاگە:** شوێنی لەدایکبوون.

**زامەت:** دەرد، زام.

**زاوزاتوول:** بەچکەومەچکە، منداڵ.

**زبارە:** هەرەوەز، هاریکارییەک کە بە گەلەکۆمەکی دەکرێ.

**زڕتە:** زەقەی چاو.

**زڕتەزڕت کردن:** بە زیتی و بە زەقی چاو لە شتێک کردن.

**زرکۆ:** تفاق، گیایە کە بۆ ئاژەڵ دادەنرێ.

**زڕوزەنگیانە:** مت‌ومووروو، سڵسڵەوپڵپڵە.

**زگار:** بێزار، وەڕەز.

**زمێروزەخیرە:** پاشەکەوت.

**زۆپ:** زەق.

**زورهان:** زۆر پیر و کەنەفت.

**زوورک:** تەپۆڵکەی بچووک لە دەشتایی و گۆڕاییبان.

**زەڕ کردن:** لەوەڕینی مەڕومالات لەنێو زەویی خەڵک.

**زەردوماه :** کێوی بەردینی زۆر بڵیند و ئەستەم.

**زەغەڵی کردن:** تەنبەڵی کردن، خۆدزینەوە لە کار، دەغەڵی کردن.

**زەند:** باسک، قۆڵ.

**زەندۆڵ:** دەرەی باریک و تەنگ.

**زەنگو:** ڕکێف، ئاوزەنگ.

**زەنگین:** دەوڵەمەند، خاوەندار.

**زەو:** زان، زاوزێ.

**زەواد:** نان، چێشت.

**زەواد بڕین:** نان خواردن.

**زەو هاتن:** زاوزێ کردن.

**زەویکێڵ:** وەرزێر، جووتێر.

**زیتەڵە:** زیت، وشیار، زیرەک، ئازا.

**زێڕکفت:** زێڕن، ئاوەزێڕ.

**زیرگن:** پیس، چڵکن.

**زیندەوار:** مەڕوماڵات (تێب. لە واتای گشتیدا، زیندەوار بۆ هەمــوو گیانلەبەرێکی زیندوو دێتە بەکارهێنان).

**زێوار:** قەراخ، لێوار.

## «ژ»

**ژار:** هەژار.

**ژاوە هاتن:** دەنگەدەنگــی تێکەڵوپێکەڵ و لەسەریەک، حەشیمەتی زۆر.

**ژوورک:** هەوراز، سەربەرەژوور.

**ژەنراڵی نۆژدار:** گەورەی ئەفسەرانی پزیشک.

**ژیکەڵە:** جوان، ڕەزاسووک.

**ژینگار:** ژیانی گشتی، ژیانی بە کۆمەڵ.

**ژیوار:** چلۆنایەتی ژیان، دۆخــی ژیان، ڕەوتی ژیان.

## «س»

**ســـارەما کردن:** کاڕ و بەرخ لەگەڵ دایکیدا بــۆ کەژ بردن هەتا لــەوێ دایکیان بمژن و فێری لەوەڕێ بن.

**سام:** ئەندێش، ترس.

**سام وەسەر سامی... کەوتن:** شکانی ترس لە کەسێک یا شتێک.

**سان:** سوڵتان، گەورە، خان، ئاغا.

**ساوەساو کردن:** تەمبەڵی کردن، سستی کردن.

**سایەک:** سێبەر.

**سرۆک:** ســەرمابردوو، کەســێک کە بەرگەی ســەرما ناگرێ، کەســێ کە لە بەرامبەر سەرمادا لاواز و هەستیارە.

**سندم:** پێوەندی ئاسن کە لە پێی گاجووت دەکرێ (تێب: گاجووت بە ڕەشەوڵاخێکی نێر کە وا پێی نابێتە سێ ساڵی، دەگوترێ کە جووتی پێ دەکەن یا زەویی پێ دەکێڵن).

**سووتمان:** ئاگر تێبەردان.

**سووکەگرانەتێ:** پاڕاتیفۆئید.

**سوێنە:** تەشتێکی گەورەیە.

**سۆخرە:** بێگاری.

**سۆسە کردن:** سۆزە کردن، هەست پێ کردن.

**سەربەهەش:** بەدبەخت و لێقەوماو.

**سەراسوێ کردن:** سەرانسوێ کردن، چاوگێڕان،بەسەرکردنەوە.

**سەران:** بەرزایی، سەرشاخان.

**سەراوەرد:** سنوور.

**سەر بادان:** تووڕە بوون.

**سەرچەوتی:** بەدحیسابی، قەرزکوێری، مافخۆری و نەدانەوەی قەرز.

**سەر پێکەوەنان:** بریتییە لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش.

**سەر پێوەنان:** ڕۆیشتن بۆ شوێنێک بە تێکڕایی.

**سەر دەبەرنان:** سەر هەڵێنانەوە، سەردان کردن.

**سەر دەدوونان:** بەشوێن کەسێکەوە بوون، شوێنپێ هەڵگرتن.

**سەر دەسوێ نان:** سەیر کردن، سەر پێداگرتن، تەماشا کردن لە پەسیوانڕا.

**سەرسۆنگە:** شێنەیی، ئارامی.

**سەرگەشتە:** سەرلێشێواو.

**سەرگێر:** شوێنی ڕاگرتنی مەڕ و ماڵات لە هەواری.

**سەروسەکت:** سەروسیما.

**سەرووەدەروو دان:** سەروسامان دان.

**سەرێن:** دەوران، سەردەم.

**سەرینگا:** باڵنج، باڵێف، بالیف.

**سەرینگار:** سنوور، قەراخ.

**سەرەتاتکێ:** سەر خوارکردنەوە و تەماشاکردنی شتێک، سەیرکردنی شتێک بۆ ئەوەی بزانی چیە و چ باسە.

**سەرەسۆدرە:** فیتنە، قوڵەفیتنە، مایەفیتنە، ئاژاوەگێڕ،ئاگرهەڵاییسێن.

**سەرەوارە:** سەرەولێژی.

**سەغڵەتی:** تەنگانە.

**سەفان:** زنجیرەی کێوان.

**سەگ بەحەسار پێ کردن:** لێدان و

کوتانی زۆر.

**سەگوشوان هاتنەوە:** لەدەستدانی ماڵوسامان، دەستبەتاڵ بوون.

**سەڵیتە:** ژنی بێحەیا و بێشەرم، ژنی زماندرێژ.

**سەلەف کردن:** غاردانی وڵاخ، تەرات.

**سەمەڵ:** لاسکە گەنمی گێرەکراو.

**سەنگوبەردنان:** شاردنەوە، لەژێر زەویدا شاردنەوە، بەرد لەسەر دانان، دوور خستنەوە لەبەر چاوان.

**سەنگوسووژن کردن:** گەڕان بە کەلێن و قوژبناندا.

**سەنگوسووک کردن:** هەڵسەنگاندن.

**سیلە:** گۆشەی چاو.

**سیواد:** سپیایی بەیانی و سوورایی ئێواران.

**سێرەوچەفتە لێ گرتن:** ڕوانین بەوردی، تێڕوانین، سەرنجدان.

## «ش»

**شاپلیتە:** دارێکە وا سەرێکی پەڕۆی پێوە دەپێچن و ئینجا بە ئاگر دای دەگیرسێنن.

**شاتوشوت:** شاتەشات کردن، هەرا و دەنگی بێشەرمانە، هەڕەشە.

**شام:** شامات، قامیشەڵان.

**شتاق:** هیچ کام، هیچ کەس، هیچیان، هیچ.

**شتی خۆڕایی:** شتی بێکەلک.

**شڵخە:** پوورەی هەنگ.

**شلومل:** جوان.

**شلوێ بوون:** ناڕەحەت بوون، وەسەر خۆ هێنان، تێک چوون.

**شوورە:** دیوار، دڤێر، باروو.

**شوورە دان:** دیوار کێشان.

**شەتەک دان:** بەستنەوە، گرێ دان.

**شەدار:** شتی شێدار، نمدار.

**شەربە:** جامێکە وا لە گڵ ساز کراوە بۆ ئاوخواردنەوەی.

**شەڕناخێوی:** تەراتێن، بازبازێن، هاتن و چوون.

**شەڕەقۆچانێ:** شەڕە بەران، شەڕکردنی دوو گیاندار بە سەر، شەڕەشاخ، شەڕەشۆق.

**شەڵتاخ:** تەشقەڵە، بوختان.

**شەوبات:** چێشتەکۆنی شەوێ، بەرماوی شەو، غەزای کۆنی شەو کە بۆ سبەی دەمێنێتەوە.

**شەوکۆڕ:** کۆڕ و کۆبوونەوەیەک وا لە شەودا بگیرێ.

**شەوێن:** شەواژۆکردنی مێگەل، لەوەڕاندنی مێگەل لە شەودا.

**شەوکوێر:** گیاندارێکە وا بە شەو چاوی نابینێ، کەسێک کە شەوانە نەتوانی بەخەبەر بێ.

**شینبۆر:**شینی مەیلەو بۆر، شینی مەیلەو خاکی، کەوەی ئاماڵ بۆر (تێب: جگە لەوە، بۆ مەڕێکیش وا سەر و گوێی شین و لەشی بۆر بێ، ئەو وشەیە دێتە بەکارهێنان).

**شـــینوڕەش کردنـــەوە:** زۆر لێـدان، زۆر تێهەڵدان.

**شێدوبێد:** شانوشکۆ.

**شێن:** جوان، شەنگ، قەشەنگ.

**شێو:** شام، نانی شەوێ.

## «ع»

**عورووس:** لە ڕەگەزی ڕووس.

## «غ»

**غلوور:** غللوور، لەخۆبایی، بەفیز، بەدەعیە.

**غوڕابی خەو:** غوڕرابـی خەو، شـیرنخەو، خەوی شیرن.

**غەزرین:** خەزرین، وەک بـەراز تووڕە بوون، تووڕە بوونی بەرازانە.

**غەڵبەغەڵب:** دەنگەدەنگ، هەراوزەنا.

**غەوارە:** بێگانە.

## «ف»

**فڕ کردن:** خواردنەوە، هەڵلووشین، هەڵقوڕاندن، خواردنەوەی یەکجێی شتێک.

**فراژوو بوون:** فراژۆ بوون، گەورە بوون، هەڵدان.

**فراوین:** نانی نیوەڕۆ، نەهار.

**فڕکە پێ کردن:** دەرپەڕاندن.

**فڕوفیشاڵ:** خۆڕانان، سینگ دەرپەڕاندن.

**فەراقی ڕەش لێ برین:** کوشتن.

**فەسال:** شێوە، قیافە.

**فەلە:** کرێکار (تێـب: لە کوردیـدا بە خەڵکی مەسیحیش فەلە دەگوترێ).

**فینگەفینگ:** دەنگی گریانی زۆر بە لووت.

## «ق»

**قاتوناز:** دەگمەن.

**قاتی:** ڕازی، خۆشحاڵ.

**قار:** خەم.

**قام:** گۆرانی، مەقام.

**قرم لێ خۆش کردن:** مرخ لێ خۆش کردن، بەتەمای شتێک بوون، خۆ لێ خۆش کردن، تەماح لە شتێک کردن.

**قرنوو:** دەعبایەکی بچووکە کە بە ئاژەڵ و مرۆڤەوە دەنووسێ.

**قروفر:** خۆ هەڵکێشان، فرۆفیشاڵ، خۆ ڕانان.

**قرووسکە:** دەنگی گەماڵە لەکاتی ئازارپێگەیشتندا.

**قرێن:** دەمەقاڵە.

**قرەوبرە:** ناکۆکی.

**قلپبوونەوە:** سەرەونخونبوونوە، سەرەوژێربوونەوە، ڕووخان.

**قوڵەبنە:** قەڵەو.

**قوڵەسینگ:** بزمارێکی قوڵە و ئەستوورە

**قووچ:** بەرزایی.

**قۆڕدەماخ:** لووتبەرز، لمبۆزبڵند، خۆ پێ زۆر.

**قەتارە بەستن:** ڕێچکە بەستن، ڕیزبوونی گیاندار.

**قەننەیەک:** بە ئەندازەی کێشانی قەننەیەک (قەلیانێک)، قەنەکێشێک، خێرایەکی، دەمودەست، بێ سێودوو، مەودایەکی کەم.

**قەوتە:** هەڕەمەی خەڵک، جەماوەر، حەشیمەت.

**قەیار:** زیادەی سمی وڵاخی یەکسم (تێب: قەیار کردن یا چوونە زگ قەیارێ، واتە ڕنین و تاشینی سم و نینۆکی زیادی وڵاخی یەکسم بە بڕبەند و سمتراشی).

**قیچەک:** بڕێک، تۆزێک، کەمێک.

## «ک»

**کابراوحەیرا:** فڵان و فیسار، فڵانەکەس.

**کارانە:** هەقدەست، مووچە.

**کاروانە کردن:** زۆر هاتوچۆکردن لە شوێنێک.

**کارەکەر:** کڵفەت، ئافرەتی ئیشکەر لە ماڵی خەڵک، ئافرەتێک وا بەردەستە و لە ماڵان ئیش دەکا.

**کالان:** قاپی خەنجەر، غەڵاف.

**کاڵومەکاڵ:** زەویی چێنراو و بەیار.

**کاڵە داکەندن لە شوێنێک:** میوانی ماڵە کەسێک بوون.

**کاڵەدڕانە:** پارە و هەقی بە ڕێدا ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی کاری کەسێک.

**کانیلکە:** کانی بچووک.

**کاوان:** کوێستان، کۆسار.

**کاولاش:** ماڵێک کە بچووک و هەژارانەیە (تێب: لە کەلاوەی ئاشی وەرگیراوە).

**کردنـــە ئاردی نێـــو درکان:** لەنێـو بردن، نەهێشتن، کوشتن، نابووت کردن.

**کرێن:** زەویی چەولگی سەخت، زەویی ڕووت و بێ گیا.

**کژ:** وەرز.

**کشتوکیاز:** بێستانکاری، ڕەنێوهێنانی بێستان.

**کلاڕێ:** کلان، لاڕێ بوون.

**کلکە:** کۆتایی، ئاخر.

**کڵێڵە :** کلیلەی بەفر، ڕنووی بەفر، پارچە بەفری گەورە.

**کوڕڕە:** تیژ.

**کوڕیژگە:** کوڕی بچکۆلانە، کوڕی بچووک.

**کوڕەحەیران:** دۆســت و دەســتگیرانی کوڕ، دڵەستێن.

**کوڕەک:** ناوەند، چەق.

**کوودەڵە:** فەرخەبەراز، بێچووە بەراز، بزڵەبەراز، بێوەڵە.

**کۆتان:** شـوێنێکە وا شـەوانە مـەڕ و ماڵاتی هەواری لێ مۆڵ دەدرێ.

**کۆچی سوور:** مێرد کردن، چوونە ماڵە زاوا، بە بووکێک وا گوازرابێتەوە دەڵێن کۆچی سووری کردووە.

**کۆچەک:** نازناوی پیاوی ئایینی ئێزەدی.

**کۆختەماڵ:** ماڵی هەژارانە.

**کۆدەوبەیار:** ئەو زەوییەی وا نەکێڵرابێ.

**کۆرژن:** حیلەی ئەسپ.

**کۆڕگە:** مەجلیس، جێی کۆبوونـەوەی چەند کەسێک.

**کۆزیلکە:** کۆبوونەوە.

**کۆسالان:** کۆساران، هەواران.

**کۆڵوو:** بنکی گیای تاڵووە کە وەک سووتەمەنی کەلکی لێ وەردەگیرێ.

**کۆڵیت:** کوڵیت، ماڵــی بچـووک و هەژارانە، هۆدەیەکە وا لە کۆلکە و دار و گەڵا ســاز دەبێ و گڵەبانێکی کەم دەکرێ.

**کۆمار:** کۆمەڵێک ڕەشماڵ، چەند ڕەشماڵێک وا بەیەکەوە لە شوێنێک هەڵدرابن، کۆماڵ.

**کوێن:** تەختــەی دەوار، ئەو پارچە ڕەشــەی وا ڕەشماڵی لێ ساز دەکرێ.

**کەپەنک:** باڵاپۆشـێکە وا لە لباد ساز دەکرێ و شوان دەبەری دەکا، قاپووت.

**کەدەر:** خەم.

**کەرکوڵوبارســـووک:** بێئـەرک و بــێ دەردەسەر، ئاسوودە، کەسێک وا بەرپرسیارەتیی ملکوماڵێکی زۆری لە ئەستۆ نەبێ.

**کەرگە:** دەستە.

**کەسیرە بوون:** لەبەر ســاردی و سەرما ڕەق هەڵاتن.

**کەش تێکردن:** خۆش بوونی هەوا دوای باران.

**کەشکەلان:** بەرزترین شوێنی ئاسمان، شوێنی زۆر بەرز وا دەست نایگاتێ.

**کەشمونەشم:** ناز.

**کەڵتە کردن:** نۆژەنکردنەوە، چاک کردنەوە.

**کەڵەزەڕی:** زۆری، تۆبزی، کەڵەگایەتی.

**کەلەشی:** بوێری، دلێری، ئازایەتی.

**کەلەلا:** کەوتوو، ماندوو، نەخۆش.

**کەڵەمێری:** بوێری.

**کەمدەست:** هەژار.

**کەندوکڵۆ:** ڕێگەی پڕ لە ئاریشە، کێشە، گێرەوکێشە.

**کەندولەند:** تەگەرە، کۆسپ، کێشە و گرێ.

**کەندەوەوکوژەوە:** لێکۆڵینەوە، کەندوکوژ، لێکۆڵینەوەی زۆر.

**کەوپەڕ:** نێوان دوو کێوان کە مەودایان لێک دوورە.

**کەوتوویی:** تیفووس.

**کەوی کردن:** ڕام کردن، دەساژۆ کردن.

**کەوێڵ:** ئەشکەوتی بچووک.

**کێج لە کەوڵێ کەوتن:** هەدا نەدان، جووڵەجووڵ، نەحەجمین.

**کێشەوبەرە:** کەشاکەش.

**کێشەوە کردن:** گواستنەوەی شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

**کێوپارە:** ناوچەی شاخاوی، کوێستان، چیا.

**کێومالێ:** گەڕان بە دووی شتێکدا لە دەشت و کێوان.

## «گ»

**گازی کردن:** هەرا کردن، بانگ کردن.

**گالۆک:** گۆپاڵ، گۆپار، پەیاخ، تەیاخ، چوماخ، کوتک، زاگۆر.

**گاڵە دان:** داخستن، پێوەدان.

**گاڵە کردن:** حەشر کردن.

**گاڵەگاڵ:** دەنگەدەنگ، هەراهەرا.

**گالیسکە:** ئارەبانە، عارەبانە، عەرەبانە.

**گالیش:** بارەگیا، تەرمەکی گیا.

**گرا:** یەخسیر.

**گراو:** ئافرەتێکە وا حەزی لێ بکەی، خۆشەویست.

**گراوی:** دەزگیران، دڵدار.

**گرنە تێهالاندن:** بیانوو پێ گرتن، پەلپ پێ گرتن، بەهانەهێنانەوە.

**گرێوەغار:** کێبەرکێی هەڵاتن، کێبەرکێی

ئەسبسواری.

**گزی:** چاووڕاو، فێڵ.

**گزیکار:** کەسێکە وا خەریکی فێڵ و تەڵەکانە، فێڵەباز.

**گلاندن:** فڕێ دان.

**گل دانەوە:** هیشتنەوە و ڕاگرتنی شتێک لای خۆت، شتێک یا کەسێک لای خۆ ڕاگرتن.

**گلێربوونەوە:** کۆبوونەوە.

**گورۆیی:** هۆگری، ئۆگری.

**گوریخ:** دڕ، گیانداری هار، بوێر.

**گوشمە:** گوژمە، کوشمە، میوەی وشککراو و کوتراو.

**گووران:** ڕسکان، پێگەیشتن.

**گوێچکەتەقێ:** گوێ قوت کردن بۆ قسەی خەڵک.

**گوێرێژ:** گوێدرێژ، کەر، بارهەڵگر.

**گۆبەند:** ئاژاوە، بشێوی، بەزم و هەرا، دەنگەدەنگ.

**گۆڕبەستنەوە:** هاتنە دواوە بۆ هەڵمەتدان و چوونە پێشەوە بە گوڕ.

**گۆڵمەز:** بەزموهەرا، گۆبەن.

**گۆنگەل:** جەنجاڵ، بەزموهەرا.

**گەڕناس:** دلێر، ئازا، مێرخاس.

**گەزارە:** زمان، زبان.

**گەزارە کێشان:** زماندرێژی کردن.

**گەزوڕبە:** پێوانە (تێب: ڕبە جۆرە دەفرێکە وا دانەوێڵەی پێ دەپێورێ).

**گەفوگوڕ:** هەڕەشە.

**گەفۆک:** هەڕەشەکەر.

**گەلۆر:** خوێڕی، بێکارە، بەڕەڵڵا، گەلحۆ.

**گەلەجووت:** زبارە و هەرەوەزی خەڵکی ئاوایی بۆ پێکەوە کێڵانی زەوی، کێڵانی زەویی بە هاوکاری و یارمەتیی یەکتر.

**گەلەخان:** هۆڵ، ژووری ئاژەڵی وردە لە زستانێدا.

**گەلەمپەری:** باوی زاڵ، داب‌وڕەسمی زۆرینەی خەڵک.

**گەلی:** دەرە.

**گیاجاڕ:** مێرگ، چیمەن.

**گێلە:** گێلەمەڕ، مێگەل.

**گینگل:** جینگڵ، جووڵەجووڵ کردن، بێئارامی لەبەر ئازار، لە جێ خەودا ئەوبەروئەمبەر کردن.

**گیوا:** گیا.

## «ل»

**لاپاڵ:** قەدی شاخ و کێو.

**لاپانک:** گۆشەی چادر و ڕەشماڵ.

**لاپرەسەن:** خۆتێهەڵقوتێن، بێگانە.

**لاپەڕ:** جیا، بەتەنیا لە گۆشـــەیەک، شـتێک وا کەوتبێتە کەنارەوە.

**لاجانگ:** ئەملاوئەولای سـەر لەنێوان گوێ و چاودا.

**لە ڕایەڵکەدا بوون:** هاتوچۆ کردن لە شوێنێکی تایبەتدا، ڕاوێچکە کردن لە شـوێنێکی تایبەت، قەدەملێدان لە جێگەیەکی تایبەت.

**لاشیپانە:** چوارچێوەی دەرگە.

**لاکێش:** قاڵی و حەسـیری باریـک و درێژ، فەرشی کەنارە.

**لاکەی سەر هاتن:** سـەر لە گێـژەوە چوون، سەرگێژە گرتن.

**لامێردان:** شـوێنی تایبەتی میوان لەنێو چادر و ڕەشماڵاندا.

**لاوژان:** کوڕانی جحێڵ، کوڕوکاڵی جوان.

**لرف دان:** خواردنی شـت بە دەستوبرد، بە پەلە شتێک خواردن.

**لمبۆزبڵیند بوون:** لەخۆبایی بوون.

**لووربوونەوە:** چوونە خوارەوە.

**لۆقەلۆق:** قۆرتەقۆرت، لەقەلەق.

**لوێچ:** مشت، گوڵمە، مشت.

**لە باریکیوبنێســـی دان:** زۆر کـز و لاواز بـوون، بێهێز بوون، نەخۆشـکەوتنێک کە ببێتە هۆی کزبوون و بێتاقەتیی مرۆڤ.

**لەکار بوون:** تێرلەوڕبوونی مێگەل.

**لەکڵدەرچوو:** بەئەزموون.

**لەپەستا:** لەسەریەک، بێبڕانەوە، بەشوێن یەکدا.

**لەتەچن:** سواڵکەر، دەرۆزەکەر.

**لەژێلا:** لەخوارەوە، لەژێرەوە.

**لەسـەر تەختی خونکاری بوون:** لەسـەر دەسەڵات بوون.

**لەگرە:** لێرە، ئێرە، لێرەدا.

**لەگرەودوا:** لەمە بە دواوە.

**لەگرەولا:** لەمەبەولاوە.

**لەوڕا:** چونکە.

**لیچق:** لینچق، خاووخلیسک.

**لێڕ:** جەنگەڵ.

**لینگ دان:** بە خێرایی لێخوڕینی ئەسـپ، بە خێرایی ئاژۆتن

## «م»

**مارز:** زاڵم، زۆردار.

**ماشتن:** ماڵین و گەسک‌لێدان، خواردنی نانی سەر خوان و سفرە.

**ماڵداری:** مەڕداری (تێب:بە دەست‌پێوە گرتنیش دەگوترێ لە کاروباری کابانی و بنەوانیی نێوماڵێدا).

**ماڵۆچکە:** ماڵی بچووک، خانووی چکۆلە.

**مت‌وموورووو:** موورووو.

**مرومشت:** دەمەقاڵێ، دەمە قرە.

**مسکێن :** ڕەعیەت.

**مشتوو:** دەسکی خەنجەر.

**مشە:** زۆریی شت، شتی زۆر و بەلاش.

**مل بادان:** ناچار کردن.

**مل سووڕاندن:** دژایەتی کردن، نەپەژراندن.

**ملکوماش:** زەویوزار.

**ملومۆ:** گەڕان بەشوێن خواردندا، گەڕان بۆ وەچەنگ خستنی ماڵ و سامان و پارە.

**مووچەوبەرە:** زەویوزار، مەزرا.

**موورەدار:** ئەو دارەی وا بڕابێتەوە و لەت‌لەت کرابێ، داری کوت‌کوتکراو.

**مووشە:** گەڕان بەشوێن خۆراک، گەڕان بۆ دەسخستنی ماڵ و داهات.

**مۆران:** تەم‌ومژ، دووکەڵ.

**مۆرەدیوار:** دیواری گڵین، شوورەی گڵ.

**مەچەک لێ توند کردن:** لەئامێز گرتن، لەباوەش گرتن.

**مەڕ چەقین:** چەقینی مەڕ و جوان لەوەڕانی لە شوێنێک (تێب. بۆ ئەوەی مەڕ بچەقێ، شوانەکە مێگەلێ ڕادەگرێ و ناهێڵێ بۆ ئەم لا و ئەولا هەڵێ، تاکوو لە شوێنی دیاریکراودا بلەوەڕێ، کە ئەو کارەی شوانیش مەڕچەقاندنەوەی پێ دەگوترێ).

**مەڕخوێدان:** خوێ دان بە مەڕ و پەزان بۆ ئەوەی دواجار باش ئاوێ بخۆنەوە و چاک بلەوەڕێن.

**مەرز:** زەویی نەکێڵڕاو.

**مەرەزەجار:** مەزرای برینج.

**مەیتەرخانە:** شوێنی مانەوە و حەسانەوەی مەیتەر (تێب: مەیتەر: خزمەتکاری ئەسپ، یەستر و یەکسمانە).

**مێچکە :** مێینە، مێینەی گچکە، مێ.

## «ن»

**ناسەقامەند:** ناڕێک و نامونسەجیم (تێب:

سەقا: نەزم و ڕێکی، سەقامەند: خاوەند ڕێکی و نەزم و ئینسیجام).

**نزار:** پەسار، نیسار، شوێنی فێنک و تاوگر لە داوێنی کێو، شوێنی باگر.

**نکال:** لایەن، لا.

**نوا:** کەڕەتی بەفربارین، هەر جارەی وا بەفر دەبارێ.

**نوچک:** نووک، تیژایی، ترۆپک.

**نوقلانەلێدان:** فاڵگرتنەوە، کتێبگرتنەوە، گوتنی شتێک بۆ کەسێک لەپێش ڕوودانیدا.

**نووتەکە:** تاریکاییی زۆر، شەوەزەنگ.

**نۆبەتێ:** تەب.

**نۆتە کردن:** پاشەکەوت کردن،

پەسەنداز کردن.

**نۆژین:** مۆدێرن، تازە.

**نەترە:** زەندەق، ورە.

**نەتەوی:** دوژمن، ناحەز، ڕەقیب، خوێنخۆر.

**نەخۆشەوان:** نەخۆشەڤان، پەرستار، دەرماندار.

**نەرمەبڕی:** زمانلووسی.

**نیر:** نیلی جووت، دارێکە دەخرێتە سەر ملی دوو گا یا دوو وڵاخی تر بۆ جووت پێ کردن.

**نێرەوەز:** کوڕ، پیاو، پیاوی ماڵ، سەرپەرەستی بنەماڵە.

**نێز:** برسێتی.

**نێوبەند:** نێوەڕاست، نێوان، ناوەند.

**نێوەنێوە:** وردەوردە، پرکەپرکە.

## «و»

**واق لەباوەش نەهاتوو:** ژنی وەجاخکوێر، وەجاخکوێر.

**وتوویرە:** قسەکردنی لەبەر خۆوە، ویرەویر.

**وڕاق:** ژووری گەورە، گەورە.

**وردەماڵ:** مەڕ و بزن.

**وڕک:** پەڵپ، بیانوو.

**وروو‌کان:** کۆبوونەوە بەسەر شتێکدا، لە شتێک یا کەسێک هاڵان.

**وزاق دان:** تەکان دان و خۆ هەڵدان، بازدان.

**وڵس‌ووڵسات:** مەڕوماڵات، پڕوپاتاڵ.

**ونجڕ:** لەت‌لەت، هەڵدڕهەڵدڕ، تیکەتیکە.

**وەبازوور کەوتن:** هەوا و کەڵکەڵەی ئەنجامدانی کارێک کەوتنە سەری مرۆڤ.

**وەچی کردن:** سەروەدەرنانی نێرتک و کورۆکی گیا، چەقەرە دان، چەکەرە دان.

**وەنەوز:** خەونوچکێ، بۆرژان، وێژینگ.

**وێڕ:** واتا، مانا.

**ویزە:** دەنگی گوللە.

**ویزەنگ:** ئاوزەنگ.

**«ه»**

**هانکەهانک:** نرکەنرک، هەناسەبڕکە بوون، نەفەس گیران.

**هاوانتە:** هەوەنتە، هاسان، ئاسان.

**هاوێر:** لێک جیاکردنەوەی مەڕ و بەرخ.

**هۆبە:** ئۆبە، چەند ڕەشماڵێکە وا لە شوێنێکدا هەڵدرابێ، دەستە خێوەتی خێڵاتان.

**هۆنەهۆن:** گریانی بێبڕانەوە بە دەنگی ئارام.

**هەترەش:** زەندەق، بوێری، غیرەت، زیپک.

**هەتلە بوون:** لاڕێ بوون، کلان، لەدەست دەرپەڕین.

**هەرا کردن:** بانگ کردن، گازی کردن.

**هەڕا کردن:** ڕاکردن بۆ پڕداگرتن بە کەسێک یا لێدانی ئەو.

**هەراو:** فرەوان، فش‌وفۆڵ، گەورە و گوشاد.

**هەردەبان:** کۆسار، شوێنی بەرز.

**هەزاربەهەزار:** سەربەرەوخوار و هەڵدێری زۆر دوور و درێژ.

**هەس دان:** بریتییە لە هێنانەوە بۆ سەر باری درووست، گەڕاندنەوەی گا لەسەر خەت، هێنانە سەر ڕێگەی ڕاست، چاک کردن، باشکردنی شتێکی هەڵە.

**هەسەم:** ڕنوو، کڵێڵە.

**هەلاژیان:** هەڵاژین، درێژ بوون، ڕاکشان.

**هەلالەچی:** جاڕدەر.

**هەڵبواردن:** تێپەڕین لە شتێک، گوزەرکردن لە شتێک.

**هەڵپە:** پەلە.

**هەڵتووتەکان:** جۆرە دانیشتنێکی گەماڵە.

**هەڵچۆقین:** هەڵلەرزین، لەرزین.

**هەڵکالین:** بە ئێرەیی باسی کەسێک کردن، لە ڕووی ئێرەیی و حەسادەتەوە باس و تەماشا کردن.

**هەڵکورمان:** کز کردن لە لاپەڕ و کەناراندا.

**هەڵمەدووک:** هەڵم و هالاو.

**هەڵنان:** پێداهەڵگوتن، ئافەریم کردن، گەورەکردنەوە.

**هەڵنەگیران:** تەحەمول نەکردن، تاقەتی شتێک نەگرتن.

**هەڵویزنین:** کۆکردنەوە و گولۆڵەکردنی بەن، هەڵکردنەوەی هەودا.

**هەڵەت:** شوێنی سەخت.

**هەڵەسوون هێنان:** هەڵسوکەوت کردن لەسەر

دابی پێشوو، جووڵانەوە لەسەر نەریتی جاران، بادانەوە سەر ئاکاری جاران (تێب: هەڵەسوون هێنانەوە لە بنەڕەتدا بەو حاڵەتە گوتراوە کە گیا پاش دروونەوە سەرلەنوێ شین بێتەوە یا بە واتایەکی تر بە سەرلەنوێ شینبوونەوەی گیا دەگوترێ پاش ئەوەی کە درووابێتەوە. جگە لەوە، بۆ کاتێکیش بەکار دەبرێ وا کەسێک سەرلەنوێ داوای بەش دەکا).

**هەڵەمووت:** کێوی زۆر سەختی هەزاربەهەزار.

**هەمێز:** هەمبێز، ئامێز، باوەش.

**هەوارەبڵیندە:** هەواری بەرز، سەرشاخان. بەرزاییان (تێب: هەوارەبڵیندە ناوی هەوارێکیشە لە مەڵبەندی نەغەدەی موکریان).

**هیربار:** دەفر.

**هێس:** گەردنکەچ، لارەمل.

**هێشت:** مێگەلی گەورە، مێگەلی فرەسەر.

**هێم:** هیم، بناخە، بنەما.

**هێوران:** ئارام گرتن و پشوودان.

## «ی»

**یای:** خانم، بانوو، لە کوردیدا یای لەپێش ناوی ژنان دێت (تێب: بە وتەی نەمر گیوی موکریانی، لەپێش میدیەکاندا کوردان بۆ ڕێزلێنان لە ژنان بەکاریان هێناوە. جگە لەوە، ئێستاکەش ئەو وشەیە لە هەندێ ناوچەی مەهابادێدا باوە).

**یایکە:** پوور، میمک، پلک.

**یایە:** دایە، دایکە.

**یەختەرخانە:** یەختەخانە، تەویلەی ئەسپ، شوێنی ڕاگرتنی ئەسپان.

**یەکحەوشە بوون:** کاتێکی شوانی دوو یا چەند مێگەل لە یەک شوێن مەڕەکانیان حەوشە بدەن.

**یەکئاور بوون:** کاتێک شوانی چەند مێگەل لە یەک شوێن مەڕەکانیان حەوشە دەن و لە دەوری ئاورێک دانیشن و چای ساز کەن.

**یەکبین:** یەکپشوو.

**یەکسم:** وڵاخی بەرزەیە کە یەکسمی بێ، وەک ئەسپ، ماین، ئێستر و کەر.



# شوانی کورد

لەگەڵ دەرکەوتنی تەبەقی زێرینی ڕۆژ لە
ژووران و کۆسالان، دەشت و نوالان
زێڕەوشان دەبوون و گیای بەیارانیش
چەشنی هەودای هاوریشم مۆنجمۆنج
دەدرەوشانەوە. کۆدە و بەیار وەک
نووتەکەشەوانی زستان ترسێنەر بوون
و کەدەر بەسەریاندا دەباری؛ ئەوان پڕ
بوون لە ئێسکوپرووسک و باڵ و نالی
گیانلەبەران، بە جۆرێک کە ڕێبواری
ڕێ هەستی دەکرد بە شەرگەدا
تێ دەپەڕێ. ئەمەش دەگەڕایەوە سەر
ئەوەی کە لە سەرێنی
دەسەڵاتداریی تاشناکاندا، ئەو شوێنانە
ببوونە حەشارگەی ئەشقیا و
ئازادیخوازانی کورد و ئەرمەن.

9 786226 525152